خوێندنەوەی

حەمـــزەی زەیـــات

خەلـــەف و خەلـــلاد

خزمەتکاری قورئانی پیرۆز

د. احمد ضيف اللّه عمر أبو سمهدانه

سەرپەشتیاری وەرگێڕان

شيخ نظام الدين يونس عزيز

سلسلة في القراءات القرآنية وعلوم القرآن

الدُّرَرُ الحِسَانُ

في القراءات العشر للقرآن

قراءة حمـزة

براوييه خلف وخلاد
من طريق الشاطبية

تقـديم

د. عبد الرحمن يوسف الجمل
الشيخ: سعـيد صالح زعـيمة
الشيخ: جمال إبراهيم القرش

إعـداد

خادم القرآن الكريم الدكتور:
أحمد ضيف الله أبو سمهدانة
الجامع للقراءات العشر الصغرى والكبرى
والأربع الشواذ
عضـو مشـيخة المقـارئ الفلسطينية

خوێندنەوەی

حەمــزەی زەیــات

خەلــەف و خەلــلاد

خزمەتکاری قورئانی پیرۆز

د. احمد ضيف اللّه عمر أبو سمهدانه

سەرپەشتیاری وەرگێڕان

شيخ نظام الدين يونس عزيز

ژمارەی سپاردن
لە هۆبەی سپاردنی کتێب
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
775 لە 2024/7/8
عێراق - هولێر

ليستی سەرپەرشتیاری تەرجەمەكردنی پەرتووك

شێخ هيبت فخري القاضي — سەرپەرشتیاری زانستی

ڕێگە پێدراو لە قیرائاتی عەشرەی بچووك و گەورەو چوار شاذەكە

خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی ئیسلامی

يونس عثمان محمد أمين — پێداچوونەوەی زانستی

ڕێگە پێدراو لە قیرائاتی عەشرەی بچووك

ماستەر لە زمانی عەرەبی

د. إسماعيل عبد الرحمن عبد الله — پێداچوونەوەی زمانەوانی

قوتابی لە قیرائاتی عەشرەی بچووك

دكتۆرا لە زمانی ئینگلیزی و زمانەوانی – وەرگێری سوێندخواردوو

ئەندازیار زاهر مزاحم الشريده — سەرپەرشتیاری چاپ


قوتابی لە قیرائاتی عەشرەی بچووك

ماستەر لە ئەندازیاری كۆمپیوتەر

مامۆستا صفوان صالح أحمد — وەرگێڕ

مامۆستای خوێندنی ئیسلامی

ماستەر لە زانستی ئیسلامی


بسم الله الرحمن الرحيم

قَالَ تَعَالَىٰ:

﴿ ٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ يَتۡلُونَهُۥ حَقَّ تِلَاوَتِهِۦٓ
أُوْلَٰٓئِكَ يُؤۡمِنُونَ بِهِۦۗ وَمَن يَكۡفُرۡ بِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ
ٱلۡخَٰسِرُونَ ١٢١ ﴾ البقرة: ١٢١

لە عوسمانی کوڕی عەفانەوە (﵁) ئەفەرموێ: پێغەمبەری خوا فەرمویەتی:

(خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ)

(چاکترینتان ئەو کەسانەن کە خۆیان فێری قورئان خوێندن ئەکەن و خەلکیش فێر دەکەن)

پێش كەشە بە:

هەمو كەسێك كە مافی هەیە بەسەرمەوە

دایك و باوكم و مامۆستاكانم و شەیخەكانم

هەر كەسیٚ پیتێكی فێركردوم لە قورئانی پیرۆز

بۆ خەلكی قورئان خوێن ئەوانەی شوێنە بەرزەكان و پلە پیرۆزەكانیان بە دەست هێناوە

بۆ ئەوانەی كە قورئان دەخوێنن وفرمێسكی قورئان حوێندنەكە لە قورگیانە

ئەحمەد

به‌ناوی خودای به‌خشنده‌ی میهره‌بان
پێشه‌كی به‌ پێنوسی د. عبدالرحمن الجمل

سوپاس وستایش بۆ په‌روه‌ردگاری جیهانیان، ئه‌وه‌ی كه‌ ڕێگای پیرۆزی ئیسلامی نیشان داوین، وچاكه‌ی ئه‌وه‌ی له‌گه‌ڵ كردوین كه‌ باوه‌ڕی پێ به‌خشیوین، وئێمه‌ی تایبه‌ت مه‌ند كردووه‌ به‌ ناردنی قورئانی پیرۆز، ڕاسترین و چاكترین كتێبه‌ له‌ جوانی و به‌ هێزیدا و چیرۆكه‌كانی دووباره‌ ئه‌بێته‌وه‌، قورئانی پیرۆز ڕوونكه‌ره‌وه‌ی هه‌موو شتێكه‌، هیدایه‌ت به‌خش و ڕه‌حمه‌ته‌و مزگێنیشه‌ بۆ موسلمانان و چاكترین ڕێگاو ڕێبازه‌، درودو ڕه‌حمه‌ت بۆ سه‌ر ئه‌و نێردراوه‌ی كه‌ ڕه‌حمه‌ت و به‌ره‌كه‌ته‌ بۆ هه‌مووو جیهان، گه‌وره‌و خۆشه‌ویستمان موحه‌مه‌د (ﷺ)، ومیهره‌بانی بڕژێ به‌سه‌ر خانه‌واده‌و ئه‌صحاب و شوێن كه‌وتوانی و ئه‌وانه‌ی شوێنیان كه‌وتوون به‌ چاكه‌ تا ڕۆژی دوایی.

به‌ دڵنیایه‌وه‌ خودای مه‌زن فه‌رمانی كردووه‌ به‌ ڕووكردنه‌ قورئانی مه‌زن به‌ خوێندنه‌وه‌و له‌به‌ر كردن و تێگه‌یشتن و بیرلێكردنه‌وه‌و كارپێكردنی له‌ زۆر ئایه‌ت له‌ قورئانی پیرۆز، یه‌كێك له‌و ئایه‌تانه‌ ده‌فه‌رموێت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَتۡلُونَ كِتَٰبَ ٱللَّهِ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنفَقُواْ مِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ سِرّٗا وَعَلَانِيَةٗ يَرۡجُونَ تِجَٰرَةٗ لَّن تَبُورَ ﴿٢٩﴾ ﴾ فاطر: ٢٩

وهه‌روها پێغه‌مبه‌ری خۆشه‌ویستمان(ﷺ) ئامۆژگاری كردووین كه‌ خۆمان فێری قورئانی پیرۆز بكه‌ین و كه‌سانی تریش فێر بكه‌ین، هه‌ر وه‌ك ئه‌فه‌رموێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ)

په‌روه‌ردگاری پاك و بێگه‌رد خه‌ڵكانێكی ئاماده‌كردووه‌ له‌ هه‌موو كات و سه‌رده‌مێكدا، هاوكاری كردوون بۆ خزمه‌ت كردنی قورئانی پیرۆز، تاوه‌كو به‌ڵێنی په‌روه‌ردگار بێته‌ دی له‌ پاراستنی په‌رتوكه‌كه‌ی. ﴿ إِنَّا نَحۡنُ نَزَّلۡنَا ٱلذِّكۡرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ﴿٩﴾ ﴾الحجر: ٩

ژیانی خۆیانیان تایبه‌ت كردووه‌ بۆ خزمه‌ت كردنی قورئانی پیرۆز، وه‌ریان گرتووه‌، هه‌روه‌ك چۆن پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) وه‌ری گرتوه‌و كه‌سانی دوای خۆی فێركردووه‌،

موسلمانانیش لە هەمووو سەردەمێكدا قورئانیان خوێندووە بە خوێندنێكی پاراو وجوان هەر وەك چۆن دابەزیووە، پاشان پێمان گەشتووە بە پاك و بێگەردی دوور لە هەموو هەڵەو كەم و كورتیەك، بە سەنەدێكی نەپچڕاو دەست بە دەست تاوەكو دەگات بە پێغەمبەری خۆشەویستمان(ﷺ).

بە شێوەیەكی گشتی ولأتمان بە تایبەتی گرنگیەكی زۆری داوە بە قورئانی پیرۆز، بە شێوەیەك كە بە هەزارەها ئەزبەركاری (حافز) قورئانیان تێدا هەڵكەوتووەو لە هەردوو ڕەگەز بە دەیەها هەزار قورئانخوێنیان تێدا هەلكەوتووە، سوپاس بۆ ئەو خودایەی خاوەنی هەمووو فەزل و چاكەیەكە، وسوپاس بۆ ئەو چاكەو میهرەبانیەی لەگەڵ ئێمە كردویەتی، خەریك بوون بە قورئان باشترە لەوەی كە خەڵكی لە مولك و سامان كۆیدەكەنەوە. سوپاس بۆ خودای گەورە، خەڵكی پێش بڕكێ دەكەن بۆ خزمەت كردنی قورئانی پیرۆز، بەمەبەستی دەست كەوتنی خێرو پاداشت.

یەكێك لەوانە برای خۆشەویست دكتۆر ئەحمەد ضەیف الله سەمهدانە، دەستی كردووە بە ئامادەكردنی زنجیرەیەك لە كتێبی قیرائاتی قورئانی پیرۆز، تا بیخاتە ژێر دەستی قوتابیانی زانستەكانی قورئانی پیرۆز، ناوی ناوە (الدرر الحسان) لە دە خوێندنەوەكانی قورئان ، تا بەشی هەبێت لەگەڵ هەمووو ئەو كەسانەی كە گرنگی بە قورئانی پیرۆز دەدەن و خەریكی ئەم كارەن، ئاسان كردنی فێربونی قیرائاتی قورئانی پیرۆز و شارەزاكردنی كەسانی تر، من سەیری ئەم كارەم كرد بۆم دەركەوت كە ماندوبونێكی زۆر پیرۆزی تێدا بەكار هێناوە، دە خوێندنەوەكانی قورئانی لە خۆ گرتووە بە شێوەیەكی ئاسایی و ئاسان بۆ فێرخوازانی، بە وردبینی و جوان وەرگرتنی.

سەرەتا دەستی كردووە بە باس كردنی بنچینەكانی خوێندنەوەی قاریئەكە، ئەوەی كە مەبەستە لە باسەكەدا، دواتر دەستی كردوە بەوەی كە جیاوازەو پێچەوانەی قیرائەتی (حەفصە)و (فەرش)[1].و بنچینەكانیەتی، پیت پیت و وشە وشە، پاشان لە بەشی سێهەم دەستی كردووە بە باس كردنی وشەكانی (فەرش) كە پێچەوانەی خوێندنەوەی

[1] فەرش: زاراوەیەكی زانستی قیرائاتی قورئانە، كە ئاماژەدەكات بەو ووشانەی كە لە خوێندنەوەیاندا جیاوازی هەیە لە نێوان قاریئەكاندا. (وەرگێڕ)

(حه‌فصه‌). په‌رتوكه‌كه‌ گشتگیره‌ به‌وه‌ی كه‌ جیاوازی قاریئه‌كه‌ له‌ خۆ ده‌گرێت و فێرخواز شته‌ وونبوه‌كانی خۆی تێدا ده‌دۆزێته‌وه‌.

داواكارم له‌ په‌روه‌ردگار ئه‌م به‌رهه‌مه‌ سودی هه‌بێت بۆ هه‌مووو خه‌ڵك به‌ شێوه‌یه‌كی گشتی و خه‌ڵكی تایبه‌تمه‌ند به‌ قورئانی پیرۆز به‌ تایبه‌تی، وپاداشتی برای به‌رێزمان كاك ئه‌حمه‌د بداته‌وه‌ كه‌ هه‌ستاوه‌ به‌م كاره‌ چاكه‌ به‌ باشترین شێوه‌ وئه‌مه‌شی بۆ بكاته‌ چاكه‌یه‌كی نه‌بڕاوه‌ به‌و زانسته‌ی كه‌ خه‌ڵكی سودی لێببینیٚ، وداواكارم خودای مه‌زن هێزو چالاكییه‌كی پیٚ ببه‌خشێت بۆ خزمه‌ت كردنی په‌رتوكی په‌روه‌ردگارو بلاْوكردنه‌وه‌ی زانسته‌كانی قورئان تا بچێته‌ ژێر ئه‌م فه‌رموده‌ی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) كه‌ ئه‌فه‌رموێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ).

په‌روه‌ردگار ئه‌م كاره‌مان لیٚ وه‌ربگره‌و له‌ ڕیزی چاكه‌كانماندا تۆماری بكه‌، چونكه‌ به‌ڕاستی تۆ په‌روه‌ردگاریگی زۆر بیسه‌رو زانایت، ته‌وبه‌و په‌شیمانیمان لیٚ وه‌ربگره‌و بێگومان تۆ په‌روه‌ردگاریگی زۆر ته‌وبه‌ وه‌رگرو میهره‌بان و دلۆڤانی، خودایه‌ بمانگێره‌ له‌ ئه‌صحابی قورئانی پیرۆزو نزیك له‌ خۆتت به‌ تایبه‌ت، خودایه‌ دڵێكی پاك و مه‌به‌ستێكی بیٚ گه‌ردمان پیٚ ببه‌خشه‌ له‌ گوفتارو كرده‌وه‌دا، خودایه‌ كۆتایی ته‌مه‌نمان پڕ خێر بكه‌ی.

درودو ڕه‌حمه‌ت بۆ سه‌ر پێشه‌واو خۆشه‌ویست و پێغه‌مبه‌رمان (محمد)(ﷺ) وبۆ سه‌ر خانه‌واده‌و یارانی به‌ گشتی.

عبدالرحمن ی كوڕی یوسف الجمل[1]

[1] دكتۆر: عبدالرحمن یوسف احمد الجمل، پێشه‌وای قورئانخوێنانی فه‌له‌ستین، له‌ دایك بووی 1961ز، دانیشتووی نه‌سیرات له‌ ناوه‌ڕاستی كه‌رتی غه‌زه‌، مامۆستای به‌ژداربو له‌ ته‌فسیر و زانسته‌كانی قورئان و خوێندنه‌وه‌كانی قورئان له‌ كۆلێژی بنه‌ماكانی ئاین له‌ زانكۆی ئیسلامی له‌ غه‌زه‌، كاری كردووه‌ وه‌ك مامۆستای یاریده‌ده‌ر له‌ كۆلێژی بنه‌ماكانی ئاین، دواتر بۆته‌ عه‌میدی كۆلێژی ناوبراو، ئێستا كار ده‌كا وه‌ك سه‌رۆكی ده‌زگای قورئانی پیرۆز و سونه‌ له‌ كه‌رتی غه‌زه‌ و سه‌رۆكی فه‌رمانگه‌ی قیرائاتی سه‌نه‌ده‌كانی قورئانه‌، به‌ڕێز دكتۆر عبدالرحمن الجمل پێشینه‌ی چاكه‌و ماڤ به‌سه‌رمانه‌وه‌ هه‌یه‌ له‌ دوای په‌روه‌ردگاری مه‌زن له‌ بلاوكردنه‌وه‌ی زانسته‌كانی قورئانی پیرۆزو جوان خوێندنه‌وه‌ی له‌ غه‌زه‌، چه‌ند په‌رتوكێكی بلاْو كراوه‌ی هه‌یه‌ له‌ قیرائاتی قورئان و سه‌نه‌ده‌كانی وه‌رگرتوه‌و ڕێگه‌ پێدراوه‌ له‌ لایه‌ن كۆمه‌لێك به‌ڕێزو مامۆستای گه‌وره‌وه‌، له‌وانه‌ی مامۆستاو شێخی گه‌وره‌ به‌ڕێز د. حلمی عبدالرؤوف محمد عبدالقوی.

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان
پێشەکی بە پێنووسی شێخ: سەعید زەعیمە

سوپاس بۆ پەروەردگاری جیهانیان، ڕەحمەت وسەلام بڕژێ بەسەر چاترینی پەیامبەران و پێشەوای بڕواداران، ئەو کەسەی کە کتێبێکی بەسەر دابەزیوە هیچ خواری و کەم و کورتی تێدا نیە، نە لەپێش و نە لە دواوە.

سەیری ئەم زنجیرە پیرۆزەم کرد کە ناونراوە بە گەوهەرەکانی قیراٴاتی قورئان (الدرر الحسان) لە دە خوێندنەوەکانی قورئان، کە دکتۆر ئەحمەد ضەیف الله باوکی سەمهەدانە، بینیم پڕە لە زانیاری ورد لە ناوەڕۆکدا.

منیش داواکارم لە یەزدان کە سودی هەبێ بۆ ئاینی ئیسلام و موسڵمانان بەوەی کە داڕێژراوەو نوسراوەتەوە لەم زنجیرە پیرۆزەدا .

دووبارە سوپاس بۆ پەروەردگاری جیهانیان

نوسینی شێخ:

سعید صالح زعیمە[1]

---

[1] شێخی پزیشك: سەعید صالح مصطفی زعیمە، زانایەکی لێکۆڵەرو کاربەجێیە، یەکێکە لە زانایانی خوێندنەوەکانی قورئان لە ئەسکەندەریە، پزیشکی جەڕاحە لە ئەزهەر، لە دایك بوی1957ز، دەرچوی پەیمانگای سەموحەیە، بۆ قیراٴاتی قورئانی بڕوانامەی بالای وەرگرتوە لە دە خوێندنەوەکانی بچوك و گەورە، شیکردنەوەو ڕوونکردنەوەی هەیە لەسەر دەقەکانی شێخ و زاناکان وەك شاطبی و ئیبن جەزری و جەمزوری، قورئانی پیرۆزی بەتەواوی خوێندۆتەوە بە دە خوێندنەوەکانی بچوك و گەورە بەسەر زانا شێخ موحەممەد عبدالحمید عبدالله خلیل ، خاوەنی بەرزترین پالپشتە لە جیهاندا لە خوێندنەوەی دە قیراٴاتە گەورەکە، وشێخ سەعید قورئانی خوێندۆتەوە بەسەر زۆر شێخ دا کە باس دەکرێن نزیکەی چل پیاو و ئافرەت دەبن، هەمووی ڕێپێدانیان وەرگرتوە، بۆ نمونە کەسێکە بەناوی عبدالفتاح مەدکور، وهەروها شێخ سەمنودی،و شێخ عەلی نحاس،و شێخ عەلی رحال،و دایکی سەعد، ومۆڵەتی لە خوێندنەوەی دەی بچوکی پێداوم بەناوی ماٴمۆستا تناظر النجولی، زۆر کتێبی هەیە لە زانستی خوێندنەوەکانداو جگە لە خوێندنەوەکانیش،

بهناوی خودای بهخشندهی میهرهبان
پێشهكی شێخ: جهمال القرش

سوپاس بۆ خودای تاك و تهنیا، درودو ڕهحمهت بۆ سهر گیانی ئهو كهسهی كه هیچ پێغهمبهرێك له دوای ئهو نایهت.

ئهم پهرتووكهم بینی كه ناونراوه به (الدرر الحسان) له ده خوێندنهوهكانی قورئانی پیرۆز، له نوسینی شێخی ڕێزدار دكتۆر/ ئهحمهد ضهیف الله باوكی سهمهدانه ، بینیم كتێبێكی چاكه له داڕشتن، شتێكی جوانی پێش كهش كردوه، سود بهخشه له بابهتهكانیدا، ئاسانه لهسهر زانست خوازان، تكاكارم له پهروهردگار سودی بگێنێت له هەموو كات و ساتێكدا، چونكه تهنها ئهو پشتیوان و بههێزه لهسهر ههمووو شتێكدا.

(والسلام علیكم ورحمة الله وبركاته)

ووتهی شێخ:

جهمال ی كوڕی ئیبراهیم القرش [1]

ههول و كۆشش و ماندوبونێكی زۆری ئهنجام داوه له بلأوكردنهوهی زانستی قیرائات، لهگهڵ ئهوهش زانستێكی بهرفراوانی ههیه له زانستی نهحوو صهرف و تهفسیر و زانسته شهرعیهكاندا.

[1] شێخ: جهمال ی كوڕی ئیبراهیم ی كوڕی موحهممهد القرش، له دایك بوی 1963ز، چهن ڕێگه پێدراوێكی بهدهست هێناوه له خوێندن و خوێندنهوهدا، بڕوانامهی زانكۆیی ههیه له كۆلێژی ئاداب و پهروهرده بهشی زمانی عهرهبی سالی1987ی زاینی، سهرپهرشتیار بووه له بهشی قورئانی پیرۆزو زانستهكانی له بنكهی یهكهم بۆ پهرهپێدانی پهروهردهیی له ڕیاز، بهژداری له زۆر خول كردووه وهك لێهاتویی و سهرپهرشتیاری كارا، كاری ڕاوێژكاری كردوهو سهرۆكی بهشی سهرپهرشتیاری پهروهردهیی بووه له بهڕێوهبهرایهتی گشتی خانمانی پێشو له ولأتی سعودیا، ههروهها كاری كردوه وهك بهڕێوهبهر بۆ كاروباری فێركردن له قوتابخانهكانی ناوهڕاست له سالی1427ی كۆچی تا وهكو سالی1433ی كۆچی، بهژداری كردوه له پێش بركێی نێو دهوڵهتی بۆ لهبهر كردنی قورئانی پیرۆز له وڵاتی كویهت له سالی 1432ك، و 1433ك، چهن نوسراوێكی خۆی ههیه له (التدبر، التجوید، الوقف، العلوم التربویة، العقیدة)

ژ	عربی	كوردی
1	حركة	جوڵه
2	ابدال	گۆڕین
3	بدل	له‌بری
4	سكون	زه‌نه‌دار
5	شدة	شه‌ده‌دار
6	ضمة	ضه‌مه‌دار
7	فتحة	فه‌تحه‌دار
8	كسرة	كه‌سره‌دار
9	لفظي	گوتراو
10	اضافة	دانه‌پاڵ
11	وقف	وه‌ستان
12	وصل	نه‌وه‌ستان
13	قصر	كورت كردن
14	تحقيق	خوێندنه‌وه
15	مد	درێژكردنه‌وه
16	التكبير	گوتنی(الله اكبر)
17	التحميد	گوتنی(الحمدلله)
18	التهليل	گوتنی(لا اله الا الله)
19	قصر	درێژكردنی دوو جوڵه
20	توسط	درێژكردنی چوار جوڵه
21	اشباع	درێژكردنی شه‌ش جوڵه
22	تسهيل	لابردن یان ئاسان خوێندنه‌وه

بهناوی خودای بهخشندهی میهرهبان

پێشهکی:-

سوپاس بۆ ئهو خودایهی قورئانی پیرۆزی کردۆته ڕۆناکی بۆ خهڵك تا ڕێ نیشاندهری گومڕاو سهرلێشێواوان بێت، وخهڵکی له تاریکی نهزانی ڕزگار کردووه بهرهو ڕوناکی قورئانی پیرۆز، ودهروونی پاك کردۆتهوهو دهری هێناون له سهر گهردانی و بهرهو جوانترین و بهرزترین پلهوپایهی بردوون.

ڕهحمهت و میهرهبانی برژێ بهسهر پێشهومان، موحهممهدی کوڕی عبدالله(ﷺ)، ئهو کهسهی که ﴿أَوۡ زِدۡ عَلَيۡهِ وَرَتِّلِ ٱلۡقُرۡءَانَ تَرۡتِيلًا﴾ی بهسهردابهزیوه.

بههۆی ئهم قورئانه پیرۆزه چلکی ئارهزوهکانی لابردوه لهگهڵ پیسیهکان، ههر بههۆی ئهم قورئانه پێشهوایهتی بۆ مرۆڤهکان دروست کردووه، بوون به نمونه له پۆشاکی هێزی باوهڕدا، درووود لهسهر خانهوادهی ئهم پهیامبهرهو ئهم هاوڕێیانهی که چاکترین کهس بوون، ودرووود لهسهر ئهوکهسانهش که شوێن کهوتهی ڕێبازی ئهوانن له پیاو چاکان و پاکان، ئهوانهی قورئانی پیرۆزیان ئهزبهر کردو پارێزگاریان لێ کرد، پهروهردگار پاداشتی چاکهکانیانی داوه له دونیاو دوارۆژدا، پهروهردگار چاکهکارانی خۆش دهوێت:

به دڵنیایهوه زانستی تهجویدو خوێندنهوهکانی قورئانی پیرۆز لهپێشینهی زانستهکانی تره لهباس کردن و یادگهدا، وپیرۆزترین شوێن و پێگهیان ههیه ، چونکه پهیوهستن به فهرمودهی پهروهردگاری جیهانیان به شێوهیهك ئهو زانستهو ئهو زنجیره قورئانیانه پاداشتێکی زۆری لهسهره، پێغهمبهر(ﷺ) دهفهرموێت: (مَا اجْتَمَعَ قوم في بيت من بيوتِ اللهِ يَتْلُونَ كتابَ اللهِ تعالى ، ويتَدَارَسُونَهُ بينهم إِلا نَزَلَتْ عليهم السكينةُ ، وَغَشيَتهم الرحمةُ ، وحَفَّتهمُ الملائكةُ ، وذَكَرهُمُ اللهُ فيمن عِندَهُ)[1]

[1] ئهبو داوود، پهرتووکی نوێژ، باسی تفريع أبواب الوتر، باب في ثواب قراءة القرآن، ژ1455، لاپهڕه189.

دوای ئەوەی فێرکردنی قورئانی پیرۆزو شارەزابوون لێی، وبڵاوکردنەوەی شێوەی خوێندنەوەکەی و گێڕانەواکانی، نزیکت دەکاتەوە لە پەروەردگاری جیهانیان، بە پاڵ پشتی فەرمودەی پێغەمبەرمان (ﷺ) کە ئەفەرموێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ)[1]. واتا: چاکترینتان ئەو کەسانەن کە خۆی فێری قورئان دەکات و کەسانی تریش فێر دەکات.

لەسەر وەڵام دانەوەی پێشنازی هەندێ لە هاوڕێیان، ئیستخارەی پەروەردگارم کرد، داوای کۆمەك و هاوکاری و ڕێنیشاندانی پشت ئەستوریم لێ کرد، ئەویش دڵ و دەروونمی ئارام کرد لەسەر نوسینی ئەم بابەتەی ئەم بەشەدا، بە هیوای ئەوەی بتوانم ببم بە شوێن کەوتەی پێغەمبەرەکەم (ﷺ) دەستم پێ کرد بە داوای پاڵ پشت و هاوکاری خودای گەورە لەسەر بلاوکردنەوەی ئەم زنجیرە قورئانیەی پاش ئەوەی کە سەربەرزو سەر فراز بووم بە وەرگرتنی فێربونی زانستی دە خوێندنەوەکانی قورئانی پیرۆز خوێندنەوەی بچووك و گەورەو چوار جۆر خوێندنەوە شازەکان (القراءات الشاذة) بە پاڵ پشتی مامۆستا بەرێزەکان و لەسەر دەستی شێخە بەڕێزەکانم، دەست پێ دەکەم لەم ڕووەی کە هەست بە بەرپرسیارەتی دەکەم، نەك لەڕووی ئەوەی کە بلێم من شایەنی ئەم کارەم.

ئەو ڕێگایەی گرتومەبەر لەم زنجیرەدا، بریتیە لە زنجیرەیەك لە خوێندنەوەکانی قورئانی پیرۆزو زانستەکانی کە ناوم ناوە (الدرر الحسان) لە دە خوێندنەوەکانی قورئانی پیرۆز، من ئەم بابەتەم کۆکردۆتەوە لە کتێبەکانی پێشو، وئەوەشی کە وەرم گرتوە لە مامۆستاکانم، باسی ئەو جیاوازیانەم کردووە کە ڕاویەکان یان قاریئەکە پێچەوانەی پێشەوا حەفصی کردووە، باسی یەك دەنگیم لە نێوانیاندا نەکردووە، مەگەر کەمێك جار نەبێ کە باسی یەك هەڵ وێستیان ئەکەم زیاتر بۆ ڕوون کردنەوەو تەواوکەری سودەکانە، ئەم پەرتوکەی لە ژێر دەستی خوێنەری بەرێزدایە کردومە بە سێ بەش، لە بەشی یەکەم : باسی بنچینەکانی خوێندنەوەی پێشەوا ئبی عەمری بسڕی بە ریزبەندی

---

[1] بوخاری، له باسی خیرکم من تعلم القران و علمه، ژمارەی فەرمووده5027، لاپەڕە436.

بابەتەکانیشیم ڕێك خستووە بە پێی ئەوەی کامەیان گرنگترە لەوی تر، بەپێی ئەو ئەزمونەی کە هەم بووە لە وانە وتنەوەی قورئانی پیرۆزدا.

لە بەشی دووەم : بە شێوەیەکی گشتی زیاتر باسی بنچینەکان و (فەرش)م کردووە، بە شێوەیەکی ڕێك و پێك باسم لە وردودرشتی ووشەکان کردووە، وهیچ جیاوازی نیە لە نێوان ئەم وشە ناکۆکە لە وشەکانی بنچینەیی بێ یاخود (فەرش) بێ، تاوەکو پێداویستیەکانی کەسی سەرەتایی جێ بەجێ بکات، ئەمەش لە ڕێگەی دروست کردنی خشتەیەکی سێ ستونی بەم شێوەیە:

ستونێکیان تایبەتە بە پێشەوا (حفص) ستون تایبەتە بە پێشەوا حەمزەی زەیاتو ستونێکیان تایبەتە بە ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی خوێندنەکان، سەبارەت بە بەشی سێیەمی ئەم پەرتووکە لێکچونێك هەیە لەگەڵ بەشی پێشە خۆی تەنها ئەوە نەبێ من کورتم کردۆتەوە تەنها بە بەکارهێنانی وشەی (فەرش) لەگەڵ کەمێك زیادە، تا ئامانجەکان بەدەست بێنێت و ئاسان بێ بۆ ئەو کەسانەی کە شارەزاییان هەیە لە خوێندنەوەکاندا لە کاتی گەڕانەوەدا بۆ ئەم بەشە، وبتوانێ ووشەکانی (فەرش) دەربهێنێ بە شێوەیەکی خێرا بێ کات کوشتن.

من لێرەدا باسی پێشەکیەکەی(ئیبن مەهران)ی ئەصفەهانیم کردووە خاوەنی کتێبی (المبسوط) لە دە خوێندنەوەکانی قورئانی پیرۆز، تیایدا باس لە کتێبەکەی خۆی دەکان دە فەرموێت: (دەمەوێت پێتانی ڕابگەێنم کە من پۆلێنم کردووە تەنها بۆ تێگەیشتن و بەرچاو ڕوونیە، بۆ ئەو کەسانەی کە شارەزایی تەواویان هەیە لەم بوارەدا، و هونەری تەواوی هەیە لە زانستەکان و ئاکارەکاندا)

بە مێشکم داهات کە هەندێ بابەتی پەروەردەیی تێکەڵاو بکەم لەم زنجیرە پیرۆزەدا، وەك مەبەستێك لەوانەوتنەوەکانی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز لە زنجیرەو دانیشتنەکانی قورئان و ڕێگەی زنجیرەکانی قورئانی تایبەت بە خولی پێشەوا حەمزەی زەیات، وتوندو تۆڵکردنی زنجیرەکانی قورئانی پیرۆز تایبەت بە خولی ناوبراو، کاتێ تاقیکردنەوەکان و گشت بابەتەکان تەواو ئەبن بەیەکتر پەیوەست ئەکرێن، وجگە لە کاری تری پەروەردەیی کە شاراوە نیە لای هەمووو کەسێکی تێگەیشتوو، ئەوانەی باس

كران هەمووویان لە چوارچێوەی تەواوبوندا لە نێوان چوار چێوەی تیۆری و لایەنی كرداری دەبێتە یارمەتیدەر بۆ مامۆستا یان خوێنەر تا پشتی پێ ببەستێ لە كاتی فێركردن و فێربوونی ئەم قیڕائەیە.

داواكارم لە خودای مەزن ئەم زنجیرە قورئانیەم بۆ وا لێبكات كە مەبەستم تەنها ڕازی بوونی ئەو بێت و تەنها لە پێناو ئەودا بێت، تكام وایە لێم وەربگرێت بە باشترین شێوە، وڕێزێكی گەورەو بێ پایەنی بۆ دانێ، سودی بۆ نوسەرەكەی و ئەوكەسانەشی كە لە دەورو بەریدان هەبێت، وهەروها سودەكەی بگێنێ بە نەوەی داهاتوو پشت بە پشت، منیش بپارێزێت لە بیرۆكەی نابەجێ، وپێنوسیشم ڕزگار بكات لە هەڵە، هەركەسێ كەمتەرخەمیەكی بینی تیایدا یان هەڵەو كەمو كورتیەكی تیایدا دۆزیەوە تكای لێ دەكەم پۆزشم بۆ بێنێتەوەو ئامۆژگاریم بكات و چاكی بكاتەوە.

پێویستە ئەوەش بلێم كە ئەم ماندوبونەی من بۆ خزمەت كردنی پەرتووكی خودای گەورە هەر چەندە زەحمەتی تێدایە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تام و چێژێكی تایبەتی خۆی هەیە، هەرچەندە ئەزیەت و ناخۆشی تێدا دروست بێت ئاسان دەبێت.

بەرلەوەی پێنوسی ڕوون كردنەوە هەڵگرم، بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ) كە دەفەرموێت: (من لاَ يَشْكُرُ اللَّهَ لاَ يَشْكُرُ النَّاسَ)[1]

سوپاس و پێزانینم ئاراستەی هەموو ئەو كەسانە دەكەم كە هاوكارو یارمەتیدەرم بوون، پاداشتی چاكە كارانیش تەنها چاكەیە.

سوپاسێكی بێ پایان و تایبەت بۆ شەیخەكەم بەڕێز (سولەیمان ی باوكی عاذره) چاكەو ماف بەسەرمدا هەیە ، ئەو لە تەرازوی ژێریدا پێش دەخرێت، لەسەر پێداچونەوەی ئەم زنجیرە باسە و ڕاست كردنەوەی لە ڕووی زمانەوانیدا.

وهەروها سوپاسی برای بەڕێزم (عبدالسلام طباسی) دەكەم لەسەر پێداچونەوەو زیادە خستنە سەر شێوە هونەریەكەی لە دەرچوون و ڕاخستنی ئەم پەرتووكە،

---

[1] ترمژی، باسی(ما جاء في الشكر لمن أحسن اليك)، ژ6601، لاپەڕە383.

وسوپاس بۆ شێخی بەڕێز (عبدالله جمال العرقان) لەسەر ئەم ماندوبونەو بوونی پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ مامۆستایان بۆ پێش کەش کردنی ئەم زنجیرە پیرۆزە.

له كۆتاییدا سوپاسی هەمووو ئەو كەسانە دەكەم كە سودیان پێم گەیاندوە بە ڕستەیەك، یان سودیان پێم گەیاندوە بە ئاماژەیەك، یان منیان ڕاست كردۆتەوە لە هەڵە، یارمەتیان داوم بە نوسین، گەر بمەوێ سوپاس و پێزانینیان كورت بكەمەوە تەنها دەڵێم ئەوەیان لامە كە بە نیاز پاكی بۆیان بپاڕێمەوە.

خزمه تكاری قورئانی پیرۆز

د. ئەحمەد ضیف الله عومر ئەبو سەمهەدانە

ڕێگە پێدراوی دە قیرائاتی (خوێندنەوەكانی) قورئانی پیرۆز

بچوك و گەورە

و چوار جۆرە دەرچووەكە لە قیرائاتی قورئانی پیرۆز

ده‌روازه‌یه‌ك:-

سوپاست ده‌كه‌م له‌سه‌ر وه‌رگرتنی ئه‌م په‌رتووكه‌، ئومێده‌وارم پالپشتت بێ له‌ بیرۆكه‌و زانیاری به‌ سود، هاوكاریت بكات له‌سه‌ر خوێندنه‌وه‌ی په‌رتووكی په‌روه‌ردگار به‌ شێوه‌یه‌كی ڕاست و دروست.

هه‌روها ئومێده‌وارم – له‌ ڕێگه‌ی ئه‌و پۆسته‌ ئه‌لیكترۆنیه‌ی داندراوه‌ له‌ سه‌ره‌تای ئه‌م په‌رتووكه‌ – ده‌وله‌مه‌ندم بكه‌یت به‌ تێبینیه‌كانت، وئه‌م په‌ڕاوه‌ گرنگانه‌ی كه‌ من هه‌ڵوه‌سته‌یان له‌سه‌ر ده‌كه‌م، ئه‌و دێرانه‌ی كه‌ من هێلم له‌ ژێر داوه‌، هیچ شتێك له‌وه‌ چاكتر نیه‌ كه‌ نوسه‌ر ببینێ نوسراوه‌كه‌ی به‌ جوانترین شێوه‌ نوسراوه‌، به‌ تایبه‌ت ئه‌گه‌ر نوسین و په‌رتوكه‌كه‌ی په‌یوه‌ست دار بێت به‌ قورئانی پیرۆز، ئه‌وه‌ زیاتر بایه‌خی پێ ده‌دات و دڵنیایی له‌سه‌ر ده‌بێت.

پێم باشه‌ لێره‌دا ئه‌وه‌ بگوازمه‌وه‌ كه‌ (عیماد الاصفهانی)[1] باسی كردووه‌ سه‌باره‌ت به‌ كه‌مته‌ر خه‌می و ماندوبونی مرۆڤ، سه‌ره‌ڕای گشت هه‌وڵه‌كانی، بۆ پوخت كردنی شته‌كان و ڕاستكردنه‌وه‌یان و به‌دواداچونیان، ده‌فه‌رموێت: "من ئه‌بینم هه‌ركه‌سێك په‌رتوكێك بنوسێت له‌ ڕۆژی دواتر ده‌ لی: ئه‌گه‌ر له‌بری ئه‌مه‌ ئه‌مه‌م به‌كار بهێنابوایه‌ باشتر بو، ئه‌گه‌ر ئه‌وه‌ی بۆ زیاد كرابوایه‌ چاكتر بو، ئه‌گه‌ر ئه‌وه‌ پێش بخرابوایه‌ گرنگتر بو، ئه‌گه‌ر ئه‌وه‌ لا بردرابوایه‌ جوانتر بو، ئه‌مه‌ش گه‌وره‌ترین په‌نده‌، به‌ڵگه‌ی سه‌لماندنی ئه‌وه‌یه‌ كه‌ نوسینی ڕسته‌كانی مرۆڤ كه‌م و كورت و ناته‌واون" ئیبن قه‌ییمی جوزی، د.ت، به‌رگی 1، لاپه‌ڕه‌2).

داواكارم له‌ به‌ڕیزت كاتێكت هه‌بێت بگه‌ڕێیته‌وه‌ بۆ ماڵپه‌ڕی فه‌یس بوك: به‌ناوی (الدرر الحسان في القراءات العشر للقرآن، یان ماڵپه‌ڕی كه‌سی من)، چونكه‌ من

---

[1] اره‌تی نوسینی ئه‌دبیات ی به‌ناوبانگ عیماد ئه‌صفه‌هانی، پاشان به‌ناوی عیماد بلاوبۆته‌وه‌، له‌م باره‌یه‌وه‌ سه‌یری: عبدالله ی كوڕی عبدالرحمن ی به‌سام بكه‌: كتێبه‌كه‌ی به‌ناوی (توضیح الاحكام من البلوغ المرام) مه‌ككه‌ی پیرۆز، نوسینگه‌ی الاسدی، چ5، به‌رگی 1، 2003ز، لاپه‌ڕه‌3.

دەمەوێت هەندێ شتی باش و دەستكاری و نمونە و سەرچاوەی تر دابنێم كە بە ڕاستی سودیان بۆ تۆ دەبێت لە دواییدا.

لە نوسینی ئەم پەرتوكەدا شێوازێكی تایبەتم بە كار هێناوە – پاش داوای یارمەتی و پاڵ پشتی لە پەروەردگار – لێرەدا بە كورتی باسی دەكەم بەم شێوەی خوارەوە:

1. نوسینی ئایەتەكانی قورئانی پیرۆز بە وێنەی عوسمانی.

2. نوسینی فەرمودەكانی پێغەمبەر(ﷺ) بە سەرو ژێرەوەو بە نوسینێكی جیا لە نوسینەكانی تر، مەبەست لەم كارەش بۆ گەورەیی و پیرۆزی فەرمودەی پێغەمبەرە(ﷺ).

3. لە كاتی نوسینی ئایەتەكانی قورئانی پیرۆز باسی ناوی سوڕەتەكەو ژمارەی ئایەتەكەم كردووە، ڕاستەو خۆ لەدوای ئایەتەكەم داناوە تا نوسینەكان زۆرو تێكەڵاو نەبێت.

4. پێناسەی زاراوەكانم كردووە بەپێی توانا.

5. ڕونكردنەوەی واتای هەندێ وشەی نادیار لە پەراوێزدا .

6. پێناسەی هەندێك كەسایەتی كە ناویان هاتووە لەم پەرتوكەدا.

7. من پێداگربوم – بە پێی توانا– لە بیركردنەوەو هەڵوەستە لە وەرگرتنی هەر بابەتێك یان بڕیارێك لەسەر دیاردەیەك، لەبەر ئەوە ڕۆچوون لە فەرمانێك كە پەیوەندی بە قورئانی پیرۆزەوە هەیە ئەوە دەخوازێت كە بەدواداچونی بۆ بكەیت و لێی وردبیتەوە جوان تێڕابمینێیت، ئەوەش بە یارمەتی پەروەردگار و چاكەی ئەوە بەسەرمەوە، لەگەڵ كورتی كات و دووری ڕیگادا.

8. له كاتی وەرگرتنی دەقێك وەكو خۆی، دەقەكەم خستۆتە نێوان دوو كەوانەی دەقی" " لەگەڵ ئەوەش ئاماژەم بە سەرچاوەكەی كردووە لە ناوەڕۆكەكەیدا.

9. ئەگەر وەرگرتنی دەقەكان بە واتاكەی بو، واتا كاتێ گەڕایەوە بۆ خودی دەقەكە بینیت بە دەست كاریەوە باس كرابو ئەوە وشەی {سەیركە}م بۆ بەكارهێناوە ئاماژەشم پێ كردووە كە سەرچاوەكەی بەم شێوەیە، ئەم شێوازە بەكاردێنم لەكاتی بەناوبانگ بوونی دەقەكە یان دیار نەبوونی خاوەن وتەكە، ئەگەر لە نێوان وشەكاندا ئەم خاڵانەم دانا (....)، ئەمە واتا بەشێك لە وتەكان نادیارەو پێویست بە باس كردنی نیە بەڵكو دەبێت پوخت بكرێت، یان سود لە باس كردنی نیە.

10. لەكاتی وەرگرتنی دەقێك و خستنە ڕستەیەك بۆ ناو دوو كەوانە لە كاتی نوسیندا، ئەمە مانای ئەوە دەگەیێنێت كە ئاگاداربە ئەوەی نێوان كەوانەكانە وتەی خۆمە، نەك وتەی وەرگیراو.

11. هەر وشەیەك پێویستی بە سەرو ژێر هەبێت سەروژێردارم كردووە تا تێكەڵاو نەبێت لەكاتی دەربڕینا.

12. ناوەڕۆكم بۆ سەرچاوەكان داناوە – كە ئەوەش زۆر یارمەتی دەرم بو بۆ ئەم پەرتوكە – كۆكراوەیەو یەك لەدوای یەك دامناوە بەپێی ڕیزبەندی پیتەكانی زمانی عەڕەبی، وناوەڕۆكم داناوە بۆ بابەتەكانی ناو پەرتوكەكە لە كۆتایی كتێبەكەدا.

13. دانانی ژمارەو نیشانەكانی خاڵبەندی وەكو: نیشانەكانی پرسیار هتد....) بۆ ڕوونكردنەوەی دەقەكان ئەمەش بە مەبەستی جیاكردنەوەیەتی.

14. گەڕاومەتەوە سەر بەشێکی زۆر لە سەرچاوەو ماستەر نامەی زانکۆیی و بابەتی ترو مالپەڕە ئینتەرنێتیەکان، وگەڕاومەتەوە بۆ دەیەها سەرچاوەی تر بەلاّم بەکارم نەهێناوە چونکە لەگەڵ بابەتی من زۆر تێکی نەکردۆتەوە.

15. زۆربەی جار ئەو دەقەی کە وەرمگرتووە ئاماژەم بەسەرچاوەکەی نەکردووە. تا ژێرنوسەکان زۆر نەبێت، ومن ئارەزوی کورت کراوە دەکەم و زیاتر ماندوبوونەکەم بۆ شتی گرنگتر بە کاردێنم، لە کۆتایی کتێبەکەدا باسم کردووە، لە ناوەڕۆکی سارچاوەکان ئەوەی کە زۆر سودم لیّ بینیوە لە بڕگە زانستیەکەدا.

16. لە کۆتایی: کاتێك بینیم بەرفراوانیەك هەیە لە بنچینەو بڕگەکانی ئەم کتێبەدا و گشتگیریەکەیدا، دلنیابووم بڕگەکانی درێژە دەکێشێت، بینیم پێویستە ئەو بابەتانەی ڕوون وئاشکران کورت کەمەوە لەسەر ئەوانی تر، مەبەست لەم کۆششە ئاسایی کردنی بابەتە درێژەکان بوو.

ئەم ڕێگایەی بەكارم هێناوە بۆ وشەی فەرش

بە پێی توانا هەوڵمداوە پابەندبم بە بەكارهێنانی نوسینی ڕەسمی عوسمانی لە نوسینی وشەكانی فەرشدا.

✓ ئەگەر وشەیەكەم بەڕەهایی بەكارهێنا، واتە مەبەستم پێی لەكاتی وەستان و نەوەستانە (وقفاً – ووصلاً)

✓ (أ) ئاماژەیە بە ئاسانكردنی هەمزە، ئەگەر نوسینی پیتە هەمزەكە لەسەر شێوەی ئەلیف بوو، وەك: [ءَاْعۡجَمِيٌّ].

✓ (ؤ) ئاماژەیە بە ئاسانكردنی هەمزە، ئەگەر نوسینی هەمزەكە لەسەر شێوەی (و) بوو، وەك: [أَؤُنَبِّئُكُم].

✓ (ـئـ) ئاماژەیە بە ئاسانكردنی هەمزە، ئەگەر نوسینی هەمزەكە لەسەر شێوەی بەرزكردنەوەی دەنگ بێت(نەبرە)، وەك: [أَئِمَّةَ].

✓ (•) ئاماژەیە بە ئاسانكردنی هەمزە، ئەگەر نوسینی هەمزەكە لە ڕیزی پیتەكانی تر نوسرابێت، وەك: [أَءِنَّكَ].

✓ (ـسـ) ئەم نیشانەیە لەسەر بێت، واتا خوێندنەوەی ئەم پیتە بە پیتی(س) دەبێت، وەك: [ٱلصِّرَٰطَ].

✓ (ـهـ) ئەم نیشانەیە لەسەر بێت، واتا وەستان بە پیتی(ە)ی زەنەدار، وەك: [فِيمَ][فِيمَه].

✓ (ـهـ) ئەم نیشانەیە لەسەر پێت، واتا گۆڕینی پیتی(ت)ی لەسەر وەستاو، بە پیتی(ه) وەك: [رَحۡمَتَ][رَحۡمَه].

✓ (ـنُـ) ئەم نیشانەیە ئەگەر لە پاڵ جوڵەی تەنوین بوو، بەڵگەیە لەسەر ضـەممەداركردنی پیتی نونی تەنوین، بەمەبەستی ڕزگاربوون لە گەیشتنە دوو پیتی زەنەداری ضـەممە، وەك: [بِرَحۡمَةٍۚ ٱدۡخُلُواْ] [بِرَحۡمَتِندخُلُواْ].

✓ (ـٍ) ئەم نیشانەیە ئەگەر لە پاڵ جوڵەی تەنوین بوو، بەڵگەیە لەسەر کەسرەدارکردنی پیتی نونی تەنوین بەمەبەستی ڕزگاربوون لە گەیشتنە دوو پیتی زەنەداری کەسرە، وەك: [أَحَدُۨ ۝ ٱللَّهُ أَكۡبَرُ].

✓ (ـ) ئەم نیشانەیە ئەگەر کەوتە ژێر پیت، بەڵگەیە لەسەر بوونی ئیمالە[1]، وەك: [مَجۡرِىٰهَا].

✓ ئەگەر ناوی ڕاوی (گێرەوەرەکە)م نەبردبوو، واتا هەردوو ڕاویەکە یەك خوێندنەوەیان هەیە، واتە جیاوازیەکە تەنها لەسەر حەمزەی زەیاتە بە ڕاویەکانیەوە.

✓ لە بەشی یەکەم لە وشەکانی فەرش کورت کردنەوەم کردووە لەسەر ناو هێنانی پیتی(م)ی کۆ، زۆربەی جار دووبارەم نەکردۆتەوە لە بەشەکانی تر، ئەوەش بەهۆی زۆر بەکارهاتنی لە قورئانی پیرۆزدا، ناوهێنانیم لە هەندێك جار لەگەڵ یاسای تر باس کردووە لە هەمان وشە.

✓ بەشی سێیەمم تایبەت کردووە تەنها بە وشەکانی فەرش، لەگەڵ ئاشکراکردنێکی کورت، دەربارەی پیتی(هـ)ی کینایە[2]، وپیتی(م)ی کۆ، لەگەڵ وەستان بە پیتی(هـ) لەبری پیتی(ت)ی مێ، وگەیشتنە دوو پیتی زەنە بەیەکترو ئەوانەی هاووێنەی ئەوەن کە باسمان کرد، لەم بەشەدا باسم نەکردووە، تا درێژنەبێتەوە، ئەوەشی زانیاری زیاتری دەوێت بگەڕێتەوە بۆ بەشی دووەم، زۆر بە درێژی باس کراوە.

---

[1] ئیمالە(الامالە) واتە خوێندنەوەی ئەلیف و یائدا هاوشێوەی (ی)ی کوردی لێدێت، وەکو:(مَجۡرِىٰهَا) (مەجراها) (مەجرێها)

[2] كناية: درکە – دوو نیازی – بەڵام لێرەدا مەبەستی پێی ڕاناوی لکاوە(ضمير متصل).

گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم پەرتووکە

1. پەرتوکەکە لە ژێردەستتدا دەبێت تا چێژ وەرگری لە خوێندنەوەی پەرتووکی پەروەردگار، بەخێرایی دەتگەیێنێت بە زانستی خوێندنەوەکانی قورئانی پیرۆز، نەخوشیت بۆ دیاری دەکات، چارەسەریشت بۆ دەدۆزێتەوە، وبۆچوونە پەسندەکەشت پێ دەبەخشێت.

2. نمونەی کرداریت بۆ ڕێك دەخات لەگەڵ نمونەی ژیری و گریمانەیی، تا خوێنەرێکی کاراو بە توانات لێ دروست بکات بتوانی گەڕان و تێڕامان بکەیت.

3. بە وردی شیکردنەوەو کردنەوەی گرێ کوێرەکانی زۆرێك لە بابەتە ئالۆزو تێکەڵاوەکانت بۆ دەکات، دواتر چارەسەرێکی زانستی گونجاو بۆ هەر یەك لە کێشەکان دەکات.

4. ئەم پەرتووکە کێشەو چارەسەری زۆرێك لە بابەتە تایبەتە بچوکەکانت دەخاتە ژێر دەست، درێژە پێدەرە تا بابەتە گەورە ئالۆزیەکانت پیشان دەدات.
5. نمونەو بەڵگەی زۆر ورد هەلبژێردراون تا بیرۆکەی بابەتەکان بە تەواوی پێت بگات.

6. لە ناوەڕۆکدا کۆکەرەوەی گرنگترین بۆچون و ئەو بابەتانەیە کە لە پەرتووکەکانی تری پەیوەست بەم بوارە.

7. سادەو ئاسان کردنی زانیاریەکان بەپێی توانا.
8. بەکارهێنانی نیشانەو ئاماژەی دیاری کراو لە جیاوازییە فەرشییەکان (الخلافات)، بۆ خوێنەرو دیاری کردنی وێناکردنی ئەم جیاوازییانە ، باسی ئەم نیشانەو ئاماژەم کردووە لە بەشی نوسینی وشەکانی فەرش.

9. ئه‌م په‌رتووكه جیاكراوته‌وه به به‌شێك له پرس و گرفته گرنگه‌كانی، وه‌ك – په‌یوه‌ندی نێوان پیته‌كان – بۆ ئه‌و كه‌سانه‌ی كه سه‌یری زانستی ته‌جوید و خوێندنه‌وه‌كان ده‌كه‌ن تا ده‌ركی پێ بكه‌ن، وپێیئاشنابن.

10. په‌رتووكه‌كه دابه‌ش كراوه به‌سه‌ر سێ به‌شدا، تا ئاسان بێت بۆ خوێنه‌ری به‌ڕێز و خێرا بگات به زانیاریه‌كان، له پێشه‌كیه‌كه‌ش ئاماژه به‌م به‌شه دراوه.



مەبەست
لە خوێندنی قیرائاتی قورئانی پیرۆز لە حەلەقاتی قورئانی

مەبەستە گشتیەكان كە پێویستە لەسەر مامۆستای فێرخواز بیخاتە ژێر دەستی قوتابی بۆ كار پێكردن:
زۆر بە جوانی و بە وردی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز ئەنجام بدات هەر وەك چۆن دابەزیوە بۆ سەر پێغەمبەر(ﷺ).

1. هەڵوێستی خۆی دەربڕێ كە ئامادەیە كەسێكی خێر خواز بێت لەسەر فەرمودەی پێغەمبەر(ﷺ) كە دەفەرموێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ).

2. هەوڵ و كۆشش بدات بۆ بەدەست هێنانی پاداشت و چاكە، بە دانیشتن لەبازنەی زانست خوازاندا.

3. پێداگری بكات لەسەر بەدست هێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار بەجێ بەجێ كردنی فەرمانی خودا كە دەفەرموێت:﴿ وَرَتِّلِ ٱلْقُرْءَانَ تَرْتِيلًا ﴾.

4. پەیوەندی دروست بكات لە نێوان ملكەچی و بیركردنەوە لە كاتی نوێژدا.

5. بەروبومی زمانەوانی دەنگی و زیرەكی و لێهاتویی پەرەپێ بدات، ئەوانەی كە پەیوەندیان بە دەربڕینەوە هەیە.

6. بە قوڵی ڕۆچوونی هەبێت بۆ خۆشەویستی قورئان و قیڕائاتی قورئانی موتەواتیر و دڵی لای خەڵكی قورئان بێت و شانازی بەم نازناوە بكات.

7. خۆشەویستی لە پێناو خودادا بچێنێت و گیانی برایەتی هەبێت لەبەر فەرمودەی پێغەمبەر(ﷺ) كە دەفەرموێت: (سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمُ اللَّهُ فِي ظِلِّهِ...) .

8. هەوڵ و کۆشش بدات بۆ بەدەست هێنانی باوەڕ بەخۆ بوون چونکە فێری یاسای ژیانی دەکات.

9. ئەو پەڕی تواناى خۆی بەگەڕ بخات تا ببێت بە مامۆستایەکی قورئانی بۆ منالّی موسڵمانان، (زەکاتی زانستی).

10. گرنگی خوێندنەوەکانی قیرائاتی قورئانی دەربخات، وپێگەیان بەهێز بکات لە ئایندا.

11. چاندنی بەهێز کردنی تواناکانی لەسەر ئەزبەرکردن و جێبەجێ کردنێکی دروست.

12. خۆی ڕابێنێت لەسەر ڕێك خوێندنەوەی ڕوەکانی خوێندنەوەی قورئان، وەك ڕێك خستن و سەروژێرکردن و دورکەوتنەوە لە تێکەڵاوکردن.

پەیڕەوی خولی قورئانی تایبەت بە خولی پێشەوا حەمزەی زەیات

- ئەم پەرتوکە بۆ سودبەخشین بە تۆ داڕێژراوە، بیربکەرەوە بەردەوام لەگەڵت دابێت لەماوەی ئەم خولەدا.
- سەرچاوەی سەرەکی ئەم خولە ئەم پەرتووکەیە کە ئەوەش تایبەتە بە خوێندنەوەی پێشەوا حەمزەی زەیات.
- ئامادەکردنی فەرش و وشەکانی حەمزەی زەیات لەسەر موصحەڤ تایبەت بە هەموو قوتابییەك.
- تاقیکردنەوەی چالاکی بەشێوەیەکی بەردەوام لە کۆتایی هەمووو بابەتێك.
- ئەم خولە لە تۆیەو بۆ تۆشە، ئێمەش بە بەشداری چالاکانەی ئێوە خۆشحاڵین.
- بۆچونت بەلأمانەوە گرنگە، ڕەزیلی نەکەیت بۆ دەربڕینی پێشنیازەکانت بۆ پەرەپێدانی ئەم پەرتووکە، یان بۆ پێش خستنی پەیرەوی ئەم خولە.

ڕێکارەکانی بازنەی قورئانی تایبەت بە پێشەوا حەمزەی زەیات

- نەهاتن بۆ ماوەی سێ جار بەبێ هۆ سزاکەی دەرکردنە.
- وتەی لاوەکی کە پەیوەندی نەبێت بە بابەتەکانەوە قەدەغەیە.
- قسەکردن بە مۆبایل لە کاتی وانەدا قەدەغەیە.

پێشەوا حەمزەی زەیات

حەمزەی كوڕی حەبیبی كوڕی عەمارەی تەمیمی كوفیە، نازناوی ئەبو عەمارە، بە زەیات ناسراوە، پێی دەگوترێت زەیات.

➢ لەدایك بونی پێشەوا حەمزە

حەمزە لە ساڵی(80)ك لە شاری كوفە لە دایك بووە، صەحابەی بینیوە بە تەمەن(واتە: هاوتەمنیان بووە)، ڕەنگە بەشێكیانی بینیبێت بۆیە بە تابعی ئەژماردەكرێت.

➢ مامۆستاكانی حەمزە

ئەبو موحەممەد طەلحەی كوڕی مەصرەف یەمامی، وئەبو ئیسحاقی عەمری سەبیعی و حومرانی كوڕی ئەعین و سولەیمانی كوڕی مەهرانی ئەعمەش و موحەممەدی كوڕی عبدالدرحمن ی كوڕی ئەبی لەیلا، وهەروها عبداللە ی كوڕی جەعفەری صادقی كوڕی موحەممەد باقری كوڕی زەینی عابدینی كوڕی حوسەینی كوڕی عەلی كوڕی ئەبی طالب، سەنەدی خوێندنەوەی حەمزە لە پێشەوا عەلی كوڕی ئەبی طالب و عەبدواللە ی كوڕی مەسعود لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ)كۆتایی دێت.

حەمزە دەفەرموێت: دەربارەی خوێندنەوەی من بەسەر ئیبن ئەبی لەیلا ئەوە لە عەلی كوڕی ئەبی طالیبەوەیە، وخوێندنەوەی من بەسەر ئەعمەش ئەوە لە ئیبن مەسعودەویە، ئەوەش دەبێتە بەڵگە كە بەسەر ئەعمەش خوێندویەتیەوە وبەڵگەشە كە خوێندنەوەی ئیبنو ئەبی لەیلا دەگاتەوە عەلی كوڕی ئەبی طالیب وخوێندنەوەی ئەعمەش دەگاتەوە ئیبنو مەسعود.



قوتابیەکانی حەمزە

بەناوبانگترینیان: سەلیمی کوڕی عیسی و سوفیانی ثەوری و ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم و یەحیای کوڕی زیادی فەڕاء یەحیای کوڕی موبارەکی یەزیدی و عەلی کوڕی حەمزەی کیسائی .

پێشەوای قاریئەکان لەوەوە کۆتایی پێهاتووە، لە شاری کوفە لەدوای عاصم و ئەعمەش.

حەمزە نازناوی زەییاتی وەرگرتووە، چونکە بازرگان بووە زەیتی بردووە لە کوفە بۆ شاری حەلوان[1]. ولەحەلوانیشەوە پەنیرو جوێزی هێناوە.

حەمزە کەسێك بو کە بۆ نمونەی ڕاستگۆی و تەقواو خوا پەرستی و دونیا نەویستی دەیانهێناوە، پارەی وەرنەدەگرد لەسەر فێرکردنی قورئان، ئیبن جەزەری دەفەرموێت: حەمزە پێشەواو بەڵگە بوو لەسەر خەڵکدا، کەسێکی متمانەپێکراوو شاکربو، دەستی بە کیتابی خودا گرتبو، شارەزابو لە زانستی میرات و زمانی عەرەبی، فەرمودەی پێغەمبەری لەبەر بوو، خواپەرست و خۆ پارێز بوو ملکەچی فەرمانی خوداو هاووێنەی نەبوو.

زێدەڕەوی نەدەکرد لە درێژکردنەوەو خوێندنەوەی هەمزەدا، ئەو کەسانەی ئەم کارەیان دەکرد ئەو پێیانی دەگوت ئایە نازانی لەدوای سپی بوون بەڵەك بون دێت، لە دوای بەستنی پرچ کردنەوەیە ولەدوای خوێندنەوە خوێندنەوە نیە.

حەمزە قورئانی دەخوێند تا خەڵك بلاْوەیان دەکردو لەلای نەدەمان، دواتر هەڵدەستا چوار ڕەکعات نوێژی دەکرد دواتر نوێژی تری دەکرد لە نێوان نیوەڕۆو عەصر وبەردەوام دەبو لە نێوان مەغریب و عیشادا، وشەوانە نەدەنوست بە شێوەیەك دراوسێکان گوێ بیستی دەنگی قورئان خوێندنەکەی دەبوون.

---

[1] شوێنێکە لە عیراق.

حه‌مزه نه‌بینراوه ته‌نها به قوررئان خوێندنه‌وه نه‌بێت، به‌سمه‌له‌ی ده‌كرد له‌سه‌ره‌تای سوره‌تی فاتیحه دواتر لكاندن ده‌كات له نێوان دوو سوره‌تدا، قورئانی پیرۆز لای حه‌مزه وه‌ك یه‌ك سوره‌ت وابو، له یه‌ك مانگدا 25خه‌تمی قورئانی ده‌كرد، ده‌یفه‌رمو:(له ساڵی80 له دایك بووم زانستی قیرائاتم ره‌وان كرد ته‌مه‌نم15 ساڵ بوو).

شێخی حه‌مزه ناوی ئه‌عمه‌ش بوو كاتێك ده‌یبینی ده‌یفه‌رمو:(ئه‌وه شاره‌زاكه‌ی قورئانه) یه‌حیای كوری موعین ده‌یفه‌رمو: گوێم له موحه‌مه‌دی كوری فوضه‌یل ده‌یفه‌رمو:

(نه‌مزانیه خودای گه‌وره كێشه له‌سه‌ر خه‌ڵكی كوفه لاببات مه‌گه‌ر له‌به‌ر خاتری حه‌مزه نه‌بێت)، یه‌حیای كوری موعین ده‌یفه‌رمو: حه‌مزه كه‌سێكی متمانه‌پێكراوه).
سوفیانی ثه‌وری ده‌یفه‌رمو: (هیچ پیتێك نه‌بو له قورئانی پیرۆز حه‌مزه بیخوێنێت ئیلا كاریگه‌ری دروست ده‌كرد).

ئه‌بو حه‌نیفه به حه‌مزه‌ی ده‌فه‌رمو: دوو شت وای لێكردوین كه تۆ به‌سه‌ر ئێمه دا زاڵ بیت وئێمه‌ش ناتوانین پێشبركێت له‌گه‌ڵ بكه‌ین ئه‌وانیش –قورئانی پیرۆزو زانستی میراته–.

زه‌هه‌بی باسی كردووه له په‌رتوكی (معرفة القراء الكبار) حه‌مزه500 فه‌رموده‌ی گێراوته‌وه له ئه‌بانی كوری عه‌یاش، دواتر وته‌ی حه‌مزه‌ی باس كرد كه فه‌رمویه‌تی: (پێغه‌مبه‌رم له خه‌ودا بینی ئه‌و500 حه‌دیسه‌م بۆ خوێندنه‌وه هیچیانی نه‌ناسیه‌وه ته‌نها5 یان6 فه‌رموده نه‌بێت)[1].

شوعه‌یبی كوری حه‌ره‌ب به خه‌ڵكی فه‌رموده‌ی ده‌گوت: ئایه پرسیارم لێناكه‌ن ده‌رباره‌ی دورو گه‌وهه‌ر مه‌به‌ستی خوێندنه‌وه‌ی حه‌مزه بوو.

---

[1] پێشه‌وا موسلیم له سه‌ره‌تای صه‌حیحه‌كه‌ی خۆیدا باسی كردووه.

کیسائی دەربارەی حەمزە دەفەرموێت: حەمزە پێشەوایەك بو لە پێشەوایانی موسڵمانان و گەورەی قاریئەکان و دونیا نەویستەکان بوو، گەر سەیرت بکردبوایە چاوت ئەبەڵەق دەبو لە پەرستنەکانی.

➢ **کۆچی دوایی حەمزە**

حەمزە ڕەحمەتی خودای لێبێت کۆچی دوایی کرد لە شاری حەلوان لە عیڕاق لە ساڵی (156)ی کۆچی.

بەناوبانگترین ئەو کەسانەی لێیان گێڕاوتەوە دوو کەسن: ئەوانیش خەلەف و خەللاد، ئەوانیش لە ڕێگەی سولەیمی کوڕی عیساوە گێڕاویانەتەوە.

سولەیمی کوڕی عیسی

سولەیمی کوڕی عیسی ی کوڕی عامیری کوڕی غالیبی کوف، نازناوی ئەبو عیسایە.

❖ **لەدایك بوونی سولەیم**

سولەیمی کوڕی عیسی لە سەدو سی کۆچی لە دایك بووە.

❖ **قوتابییەکانی:** بەناوباگترینیان خەلەڤ بەزارو خەللادی شەیبانی و ئەبو عومەری دوری.

لەبەرباوەڕداریەتی هاوڕێکانی خوێندنەوەیان -بە قیرائەتی حەمزە- بەسەر دەکرد، لەوانە: حەمزەی کوڕی قاسم و خالیدی کوڕی طەیب و عبداللە ی کوڕی صالحی عەجلی و ئیبراهیمی کوڕی ئەزرەق.

قورئانی بەسەر حەمزەدا خوێندۆتەوە دە جار، ئەوەش لەسەر قسەی خەلەف کە دەفەرموێت: چەند جار بەسەر سولەیمم خوێندۆتەوە، وگوێ بیستی بوم دەیفەرمو: دە جار بەسەر حەمزەم خوێندۆتەوە.

هەر ئەو بو بووە جێگرەوەی حەمزە لە شاری کوفە، چونکە یەکێك بو لە قوتابیە تایبەتەکانی حەمزە بەلکو بەهێزترین و باشترینیان بوو.

حەمزە زۆر ڕێزی لێ دەناو گرنگی پێدەدا، هەروەك یەحیای کوڕی موبارەك باس دەکات: ئێمە بەسەر حەمزە قورئانمان دەخوێندەوە، سولەیم هات حەمزە بە ئێمەی فەرمو: جوان بخوێنەوەو باش سەیرکەن چونکە ئەوە سولەیم هات.

دووری دەفەرموێت: کیسائی بۆمانی گێڕاوە: من بەسەر حەمزە دەمخوێندنەوە لەوکاتدا سولەیم هات منیش جوان دانیشتم، حەمزە بە مەنی فەرمو: ڕێزی سولەیمت گرت ڕێزی منت نەگرت، منیش وتم: مامۆستا ئەگەر من هەڵە بەکەم تۆ بۆم ڕاست دەکەیتەوە، بەڵام کە لە لای سولەیم هەڵە بکەم سەرژەنستم دەکات.

❖ کۆچی دوایی سولەیم

سولەیم وەفاتی کردووە لە ساڵی سەد و هەشتاو هەشتی کۆچی.



➢ **ڕاوی یه‌كه‌م: خه‌له‌فی كوڕی هیشامی كوڕی ثه‌عله‌بی به‌زار -ڕه‌حمه‌تی خودای لێبێت-.**

خه‌له‌ڤ كوڕی هیشامی كوڕی ثه‌عله‌بی ئه‌سه‌دی به‌غدادی به‌زازه، نازناوی ئه‌بو موحه‌ممه‌ده، یه‌كێكه له قوڕائی عه‌شره‌و ڕاوی حه‌مزه‌یه.

♦ **له‌دایك بوونی خه‌له‌ف:**

خه‌له‌ڤ كوڕی هیشام له ساڵی سه‌د و په‌نجای كۆچی له‌دایك بووه.

♦ **ماموٚستاكانی خه‌له‌ف**

خه‌له‌ف قیرائه‌تی حه‌مزه‌ی له سوله‌یم و عه‌بدوڕه‌حمانی كوڕی ئه‌بی حه‌ماد له حه‌مزه وه‌رگرتووه، وبه‌سه‌ر ئیسحاقی موسیبی قیرائه‌تی نافعی خوێندۆته‌وه، وبه‌سه‌ر عوبه‌یدی كوڕی عه‌قیل قیرائه‌تی ئیبن كثیری خوێندۆته‌وه، وبه‌سه‌ر عه‌بدوالوهابی كوڕی عه‌طاو قیرائه‌تی ئیبن عه‌مری خوێندۆته‌وه، وبه‌سه‌ر یه‌حیای كوڕی ئادەم ڕیوایه‌تی شوعبه له عاصیم خوێندۆته‌وه، وگوێ بیستی كیسائی بووه، به‌ڵام به‌سه‌ری دا نه‌خوێندۆته‌وه، قیرائه‌تی ئه‌عمه‌شی وه‌رگرتووه له زائیده‌ی كوڕی قودامه.

♦ **قوتابییه‌كانی خه‌له‌ف**

ئیسحاقی كوڕی ئیبراهیمی وه‌ڕاق و ئه‌حمه‌دی كوڕی یه‌زیدی حه‌لوانی و ئیبراهیمی كوڕی عه‌لی قه‌صارو ئیدریسی حه‌دادو موحه‌ممه‌دی كوڕی ئیسحاق و فه‌ضلی كوڕی ئه‌حمه‌دی زوبێدی و موحه‌ممه‌دی كوڕی عیسان.

خه‌له‌ف كه‌سێكی متمانه‌پێكراوو دونیا نه‌ویست بو، به‌ندایه‌تی بۆ خوا ده‌كرد و زانابو به قورئانی پیرۆزو فه‌رموده‌ی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ).

له ته‌مه‌نی ده ساڵیدا قورئانی هه‌مو له‌به‌ر كرد، وده‌ستی به فێربونی زانستی شه‌رعی كرد ته‌مه‌نی سێزده ساڵان بوو، ئاوا باس كراوه كه به‌رده‌وام به‌ڕۆژو ده‌بو.

یه‌حیای كوڕی موعین به‌متمانه‌پێكراوی داناوه، داره‌قوطنی ده‌رباره‌ی ئه‌و ده‌فه‌رموێت: خه‌له‌ف كه‌سێكی خودا په‌رست بوو.

حوسێنی كوڕی فەهم دەفەرموێت: باشترم نەبینیووە وەك خەلەڤ كوڕی هیشام، سەرەتا بە خەڵكی قورئان دەستی پێ دەكرد دواتر خەڵكی فەرمودە –واتا بۆ وانە وتنەوە–.

هەر لە حوسەینەوە هاتووە: كە خەلەف بابەتێكی نەحوی لێ ئالۆز بوو زیاتر لە هەشتا هەزار دیرهەمی خەرج كرد تا لەبەری كردو لێی تێگەیشت.

- **كۆچی دوایی خەلەف**

خەلەف –ڕەحمەتی خودای لێ بێت– وەفاتی كردووە لە ساڵی (229)ی كۆچی لە شاری بەغدا لە مانگی جیمادی ئاخیر.

گێڕانەوەی خەلەف لە ڕێگەی ئەحمەدی كوڕی عوسمانی كوڕی بویانە لە ئەبی حەسەن ئیدریسی كوڕی عەبدوالكەریمی حەداد[1].



[1] ئەحمەدی كوڕی عوسمانی كوڕی بویان: لەدایك بوی260ی كۆچی، ولە ساڵی344ی كۆچی وەفاتی كردووە، كەسێكی باوەڕ پێكراوو بەناوبانگ و وردبین بووە.

➢ راوی دووه‌م: خه‌للادی شه‌یبانی -ڕحه‌مه‌تی خودای لیٚ بیٚت-

خه‌للادی كوڕی خالیدی شه‌یبانی صیرفی كوفیه، نازناوی ئه‌بو عیسایه پیٚشه‌وا بووه له قیراٸاتدا، متمانه‌پیٚكراو و وردبین بووه.

♦ له‌دایك بونی خه‌للاد

خه‌للاد له ناوه‌ڕاستی مانگی ڕه‌جب له ساڵی سه‌دو سی كۆچی له دایك بووه، گوتراوه له ساڵی سه‌دو نۆزده‌ی كۆچی.

♦ مامۆستاكانی خه‌للاد

خه‌للاد قیراٸه‌تی حه‌مزه‌ی وه‌رگرتووه به شیٚوه‌ی به‌سه‌ر داخویٚندنه‌وه له سولیم، خلاد به باشترین قوتابی سولیم ئه‌ژمارده‌كریٚت، هه‌روها باس كراوه كه قیراٸه‌تی له ئه‌بو جه‌عفه‌ر موحه‌ممه‌دی كوڕی حه‌سنی ڕواسیش وه‌رگرتووه، وله حوسیٚنی كوڕی عه‌لی جوعفی و له ئه‌بو به‌كری شوعبه‌و له خودی شوعبه له عاصمیش وه‌رگرتووه.

♦ قوتابیه‌كانی خه‌للاد

ئه‌حمه‌دی كوڕی حه‌لوانی، وئه‌بو عبدالله موحه‌ممه‌دی كوڕی هه‌یثه‌می قاضی عوكبه‌را، وعه‌نبه‌سه‌ی كوڕی نه‌ضری ئه‌حمه‌ڕی و عه‌لی كوڕی حوسیٚنی طه‌به‌ری و قاسمی كوڕی یه‌زیدی وه‌زان، قاسم ده‌جار قیراٸه‌تی حه‌مزه‌ی به‌سه‌ر خه‌للاد خویٚندۆته‌وه، له جاری یازده‌هه‌م گه‌یشتنه سوڕه‌تی شوعه‌ڕا كۆچی دوایی كرد و نه‌یان توانی ته‌واوی بكه‌ن، وموحه‌ممه‌دی كوڕی سه‌عیدی به‌زازی و موحه‌ممه‌دی كوڕی شاذانی جه‌وهه‌ری و موحه‌ممه‌دی كوڕی عیسای ئه‌صبه‌هانی.

♦ كۆچی دوایی خه‌للاد


خه‌للاد(ڕه‌حمه‌تی خودای لیٚبیٚت) وه‌فاتی كردووه له ساڵی دووسه‌دو بیستی كۆچی.

ڕیوایه‌تی خه‌للاد له ڕیٚگه‌ی: ئه‌بو به‌كر موحه‌ممه‌دی كوڕی شاذانی جه‌وهه‌ریه[1].

---

[1] كۆچی دوایی كردووه له ساڵی286 له ته‌مه‌نی نه‌وه‌د ساڵیدا، كه‌سیٚكی قارئ و موحه‌دیس و ڕاوی باوه‌ڕپیٚكراوو به‌ناوبانگو ڕیٚك و پیٚك بوو.

سه‌نه‌دی
قیرائه‌تی حه‌مزه‌ی زه‌یات



پێشەوا شاطبی ڕەحەتی خودای لێبێت لە هونراوەکەی دا دەفەرموێت:

وَحَمْزَةُ ما أَزْكـاهُ مِـنْ متَـوَرِّعٍ   إِمَامًا صَبُوراً لِلقُرانِ مُرَتِّلا
رَوَى خَـلَفٌ عَنْهُ وَخَـلَّادٌ الَّـذِي   رَوَاهُ سُلَيْمٌ مُتْقِناً وَمُحَصَّلَا



بنچینەی
قیڕائەتی حەمزەی زەیات

أصول: كۆیە تاكەكەی(أصل)ـە، لە زمانی عەرەبیدا بەو بناغەو بنچینە دەگوترێت كە شتی لەسەر بونیاد دەندرێت.

أصول(بنچینەكان) لەڕووی زاراوەدا: هەموو حوكمێكی گشتی دەگرێتەوە كە بچەسپێت لەسەر ئەوشتانەی مەرجی حوكمەكەی لێ بێتە دی، یان مەبەست لە ئوصول (واتە: ئەو یاسا گشتیانە دەگرێتەوە كە دووبارەدەبنەوە)، وەك(مد) درێژكردنەوە، (قصر) كورتكردنەوە، (فتح)كردنەوە، (امالە) واتا لاركردنەوە، وئەوەی بەوانە دەچێت.

الفرش: لە زمانی عەرەبیدا، واتا ڕاخستن و بلاَوكردنەوە.

الفرش: لە زاراوەدا بریتیە لەو بڕیارەی تایبەتە بەهەندێ وشەی قورئانی كە ڕای جیاوازی لەسەرە لە نێوان قوڕڕائەكانی خوێندنی قورئان لەگەڵ بەهێزكردنی هەموو خوێندنەوەكان بۆ خاوەنەكەی، وەك:﴿مَـٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾.

عاصم و كیسائی وشەی﴿مَـٰلِكِ﴾ بەجێگیركردنی ئەلیف دەخوێننەوە لە دوای پیتی(م)، بەلاَم جگە لەئەوان وەك: نافع و ئیبن كەثیرو ئەبو عەمرو ئیبن عامیرو حەمزە ئەلیفەكە لادەبەن، واتا بەبێ ئەلیف دەیخوێننەوە، بەم شێوەیە(مَلِكِ).

لای قاریئەكان هەر وشەیەك خولانەوەی كەم بێت لە نێوان قیڕائاتەكانداو بۆچونی جیاوازی لەسەر بێت، ئەوە پێی دەگوترێت فەرش، چونكە كەباس كراوە لە شوێنی خۆی لە سوڕەتەكاندا بەپێی ریزبەندی قورئان، ئەوە وەك ڕایەخراوێكی لێدێت كەڕاخرابێت.

هەندێك فەرش هەیە دەكرێت حوكمەكەی گشتگیر بكرێت، وەك زەنەداركردنی پیتی(د) لە وشەی(ٱلۡقُدُسِ) لای ئیبن كەثیر، بە پێچەوانەوە هەندێك بنچینەمان هەیە كە ناكرێت حوكمیان گشتگیر بكرێت، هەر وەك لە هەندێك شوێنی دیاركراودا هاتووە وەك: لە پیتی(ی)ی دانەپاڵ و زیادە، یان وەك هەندێ لەو وشانەی كەلە بابەتی هەمزەكان و بابەتی ئیمالەدا باس دەكرێت، ئەم ناونانەش لە هەر یەك لەوان بەهۆی زۆر بەكارهێنانیانەوەیە.



باسی
ئیستیعاذه‌و به‌سمه‌له

جیاوازی نیه له‌نێوان پێشه‌وا حه‌مزه‌و پێشه‌وا حه‌فص له باسی ئیستیعاذه‌دا، وه‌هه‌روها جیاوازی نیه له باسی به‌سمه‌له له‌نێوان قاریئه‌كان كه ده‌خوێندرێته‌وه له‌سه‌ره‌تای سوره‌تی فاتیحه‌دا، وخوێندنه‌وه‌ی له‌سه‌ره‌تای هه‌موو سوره‌ته‌كاندا جگه له‌سوره‌تی ته‌وبه، جیاوازیشی نیه ده‌ستپێكردنه‌كه له‌دوای پچڕان بێت یان له باری وه‌ستاندا بێت، به‌لكو ئه‌وان جیاوازیان هه‌یه له‌خوێندنه‌وه‌و لابردنی له‌كاتی لكاندن له‌نێوان دوو سوره‌تدا، به‌لاّم حه‌مزه‌ی زه‌ییات یه‌كێكه له‌وانه‌ی كه به‌سمه‌له ناكات له نێوان دوو سوره‌تدا، به‌لكو كۆتایی سوره‌ت ده‌لكێنێت به سه‌ره‌تای ئه‌و سوره‌ته‌ی له‌دوای دێت بێ به‌سمه‌له، به‌لاّم ئه‌مه‌یان به مه‌رجێك ئه‌گه‌ر هه‌ردوو سوره‌ت به‌یه‌ك نه‌فه‌س بخوێنێته‌وه(1).

به‌لاّم ئه‌گه‌ر قارئ بوه‌ستێت له كۆتایی سوره‌تی یه‌كه‌م وه‌نیلكێنێت به پاش خۆی، ئه‌وه له‌وكاته‌دا ده‌ست به به‌سمه‌له ده‌كات چونكه ده‌بێته پێویست.

حوكمی لكاندن به یه‌ك هه‌ناسه گشتیه له‌نێوان گشت سوره‌تێكی به‌دوای یه‌ك هاتوو له‌ریزبه‌ندی نوسینی قورئان و خوێندنه‌وه‌ی، وه‌ك: كۆتایی سوره‌تی به‌قه‌ره به‌سه‌ره‌تای سوره‌تی ئالی عیمران، یان له‌دوای یه‌كتر نه‌هاتوون وه‌ك: سوره‌تی نیساء له‌گه‌لْ سه‌ره‌تای سوره‌تی كه‌هف، ئه‌گه‌ر سوره‌تی یه‌كه‌م له‌دوای دووه‌م هات له‌ریزبه‌ندی نوسینی قورئان –واته: به‌دوای یه‌كتر نه‌بوون– وه‌ك: كۆتایی سوره‌تی ئیخلاّص له‌گه‌لْ سه‌ره‌تای سوره‌تی كه‌وثه‌ر، له‌و كاته‌دا گووتنی به‌سمه‌له دیاری ده‌كرێت بۆ هه‌موو

(1) هۆكاری ئه‌مه‌ش: گوتراوه كه پرسیاركرا له‌حه‌مزه، فه‌رمووی: قورئان لای من وه‌كو یه‌ك سوره‌ت وایه ئه‌گه‌ر به‌سمه‌له بكه‌ی له سوره‌تی فاتیحه ئه‌وه‌نده به‌سه، ده‌رباره‌ی ئه‌م باره‌ش گوتراوه: حوكمی به‌سمه‌له وه‌كو هه‌مزه‌ی لكاو وایه له‌كاتی خوێندنه‌وه‌دا لاده‌چێت.

قاریئه‌كان، لكاندنیش دروست نیه‌، هه‌روه‌ك حه‌مزه‌ به‌سمه‌له‌ ده‌كات وه‌ك قاریئه‌كانی تر له‌نێوان سوڕه‌تی ناس و سوڕه‌تی فاتیحه‌.

ده‌رباره‌ی سوڕه‌تی ئه‌نفال و سوڕه‌تی ته‌وبه‌، بۆی هه‌یه‌ وه‌ستان(وقف) یان وه‌ستانێكی كورت(سكت) یان لكاندن بكات وه‌ك قاریئه‌كانی تر.

لكاندنی دوو سوڕه‌ت به‌بێ به‌سمه‌له‌ دیاركردنی ئیعجازی قورئانی تێدا هه‌یه‌و ئاشكراكردنی گونجاندنی ڕیزبه‌ندی سوڕه‌ته‌كانه‌، هه‌ر ئایه‌تێكی قورئانی پیرۆز ده‌گونجێت له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی پێشه‌ خۆی و دوای خۆی، وهه‌روها سوڕه‌ته‌كانیش به‌م شێوه‌ن، بیربكه‌وه‌ له‌كۆتایی سوڕه‌تی نه‌جم له‌گه‌ڵ سه‌ره‌تای سوڕه‌تی قه‌مه‌ڕ:﴿ فَٱسۡجُدُواْ لِلَّهِ وَٱعۡبُدُواْ۩ ۝٦٢ ٱقۡتَرَبَتِ ٱلسَّاعَةُ وَٱنشَقَّ ٱلۡقَمَرُ ﴾.

له‌كاتی لكاندا به‌هه‌مان شێوه‌ ده‌ركه‌وتنی سه‌رو ژێره‌ -ئیعڕاب-و ئاشكراكردنی واتای نوێیه‌، شاراوه‌یه‌ به‌وه‌ی جاریێ دوو سوڕه‌ته‌كه‌ پێك نه‌گه‌یشتوون، هه‌روه‌ك چۆن ڕاهێنانی زووبانی تێدایه‌ له‌سه‌ر ڕه‌وانبێژی و ده‌ربڕینێكی دروست، وه‌ك لكاندنی ته‌نوین و لابردنی هه‌مزه‌ی لكاندن و پیتی(ل)ی شه‌مسی و ئه‌وانی تر، مه‌ككی قه‌یسی[1]. وه‌ڵامی ئه‌وه‌ ده‌داته‌وه‌ كه‌ بۆچی به‌سمه‌له‌ لاده‌بردرێت له‌نێوان دوو سوڕه‌تدا، كاتێك لای ئه‌و[بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ] ئایه‌تێك نیه‌ له‌هه‌موو سوڕه‌تێكدا -واته‌ كه‌سێكه‌ له‌وانه‌ی ده‌ڵێن ده‌تواندرێت به‌سمه‌له‌ واز لێبهێندرێت-.

لای كۆمه‌له‌ی زانایان به‌سمه‌له‌ لاده‌بردرێت له‌كاتی لكاندنی به‌ سوڕه‌تێك له‌گه‌ڵ سوڕه‌تێكی تر، تاوه‌كو كه‌س وا گۆمان نه‌بات به‌سمه‌له‌ ئایه‌تێكه‌ له‌هه‌موو سوڕه‌تێكدا.

قورئانی پیرۆز لای ئه‌و هه‌مووی یه‌ك پارچه‌یه‌و به‌یه‌ك سوڕه‌ت ئه‌ژمار ده‌كرێت، هه‌ر وه‌ك چۆن پچران ڕونادات له‌نێوان هه‌ندێك سوڕه‌ت له‌گه‌ڵ به‌سمه‌له‌ هه‌روها پچڕان

---

[1] مه‌ككی كوڕی ئه‌بی تالیب، په‌رتووكی(الكشف عن وجوه القراءات السبع وعللها وحججها)،(به‌یروت، ده‌زگای ریساله‌، چ3،ب1،1404ك)، لا16.

ڕونادات لەنێوان سورەتێك و سورەتێكی تر بە بەسمەلە، دەربارەی خوێندنەوەی لەقورئانی پیرۆز بۆ ئەوەی تا بزاندرێت كۆتایی بە سورەتێك هاتووەو دەست بە سورەتێكی تر دەكرێت.

كەواتە: ئەگەر ویستت بە خوێندنەوەی حەمزە بخوێنیتەوە بەبێ بەسمەلە، پێویستە لەژێر ئەم چوار خاڵە بێت:

1- دەبێت سورەتەكە بەهەمان شێوەی ڕیزبەندی قورئانی پیرۆز بێت، هەرچەندە لەدوای یەكتریش نەبێت، وەك:كۆتایی سورەتی بەقەرە لەگەڵ سورەتی كەهف.

2- لكاندنی لەنێوان هەموو سورەتێك جگە لەنێوان سورەتی ناس و سورەتی فاتیحە.

3- ئەگەر خوێنەر گواستنەوەی ئەنجامدا لەكۆتایی سورەتێك بۆ ناوەڕاستی سورەتێكی تر بە هەمان شێوەی ڕیزبەندی قورئانی پیرۆز.

4- خوێنەر ڕانەوەستێت لەكۆتایی سورەتی یەكەم مەبەست پێی لكاندنی بە سورەتی دووەم، ئەگەر وەستا بە خوێندنەوەی بەسمەلە لەسەرتای سورەتی دووەم –جگە لەسورەتی تەوبە– ئەوەش ڕای جمهوری زانایانە، گرنگی نادرێت بەو وتەی كە دەڵێت: پێویستە لەسەر خوێنەر بەسمەلە نەكات[1] چونكە خوێندنەوە لەسونەتێكی شوێن كەوتنە.

زانایان وەڵامی ئەو جۆرە بۆچوونەیان داوتەوە، یەك لەوانە پێشەوا دانی[2]. دەفەرموێت: كێشە نیە لەنێوان ئەو كەسانەی بەسمەلە دەكەن لەسەرەتای سورەت ئەگەر بچڕان ڕویدا لەكۆتایی پێش خۆی و دواتر دەستپێكردنی بێ ئەوەی لكاندنی بۆ بكرێت

---

[1] ئەوە وتەی ئەحمەدی كوڕی عەلی كوڕی باذشە، لە پەرتووكی(الإقناع في القراءات السبع)،(مەككە، زانكۆی ئوم القورا، (1403ك) لا159.

[2] باوكی عەمرِ عوسمانی دانی، لە پەرتووكی(جامع البيان في القراءات السبع المشهورة)،(بەیروت چاپەمەنی پەرتووكی زانستی)، 1426ك)، لا152.

به پێشه خۆی لەسەر بۆچوونی ئەو کەسانەی پچڕان و نەپچڕان ئەنجام دەدەن -واته: پچڕان دەکەن لەنێوان بەسمەله و نەپچڕانی جگه لەسوڕەتی بەڕائە نەبێت.

بەڵام ئیبن جەزەری[1]. دەفەرموێت: له باسی ئاگادارکردنەوەکان لەئاگادارکردنەوەی سێیەم: بەدلنیایەوە هەر یەك لەوانەی که به نەلکاندنی بەسمەله و لکاندنی و وەستانی کورت بێ هەناسه وەرگرتن(سەکت) دەخوێننەوه ئەگەر دەست بەخوێندنەوەی سوڕەتێك لەسوڕەتەکان کرد به بەسمەله دەخوێندرێتەوە، بێ جیاوازی لەهەریەکێك لەوان تەنها ئەگەر دەست پێکردن به سوڕەتی بەڕائه بوو هەر وەك دواتر باسی دەکەین، جیاوازیش نیه سەرەتاکەی له باری وەستاندا بێت یان نەوەستان، بەڵام دەربارەی ئەوانەی که بەجیا دەیخوێننەوه ئەوە شتێکی ڕوون و ئاشکرایه، ودەربارەی خوێندنەوەی ئەو کەسانەی که لایدەبەن ئەوە بۆ پیرۆزی و بەرەکەت دارکردن و گونجاندنی ڕێنوسی قورئانی پیرۆزه، چونکه لای ئەو کەسانەی لایدەبەن تەنها لەسەرەتای سوڕەت دەنوسرێت بۆ یەکەم سوڕەت له بەر پیرۆزیه لای نابەن له باری لکاندندا تەنها له بەر ئەوەی دەست بەو نەکراوه، بەڵام ئەگەر بەو دەست پێکرا به پێویست داناندرێت تەنها خوێندنەوەی بۆ بکرێت تاوەکو نەبێته پێچەوانەی نوسینی قورئانی پیرۆز له باری لکاندن و نەلکاندندا، لەو کاتەدا دەردەچێ لەکۆ دەنگی و دەبێته هاوشێوەی هەمزەکانی لکاو لادەبردرێت له باری لکاندن و دەخوێندرێتەوه له باری دەست پێکردن بەو، هەر بۆیه کێشه لەنێوان زانایان دروست نەبووه له باری خوێندنەوەی بەسمەله لەسەرەتای سوڕەتی فاتیحه، جیاوازیشی نیه لکاندنی بۆ بکرێت به سوڕەتی ناس لەگەڵ پێشەکەی خۆی یان دەستپێکردن بەو بکرێت، چونکه ئەگەر لکاندنی بۆ بکرێت به گوتراوی ئەوه دەبێته دەست پێکراو بەپێی حوکمەکەی، هەر بۆیه نەوەستان لێرەدا دەبێته باری گواستنەوه.

---

[1]موحەممەدی جەزەری، (النشر في القراءات العشر)،(قاهیره، چاپخانەی تیجاریەی کوبرا، ب1، 1427ك)، لا263.

ده‌رباره‌ی پێشه‌وا عه‌لی صه‌فاقسی[1]. ده‌فه‌رموێت: جیاوازی نیه له‌نێوانیاندا –واته: نێوان قاریئه‌كان– ئه‌گه‌ر خوێندنه‌وه‌ی ده‌ست پێكرد به سه‌ره‌تای سوره‌ت جگه له‌سوره‌تی به‌رائه به به‌سمه‌له بێت، جیاوازیشی نیه ده‌ستپێكردنه‌كه‌ی –واته: قاریئه‌كه– له باری وه‌ستان یان نه‌وه‌ستاندا بێت، ره‌نگه هه‌ندێكیان وا تێده‌گه‌ن كه ده‌ستپێكردن نابێت ته‌نها دوای پچڕان نه‌بێت، به‌ڵام وانیه.

كه‌واته : ئه‌گه‌ر قاریئێك ویستی بوه‌ستێت له‌كۆتایی سوره‌تی یه‌كه‌م به‌مه‌به‌ستی لكاندنی به سوره‌تی دووه‌م، پێویسته له‌سه‌ری به‌سمه‌له بكات له‌سه‌ره‌تای سوره‌تی دووه‌م –جگه له‌سوره‌تی ته‌وبه نه‌بێت– ئه‌وه‌ش دوو شێوه‌ی بۆ دروست ده‌بێت: یان لكاندنی به‌سمه‌له به‌سه‌ره‌تای سوره‌ت یان پچڕانی.

به‌پێی وته‌كانی ڕابردو بۆمان ڕونبویه‌وه كه حه‌مزه سێ خوێندنه‌وه‌ی هه‌یه له‌نێوان دوو سوره‌تدا:

1- لكاندنی كۆتایی سوره‌ت له‌گه‌ڵ سه‌ره‌تای سوره‌تی نوێ، بێ وه‌رگرتنی هه‌ناسه‌و بێ به‌سمه‌له.

2- وه‌ستان له‌سه‌ر كۆتایی سوره‌ت و دواتر وتنی به‌سمه‌له(له‌گه‌ڵ وه‌ستان) دواتر ده‌سپێكی سوره‌تی نوێ.

3- وه‌ستان له كۆتایی سوره‌ت و دواتر به‌سمه‌له له‌گه‌ڵ لكاندنی به سه‌ره‌تای سوره‌تی نوێ.

كه‌واتا پێشه‌وا حه‌مزه هاوڕایه له‌گه‌ڵ پێشه‌وا حه‌فص له خوێندنه‌وه‌ی دووه‌مدا(كه بریتیه له وه‌ستان له‌سه‌ر هه‌مویان) وه‌هه‌روها هاوڕایه له خوێندنه‌وه‌ی سێیه‌م(كه بریتیه

[1] عه‌لی موحه‌ممه‌دی صه‌فاقچی، په‌رتووكی(غيث النفع في القراءات السبع)،(به‌یروت، چاپه‌مه‌نی په‌رتووكی زانستی)، 1425ك)، لا20.

له‌ وه‌ستان له‌سه‌ر یه‌كه‌م و لكاندن به‌ دووه‌م و سێیه‌م)، به‌ڵام پێچه‌وانه‌ی حه‌فصی كردووه‌ له‌ خوێندنه‌وه‌ی یه‌كه‌م، چونكه‌ حه‌مزه‌ به‌سمه‌له‌ ناخوێنێته‌وه‌ تیایدا.

هه‌ندێك له‌زانایان و جێبه‌جێكارانی به‌سمه‌له‌ وایان به‌ باش زانیوه‌ كه‌ سه‌كت بكرێت له‌نێوان دوو سوره‌تدا له‌چوار شوێن:

أ- نێوان سوره‌تی موددەثیرو سوره‌تی قیامه‌:{هو أهل التقوى وأهل المغفرة * لا .... أقسم بيوم القيامة}.

ب- نێوان سوره‌تی ئینفیطارو سوره‌تی موطه‌**فیفین:**{والأمر يومئذ لله * ويلٌ .... للمطففين}.

ت- نێوان سوره‌تی فه‌جرو سوره‌تی به‌له‌د:{وادخلي جنتي * لا .... أقسم بهذا البلد}.

ث- نێوان سوره‌تی عه‌صرو سوره‌تی هومه‌زه‌:{وتواصوا بالحق وتواصوا بالصبر * ويلٌ لكل همزة}..

هۆكاری ئه‌م هه‌لبژاردنه‌ روودانی دروستبونی واتاو مانای نادروسته‌، چونكه‌ سه‌ره‌تای ئه‌م چوار سوره‌ته‌(ويلٌ) **یان**(لا أُقسم)**وه‌.**

هه‌لبژێردراوی دروست ئه‌وه‌یه‌:

ئه‌وه‌ی رابردوو شتێكی چاكه‌و بۆچوونی هه‌ندێك له‌زانایانه‌، به‌ڵام هیچ ده‌قێك نیه‌ پابه‌ندی دروست بكات، باشترینه‌كه‌ ئه‌وه‌یه‌ جیاوازی نه‌كرێت له‌نێوان ئه‌م چوار شوێنه‌ له‌گه‌ڵ ئه‌وانی تر، ده‌توانرێت هه‌لبوشێندرێته‌وه‌ به‌هۆی زۆر به‌كارهاتنی ئه‌م بابه‌ته‌ له‌قورئانی پیرۆز، وه‌ك:{هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُۚ لَا}، [**به‌قه‌ره‌**:255]،{وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡعَظِيمُ ﴿٢٥٥﴾ لَآ}،[**به‌قه‌ره‌**:255]،{نَجۡزِي ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿٤٤﴾ وَيۡلٞ}،[**مورسه‌لات**:44].

بابەتی میمی کۆ

میمی کۆ: بریتیە لە پیتێکی زیادە لەپێکهاتەی وشەدا کە بۆ نێری کۆ(جمع المذكر) بەکاردێت، وهەروها(مێ)ش دەگرێتە خۆی، جیاوازیش نیە حەقیقەت بێت یان ئەوەی وەکو نێری کۆ بەکاردێت، بەڵام بەخۆی نێری کۆ نیە.

دەرچوو لە پێناسەکە: واتا ئەو شتانەی کە پێناسەکە نایان گرێتەوەو لە بازنەی پێناسەکەدا دەردەچن:-

- **میمی زیادە:** کە لە پێناسەکەدا گوترا میمی زیادە، واتا ئەم پیتە میمە ناگرێتەوە کە زیاد نەبێت و بنچینەو ئەصلی وشەکە بێت وەك:[بِمَ، ٱحۡكُم، أَلَمۡ].
- **واتای کۆی نێر بدات:** ئەمە ناگرێتەوە ئەگەر پیتی میمەکە واتای کۆی نێر نەدات، واتا بەکارهاتبێت بۆ تاك یان بۆ دووان وەك:﴿أَنۡهَىٰكُمَا﴾.
- **کۆی مێ دەگرێتەوە:** وەك:﴿عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ﴾، لێرەدا پیتە میمەکە بەکار هاتووە بۆ نێرو مێ، واتا هەردوو ڕەگەز دەگرێتەوە.
- **مەبەست لە حەقیقەت:** لەزمانی عەرەبیدا ئەوەدەگرێتەوە(منكم) پیتی(م) لەم وشە بە میمی کۆ دادەندرێت لە زمانی عەرەبیدا.
- **لە بەکار هێنانی قورئاندا:** ئەوەدەگرێتەوە ﴿وَمَلَإِيْهِمُ﴾،[یونس:83]،﴿عَلَىٰ خَوۡفٍ مِّن فِرۡعَوۡنَ وَمَلَإِيْهِمۡ أَن يَفۡتِنَهُمۡۚ﴾ لێرەدا ڕاناو دەگەڕێتەوە بۆ فیرعەون بە تەنها بەڵام بە شێوەی کۆ بەکار هاتووە، کەواتە: ئەم میمەش بە میمی کۆ ئەژمار دەکرێت.

نیشانەی (میم)ی كۆ

- **میمی كۆ ئەگەر لایبەری لە وشەدا مانای وشەكە تێك نادات، وەك:﴿عَلَيۡكُمُ﴾ دەبێتە(عَلَيۡكُ).**

- **هەكێك لەم سێ پیتانە لە پێش میمەكەدا بێت[1].**

أ- پیتی(ك) وەك:﴿مِنكُمُۥ﴾، پیتی(ك) تەنها ضـەممەدار دەبێت.

ب- پیتی(ت) وەك:﴿كُنتُمُۥ﴾، پیتی(ت) تەنها ضـەممەدار دەبێت.

پیتی (ه) وەك:﴿أَمۡوَٰلَهُمُۥ﴾، پیتی(ه)یان ضـەممەدار دەبێت، وەك لە نمونەی پێشو باس كرا، یان كەسرەدار دەبێت وەك:﴿عَلَيۡهِمُۥ﴾.

---

[1] **یەك شوێن جیاكراوتەوە، هەمزە كەوتۆتە پێش پیتی(م)ی كۆ(میم الجمع)، ئەوەش لە ئایەتی19ی سوڕەتی حاقەیە**{هاؤم} **لێرەدا بەواتای (**هلموا اقرؤوا كتابيه**)، هەندێ لە زمانەوانان دەڵێن: بە واتای (هاكم) دێت، پیتی(ك) گۆڕدراوە بە پیتی هەمزە، هەروەك قوتەیبی ئاماژەی پێ كردووە،** رەضی **دەفەرموێت: (ها) ناوێكە بە واتای (بگرە) دێت وهەشت جۆر زمانی تێدایە، ئەمە یەكێكە لەم زمانانە: لەبری پیتی ئەلیف هەمزەی پێوە بلكێندرێت گۆڕانكاریەكانیشی وەك گۆڕانكاری پیتی(ك) دەبێت، وەك:**(هاؤما، هاؤم، هاءِ، هاءَ، هاؤن)**، باوكی قاسم فەرمویەتی: بەچەن شێوازو زمانێك دەخوێندرێتەوە چاكترینیان ئەوەی سێبەوەیهی باسی كردووە لە پەرتوكەكەی خۆیدا دەفەرموێت: عەرەب دەڵێن:(**هاءَ **یا رجل) بیگرە ئەی پیاو، هەمزەكەی فەتحەدار دەكەن، و(**هاءِ **یا** امرأة**) بیگرە ئەی ئافرەت بۆ ئافرەت هەمزەكە كەسرەدار دەكرێت، و(**هاؤما يا رجلان أو امرأتان، وهاؤم يا رجال، وهاؤن يا نسوة**) پیتی(م) لە وشەی(**هاؤم**) وەك پیتی میمەكە بۆ ئێوە بەكاردێت، وضـەممەدار كردنیشی وەك ضـەممەدار كانی ترە لە هەندێ شوێن.**

حاله‌ته‌كانی پیتی (میمی) كۆ

پیتی (میمی) كۆ دوو حاله‌تی هه‌یه :-

❖ **حاله‌تی یه‌كه‌م:** پیتێكی زه‌نه‌داری(هه‌مزه‌ی وصل) به‌دوادابێت، زۆربه‌ی قاریئه‌كان ضه‌ممه‌داری ده‌كه‌ن بێ لكاندن، به‌ شێوه‌یه‌ك بنچینه‌ی پیتی(میمی) كۆ ضه‌ممه‌داره، وه‌ك: {وإذ فرقنا بكمُ البحر}، ئه‌گه‌ر پیتی (هـ) بكه‌وێته‌ پێش پیتی(میمی) كۆ، مه‌نهه‌جی پێشه‌وا به‌صری له‌ باری نه‌وه‌ساندا بریتیه له‌: كه‌سره‌داركردنی پیتی(میمی) كۆو ئه‌و پیته‌ (هـ)ی ده‌كه‌وێته‌ پێش میمه‌كه‌ به‌ دوو مه‌رج:

✓ **مه‌رجی یه‌كه‌م:** ده‌بێت له‌ پێش پیتی(هـ) كه‌سره‌ یان (ی)ی زه‌نه‌دار هاتبێت.

✓ **مه‌رجی دووه‌م:** پیتێكی زه‌ننه‌دار بكه‌وێته‌ دوای پیتی(میمی) كۆ، نمونه‌ بۆ ئه‌و دوو مه‌رجه:{بِهِمِ الأسباب، عليِهِمِ الأوليان، عليهِمِ الباب، يريهِمِ الله، قلوبِهِمِ العجل، قبلتِهِمِ التي، عليِهِمِ القتال}.

ئه‌گه‌ر قارئ وه‌ستا له‌سه‌ر ئه‌و وشه‌ی كه‌ كۆتاییه‌كه‌ی میمی كۆیه‌ ئه‌وه‌ كه‌سره‌ بۆ پیتی(هـ) ده‌گه‌ڕێته‌وه‌، وه‌ك:(يريهِم، قلوبِهِم)، به‌ڵام ئه‌گه‌ر پیتی(هـ) نه‌كه‌وێته‌ پێش پیتی(م) ئه‌وه‌ پیتی میمی كۆ ضه‌ممه‌دارده‌كرێت، وپیتی پێش خۆی له‌باری خۆیدا ده‌مینێته‌وه‌، واتا پیتی(ك) یان پیتی(ت) له‌سه‌ر جوله‌ی پێشو ده‌مێنێته‌وه‌ وه‌ك:{وأنتمُ الأعلون، ألهاكمُ التكاثر}.

❖ **حاله‌تی دووه‌م:** له‌ دوای پیتی(میمی) كۆ پیتێكی جووڵه‌داری به‌دوادابێت، پێشه‌وا حه‌مزه‌ هاوڕایه‌ له‌گه‌ڵ پێشه‌وا حه‌فص له‌و باره‌یه‌وه‌، ته‌نها مه‌گه‌ر هه‌مزه‌ی پچڕاو به‌دوای دابێت، ئه‌وه‌ش باسی ده‌كه‌ین له‌ بابه‌تی(الموصول والمفصول).

تێبینی1:

پێشه‌وا حه‌مزه ئه‌م سێ وشه به ضه‌ممه ده‌خوێنێته‌وه له‌باری وه‌ستان و نه‌وه‌ستاندا:{عليهم، إليهم، لديهم}، **به‌لاّم ده‌رباره‌ی**[فلا جناح عليهما أن يُصلحا]، **ئه‌وه پێشه‌وا حه‌مزه به كه‌سره‌ی پیتی(هـ) ده‌خوێنێته‌وه وه‌ك –حه‌فص–.**

تێبینی2:

له‌باری وه‌ستاندا له‌سه‌ر وشه‌ی(أنبئهم)، **له‌گه‌ڵ وشه‌ی**(نبئهم) **له‌ئایه‌تی:**{قَالَ يَـٰٓـَٔادَمُ أَنۢبِئۡهُم بِأَسۡمَآئِهِمۡۖ}،[**به‌قه‌ره**:33]، **لێره‌دا پێشه‌وا حه‌مزه له‌باری وه‌ستاندا هه‌مزه ده‌گۆڕێت به پیتی(ی) ئه‌وه‌ش باس ده‌كه‌ین له‌بابه‌تی وه‌ستاندا(الوقف) ئه‌وه‌ش به‌هۆی زه‌نه‌داربون و كه‌سره‌ی پێش خۆیه‌تی، پاشان له‌دوای گۆڕین دوو خوێندنه‌وه‌ی هه‌یه:**

- **یه‌كه‌م:** ضه‌ممه‌داركردنی **پیتی(هـ) –ئه‌وه‌یان پێش ده‌كه‌وێت– ئه‌وه‌ش به‌هۆی بنچینه‌ی خۆیه‌تی كه** ضه‌ممه‌داریه، **چونكه پیتی(هـ)** ضه‌ممه‌داره **لای حه‌مزه له**[عليهُم، إليهُم، لديهُم] **له‌باری وه‌ستان و نه‌وه‌ستاندا، وه‌هه‌روه‌ها پیتی(هـ)** ضه‌ممه‌**دارده‌كرێت له‌گه‌ڵ پیتی(م) له**[بِهُمُ الأسباب، وعليهُمُ الجلاء].
- **دووه‌م: كه‌سره‌داركردنی پیتی(هـ) له‌سه‌ر ئه‌و پیته یائه‌ی كه له‌بری هه‌مزه وه‌رگیراوه**(أنبِيهِم ونبيهِم) **هه‌روه‌ك كه‌سره‌دارده‌كرێت له**(فِيهِم، يزكيهِم).

بابه‌تی (هائی) كینایه

هۆی ناونانی به‌هائی كینایه چونكه ناسناوێكی وه‌رگرتووه ئه‌ویش به‌كارهاتنیه‌تی بۆ كه‌سی سیٚ یه‌می تاكی نێر، وپێشی ده‌گوترێت هائی جێناو(الضمير)**، له زاراوه‌ی قورِرائه‌كان ناسراوه به‌هائی زیاده، كه به واتای كه‌سی سیٚ یه‌می تاكی نێر دێت.**

كه ده‌ڵێن هائی زائیده مه‌به‌ستمان هائی بنچینه نیه، واتا هائی ئه‌صڵی ناگرێته‌وه، وه‌ك:﴿لَئِن لَّمۡ تَنتَهِ يَٰنُوحُ﴾،**[شوعه‌را:**116].

كه گوتمان واتای كه‌سی سیٚ یه‌می تاكی نێر، ئه‌وه ناگرێته‌وه هائێك بۆ تاكی میٚ به‌كارهاتبێت، وه‌ك:﴿إِلَيۡهَا﴾**، ئه‌وه‌ش ناگرێته‌وه كه بۆ دووانه**(مثنى) **به‌كارهاتبێت وه‌ك:**﴿عَلَيۡهِمَا﴾**، یان ئه‌وه‌ی بۆ كۆ به‌كارهاتووه به‌رِه‌ها، وه‌ك:**(إِلَيۡهِمُ، إِلَيۡهِنَّ).

هائی كینایه به‌ناو(اسم) **ده‌لكێت، وه‌ك:**﴿أَجَلِهِۦ﴾ **به‌كار**(فعل) **ده‌لكێت، وه‌ك:**﴿يُعَلِّمُهُ﴾ **به پیت**(حرف) **ده‌لكێت، وه‌ك:**﴿إِلَيۡهِ﴾.

هائی كینایه له بنچینه‌دا ضه‌ممه‌داره، وه‌ك:(لَهُۥ) **ته‌نها ئه‌گه‌ر له پێشیدا كه‌سره بوو یان پیتی**(ی) **بو، ئه‌وكات كه‌سره‌دارده‌بێت له‌به‌ر هۆكارێك.**

هائی كینایه ضه‌ممه‌دار ده‌بێت، له‌به‌ر كاركردن به‌بنچینه‌ی خۆی، وه‌ك له‌رِیوایه‌تی حه‌فصدا هاتووه له:﴿وَمَآ أَنسَىٰنِيهُ إِلَّا ٱلشَّيۡطَٰنُ﴾**،[كه‌هف:**63]**و** ﴿بِمَا عَٰهَدَ عَلَيۡهُ اللهَ﴾**،[فه‌تح:**10].

هه‌روه‌ك پێشه‌وا حه‌مزه به‌م شێوه ده‌یخوێنێته‌وه:﴿لِأَهۡلِهُ ٱمۡكُثُوٓاْ﴾**،[طه:**10]**و [قه‌صه‌ص:**29].

بارهكانی هائی كینایه

هائی كینایه لهقورئانی پیرۆز چوار باری ههیه، ئهوانیش بریتین له:

1- بكهوێته نێوان دوو زهنندار، واته: پێش و پاشی ساكین بێت، وهك:{فِيهِ ٱلْقُرْءَانُ- وَءَاتَيْنَٰهُ ٱلْإِنجِيلَ-ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلْمُلْكَ}.

2- پێشی جووڵهو پاشی زهننه بێت، وهك:{قَوْلُهُ ٱلْحَقُّ- لَهُ ٱلْمُلْكُ وَلَهُ ٱلْحَمْدُ- رَبِّهِ ٱلْأَعْلَىٰ}.

قاریئهكان یهك دهنگن لهسهر ئهوهی كه نابێت لهو دوو بارهدا هائی كینایه بهصیله بخوێندرێتهوه، تا دوو زهننه بهیهكهوه كۆ نهبێتهوه[1].

3- پێش هائهكه زهننهداربێت و پاشی جووڵه، وهك:{وَشَرَوْهُ بِثَمَنٍ ، خُذُوهُ فَٱعْتِلُوهُ إِلَىٰ سَوَآءِ ٱلْجَحِيمِ ، مَا عَقَلُوهُ وَهُمْ}.

كۆ دهنگی قاریئهكان لهوانهش پێشهوا حهمزه لهسهر ئهوهیه كه هائی كینایه لهم بارهدا بهصیله ناخوێندرێتهوه، تهنها ئهوه نهبێت كه جیاكراوتهوه.

4- بكهوێته نێوان دوو جووڵهدار، وهك:﴿فَأَخْرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ﴾.

لهم بارهدا ههموو قاریئهكان پیتی(ه)یان لكاندووه بهپیتی(و)ی گوتراو(لفظی) ئهگهر ضهممهدار بوو، ولكاندویانه بهپیتی(ی)ی گوتراو ئهگهر كهسرهدار بوو، تهنها لهههندێ باری تایبهت نهبێت.

[1] تهنها شوێنێك نهبێت، بهززی خوێندویهتیهوه له ئیبن كثیر كه هائی كینایهی بهپیتی(و)ی لكاندووهو پیتی(ت)ی دوای هائهكهشی شهدهداركردووه، وهك(تَلَهَّىٰ)، له﴿فَأَنتَ عَنْهُ تَّلَهَّىٰ﴾،**[عهبهسه:10].**

حوکمی
هائی کینایە لای پێشەوا حەمزە

جیاوازیەکان کورت کراونەتەوە لەنێوان حەمزەو حەفص لە بابەتی هائی کینایە لەم خاڵانەی خوارەوە:

أ- حەمزە هائی کینایە بەزەننە دەخوێنێتەوە بێ صیلە لە پێنج وشەدا[1]. :

1- ئایەتی:{يُؤَدِّهِۦٓ إِلَيۡكَ}،[ئالی عیمڕان:75] بەیەکەوە، بەم شێوەیە:[يُؤَدِّهۡ إِلَيۡكَ].

2- ئایەتی:{نُؤۡتِهِۦ مِنۡهَا}،[ئالی عیمڕان:145]و [شوڕى:20]، بەم شێوەیە: [نُؤۡتِهۡ مِنۡهَا].

3- و4- ئایەتی:{نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ}،[نیساء:115] بەم شێوەیە:[نُوَلِّهۡ مَا تَوَلَّىٰ] وئایەتی:{وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ}،[نیساء:115] بەم شێوەیە:[وَنُصۡلِهۡ جَهَنَّمَۖ].

---

(1) حەمزە لەسەر ئەم چوار وشەیە، دوو وشەی تر زیاد دەکات کە حەفص هاوڕایە لەسەریان، کە بەشێوەی زەننە دەیان خوێنێتەوە، ئەوانیش وشەکانی(فألقه)،[نەمل:28]، ووشەی(أرجه)، [ئەعراف:36]، وئایەتی36 لە سوڕەتی شوعەرا.

ب- پێشەوا حەمزە بە یەك لە خوێندنەوەكانی لە خەللادەوە پیتی(ق)و پیتی(ه) كەسرەدار دەكات بەصیلەی پیتی(ه) بە پیتی(ی)ی گوتراو، لەئایەتی:{وَيَتَّقۡهِ فَأُوْلَٰٓئِكَ}،[نور:52]، بەم شێوە، وەك:{وَيَتَّقِهِ فَأُوْلَٰٓئِكَ}.

ت- حەمزە لەباری نەوەستاندا پیتی(ه)[1]. بە ضەممە دەخوێنێتەوە، لەئایەتی:{لِأَهۡلِهِ ٱمۡكُثُوٓاْ}،[طه:10]، و[قەصەص:29]، بەم شێوەیە:{لِأَهۡلِهُ ٱمۡكُثُوٓاْ}.

ث- حەمزە هائی كینایە بە كسرە دەخوێنێتەوە لە دوو شوێندا:

1- ئایەتی:{وَمَآ أَنسَىٰنِيهُ إِلَّا ٱلشَّيۡطَٰنُ}،[كەهف:63] بەم شێوەیە:[وَمَآ أَنسَىٰنِيهِ إِلَّا ٱلشَّيۡطَٰنُ].

2- ئایەتی:{وَمَنۡ أَوۡفَىٰ بِمَا عَٰهَدَ عَلَيۡهُ ٱللَّهَ}،[فەتح:10] بەم شێوەیە:[وَمَنۡ أَوۡفَىٰ بِمَا عَٰهَدَ عَلَيۡهِ ٱللَّهَ]، جیاكردنەوەو خاوەن پیتی(ی)، وهەروها لاوازكردنی پیتی(ل) دەردەكەوێت لەوشەی الله، چونكە كەسرەی لەپێشدا هاتووە.

ج- حەمزە پیتی(ه) بە درێژكردنەوەی دوو جوولە دەخوێنێتەوە بیّ صیلە لە ئایەتی:{وَيَخۡلُدۡ فِيهِۦ مُهَانًا}،[فورقان:69] بەم شێوەیە:[فِيهِ مُهَانًا].

---

[1]خوێندنەوەكەی بەضەممەیە ئەوەش بنچینەی خۆیەتی، ولەسەرزمانی ئەوكەسانەی دەڵێن:(مررت بِه یا فتی) یان ئەوە گونجاوەو نیشانەیە لەسەر ضەممەی وشە(امكثوا).

ح- حەمزە پیتی(هـ)ی كینایە دەگۆڕێت بەپیتی(ت)ی بەكارهاتو بۆ مێی مەنصوب لە ئایەتی:﴿ وَأَسۡبَغَ عَلَيۡكُمۡ نِعَمَهُۥ ظَٰهِرَةٗ وَبَاطِنَةٗۗ ﴾،[لوقمان:20]، بەم شێوەیە:﴿عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَةً ظَٰهِرَةً﴾، هەروەك شاردنەوەش(الاخفاء) دەردەكەوێت لە پیتی(ظ).

خ- لەباری وەستان و نەوەستاندا حەمزە پیتی(هـ)ی كینایە لا دەبات لە ئایەتی:{ لِيَأۡكُلُواْ مِن ثَمَرِهِۦ وَمَا عَمِلَتۡهُ أَيۡدِيهِمۡۚ }،[یس:35]، بەم شێوەیە:[وَمَا عَمِلَتۡ أَيۡدِيهِمۡۚ][1].

د- حەمزە پیتی(هـ)ی كینایە لادەبات لەئایەتی:﴿وَفِيهَا مَا تَشۡتَهِيهِ ٱلۡأَنفُسُ وَتَلَذُّ ٱلۡأَعۡيُنُۖ﴾،[زوخروف:71]، بەم شێوەیە:﴿مَا تَشۡتَهِي ٱلۡأَنفُسُ﴾[2].

ذ- حەمزە پیتی(هـ)ی كینایە ضـەممەداردەكات بە صیلەی پیتی(و)ی گوتراو لەئایەتی:﴿ إِنَّ ٱللَّهَ بَٰلِغُ أَمۡرِهِۦۚ ﴾،[طەلاق:3]، بەم شێوەیە:﴿ بَٰلِغٌ أَمۡرَهُۥۚ ﴾[3].

ر- حەمزە پیتی(هـ)ی كینایە بە كەسرە دەخوێنێتەوە بە صیلەی پیتی(ی)ی گوتراو لە ئایەتی:﴿ٱللَّهُ أَعۡلَمُ حَيۡثُ يَجۡعَلُ رِسَالَتَهُۥۗ﴾،[ئەنعام:124]، بەم شێوەیە:﴿رِسَالَاتِهِۦ﴾[1].

---

[1]ئەم بابەتە دەچێتە باری زەننەی پچڕاو، ولەلای حەمزە(ما) حوكمێكی تایبەتی هەیە.
[2]لابردنی پیتی(ی) دەردەكەوێت لەباری نەوەستاندا بەهۆی گەیشتنە دوو زەننەدار.
[3]شوعبە ئەم شوێنە بە تەنوینی پیتی(غ)و فەتحەداركردنی پیتی(ر) دەخوێنێتەوە، لەسەر ئەمە دروست دەبێت ضـەممەداركردنی پیتی(هـ)ی كینایە ئەوەش بەهۆی فەتحەداركردنی پیتی(ر).

تێبینی:

حەمزە وشەی(یرضه) بە ضەممەی پیتی(ه) دەخوێنێتەوە بێ صیلە وەك حەفص لە ئایەتی:{ وَإِن تَشۡكُرُواْ يَرۡضَهُ لَكُمۡۗ }،**[زومەر:7].**



(1) حەمزە ئەم شوێنە بە کۆ دەخوێنێتەوە، واتە: بە کەسرەدارکردنی پیتی(ت)و پیتی(ه)و زیادکردنی ئەلیف لە دوای پیتی(ل)، لەسەر ئەوەش دروست دەبێت کەسرەدارکردنی پیتی(ه)ی کینایە ئەوەش بەهۆی کەسرەی پیتی(ت).

بابەتی
(درێژکردنەوە) و(کورت کردنەوە)

بابەتی درێژکردنەوەو کورت کردنەوە لە بابەتە گرنگەکانی ئەحکامی تەجویدە، چونکە قورئانی پیرۆز بە دوو شت جیاکراوتەوە لە زمانی عەرەبی، ئەویش بریتین لە:
یەکەم: مینگە(غونە) **دووەم:** درێژکردنەوە.

ڕەنگە بنچینەی درێژکردنەوە لەم فەرمودە وەرگیرابێت کە پێشەوا بوخاری(ڕەحمەتی خودای لێبێت) باسی کردووە لە صەحیحەکەی خۆیدا لە قەتادە(ڕەزای خودای لێبێت) دەگێڕێتەوە کە ئەو پرسیاری لە ئەنەسی کوڕی مالیك کردووە(ڕەزای خودای لەسەر بێت) دەربارەی خوێندنەوەی پێغەمبەر(ﷺ) فەرموی: پێغەمبەر(ﷺ) درێژکردنەوەی ئەنجام دەدا لەو شوێنەی کە پێویستی بە درێژکردنەوە دەبو.

لە ڕیوایەتێکی تر هاتووە کە پێغەمبەر(ﷺ) درێژکردنەوەی ئەنجام دەدا بە دەنگەکەی خۆی، وەهەروها پێشەوا سیوطی باسی کردووە لە کتێبەکەی خۆی بەناوی (الدر المنثور) وئەلبانی بەڕاستی زانیوە کە: پیاوێك ﴿ إِنَّمَا ٱلصَّدَقَـٰتُ لِلۡفُقَرَآءِ وَٱلۡمَسَـٰكِينِ ﴾، [تەوبە: 60]ی خوێندەوە بیٚ درێژکردنەوە، ئیبن مەسعود (ڕەزای خودای لەسەر بێت) فەرموی: پێغەمبەر(ﷺ) بەم شێوازە نەیخوێندۆتەوە، پیاوەکەش وتی ئەی چۆن بەسەرتانی دەخوێندەوە ئەی باوکی عەبدوڕەحمان؟ فەرموی: بەم شێوەیە دەیخوێندەوە﴿إِنَّمَا ٱلصَّدَقَـٰتُ لِلۡفُقَرَآءِ وَٱلۡمَسَـٰكِينِ﴾، واتا بە شێوەی درێژکردنەوە، مەبەستی ئیبن مەسعود واتا ڕازی نەبو کە پیاوەکە بەبیٚ درێژکردنەوە ئایەتەکە بخوێنێتەوە.

تێبینی:

زاراوهی كورت كردنهوه ئهگهر بهتهنها باس كرا مهبهستی زانایانی تهجوید ئهوهیه كه تهنها دوو جووله درێژ بكرێتهوه، بهڵام مهبهست له زاراوهی درێژكردنهوه زیاتر له دوو جووله یه.

مهزههبی
پێشهوا حهمزه له درێژكردنهوهدا

پێشهوا حهمزه له درێژكردنهوهی لكاوو نهلكاو شهش جوولهی ههیه[1].

تێبینی:

پێشهوا حهمزه له درێژكردنهوهی پێویست(لازم) درێژكردنهوه ئهنجام دهدات به ئهندازهی شهش جووله وهك حهفص بهڵام ههندێ وشهی زیاد كردوه لهم بابهتهدا، بههۆی تێكهڵكێشان ههر وهك دواتر باسی دهكهین.

---

[1] له درێژكردنهوهی لكاو به مهرج داندراوه كه لهباری نهوهستان بێت، بهڵام لهباری وهستاندا لهسهر وشه، یان بهگشتی درێژكردنهوه ناكرێت ههر وهك له[خطيئة، بريئاً]، یان ئهندازهی درێژكردنهوه، ئهگهر ههمزه لهناوهڕاست بو ئهوه له درێژكردنهوهدا شهش یان چوار جووله ههیه، بهڵام ئهگهر ههمزه لهكۆتایی بو ئهوه درێژكردنهوهی شهش یان چوار یان دوو جوولهی ههیه، لهگهڵ ههندێ شتی تر ههیه، ئهوهش باس دهكرێت له بابهتی وهستان لهسهر ههمزه لهلای حهمزه.

باسی
ئه‌حكامی نونی ساكینه‌و ته‌نوین

ئه‌م بابه‌ته به‌گشتی یه‌كسانه له‌گه‌ڵ ئه‌حكامی پێشه‌وا حه‌فص ته‌نها له‌م شوێنانه‌ی خواره‌وه نه‌بێت:

✓ حه‌مزه پیتی(ن)و پیتی(س) ئاشكراده‌كات(الاظهار) له‌كاتی گه‌یشتنیان به پیتی(م) له ئایه‌تی 1ی سوره‌تی شوعه‌ڕاو سوره‌تی قه‌صه‌ص.

✓ حه‌مزه تێكهه‌ڵكێشانی كردووه بۆ پیتی(ن) به‌پیتی(ر) له ئایه‌تی﴿مَنْۜ رَاقٍ﴾،[قیامه:27]، چونكه لێره‌دا سه‌كت -وستانێكی كورتی بێ وه‌رگرتنی هه‌ناسه- ناكات، ئه‌مه‌ش پێچه‌وانه‌ی پێشه‌وا حه‌فصه.

✓ ئه‌گه‌ر له‌دوای پیتی نونی ساكینه یان ته‌نوین، پیتی(و) یان پیتی(ی) هات، ئه‌وه پێشه‌وا خه‌له‌ف به‌تێكهه‌ڵكێشان ده‌خوێنێته‌وه بێ مینگه، به‌ڵگه‌ش له‌سه‌ر ئه‌وه[1]. بریتیه له‌وه‌ی كه ڕاستی تێكهه‌ڵكێشان ئه‌وه‌یه پیتی یه‌كه‌م تێكهه‌ڵكێش بكه‌ی له ڕه‌گه‌زی پیتی دووه‌م له‌گه‌ڵ شه‌دده‌داركردنیان به‌شێوه‌یه‌ك هیچ ئاسه‌وارێكی پیته‌كان نامینێته‌وه، به‌ڵام پێشه‌وا خه‌للاد به مینگه ده‌یخوێنێته‌وه وه‌كو قاریئه‌كانی تر، ئه‌وه‌ش تا ببێته به‌ڵگه له‌سه‌ر مانه‌وه‌ی پیته تێكهه‌ڵكێشكراوه‌كان.

---

(1) موحه‌مه‌دی مه‌ككی نه‌صر، له په‌رتووكی(نهاية القول المفيد في علم التجويد)، قاهیره، مه‌كته‌به‌ی صه‌فا1420ك لا160.

باسی سەکت

پێشەوا حەمزە وازی لەو سەکتانە هێناوە کە واجبن لای حەفص، بەشێوەیەك تێکهەڵکێشانی بۆ دەکرێت ئەوەی گونجاو بێت بۆ تێکهەڵکێشان، ئەوەش ڕو دەدات لە﴿بَل رَّانَ﴾،[موطەفیفین:14] و﴿مَن رَّاقٍ﴾،[قیامە:27]، بەهۆی هاتنە دی مەرجەکانی تێکهەڵکێشان لە هەردووکیاندا.

تێبینی:

لای پێشەوا حەمزە تەنها یەك سەکتە دروستە، ئەوەیان یەك لە سەکتە دروستەکانە لای پێشەوا حەفص، مەبەستمان ئەو سەکتانەی دەکەوێتە کۆتایی هەر سوڕەتێك کە بکەوێتە پێش سوڕەتی تەوبەو خودی سوڕەتی تەوبە، دەربارەی ئەو سەکتە دووەمەی کە دروستە لای حەفص ئەوەی لە وشەی(مالیه)دا هاتیە لە سوڕەتی حاقە، ئەوەیان سەکتی تێدا نیە لای حەمزە، چونکە پێشەوا حەمزە پیتی(ه)ی سەکتە لادەبات لە وشەی(مالیه) لەباری نەوەستاندا، لەم کاتەدا پیتی(ی)ی فەتحەدار دەگاتە پیتی(ه) لە وشەی(هلك) حوکمی نێوان ئەم دوو گەیشتنە ئاشکراکردنە(الاظهار)[1]. هەروەك حەمزە سەکت دەکات لەسەر لکاو(الموصول)و نەلکاو(المفصول)، دواتر باسی دەکەین.

[1] بگەڕێوە سەر بابەتی هێڵی وێنەکێشراو.

جیاوازی
نێوان وەستان و سەكت

1- كاتی وەستان درێژترە لە سەكت.

2- لەوستاندا قاریء هەناسەیەك هەلدەمژێت، بەلاَم لەسەكت هەناسە هەلْنامژێت.

3- سەكت دروست نیە تەنها لەرێگەی گێڕانەوە نەبێت، بەلاَم وەستان دروستە بۆ قاریء لە سەر هەر وشەیەك بیَ بە مەرجێك واتای وشەكە تێك نەدات.

4- لەكاتی وستاندا دروستە لە خوێندنەوەكەت بگەڕێیتەوە بۆ پێشەوەو دواتر تەواو بكەی، بەلاَم لەسەكت دا خوێندنەكە تەواو دەكەی لەدوای سەكت.

5- وستان نابێت تەنها لەسەر وشە نەبێت، بەلاَم سەكت دەكرێت لەسەر وشە یان پیت بێت.

باسی لكاوو نه‌لكاو

✓**لكاوو:** مه‌به‌ست له‌ لكاو ئه‌وه‌یه‌ هه‌ر وشه‌یه‌ك هه‌مزه‌ی نه‌لكاو(القطع)ی له‌سه‌ره‌تادا هه‌بێت و (أل)ی له‌ پێشدا هاتبێت، ئه‌وه‌ پێی ده‌گوترێت لكاو، واته‌: لكاو به‌(أل) وه‌ك{الأخر}.

✓**نه‌لكاو:** مه‌به‌ست له‌ نه‌لكاو ئه‌وه‌یه‌ كه‌ هه‌ر وشه‌یه‌ك هه‌مزه‌ی نه‌لكاو(القطع) له‌سه‌ره‌تادا هه‌بێت و جیاكرابێته‌وه‌ له‌و زه‌ننه‌ی ده‌كه‌وێته‌ كۆتایی وشه‌ی پێش خۆی وه‌ك{من ءامن}.

✓**گواستنه‌وه‌:** له‌ زمانی عه‌ره‌بیدا واته‌: شتێك له‌بارێك بخرێته‌ بارێكی ترو گۆڕانكاری له‌شوێنه‌كه‌یدا بكرێت.

گواستنه‌وه‌ له‌ زاراوه‌دا: گواستنه‌وه‌ی جووله‌ی هه‌مزه‌ی نه‌لكاو بۆ زه‌ننه‌ی پێش خۆی له‌گه‌ڵ لابردنی هه‌مزه‌كه‌ له‌به‌ر ئاسانكردن، ئه‌وه‌ش له‌ زمانی هه‌ندێك له‌ هۆزه‌كانی عه‌ره‌بدا هاتووه‌.

❖ **یه‌كه‌م : لكاو(الموصول)**

پێشه‌وا حه‌مزه‌ له‌سه‌ر هه‌مزه‌ی لكاو(الارض) به‌ دوو شێوه‌ ده‌وه‌ستێت:

1- گواستنه‌وه‌.

2- سه‌كت

به‌ڵام له‌باری نه‌وه‌ستاندا خه‌له‌ف ته‌نها به‌سه‌كت ده‌خوێنێته‌وه‌، وخه‌للاد به‌ سه‌كت و ته‌حقیق ده‌خوێنێته‌وه‌، به‌هه‌مان شێوه‌ی حوكمی لكاو، به‌ڵام له‌باری نه‌وه‌ستاندا وشه‌ی[شیئاً و شيء]، ئه‌وه‌یان به‌لكاو ده‌چێت له‌ ڕواڵه‌ت هه‌ر بۆیه‌ لای

حه‌مزه‌ هه‌مان حوكمی هه‌یه‌ له‌باری نه‌وه‌ستاندا ئه‌وه‌یش بۆ حه‌مزه‌ سه‌كته‌، وخه‌للاد ته‌حقیقیشی بۆ زیاد كردووه‌، وله‌باری وه‌ستاندا: حه‌مزه‌ گواستنه‌وه‌ یان گۆڕینی به‌ تێكهه‌ڵكێشان ئه‌نجام ده‌دات گواستنه‌وه‌كه‌ به‌م شێوه‌یه‌(شيَا، شيْ)، وگۆڕینی به‌ تێكهه‌ڵكێشانیش به‌م شێوه‌یه‌(شيَّا، شيّ).

❖ دووه‌م: نه‌لكاو(المفصول):

پێشه‌وا حه‌مزه‌ له‌سه‌ر نه‌لكاو ده‌وه‌ستێ به‌ گواستنه‌وه‌و ته‌حقیق، خه‌له‌ف له‌سه‌ر ئه‌وه‌ سه‌كت زیاد ده‌كات، به‌ڵام له‌باری نه‌وه‌ستاندا به‌ته‌حقیق ده‌خوێنێته‌وه‌، وخه‌له‌فیش سه‌كت زیاد ده‌كات،

له‌گه‌ڵ نه‌لكاودا ده‌چێته‌ ژێر باری هه‌مان حوكم، به‌ڵام ته‌نها له‌باری نه‌وه‌ستاندا [پیتی(م)ی كۆ ئه‌وه‌ی هه‌مزه‌ی نه‌لكاو(القطع) له‌دوادا هاتووه‌ وه‌ك"ربهمْ إلا"]، ئه‌وه‌یان هاوشێوه‌ی نه‌لكاوه‌، حوكمی ئه‌م وشه‌ لای حه‌مزه‌ له‌ باری نه‌وه‌ستاندا: ته‌حقیقه‌ خه‌له‌فیش سه‌كت زیاد ده‌كات، به‌ڵام گواستنه‌وه‌ی تێدانیه‌، واتا پیتی(م)ی كۆ ئه‌وه‌ی هه‌مزه‌ی نه‌لكاوی له‌دوادا هاتووه‌ له‌باری وه‌ستان یان نه‌وه‌ستاندا ئه‌ویش بریتیه‌ له‌ خوێندنه‌وه‌و خه‌له‌فیش سه‌كت زیاد ده‌كات.

تێبینی:

ئه‌گه‌ر بڵێین وه‌ستان ده‌كه‌ین ئه‌وه‌ ده‌گێنێت كه‌ ئێمه‌ له‌سه‌ر ئه‌و وشه‌ ده‌وه‌ستین كه‌ هه‌مزه‌ی تێدایه‌، وه‌ك وشه‌ی(الأخرة) له‌سه‌ر كۆتایی ده‌وه‌ستین، وله‌سه‌ر وشه‌ی(من آمن بالله) ئێمه‌ له‌سه‌ر وشه‌ی(آمن) ده‌وه‌ستین، به‌ڵام ئه‌گه‌ر بڵێین له‌باری نه‌وه‌ستاندا ئه‌وه‌ مه‌به‌ستمان لكاندنی ئه‌و وشه‌یه‌ی هه‌مزه‌ی تێدایه‌ به‌ پاش خۆی تا ئه‌گه‌ر له‌سه‌ر وشه‌ی دوای ئه‌و وشه‌ی كه‌ هه‌مزه‌ی تێدایه‌ بوه‌ستین وه‌ك(بالله) هه‌ر وه‌ك له‌ نمونه‌ی پێشو هاتووه‌.

ڕوونكردنه‌وه‌:
له‌قسه‌كانی ڕابردو بۆمان ده‌ركه‌وت له‌ باری نه‌وه‌ستان بۆ خه‌له‌ف دوو خوێندنه‌وه‌ی هه‌یه‌:

- **یه‌كه‌م:** سه‌كت لكاوو نه‌لكاو(موصول)(مفصول).

- **دووه‌م:** وازهێنان له‌ سه‌كت له‌ نه‌لكاو وسه‌كت"أل" و "شيء" واته‌: لكاو، خه‌للاد به‌ هه‌مان شێوه‌ دوو خوێندنه‌وه‌ی هه‌یه‌: وازهێنان له‌ سه‌كت له‌سه‌ر هه‌موی، له‌گه‌ڵ سه‌كت له‌ لكاو، ده‌توانین ئه‌وانی له‌ ڕابردو باسمان كرد كورتیان بكه‌ینه‌وه‌ به‌م شێوه‌ی خواره‌وه‌:

- **حوكمی زه‌نه‌داری لكاو**، وه‌ك(الأخر) به‌م شێوه‌یه‌:

له‌باری نه‌وه‌ستاندا: حه‌مزه‌ به‌سه‌كت ده‌خوێنێته‌وه‌ وخه‌للاد خوێندنه‌وه‌ی دووه‌می هه‌یه‌ كه‌ ته‌حقیقه‌، له‌باری وه‌ستاندا: حه‌مزه‌ به‌گواستنه‌وه‌و سه‌كت ده‌خوێنێته‌وه‌.

- **حوكمی وشه‌ی**(شيئاً، شيء) به‌م شێوه‌یه‌:

له‌باری نه‌وه‌ستاندا: حه‌مزه‌ سه‌كت ده‌كات، خه‌للاد خوێندنه‌وه‌ی بۆ زیاد ده‌كات، له‌باری وه‌ستاندا: حه‌مزه‌ گواستنه‌وه‌ ده‌كات یان گۆڕین به‌ تێكهه‌ڵكێشان ده‌كات.

- **حوكمی زه‌نه‌داری نه‌لكاو**، وه‌ك(من ءامن) به‌م شێوه‌یه‌:

له‌باری نه‌وه‌ستاندا: حه‌مزه‌ به‌ته‌حقیق و خه‌له‌ف سه‌كت زیاد ده‌كات، له‌باری وه‌ستاندا: حه‌مزه‌ به‌گواستنه‌وه‌و خه‌له‌ف سه‌كت زیاد ده‌كات، له‌باری وه‌ستاندا: حه‌مزه‌ به‌گواستنه‌وه‌و ته‌حقیق ده‌خوێنێته‌وه‌و خه‌له‌ف سه‌كت زیاد ده‌كات.

- **حوكمی میمی كۆ**، وه‌ك(ربهمْ إلا) به‌م شێوه‌یه‌:

له‌باری وه‌ستان و نه‌وه‌ستاندا: حه‌مزه‌ هه‌مزه‌كه‌ به‌ ته‌حقیق ده‌خوێنێته‌وه‌و خه‌له‌ف سه‌كت زیاد ده‌كات.

تێبینیهكان:-

1- لاى خهلهف تهحقیق نیه له لكاودا .

2- لاى خهللاد سهكت نیه له نهلكاو .

3- لهبارى نهوهستاندا: گواستنهوه نیه لاى پێشهوا حهمزه به هیچ شێوهیهك.

سودى ژماره(1)

له لكاو یان نهلكاودا:

ئهگهر قاریئ سهكتى كرد له بارى نهوهستاندا ئهوه به سهكت دهوهستێت لهبارى وهستاندا، وئهگهر به تهحقیقى خوێندهوه له بارى نهوهستاندا، ئهوه بهتهحقیق دهوهستێت لهبارى وهستاندا، گواستنهوهش گشتیه لههر ههموویان، واته: سهكت لهگهڵ سهكت و تهحقبق لهگهڵ تهحقیق گواستنهوهش گشتیه.

ئهگهر: به سهكت خوێنتهوه لهبارى نهوهستاندا لهسهر لكاو وشهكانى[(أل)و (شيء)]، ئهوه دروسته لهبارى وهستاندا لهسهر{الأرض، الإنسان، الآخر}، گواستنهوهو سهكت، وئهگهر بێ سهكت خوێنتهوه لهبارى نهوهستاندا ئهوه وهستانت بۆ نیه لهو نمونانهى پێشوو هاوشێوهكانیان تهنها گواستنهوه نهبێت، بهلاَم له نهلكاودا وهك(من آمن) ئهگهر به سهكت خوێنتهوه لهبارى نهوهستاندا ئهوه بۆت ههیه وهستان به گواستنهوهو سهكت، وئهگهر تهحقیقت كرد لهلكاو لهبارى نهوهستاندا ئهوه بۆت ههیه لهبرى وهستاندا گواستنهوهو خوێندنهوه.

سودی ژماره(2)

له‌ئایه‌تی{الٓمٓ ۝١ أَحَسِبَ ٱلنَّاسُ أَن يُتۡرَكُوٓاْ أَن يَقُولُوٓاْ ءَامَنَّا وَهُمۡ لَا يُفۡتَنُونَ}،[عه‌نكه‌بوت:1]، له‌باری وه‌ستاندا: له‌سه‌ر وشه‌ی[أحسب] ده‌بێته زه‌ننه‌داری نه‌لكاو، له‌باری وه‌ستاندا: حه‌مزه به‌گواستنه‌وه‌و ته‌حقیق ده‌یخوێنێته‌وه، خه‌له‌فیش سه‌كت زیاد ده‌كات، له‌گه‌ڵ ئاگاداربوون له‌باری گواستنه‌وه لای پێشه‌وا حه‌مزه پیتی(ی) میمه‌كه(م) به‌درێژكردنه‌وه‌ی شه‌ش جووله ئه‌وه‌یان پێش ده‌كه‌وێت له‌سه‌ر ئه‌صل، ودرێژكردنه‌وه‌ی دوو جووله‌ی په‌یداكراو ئه‌وه‌ش گواستنه‌وه‌ی جووله‌ی هه‌مزه‌یه بۆ پیتی(م) ئه‌وه‌ش به پیتی(م)ی سوره‌تی ئالی عیمران ده‌چێت، هه‌مو خوێندنه‌وه‌كان لای حه‌مزه ده‌بێته چوار خوێندنه‌وه.

سودی ژماره(3)

حه‌مزه له نێوان دوو سوره‌ته‌دا –له‌كاتی لكاندنی دوو سوره‌ت به‌یه‌كه‌وه به‌یه‌ك نه‌فه‌س– به‌سمه‌له لاده‌بات، له‌سه‌ر ئه‌وه‌ش له‌باری نه‌وه‌ستاندا كۆتایی وشه‌ی سوره‌ته‌كه ده‌گات به یه‌كه‌م وشه‌ی سه‌ره‌تای سوره‌ته‌كه، له‌سه‌ر ئه‌وه‌ش ئه‌حكامی ته‌جوید دروست ده‌بێت له تێكهه‌ڵكێشان و شاردنه‌وه‌و یان سه‌كت و ئه‌وانی تر.

ئه‌و سوره‌تانه‌ی سه‌ره‌تایه‌كانیان به پیتی نه‌لكاو(الحروف المقطعة) ده‌ست پێ ده‌كات و پێشیان سوره‌تێكه به وشه‌یه‌كی نوندار كۆتایی دێت نه‌هاتووه، ته‌نها له دوو شوێن نه‌بێت، ئه‌وانیش كۆتایی سوره‌تی ئه‌نعام و سه‌ره‌تای سوره‌تی ئه‌عراف له ئایه‌تی{وَإِنَّهُۥ لَغَفُورٌ رَّحِيمُۢ ۝١٦٥ الٓمٓصٓ ۝١ كِتَٰبٌ أُنزِلَ إِلَيۡكَ}،

وکۆتایی سورەتی لوقمان لەگەڵ سەرەتای سورەتی سەجدە{إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرُۢ ﴿٣٤﴾ الٓمٓ ﴿١﴾ تَنزِيلُ ٱلۡكِتَٰبِ}، **لێرەدا -پیتە نەلکاوەکان- لەگەڵ پێش خۆیان لە وشەدا دەچێتە بابەتی زەننەداری نەلکاو لەباری نەوەستاندا(واتە: لکاندنی پیتە نەلکاوەکان لەگەڵ دوای خۆیان) حەمزە دەیان خوێنێتەوەو خەلەف سەکت زیاد دەکات، ولەباری وەستاندا(واتە: وەستان لەسەر کۆتایی پیتە نەلکاوەکان) ئەوە حەمزە گواستنەوەو تەحقیق دەکات و خەلەف سەکت زیاد دەکات.**

دەربارەی ئەو سورەتانەی کە کۆتاییان بە زەننە دێت و لەدوای زەننەدارەکە سورەتێك دێت بە هەمزەی نەلکاو دەست پێ دەکات ئەوەیان زۆرە، وەك ئایەتی{وَأَمَّا بِنِعۡمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثۡ ﴿١١﴾ أَلَمۡ نَشۡرَحۡ لَكَ صَدۡرَكَ}، **وئایەتی**{فِي عَمَدٖ مُّمَدَّدَةِۭ ﴿٩﴾ أَلَمۡ تَرَ كَيۡفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصۡحَٰبِ ٱلۡفِيلِ}، **وئایەتی**{وَٱسۡجُدۡ وَٱقۡتَرِب۩ ﴿١٩﴾ إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةِ ٱلۡقَدۡرِ}، **ئەم ئایەتانەو ئەوانی ڕابردوش بەشێوەیەکن کە بە نەلکاو سەیر دەکرێن.**

زانیاری(1)

بۆچی سەکتە ناکرێت لەسەر پیتەکانی درێژکردنەوە(حروف المد) کاتێك هەمزەیان بەدوادادێت ئەوەش لەڕێگەی شاطبیەوە؟

پێشەوا دانی[1]. دەفەرموێت: ئەوەی سەلیم گواستویەتیەوە لە حەمزە ئەوەیە: ئەگەر درێژکردنەوەکەی درێژکردوە جێگەی سەکتی پێش هەمزە دەگرێتەوە، وئەگەر درێژیکردەوە، ئەوە هەمزەی لە دوای درێژکردنەوەکە دێت، وسەکت ناکات لە پێش هەمزە.

پێشەوا دانی بۆچوونی لەسەر ئەوە هەیە دەفەرموێت: ئەوەی کە حەمزە باسی کردووە کە درێژکردنەوە جێگەی سەکت دەگرێتەوە، واتایەکی جوانە، ئەوەش دەبێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە حەمزە شارەزایەو لێزان و وردبینە، ئەوەش لەوە دەردەکەوێت کە گونجاندنی پیتەکانی درێژکردنەوە ئاشکراکردنیانە بەهۆی ونبونیان و دووری شوێنی دەرچونیان، ئەوەش دەبێتە مایەی بەهێزکردنیان لەکاتی دەرچوون و دەربڕینیان، وهەروها وەستان لەسەر ئەو زەنگەی دەکەوێتە پێش خۆی ئەوە تەنها بۆ ئاشکراکردن و دەرخستنە.

ئەگەر ئاشکراکرا بەمەبەستی گونجاندنی پیتی درێژکردنەوەی پێش خۆی ئەوە لەو کاتەدا پێویست بە سەکت ناکات، ودرێژکردنەوەش بەس بۆ ئەم کارەو پێویستی بە سەکت نیە(کۆتایی).

واتە: مەبەست لە سەکت ئاشکراکردن و دەرخستنی هەمزەیە، زیاد کردنی درێژکردنەوەش مەبەست پێی ئاشکراکردنی و دەرخستنی هەمزەیە، هەر بۆیە لەم کاتەدا پێویستمان بە سەکت نامێنێت.

---

[1] **ئەبو عەمری دانی، لە پەرتووکی**(جامع البيان في القراءات السبع المشهورة) **بەیروت،** (دار الكتب العلمية) 1426**ك، لا**273.

زانیاری(2)

بۆچی گواستنەوە ڕونادات لەباری وەستاندا لەسەر پیتی(م)ی کۆ{عليكم أنفسكم، وذلكم إصري}؟ چونکە پیتی(م)ی کۆ هەمو جوولەیەك وەرناگرێت، یان بەشێوەیەکی وردتر بڵێین بەلکو فەتحە وەرناگرێت، ئەمە لە ڕوویەکەوە لە ڕوویەکی تر ئەوە زاندراوە کە ئەصلی پیتی(م)ی کۆ ضـمـەمەیە، زەنندارکراوە، کەواتا دروست نیە بۆ ئێمە دوای ئەوەی کە زەنندارمان کرد جوولەیەکی تری نوێی بۆ دابنێین ئەوەی جوولەی گواستنەوەیە.

کورتکراوەی مەزهەبی حەمزەو هەردوو ڕاویەکانی دەربارەی زەننەی لکاوو نەلکاو لەگەڵ وشەی (شيء)و (شيئاً)و پیتی(م)ی کۆ

ڕاوی	باری	زەننە لکاو (الأرض)	زەننە نەلکاو (من ءامن)	وشەی شيئاً - شيء	پیتی(م)ی کۆ (عنهم) (أموالهم)
خەلەف	نەوەستان	سەکت	تەحقیق سەکت	سەکت	تەحقیق سەکت
خەلەف	وەستان	گواستنەوە سەکت	گواستنەوە تەحقیق سەکت	گواستنەوە گۆڕین تێکهەڵکێشان	تەحقیق سەکت
خەللاد	نەوەستان	سەکت تەحقیق	تەحقیق	سەکت تەحقیق	تەحقیق
خەللاد	وەستان	گواستنەوە سەکت	گواستنەوە تەحقیق	گواستنەوە گۆڕین تێکهەڵکێشان	تەحقیق
حەمزە هەردوڕاوی	نەوەستان	سەکت تەحقیق	تەحقیق سەکت	سەکت خوێندنەوە	تەحقیق سەکت
حەمزە هەردوڕاوی	وەستان	گواستنەوە سەکت	گواستنەوە تەحقیق سەکت	گواستنەوە گۆڕین تێکهەڵکێشان	تەحقیق سەکت

تێبینی: لە خشتەی ڕابردو زاراوەی حەمزەو ڕاویەكانی هاتووە، مەبەست پێی كۆبونەوەی هەردوو ڕاویەكانە لە قیرائەتدا وپێش نەخستنی یەكێكیان لەسەر ئەوی تر.

زانیاری(3)

ئاشكرایە لەلای حەمزە لە باری وەستاندا بە گواستنەوەو سەكت لكاو(موصول) دەخوێنێتەوە، ئەگەر قارئ وەك تاقیكردنەوەیەك دەستی كرد بە وشەیەك لەبابەتی لكاودا، وەك وشەی(الأرض) وویستی بوەستێت لەسەری لەهەمان كاتدا، ئەوە دروستە لەكاتی وەستاندا بە هەمزەی لكاو دەست پێ بكات هەر وەك چۆن بۆی دروستە بە پیتی(ل) دەست پێ بكات، لەم بارەیەوە هاوڕایە لەگەڵ پێشەوا وەرش، كەواتا لەباری دەستپێكردندا وەك وشەی(الأرض)و هاوشێوەكانی و وەستان لەسەریان ئەوە لای حەمزە سێ خوێندنەوە هەیە بەم شێوەیە:

أ- گواستنەوە لەگەڵ دەستپێكردن بە هەمزەی لكاو(الأَرض).

ب- گواستنەوە لەگەڵ دەستپێكردن بە پیتی(ل)(الَارض).

ت- سەكت.

ئەوەی لەڕابردو باسكرا ئیبن جەزەری[1]. جەخت دەكاتەوە دەفەرموێت: ئەم دوو خوێندنەوە، واتە: گواستنەوەو دەستپێكردن بە هەمزەی لكاو یان پیتی(ل) هەردوكیان دروستە لە هەمو ئەوانەی دەگوازرێتەوە لە پیتی لامەكانی ناساندن بۆ هەمو ئەوەی دەگوازرێتەوە.

زانیاری(4)

[1] موحەممەدی جەزەری(النشر في القراءات العشر) قاهیرە،(چاپەمەنی التجارية الكبرى ب1427ك، لا415.

له قیرائەتی حەمزه ئەگەر قارئ ویستی سەكت بكات لەسەر ئەو پیتەی كه هەمزەی له پێشدا هاتووەو پیتەكەش نونداره، جیاوازیشی نیه ئایه نونەكه تەنیونی -فەتحەیه یان تەنوینی ضـەممەیه یان تەنوینی كەسەرەیە- پیتێك وەك ئایەتی{طيراً أبابيل}، ئەوەیان لەسەر نونی تەنوین دەوستێت، به پێچەوانەی ڕیوایەتی حەفص چونكه ئەو سەكت دەكات لەسەر وشەكه وقاریئیش دەوستێت لەسەری وەك ئایەتی{عِوَجَا ۜ ﴿١﴾ قَيِّمًا}، بەشێوەەك حەفص دەوەستێت لەسەر ئەلیف ی قەرەبو(عوض).

بەڵام حەمزه لەسەر نمونەی یەكەم دەوەستێت لەسەر نونی تەنویندا، -هەروەك چۆن لەڕابردو باسمان كرد- تاوەكو بزاندرێت سەكتی هەمزەكه لەسەر لكاوو نەلكاوه ئەوەش تەجویدو خوێندنەوەو ئاشكراكردنی هەمزەكەیه نەك وەستان.
دانی[(1)]. دەفەرموێت: پێشتر سەكتیان دەكرد لەسەر ئەوەی له پێش هەمزەكەدا هاتووه ئەوەش بۆ دەرخستنی بو تا شاراوەنەبێت، -واتا شاراوەی هەمزەكه نەبێت-.

جەزەری[(2)].و سەخاوی[(3)]. دەفەرموون: مەبەست لەو سەكته داوای یارمەتیه لەسەر دەرچونی هەمزەو خوێندنەوەی به ئارامی پێشه خۆی.
لەكاتی سەكەت دا لەسەر پیتی زەننەدار بۆ هەمزه، ئێمه دەتوانین هەمزەكه دەرخەین له شوێنی خوێندنەوەی خۆی.

تێڕوانه -خودا ئاگادارت بێت- حەمزه سەكتەی دروست ئەنجام دەدات له كۆتای سوڕەتی ئەنفال، لەئایەتی{إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌۢ ﴿٧٥﴾ بَرَآءَةٌۭ}، حەمزه دەوەستێت لەسەری وەك حەفص، واته: دەوەستێت لەسەر پیتی(م)ی زەننەدار -لەگەڵ

---

(1) ئەبو عەمر عوسمانی دانی(جامع البيان في القراءات السبع المشهورة) بەیروت، (الكتب العلمية) 1426ك، ل270.
(2) موحەممەدی كوڕی جەزەری(النشر في القراءات العشر) قاهیرە، چاپەمەنیالتجارية الكبرى، ب1، 1427ك، ل419.
(3) عەلی موحەممەدی سەخاوی، پەرتوكی(فتح الوصيد في شرح القصيد)،(رياز، مكتبة الرشد) ب1، 1423ك، ل386

سیٚ لەگەڵ سكونی دروست بوو– چونكه مەبەست لێی وەستانەو هیچ مەبەستێكی تر نیه وەك هەمزە، بۆ نمونه هەروەك حەمزەی لەگەڵ سەكتەكانی تریش وادەكات.

لەگەڵ تێبینی ئەوەی كه حەمزه ناوەستێت به درێژكردنەوەی زەننەی دروست بوو یان پیتی نوندار، وەك(عذابٌ أَليم).

دەتوانین ئەوه زیاد بكەین لەسەر بابەتی ڕابردو له نێوان سەكت لای حەمزەو سەكت لای حەفص كه بڵێین: سەكەت پێویسته(واجب) لای حەفص له چوار شوێن، ولەدوو شوێندا دروسته(جائیزه)، بەڵام سەكت لای حەمزه دەچێته بابەتی بنچینه ئەوەش زۆر بەكارهاتووه له قورئانی پیرۆز.



ڕاهێنانی
گشتی لەسەر لکاوو نەلکاو

➢ **وەستان لەسەر ئایەتێك دوو نەلکاو بەیەکەوە کۆبۆتەوە، دوەمیان دەوستێت لەسەری،** ئەوەش وەك{فَعِدَّةٞ مِّنۡ أَيَّامٍ أُخَرَۗ}،[بەقەرە:185].

خوێندنەوە دروستەکان	(نەوەستان)نەلکاو ﴿من أيام﴾	(وەستان)نەلکاو ﴿أيامٍ أخر﴾	
1	بێ سەکت	گواستنەوە	حەمزە
2	بێ سەکت	تەحقیق	حەمزە
3	سەکت	گواستنەوە	خەلەف
4	سەکت	سەکت	خەلەف

تێبینی دەکەین لە زەنندەاری نەلکاو، لەباری نەوەستاندا: حەمزە بەتەحقیق و خەلەف بە سەکت زیاد دەکات، لەباری وەستاندا: حەمزە گواستنەوەو تەحقیق دەکات خەلەف سەکت زیاد دەکات، کۆی گشتی خوێندنەوەکان کە دەخوێندرێتەوە چوار خوێندنەوەیە، کۆی خوێندنەوەی عەقلیش شەشە، دوو خوێندنەوە لای خەلەف قەدەغەیە ئەوانیش: تەحقیق لەباری نەوەستاندا لەگەڵ خوێندنەوەی سەکت لەباری وەستانداو بە پێچەوانەوە.

➢ **وەستان لەسەر ئەو ئایەتەی تێیدا کۆبویتەوە، تێکهەڵکێشانی تەنوین لە پیتی(و) دوو نەلکاو، دووەم لەسەری دەوستێ:-**

ئەوەش وەك{إِنَّآ أَرۡسَلۡنَٰكَ بِٱلۡحَقِّ بَشِيرٗا وَنَذِيرٗاۚ وَإِن مِّنۡ أُمَّةٍ إِلَّا }،[فاطر:24].

دروستەکان خوێندنەوە	تێکهەڵکێشانی تەنوین لە پیتی(و) ﴿ بشيراً ونذيراً وإن ﴾	(لێکدان)نەلکاو ﴿ من أمة ﴾	(وەستان)نەلکاو ﴿ أمة إلا ﴾	
1	تێکهەڵکێشان بێ مینگە	تەحقیق	گواستنەوە	خەلەف
2	تێکهەڵکێشان بێ مینگە	تەحقیق	تەحقیق	خەلەف
3	تێکهەڵکێشان بێ مینگە	سەکت	گواستنەوە	خەلەف
4	تێکهەڵکێشان بێ مینگە	سەکت	سەکت	خەلەف
5	تێکهەڵکێشان بەمینگە	تەحقیق	گواستنەوە	خەللاد
6	تێکهەڵکێشان بەمینگە	تەحقیق	تەحقیق	خەللاد

تێبینی دەکرێت کە خەلەف تێکهەڵکێشانی بێ مینگە دەکات، لەزەنەداری نەلکاودا، لەباری نەوەستاندا: حەمزە تەحقیق دەکات و خەلەف سەکت زیاد دەکات، لەباری وەستاندا: حەمزە گواستنەوەو خوێندنەوە دەکات، خەلەف سەکت زیاد دەکات.

➢ وه‌ستان له‌سه‌ر ئه‌و ئایه‌ته‌ی تێیدا كۆبویته‌وه نه‌لكاوو لكاو ودەوستێت له‌سه‌ری:-

ئه‌وه‌ش وه‌ك{إِنَّمَا مَثَلُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا كَمَآءٍ أَنزَلۡنَٰهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَٱخۡتَلَطَ بِهِۦ نَبَاتُ ٱلۡأَرۡضِ مِمَّا يَأۡكُلُ ٱلنَّاسُ وَٱلۡأَنۡعَٰمُ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَخَذَتِ ٱلۡأَرۡضُ زُخۡرُفَهَا وَٱزَّيَّنَتۡ وَظَنَّ أَهۡلُهَآ أَنَّهُمۡ قَٰدِرُونَ عَلَيۡهَآ أَتَىٰهَآ أَمۡرُنَا لَيۡلًا أَوۡ}،[یونس:24].

خوێندنه‌وه دروسته‌كان	(لێكدان) نه‌لكاو ﴿ كماءٍ أنزلناه ﴾	(لێكدان) لكاو ﴿ الأرض، والأنعام، الأرض ﴾	(وه‌ستان) نه‌لكاو ﴿ ليلاً أو ﴾	
1	ته‌حقیق(بێ سه‌كت	سه‌كت	گواستنه‌وه	حه‌مزه
2	ته‌حقیق(بێ سه‌كت	سه‌كت	ته‌حقیق	حه‌مزه
3	ته‌حقیق(بێ سه‌كت	ته‌حقیق	گواستنه‌وه	خه‌للاد
4	ته‌حقیق(بێ سه‌كت	ته‌حقیق	سه‌كت	خه‌للاد
5	سه‌كت	سه‌كت	گواستنه‌وه	خه‌له‌ف
6	سه‌كت	سه‌كت	سه‌كت	خه‌له‌ف

تێبینی ئه‌وه ده‌كرێت له زه‌ننه‌داری نه‌لكاو، له‌باری نه‌وه‌ستاندا: حه‌مزه ته‌حقیق و خه‌له‌فیش سه‌كت زیاد ده‌كات، له‌باری وه‌ستاندا: حه‌مزه گواستنه‌وه‌و ته‌حقیقی ده‌كات و خه‌له‌فیش سه‌كت زیاد ده‌كات، به‌لأم له زه‌ننه‌داری لكاو، له‌باری وه‌ستاندا: حه‌مزه گواستنه‌وه‌و سه‌كت ئه‌نجا ده‌دات.

➢ وەستان لەسەر ئەو ئایەتەی كە نەلكاوی تێدایە، بەشێوەیەك(زەنندار) دەكەوێتە كۆتایی سورەت وهەمزە دەكەوێتە سەرەتای سورەتی نوێ:-

ئەوەش وەك{وَأَمَّا بِنِعۡمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثۡ ۝١١ أَلَمۡ}.

	(وەستان)نەلكاو ﴿ فحدث * ألم ﴾	خوێندنەوە دروستەكان
حەمزە	گواستنەوە	1
حەمزە	تەحقیق تەحقیق(بێ سەكت)	2
خەلەف	سەكت	3

➢ وەستان لەسەر ئەو ئایەتەی تێیدا كۆبویتەوە نەلكاوو لكاوی لەسەر وەستاو:-

ئەوەش وەك{قُلۡ إِنَّمَا ٱلۡأٓيَٰتُ}،[ئەنعام:109].

	(وەستان)نەلكاو ﴿ الآيات ﴾	(لێكدان)نەلكاو ﴿ قل إنما ﴾	خوێندنەوە دروستەكان
حەمزە	گواستنەوە	تەحقیق(بێ سەكت)	1
حەمزە	سەكت	تەحقیق(بێ سەكت)	2
خەلەف	گواستنەوە	سەكت	3
خەلەف	سەكت	سەكت	4

تێبینی ئەوە دەكرێت كە زەننەداری نەلكاو، لەباری نەوەستادا: حەمزە تەحقیقی بۆ دەكات و خەلەف سەكت زیاد دەكات، بەلأم لە زەننەی لكاو، لەباری وەستاندا: حەمزە گواستنەوەو سەكت دەكات، لەسەر ئەوەش خوێندنەوەكان دەبێتە چوار شێوە.

➢ **وه‌ستان له‌سه‌ر ئایه‌تێك تێیدا كۆبویته‌وه‌ لكاوو نه‌لكاوی وه‌ستاو له‌سه‌ر:-**

ئه‌وه‌ش وه‌ك{يَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡفَسَادِ فِي ٱلۡأَرۡضِ إِلَّا قَلِيلٗا مِّمَّنۡ أَنجَيۡنَا}،[**هود**:116].

خوێندنه‌وه دروسته‌كان	(لێكدان)لكاو ﴿ الأرض ﴾	(لێكدان)نه‌لكاو ﴿ ممن أنجينا ﴾	
1	سه‌كت	گواستنه‌وه	حه‌مزه
2	سه‌كت	ته‌حقيق	حه‌مزه
3	سه‌كت	سه‌كت	خه‌له‌ف
4	ته‌حقيق(بێ سه‌كت)	گواستنه‌وه	خه‌للاد
5	ته‌حقيق(بێ سه‌كت)	ته‌حقيق	خه‌للاد

تێبينی ئه‌وه ده‌كرێت كه له زه‌ننه‌داری لكاو، له‌باری نه‌وه‌ستاندا: حه‌مزه سه‌كت ده‌كات و خه‌للاد ته‌حقيق زياد ده‌كات، به‌لاَم له زه‌ننه‌ی نه‌لكاو، له‌باری وه‌ستاندا: حه‌مزه گواستنه‌وه‌و ته‌حقيق ده‌كات خه‌له‌ف سه‌كت زياد ده‌كات، له‌سه‌ر ئه‌مه‌ش شێوه خوێندنه‌وه‌كان ده‌بێته پێنج.

- **وەستان لەسەر ئەو ئایەتەی تێیدا کۆبویتەوە لکاوو تێکهەڵکێشانی پیتی(ن) لە پیتی(ی) لەگەڵ وشەی(شیئاً) وتێکهەڵکێشانی تەنوین لە پیتی(و)، ونەلکاوی وەستاو لەسەر:-**

ئەوەش وەك{إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱشۡتَرَوُاْ ٱلۡكُفۡرَ بِٱلۡإِيمَٰنِ لَن يَضُرُّواْ ٱللَّهَ شَيۡـٔٗا وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ}،[ئالی عیمران:177].

دروستەکان خوێندنەوە	(لێکدان) لکاو ﴿بالإيمان﴾	تێکهەڵکێشانی (ن) لە(ی)ی ﴿ لن يضروا ﴾	شیئا	تێکهەڵکێشانی تەنوین لە(و) ﴿ شيئاً ولهم ﴾	(وەستان) نەلکاو ﴿عذاب أليم﴾	
1	سەکت	تێکهەڵکێشان بێ مینگە	سەکت	تێکهەڵکێشان بێ مینگە	گواستنەوە	خەلەف
2	سەکت	تێکهەڵکێشان بێ مینگە	سەکت	تێکهەڵکێشان بێ مینگە	تەحقیق	خەلەف
3	سەکت	تێکهەڵکێشان بێ مینگە	سەکت	تێکهەڵکێشان بێ مینگە	سەکت	خەلەف
4	سەکت	تێکهەڵکێشان بێ مینگە	سەکت	تێکهەڵکێشان بێ مینگە	گواستنەوە	خەللاد
5	سەکت	تێکهەڵکێشان بێ مینگە	سەکت	تێکهەڵکێشان بێ مینگە	تەحقیق	خەللاد
6	تەحقیق	تێکهەڵکێشان بێ مینگە	سەکت	تێکهەڵکێشان بێ مینگە	گواستنەوە	خەللاد
7	تەحقیق	تێکهەڵکێشان بێ مینگە	سەکت	تێکهەڵکێشان بێ مینگە	تەحقیق	خەللاد

تێبینی ئەوە دەکرێت کە لە زەننەداری لکاو، لەباری نەوەستاندا: حەمزە سەکت دەکات و خەللاد تەحقیق زیاد دەکات، بەڵام لە زەننەی نەلکاو، لەباری وەستاندا: حەمزە گواستنەوەو تەحقیق دەکات خەلەف سەکت زیاد دەکات، هەروها خەلەف تێکهەڵکێشانی بێ مینگە دەکات.

➢ وهستان لهسهر ئهو ئایهتهى تێیدا كۆبویتهوه لكاوو وشهى(شىو)و نهلكاو لهگهڵ پیتى(م)ى كۆ كه ههمزهى وهستاوى لهدوادا هاتبێت:-

ئهوهش وهك{لَيۡسَ لَكَ مِنَ ٱلۡأَمۡرِ شَيۡءٌ أَوۡ يَتُوبَ عَلَيۡهِمۡ أَوۡ}،[ئالى عیمران:128].

دروستهكان خوێندنهوه	(لێكدان) لكاو ﴿الأمر﴾	(لێكدان) شيء﴿شي﴾	(لێكدان) نهلكاو ﴿شيءٌ أو﴾	(وهستان)(م)ى كۆ ههمزهى لهدوا هاتووه ﴿عليهم أو﴾	
1	سهكت	سهكت	خوێندنهوه	خوێندنهوه	حهمزه
2	سهكت	سهكت	سهكت	سهكت	خهلهف
3	تهحقیق	تهحقیق	تهحقیق	تهحقیق	خهللاد

تێبینى ئهوه دهكرێت له زهنندارى لكاو، لهبارى نهوهستاندا: حهمزه سهكت دهكات و خهللاد خوێندنهوه زیاد دهكات، بهلاّم له وشهى(شيء) لهبارى نهوهستاندا: حهمزه سهكت دهكات وخهللاد خوێندنهوه زیاد دهكات، بهلاّم له زهننهى نهلكاو لهبارى نهوهستاندا: حهمزه تهحقیق دهكات و خهلهف سهكت زیاد دهكات، ولهپیتى میمى كۆ بهرِهها: حهمزه خوێندنهوه دهكات و خهلهف سهكت زیاد دهكات.

➢ **وەستان لەسەر ئەو ئایەتەی تێیدا كۆبویتەوە دوو لكاو دووەمیان لەسەری دەوستێت:-**

ئەوەش وەك{هُوَ ٱلۡأَوَّلُ وَٱلۡأٓخِرُ، وَٱلۡأَرۡضَ وَضَعَهَا لِلۡأَنَامِ، وَهُوَ بِٱلۡأُفُقِ الاعلى،[حەدید:3].

	(وەستان)لكاو ﴿ والآخر ﴾	(لێكدان) لكاو ﴿ الأول ﴾	خوێندنەوە دروستەكان
حەمزە	گواستنەوە	سەكت	1
حەمزە	سەكت	سەكت	2
خەللاد	سەكت	خوێندنەوە(بێ سەكت)	3

له زەننەداری لكاو، لەباری نەوەستاندا: حەمزە سەكت دەكات و خەللاد خوێندنەوە زیاد دەكات، لەباری وەستاندا: حەمزە گواستنەوە وسەكت دەكات، لەسەر ئەمەش خوێندنەوەكان دەبێتە سێ شێوە خوێندنەوە.

دەربارەی خوێندنەوە قەدەغەكراوەكان بریتیە لە تەحقیقكردنی لكاو لەباری نەوەستاندا لەگەڵ سەكت ولەباری وەستاندا تەنها بۆ خەللادە.

➢ وه‌ستان له‌سه‌ر ئه‌و ئایه‌ته‌ی تێیدا كۆبویته‌وه وشه‌ی(شیئاً)و نه‌لكاوی له‌سه‌ر وه‌ستاو:-

ئه‌وه‌ش وه‌ك{شَيۡـًٔا إِدّٗا}،[مه‌ریه‌م:89].

	(وه‌ستان)نه‌لكاو ﴿ إدًّا ﴾	(لێكدان) شیئاً ﴿ شيئاً ﴾	خوێندنه‌وه دروسته‌كان
حه‌مزه	گواستنه‌وه	سه‌كت	1
حه‌مزه	ته‌حقیق	سه‌كت	2
خه‌له‌ف	سه‌كت	سه‌كت	3
خه‌للاد	گواستنه‌وه	خوێندنه‌وه (بێ سه‌كت)	4
خه‌للاد	ته‌حقیق	خوێندنه‌وه (بێ سه‌كت)	5

له وشه‌ی(شیئاً) له‌باری نه‌وه‌ستاندا: حه‌مزه سه‌كت ده‌كات و خه‌للاد خوێندنه‌وه زیاد ده‌كات، وله نه‌لكاو(شیئاً إدًّا) له‌باری وه‌ستاندا: حه‌مزه گواستنه‌وه‌و خوێندنه‌وه ده‌كات، خه‌له‌ف سه‌كت زیاد ده‌كات، وله‌سه‌ر ئه‌وه‌ش خوێندنه‌وه‌كان ده‌بێته پێنج شێوه خوێندنه‌وه.

➢ **وەستان لەسەر ئەو ئایەتەی تێیدا کۆبویتەوە پیتی میمی کۆ لەدوای هاتووە هەمزەو نەلکاو، ونەلکاوی وەستاو لەسەر:-**

ئەوەش وەك{اذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ أَنْجَاكُمْ مِنْ آلِ فِرْعَوْنَ}،[**ئیبراهیم**:6].

خوێندنەوە دروستەکان	(لێکدان)و میمی کۆ ﴿ عليكم إذ ﴾	(لێکدان)و نەلکاو ﴿إذ أنجاكم﴾	(وەستان)و نەلکاو ﴿ من آل ﴾	
1	تەحقیق (بێ سەکت)	تەحقیق	گواستنەوە	حەمزە
2	تەحقیق (بێ سەکت)	تەحقیق	تەحقیق	حەمزە
3	سەکت	سەکت	گواستنەوە	خەلەف
4	سەکت	سەکت	سەکت	خەلەف

تێبینی ئەوە دەکرێت کە پیتی میمی کۆ بە ڕەها لای حەمزە تەحقیق دەکرێت و خەلەف سەکت زیاد دەکات، ولەزەنندەداری نەلکاو لەباری نەوەستاندا: حەمزە تەحقیق دەکات وخەلەف سەکت زیاد دەکات، لەباری وەستاندا: حەمزە گواستنەوەو تەحقیق دەکات و خەلەف سەکت زیاد دەکات.

➢ **وەستان لەسەر ئەو ئایەتەی تێیدا کۆبویتەوە پیتی میمی کۆ لەدوای هاتووە هەمزەیەك بە لێکدان دەخوێندرێتەوە وئەوی تریان لەسەری دەوستێت:-**

ئەوەش وەك{وَمِنۡهُمۡ أُمِّيُّونَ لَا يَعۡلَمُونَ ٱلۡكِتَٰبَ إِلَّآ أَمَانِيَّ وَإِنۡ هُمۡ إِلَّا }،[**بەقەرە**:78].

خوێندنەوە دروستەکان	(لێکدان)میمی کۆ ﴿ومنهم أميون﴾	(وەستان) میمی کۆ ﴿هم إلا﴾	
1	تەحقیق (بێ سەکت)	تەحقیق	حەمزە
2	سەکت	سەکت	خەلەف

تێبینی ئەوە دەکرێت کە پیتی میمی کۆ بە ڕەها لای حەمزە دەخوێندرێتەوەو خەلەفیش سەکت زیاد دەکات.

باسی ههمزه

ههمزه بهشێوهیهكی گشتی به دوو شێوه دێت:-

- ✓ **یهكهمیان:** ههمزه لهیهك وشهدا دێت، جیاوازیش نیه ئایه ئهم ههمزه تاكه یان بهرانبهره به ههمزهی تر، ئهگهر ههمزه له یهك وشهدا هات دهكرێت زهنهدار بێت یان جووڵهداربێت.

- ✓ **دووهمیان:** ههمزه له دوو وشهی بهدوای یهكتردا دێت.

سهرهتا باسی ههندێك لهئهحكامی ههمزهو چۆنیهتی نوسینی دهكهین، ئهوهش به شێوهیهكی گشتی دهبێت، چونكه بهشێك لهوشهكان به شێوهیهكی تایبهت نوسراوه وێناكراوه لهموصحهفی عوسمانی.



هه‌مزه له‌سه‌ره‌تای وشه

هه‌مزه له‌سه‌ره‌تای وشه‌دا له‌سه‌ر ئه‌لیف ده‌نوسرێت به‌ ڕه‌هایی، جیاوازی نیه ضه‌**ممه یان فه‌تحه یان كه‌سره‌دار بێت، جیاوازیشی نیه ئایه لكاوه به‌ پیتی زیاده یان به‌و ده‌ست پێ ده‌كات، وه‌ك**[أَيوب، أُنزل، إِذا، فلأمه، لبإمام، سأصرف]، **ته‌نها ئه‌وانه‌ی خواره‌وه جیاكراوته‌وه:**

✓ **هه‌مزه ئه‌گه‌ر ئه‌لیفی به‌دواداهات ئه‌وه هه‌مزه‌كه له‌سه‌ره‌تای دێر ده‌نوسرێت، وه‌ك**(ءادم).

✓ **ئه‌گه‌ر هه‌مزه‌ی پرسیاری له‌گه‌ڵ هه‌مزه‌ی نه‌لكاوی فه‌تحه‌داربوو ئه‌وه هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م – كه هه‌مزه‌ی پرسیاریه– له‌سه‌ره‌تای دێر ده‌نوسرێت، وه‌ك(**ءأنذرتهم، ءأنت، ءأقررتم**).**

✓ **به‌ڵام جیاكراوته‌وه وشه‌ی(**أؤنزل**)،[ص:**8**]و وشه‌ی(**أؤلقي**)،[قه‌مه‌ر:**25**] له‌سه‌ر ڕه‌سمی خۆیان نه‌نوسراون، به‌م شێوه‌یه(**أءنزل، أءلقي**)، ده‌رباره‌ی وشه‌ی سێیه‌م كه وشه‌ی(**أؤنبئُكم**)،[ئالی عیمران:**15**] ئه‌وه‌یان به‌پێی یاسای گشتی نوسراوه كه هه‌مزه‌ی** ضه‌**ممه‌دار یان كه‌سره‌دار ئه‌گه‌ر هه‌مزه‌ی پرسیاری له پێش هات ئه‌وه به شێوه‌ی جووله‌ی هه‌مزه‌ی دووه‌م ده‌نوسرێت، ئه‌گه‌ر** ضه‌**ممه‌دار بوو ئه‌وه به پیتی**(و) **ده‌نوسرێت، ئه‌گه‌ر كه‌سره‌دار بوو ئه‌وه له‌سه‌ر شێوه‌ی نه‌بره**[(1)]**. ده‌نوسرێت.**

✓ **وشه‌ی**(أئذا)**و وشه‌ی**(أئنا) **له‌هه‌مو شوێنێك له‌قورئانی پیرۆز له‌سه‌ر شێوه‌ی خۆی نه‌نوسراوه ته‌نها له‌سێ شوێن نه‌بێت، ئه‌ویش وشه‌ی**(أئذا)،**[واقیعه:**47**]و وشه‌ی**(أئنا)، **[نه‌مل:**67**]و [صافات:**36**] له‌م سێ شوێنه‌دا ئه‌م دوو وشه كه له‌ڕابردو**

---

(1) **نه‌بر: واته نووسینی هه‌مزه به‌م شێوه‌یه(ئ) وه‌ك له وشه‌ی(أئنا)،(أئذا).**

باس كران لەسەر بنچینەی خۆی نوسراوە -واتە: لەسەر نەبڕە هەر وەك لە بڕگەی پێشوو باس كرا-.

✓**وشەی**(أءلٰه) **كە پێنج جار دووبارە بۆتەوە لە**[**نەمل**:60 **تا** 64] **هەمزە لەم وشەیە لەسەر وێنەی خۆی نەنوسراوە.**



هەمزە لەناوەڕاستی وشە[1].

ئەگەر هەمزە لەناوەڕاستی وشەدا بوو وپیتی زەننە جگە لەئەلیفی لەپێشدا هات یان پیتی زەننەی لەپێشیدا هاتووە لەكاتی لكاندنی بەو پیتەی دوای ئەو لە ڕێنوسدا، ئەوەیان لەسەر دێردا دەنوسرێت، وەك[شطـئـه، الظمـئـان، يسـئـمون، وطـئـأ، يجـئـرون، شيـئـأ، بريـئـأ، مذءوماً، جُزءاً، سَوْءة].

ئەگەر هەمزەی ناوەڕاستی وشە وئەو پیتەی دەكەوێتە پێش هەمزەكە جوولەداربوون، یان هەمزە زەننەدار بوو پیتێكی جوولەداری لەدواهات ئەوە بەشێوەیەك دەنوسرێت كە گونجاوبێت لەگەڵ جوولەی هەمزەكەو جوولەی پێش هەمزەكە بەپێی هێزی جوولەكە، كەسرە بە هێزترە لەضـەممە، ضـەممەش بە هێزترە لەفەتحە، وفەتحەش بە هێزترە لەزەننە، (ئەگەر حیسابی ئەوەی بۆ بكرێت كە زەننە وەك جوولەوایە) لە بەر ئەم هۆیە هەمزە شوێن كەوتەی جوولەی پێش خۆی دەبێت لەكاتی نوسیندا.

ئەگەر هەمزەی ناوەڕاستی وشە جوولەدار بوو وپیتی پێش هەمزەش بەهەمان شێوە جوولەدار بوو یان ئەلیف بوو بەم شێوە دەنوسرێت:

- ✓ ئەگەر یەكێكیان كەسرەدار بوو ئەوە هەمزە لەسەر شێوەی پیتی(ی) دەنوسرێت(كرسي) یان(نبرة)، وەك[أنبِئْهم، سُئِلوا، يَئِسن]، بەلاّم ئەگەر پێش هەمزەكە یان دوای هەمزەكە پیتی(ی) بوو ئەوە لەو كاتە لەسەر شێوەی پیتی(ی) نانوسرێت تا دوو پیتی(ی) بەیەكەوە كۆنەبێتەوە، وەك[خـاسـئـين، متكـئـين].

---

[1] بوونی هەمزە لە ناوەڕاست: یان لە بنچینەی وشەكەیە وەك لە وشەكانی("سأل، ورؤف، ومسألة") یان پەیداكراوە ئەوەش ئەگەر لە كۆتایی و لكاو بە ڕاناو بوو، یان نیشانەی تەئنیسی هەبوو یان نیشانەی دووان یان كۆی پێیوە بوو یان ئەلیفی نونداری مەنصوب بوو،(مصطفى موحەممەدی(جامع الدروس العربية)، (بەیروت، چاپخانەی عەصریە، 1414ك)، لا285.

✓ **ئەگەر یەكێكیان** ضـەممەداربوو، **ئەوی تریان كەسرەدار نەبوو ئەوە هەمزە بە شێوەی پیتی**(و) **دەنوسرێت، وەك**[یَذْرَؤُكم، والمؤتفكة]، **تەنها ئەگەر پێش هەمزەكە یان دوای هەمزەكە پیتی**(و) **بوو ئەوە لەو كاتە لەسەر شێوەی پیتی**(و) **نانوسرێت تا دوو پیتی**(و) **بەیەكەوە كۆنەبێتەوە، وەك**[یـئـــودە، یـئـــوساً].

✓ **ئەگەر هەمزە فەتحەداربوو ئەوەی لەپێش هەمزەكەش بەهەمان شێوە فەتحەداربوو، ئەوە لەسەر شێوەی ئەلیف دەنوسرێت، وەك**[سَأَل، رَأَوە]، **تەنها ئەگەر پێش هەمزەكە یان دوای هەمزەكە ئەلیف بوو ئەوە لەو كاتە لەسەر شێوەی ئەلیف نانوسرێت تا دوو ئەلیف بەیەكەوە كۆنەبێتەوە، وەك**[شنـئـــان].



هه‌مزه له‌كۆتایی وشه

هه‌مزه له كۆتایی وشه له‌سه‌ر شێوه‌ی پیتێك ده‌نوسرێت كه گونجاو بێت له‌گه‌ڵ جووله‌ی پێش خۆی به‌م شێوه‌ی خواره‌وه:

- **ئه‌گه‌ر هه‌مزه پێشی فه‌تحه‌دار بوو، ئه‌وه له‌سه‌ر شێوه‌ی ئه‌لیف ده‌نوسرێت، وه‌ك**[ذَرَأَ].
- **ئه‌گه‌ر هه‌مزه پێشی ضه‌مه‌دار بوو ئه‌وه له‌سه‌ر شێوه‌ی پیتی(و) ده‌نوسرێت، وه‌ك**[إن امرؤٌا].
- **ئه‌گه‌ر هه‌مزه پێشی كه‌سره‌دار بوو، ئه‌وه له‌سه‌ر شێوه‌ی پیتی(ی) ده‌نوسرێت، وه‌ك**[وهيئ، امرئ].
- **ئه‌گه‌ر هه‌مزه پێشی زه‌نه‌دار، بوو ئه‌وه له‌سه‌ره دێر ده‌نوسرێت، وه‌ك**[المرْء، ملْء، الخبْء]

ئه‌گه‌ر پێش هه‌مزه‌كه یان دوای هه‌مزه‌كه ئه‌لیف بوو، ئه‌وه له‌سه‌ر شێوه‌ی ئه‌لیف نانوسرێت تاوه‌كو دوو ئه‌لیف به‌یه‌كه‌وه كۆنه‌بێته‌وه، وه‌ك[جاءَ].

بڕوانه پاشكۆی ژماره(1) له‌كۆتایی بنچینه‌كان

تێبینی: له‌ڕابردوو گوتمان ئه‌و یاسایانه گشتیان ڕێنوسی قورئانه تایبه‌تمه‌ندیه‌كی خۆی هه‌یه جیاكراوته‌وه له‌لایه‌ن په‌روه‌ردگاره‌وه بڕوانه –خودای گه‌وره بتپارێزێت– وبیر بكه‌ره‌وه له‌ئایه‌تی{لَتنوءُ بالعصبة}،[قه‌صه‌ص:76] **له‌سه‌ر شێوه‌ی ئه‌لیف نوسراوه به‌م شێوه‌یه:**(لتنوأُ).

بابه‌تی هه‌مزه‌ی تاك

هه‌مزه‌ی تاك: بریتیه له‌و هه‌مزه‌ی كه هاووێنه‌ی خۆی له‌گه‌ڵیدا نه‌بێت واته: یه‌ك هه‌مزه له وشه‌كه هاتبێت، ئه‌وه‌ش یان زه‌ننه‌دار ده‌بێت یان جووله‌دار، پێشه‌وا حه‌مزه هاوڕایه له‌گه‌ڵ پێشه‌وا حه‌فص له‌و بابه‌ته‌دا، ته‌نها له‌چه‌ند شوێنێكی دیاری كراو نه‌بێت كه به‌م شێوه‌ی خواره‌وه‌یه:

وشه
تایبه‌ته‌كانی حه‌مزه له بابه‌تی هه‌مزه‌ی تاك[1].

1- له باری وه‌ستان و نه‌وه‌ستاندا: حه‌مزه هه‌مزه ده‌گۆڕێت به ئه‌لیف له‌وشه‌كانی﴿يَأۡجُوجَ وَمَأۡجُوجَ﴾،[كه‌هف:94]و [ئه‌نبیاء:96]، به‌م شێوه‌یه﴿يَاجُوجَ وَمَاجُوجَ﴾.

2- حه‌مزه هه‌مزه‌ی وشه‌ی(كُفُوًا)،[ئیخلاص:4]، به زه‌ننه‌ی پیتی(ف)و هه‌مزه‌ی پیتی(و) ده‌خوێنێته‌وه، به‌م شێوه‌یه{كُفُؤًا}.

3- حه‌مزه هه‌مزه‌ی وشه‌ی(هُزُوًا)، له‌هه‌رشوێنێك هاتبێت، به زه‌ننه‌ی پیتی(ز)و هه‌مزه‌ی پیتی(و) ده‌خوێنێته‌وه، به‌م شێوه‌یه{هُزُؤًا}.

---

(1) له‌و وشانه‌ی كه دێت ئه‌وه‌ی كه هه‌ندێكیان حه‌مزه ده‌یخوێنێته‌وه به خوێندنه‌وه‌ی هه‌مزه ئه‌وه‌ش له‌باری لكاندندا، به‌ڵام له‌باری وه‌ستاندا: حه‌مزه هه‌مزه به ئاسانی ده‌خوێنێته‌وه، ئه‌وه‌شیان له بابه‌تی هه‌مزه‌دا باسی ده‌كه‌ین ان شاء الله.

4- حەمزە هەمزە لادەبات لەوشەی(یُضَـٰهِئُونَ)، لەئایەتی{يُضَـٰهِـُٔونَ قَوۡلَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَبۡلُۚ}،[تەوبە:30]، ئەم وشە بەضـەممەی پیتی(ه) دەخوێنێتەوە بەبێ هەمزە بەم شێوەیە{يُضَـٰهُـونَ}[1].

5- حەمزە وشەی(جِبۡرِيـلِ) بە فەتحەی پیتی(ج)و پیتی(ر) دەخوێنێتەوە، وهەمزە کەسرەدار دەکات، وئەو پیتە یائەی لەدوایدا هاتووە درێژدەبێتەوە بە لەبری لەباری نەوەستاندا، بەم شێوەیە{جَبۡرَئِيـلَ}.

6- حەمزە وشەی(وَمِيكَـٰلَ)،[بەقەرە:98]، بەکسرەی هەمزە دەخوێنێتەوە لە دوای ئەلیف، ئەلیفەکەش درێژدەکرێتەوە دەبێتە درێژکردنەوەی لکاو، لەدوای هەمزە پیتی(ی) درێژدەکرێتەوە چونکە دەبێتە بەدەل لەباری نەوەستاندا، بەم شێوەیە{وَمِيكَـٰئِيلَ}.

---

[1]ڕای جمهوری قاریئەکان لەسەر ئەوەیە کە وشەی(يُضَـٰهُونَ)، بەبێ هەمزە بخوێندرێتەوە، واتە: پیتی(ه) تەنها ضـەممەی لەسەر بێت، بنچینەی ئەم وشە(ضاهی)یە، بەڵام پیتی ئەلیف گواستراوتەوە بۆ پیتی(ی)و دواتر لابردراوە لە پێناو پیتی(و) واپێدەچێت کە ئەوەش خوێندنەوەیەك بێت لە وشەی(ضاهی) ئەم وشەیە وەرنەگیراوە لەوتەی عەرەبیدا کە دەڵێن:(امرأة ضهياء) چونکە پیتی(ی) بنچینەی خۆیەتی و پیتی هەمزەکەش زیادەیە، وناکرێت پیتی(ی) زیادەبێت، چونکە لە ڕستەکەدا وشەی(فعيل)ی فەتحەداری فائی تێدا نیە(عبدالله عەکبەری –إملاء ما مَنَّ به الرحمن من وجوه الإعراب والقراءات-.(بەیروت، چاپخانەی زانستی، ب2، 1389ك)لا14.

تێبینی:

پێشەوا حەمزە هەمزەی پرسیاری لادەبات لە ئایەتی{ أَتَّخَذۡنَٰهُمۡ سِخۡرِيًّا أَمۡ زَاغَتۡ عَنۡهُمُ ٱلۡأَبۡصَٰرُ }،[ص:63]، **بەم شێوەیە**[ٱتَّخَذۡنَٰهُمۡ سِخۡرِيًّا أَمۡ]، **لەكاتی دەستپێكردندا هەمزەی لكاو(وصل) كەسرەدار دەكرێت، ئەوە تاكە شوێنە كە لابردنی تێدایە لەو حەوت شوێنەی كە هەمزەی پرسیاری دەكرێت بە لكاو.**



بابەتی
دوو هەمزە لەیەك وشەدا

ئەگەر دوو هەمزە لەیەك وشەدا كۆببێتەوە، هەمزەی یەكەم دەبێتە هەمزەی پرسیاری وپێویستە بەردەوام فەتحەداربێت، ئەم جۆرە هەمزە دەخوێندرێتەوە لای گشت قورائەكان و هەمزەی دووەم یان ضـەممەدار دەبێت یان فەتحەدار یان كەسرەدار.

مەزهەبی پێشەوا حەمزە هاوتایە لەگەڵ پێشەوا حەفص لەم بابەتە، تەنها لەهەندێك جیاكاری دیاری كراو نەبێت كە دواتر ئاگاداری دەدەین دەربارەی ئەم باسە.



حەمزە چوار وشە
بە زیادکردنی هەمزەی پرسیاری دەخوێنێتەوە[1].

- وشەی(إِنَّ) له ئایەتی{قَالُوٓاْ إِنَّ لَنَا لَأَجۡرًا}،[ئەعراف:113] بەم شێوەیە{قَالُوٓا أَإِنَّ لَنَا لَأَجۡرًا}، به پێچەوانەی حەفص، چونکە ئەو بە ئیخبار دەخوێنێتەوە.

- وشەی(إِنَّكُمۡ)،لە ئایەتی{إِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلرِّجَالَ شَهۡوَةً}،[ئەعراف:81]، وئایەتی{إِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلۡفَٰحِشَةَ}، بەم شێوەیە{أَإِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ}، بە پێچەوانەی حەفص، چونکە ئەو بە ئیخبار دەخوێنێتەوە، بەم شێوەیە{ إِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ الرِّجَالَ} و[فوصیلەت:9] بەم شێوەیە{قُلۡ أَإِنَّكُمۡ لَتَكۡفُرُونَ بِٱلَّذِي}، حەمزە لەم بابەتەدا بە تایبەتی لەسوڕەتی فوصیلەت، خوێندنەوەیەکی تری هەیە ئەویش ئاسان خوێندنەوەی هەمزەی دووەم و ئیدخال، ئەوەشیان پێش دەکەوێت لەخوێندنەوەدا.

- وشەی(أَن) لەئایەتی(أَن كَانَ ذَا مَالٍ وَبَنِينَ)،[قەلەم:14]، بەم شێوەیە{أَأَن كَانَ}، بە پێچەوانەی حەفص، چونکە ئەو بە ئیخبار دەخوێنێتەوە.

---

[1] خوێندنەوە لەباری نەوەستاندا دەبێت، بەڵام لەباری وەستاندا: حەمزە دەیخوێنێتەوە یان هەمزەی دووەم ئاسان دەکات، ئەوەش لەبابەتی وەستان لەسەر هەمزە باس دەکەین ان شاء الله(زیادکردنی هەمزە لە ناوەڕاست).

➢ **وشهی**(ءَامَنـتُم)،[**ئهعراف**:123]، **وئایهتی**{قَالَ ءَامَنـتُمۡ لَهُۥ قَبۡلَ أَنۡ ءَاذَنَ لَكُمۡۖ}،[طه:71]، **وئایهتی**{قَالَ ءَامَنـتُمۡ لَهُۥ قَبۡلَ أَنۡ ءَاذَنَ لَكُمۡۖ}،[**شوعهرا**:49]، **بهم شێوهیه**{ءَءَامَنـتُم}[1]. **به پێچهوانهی حهفص، چونكه ئهو به ئیخبار دهخوێنێتهوه.**

تێبینی

حهمزه ههمزهی دووهم دهخوێنێتهوه له وشهی(ءَاۡعۡجَمِيٌّ)،[**فوصیلهت**:44]، **لهباری نهوهستاندا بهم شێوهیه**{ءَأَعۡجَمِيٌّ}، **پێچهوانهی حهفص، كه ئهو ههمزهی دووهم به ئاسان دهخوێنێتهوه، بهلاٚم له باری وهستاندا: لهبابهتی وهستان لهسهر ههمزه باسی دهكهین[ناوهڕاستی زیاده].**

---

[1] **بنچینهی وشهی**(أأأمنتم) **واتا سێ ههمزهی ههیه، یهكهم و دووهم فهتحهداره، سێیهمیان زهننهداره گۆڕدراوه به ئهلیف ئهوه پیتی(ف)ی فیعلی وشهیه، حهمزه یهكهم دهخوێنێتهوهو سێیهم دهگۆڕێت.**

بابه‌تی وه‌ستان
له‌سه‌ر ئه‌م وشانه‌ی كه هه‌مزه‌ی كۆتایی تێدایه

ئاشكرایه كه هه‌مزه قورساییه‌كی تێدایه له ده‌ربڕیندا، هه‌ر بۆیه عه‌ره‌ب به‌چه‌ند ڕێگایه‌كی جۆراو جۆر خۆیان لیّ نه‌جاتداوه، دانی له په‌رتوكه‌كه‌یدا ده‌فه‌رموێت[1].:

والهمز فـيــه كلفة وتعب	لأنـه حرف شـديـد صعب
يخرجه الناطق بــاجـتـهاد	من صـــدره وقــوة اعتمادِ
يــعيبه الكـلـفة والــنـطـعْ	إذ هو كالسـعلة والتهـوعْ
لذاك فيه النقل والتسهيل	بالجعل بين بين والتبديـل
والهـمـز والنبـر هما لقبان	لــواحـــد بذاك يـعــلـمان
وقال أهل العلم بالحـروف	النبر تعبير عن التخفـيـف

ڕێگا جۆراوجۆره‌كانی ڕزگاربوون و ئه‌و گۆڕانكاریانه‌ی به‌سه‌ر هه‌مزه دادێت له‌باری وه‌ستنادا لای پێشه‌وا حه‌مزه كورتكراوته‌وه به‌م شێوه‌ی خواره‌وه:

ئاسان خوێندنه‌وه: بریتیه له ده‌ربڕینی هه‌مزه له‌نێوان هه‌مزه‌و پیتی درێژكردنه‌وه، ئه‌وه‌ی كه جووله‌یان هاوڕه‌گه‌زن، وه‌ك(البارئْ).

گۆڕین: بریتیه له گۆڕینی هه‌مزه به پیتێك له هاوڕه‌گه‌زی جووله‌ی پێش خۆی، وه‌ك(يأتـى).

---

[1] ئه‌بو عه‌مر عوسمانی دانی، په‌رتوكی(الأرجوزة المنبهة على أسماء القراء والرواة وأصول القراءات وعقد الديانات بالتجويد والدلالات)،(ریاز، چاپخانه‌ی موغنی بۆ بلاَوكراوه‌و دابه‌ش كرد)،(1420ك).

گواستنەوە: بریتیە لە گواستنەوەی جوولەی هەمزەی پچڕاو بۆ زەنەنەی پێش خۆی لەگەڵ لابردنی هەمزە، وەك(مَلُ).

لابردن: دەرنەبڕینی هەمزە بە تەواوی بە مەرجەکانی، وەك(تطـــُـو ها).

پێشەوا حەمزە خوێندنەوەیەکی تایبەتی هەیە[1]. لەسەر هەمزەی ناوەڕاست و هەمزەی کۆتایی[2]. هەمزەی ناوەڕاست و کۆتایی ئاسان دەکات[3]. لەو وشەیەی کە لەسەری دەوەستێت[1].

---

[1]پێشەوا حەمزە بەتەواوی هاوڕایە لەگەڵ پێشەوا هیشام لە بابەتی وەستان لەسەر هەمزەی کۆتایی، تەنها لە پێنج وشەو بنچینەی دەرکراو نەبێت، پێنج وشەکەش ئەمانەن: وشەی یەکەم: (دري)،[نور:35]، حەمزە ئەم وشە بە هەمزە دەخوێنێتەوە، هەر بۆیە بە سێ شێوە لەسەری دەوەستێت، وشەی دووەم: (جزاء)،[کەهف:88]، حەمزە وەك حەفص دەخوێنێتەوە بە نەصب لەگەڵ تەنوین وحەمزە لەباری وەستاندا: هەمزە ئاسان دەکات و درێژکردنەوەی دوو جوولەو چوتر جوولەی بۆ دەکات، بەڵام هیشام بە ڕەفع دەخوێنێتەوە نەك نەصب، ولەباری وەستاندا: پێنج خوێندنەوەی قیاسی بۆ هەیە. وشەی سێیەم: (ترجی)،[ئەحزاب:51]، هیشام ئەم وشە بە هەمزە دەخوێنێتەوە، هەر بۆیە لەسەری دەوەستێت بە چوار خوێندنەوەی عەمەلی، بەڵام حەمزە وەك حەفص دەخوێنێتەوە. وشەی چوارەم: زەنەنەدارکردنی
هەمزەیە لای حەمزە لە(ومکر السيء)،[فاطير:43]، ئەمە وشەی یەکەمە، حەمزە لەسەری دەوەستێت بە گۆڕینی بە پیتی(ی) بە پێچەوانەی هیشام چونکە ئەو وەك حەفص دەخوێنێتەوە، – واتە: بە کەسرە– هیشام لەسەری دەوەستێت بە سێ خوێندنەوەی عەمەلی. وشەی پێنجەم: (زكريا)، لەهەر شوێنیك هات لە قورئانی پیرۆز، ئەوە هیشام ئەم وشە بە هەمزە دەخوێنێتەوە بەم شێوەیە(زكرياء)، بە پێچەوانەی حەمزە ئەو بەبێ هەمزە دەخوێنێتەوە وەك حەفص، هەر بۆیە هیشام لەسەری دەوەستێت بە سێ خوێندنەوە ئەگەر فەتحەداربو، وبەپێنج خوێندنەوە ئەگەر ضەممەداربو. دەربارەی بنچینەی دەرکراو: بریتیە لە ئەندازەی درێژکردنەوە لەباری وەستاندا وەك وشەی(السماءُ) شەش جوولە درێژدەکرێتەوە لەیەك لە خوێندنەوەکانی حەمزە، وچوار جوولە درێژدەکرێتەوە لای هیشام.

[2]حەمزە لەباری وەستاندا ئاسانی دەکات چونکە هەمزە موعرەبە، لەسەر وەستاندا وازی لێهێناوە، هەروەك چۆن موعەڕەب لەباری وەستاندا لەسەر ئیعرابی خۆی دەمێنێتەوە.

[3]مەبەست بە ئاسان خوێندنەوە واتە: گۆڕانکاری ڕەها جیاوازیشی نیە گۆڕین بێت یان ئاسانکردن بێت یان لابردن بێت یان گواستنەوە بێت.

هه‌مزه‌ی كۆتایی ئه‌وه‌ی له‌باری وه‌ستان له‌سه‌ری ده‌بێت زه‌ننه‌داربێت، چونكه ئه‌گه‌ر جووله‌دار بێت له باری نه‌وه‌ستاندا ئه‌وه له‌باری وه‌ستاندا پێویسته زه‌ننه‌داربێت.

حه‌مزه دوو خوێندنه‌وه‌ی هه‌یه بۆ هه‌مزه‌ی كۆتایی له‌باری وه‌ستاندا: یه‌كێكیان قیاسی(وه‌ستانی قیاسی)، ئه‌وی تریان ڕه‌سمی(وه‌ستانی ڕه‌سمی).



[1]له‌باری وه‌ستاندا: حه‌مزه هه‌مزه ناخوێنێته‌وه به ڕه‌ها، ته‌نها ئه‌گه‌ر زیاده‌ی له پێش بێت ئه‌و كات ده‌یخوێنێته‌وه.

وه‌ستانی
قیاسی یان(وه‌ستانی ته‌صریفی)

وه‌ستانی قیاسی بریتیه له‌ئاسان خوێندنه‌وه‌ی هه‌مزه –مه‌به‌ست له‌ئاسان خوێندنه‌وه، گۆڕانكاری ڕه‌هایه– به‌پێی یاسای نوسینه‌وه‌ی هه‌مزه هه‌ر وه‌ك زانایانی زمان و ڕه‌سم و ڕه‌نوس باسیان كردووه، به واتایه‌كی تر هه‌مزه به ئاسان ده‌خوێندرێته‌وه به پێی یاسای گشتی.

تێبینی:

ده‌رچوون نیه له قیاسدا له‌ئاسان خوێندنه‌وه‌ی ئه‌و هه‌مزه‌ی به شێوه‌ی ئه‌لیف نوسراوه، له‌پێناو ئه‌وه‌ی كه هه‌مزه له‌سه‌ر شێوه‌ی ئه‌لیف نوسراوه یه‌كسان بووه له باری ئاسان خوێندنه‌وه‌ی شێوه‌ی عوسمانی، ئه‌وه‌ش ده‌رناچێت له‌و ڕووه‌ی كه گۆڕدراوه به ئه‌لیف وه‌ك(اقرأ، يشأ)، له‌زۆربه‌ی كاتدا.

وەستان لەسەر ڕەسمی قورئان

وەستان لەسەر ڕەسمی قورئان بریتیە لەپەیوەست كردنی ڕاوی بە ڕەسمی موصحەف، لەباری ئاسان خوێندنەوەی هەمزە، -مەبەست بە ئاسان خوێندنەوە، گۆڕانكاری ڕەهایە- وەهەروها بە ئاسان خوێندنەوەی(ڕەسم) ناسراوە.

تێبینی:

گواستراوتەوە لەحەمزە كە شوێن كەوتنی ڕەنوسی عوسمانی دەكات بەهەمان شێوە، یەك لەو خوێندنەوانەی لە باری وەستان لەسەر وشەكان شوێن كەوتنی شێوەی عوسمانیە، واتە: ئەگەر وێنەی هەمزە ئەلیف بوو ئەوە بە ئەلیف لەسەری دەوەستیت، وئەگەر وێنەی هەمزەكە پیتی(و) بوو ئەوە بە پیتی(و) لەسەری دەوەستیت، وەئەگەر وێنەی هەمزەكە پیتی(ی) بوو ئەوە بە پیتی(ی) لەسەری دەوەستیت، وەئەگەر وێنەی نەبوو[1]. ئەوە لەسەری دەوەستی بە لابردن[2]. بە زۆری.

ئەوانەی باس كرا هەموویان لەكاتێك دایە ئەگەر بگونجێت لەگەڵ زمانی عەرەبی، هەر كاتێ پێچەوانەی زمانی عەرەبی نەبوو وبە تەواتر[3]. گێرابویانەوە ئەوە دەتواندرێت بیگۆڕن بەپێی ئەوەی لەڕابردوو باس كران، بەڵام ئەگەر پێچەوانەی زمانی عەرەبی و گواستنەوە بوو هەر وەك لەوشەی(السوأى) ئەوە ناگۆڕدرێت بەهۆی شوێن كەوتنی(رسم المصحف).

لەسەر ئەو زانیاریانەی ڕابردوو هەمزەی ناوەڕاست یان كۆتایی -لە باری وەستان لەسەری- ئەگەر كەوتە دوای جوولەدارێك ئەوە پیتی درێژكراو لەڕەگەزی خۆی

---

[1] ئەوە بەڕەها نیە لێرەدا هەندێ نامۆ هەیە، چونكە قورئانی پیرۆز ڕێنوسی تایبەتمەندی خۆی هەیە.

[2] دەچێتە ژێر باری گواستنەوە.

[3] (تەواتر) واتە: كۆمەڵێك بەیەكەوە گێڕابویانەوە، بە شێوەیەك نەدەكرا درۆی تێدا بكەن.

دەگۆڕدرێت بە جوولەی پێش خۆی وەك(يأتي، بئس، يؤمن، سبأٍ، شاطئٍ، امرؤ)**، وئەگەر کۆتایی بوو وەکەوتە دوای ئەلیف ئەوە هەر بە ئەلیف دەگۆڕدرێت، شێوەی ئاسان خوێندنەوەشی بۆ زیاد دەکرێت لەهەمزەی** ضـە**مەدارو کەسرەدار وەك**(السماءُ).

ئەگەر کەوتە ناوەڕاست ئەوە تەنها ئاسان خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، وەك(الملائكة)**، وئەگەر کەوتە دوای پیتێکی زەنندەداری دروست ئەوە جوولەی دەگوازرێتەوە بۆ پێش خۆی دواتر ئەو هەمزە لادەبردرێت، وەك**(القرآن، الخبءَ)**، وئەگەر پیتی لین بوو یان پیتی درێژکردنەوەو لین بوو ئەوە جوولەی دەگوازرێتەوە بوو پێش خۆی ودواتر هەمزەکە لادەچێت یان دەگۆڕدرێت لەگەڵ پێشەخۆی و تێکهەڵکێش دەکرێت وەك**(سيئت، سَوءة، شيءٍ، سَوءٍ)**، بەلاّم ئەگەر کەوتە دوای پیتی**(و)**ی زیادە ئەوە دەگۆڕدرێت بە پیتی**(و) **دواتر تێکهەڵکێشان بۆ پیتی**(و)**ی یەکەم دەکرێت بۆ دووەم، ئەوەش تەنها لەوشەی**(قروءٍ) **دا هەیە.**

ئەگەر کەوتە دوای پیتی(ی)**ی زیادە ئەوە دەگۆڕدرێت بە پیتی**(ی) **دواتر تێکهەڵکێشان بۆ پیتی**(ی)**ی یەکەم بە پیتی**(ی) **دووەم دەکرێت وەك**(خطيئته، بريءٌ).

تێبینی:

ئەوانەی لەڕابردو باس کرا لەسەری جێبەجێ دەکرێت(ئاسان خوێندنەوە، ڕەووم، ئیشمام) بە مەرجەکانیان، وەئەوانەی باسکران شیکردنەوەی بۆ دەکەین بە درێژی بەم شێوەی خوارەوە:

زیاد ڕوونکردنەوەو ئاشکراکردن:

هەمزە لەڕووی جوولەوە لەسەر سێ شێوە خوێندنەوەیە:-

- ✓ **یەکەم:** هەمزەی زەنندار لەدوای جوولەدارێك.
- ✓ **دووە:** هەمزەی جوولەدار لەدوای زەنندارێك.
- ✓ **سێیەم:** هەمزەی جوولەدار لەدوای جوولەدارێك.

✓ یەکەم: هەمزەی زەنندار لەدوای جوولەدارێك:

ئەم جۆرەیان دەکرێت زەننەکەی بنچینەی خۆی بێت یان پەیداکراو بێت وەدەکەوێتە دوای:

❖ **فه تحه:**

وەك (يشَأْ، يُنبَّأْ، اقرَأْ، بدأَ، ذرأَ، ملجأٍ، سبَأٍ، نبَأِ، حمأٍ، ظمَأٌ، امرأَ، تبرَّأَ، مبوَّأ، أسوَأ، ملأٌ، يُسْتهزَأُ).

حوكمی
هەمزەی زەنەدار لەدوای جوولەدارێك بە فەتحە

أ- گۆڕینی هەمزە بە ئەلیف،[بەپێی قیاسی].

ب- لەهەمزەی«کەسرەدارو ضەممەدار» ئاسان خوێندنەوە بە ڕەووم[1]. [بەپێی قیاسی].

حەمزە دوو خوێندنەوە هەیە دەربارەی وشەی(ظمأٌ) کە ئەمانەن:

1- گۆڕینی هەمزە بە ئەلیف بەم شێوەیە:(ظما).

2- ئاسان خوێندنەوەی هەمزە لەگەڵ ڕەووم .

تێبینی:
ئەگەر جوولەی هەمزە پەیداکراو بوو ئەوە بە ڕەووم ناخوێندرێتەوە، واتە: وەستان لەسەری بە یەك خوێندنەوە دەبێت ئەویش گۆڕینە وەك{يَشَإِ ٱللَّهُ}.

[1] ئاسان خوێندنەوە نابێت تەنها لەگەڵ ڕەووم نەبێت لەسەر ئەوەش ئاسان کردن لەگەڵ زەنەو فەتحەی کۆتایی نایەت، چونکە زەنەو فەتحەی کۆتایی ڕەوومیان تێدا نیە.

پرسیار:

بۆچی(ظمأٌ) به ئیشمام ناخوێندرێتەوە؟

وەڵام:

چونکه ئیشمام به ضـهـممەی لێوەکان دەبێت، وهەروها دوای پیتێکی زەنەدار دێت، لێرەشدا تێبینی ئەوە دەکرێت کە ئەلیف لەکاتی دەربڕینی دەمی بۆ دەکرێتەوە ئەگەر هاتوو لێرە ئیشمام بکرێت ناتواندرێت دەم بکەیتەوە، -لەکاتی دەربڕینی ئەلیف- دواتر داخستنی هەردوو لێوەکان دەبێت، ئەوەش قورسایی دروست دەکات لەڕویەکەوە لەڕویەکی ترەوە شێوەی دەم ناڕێك دەبێت.



❖ **كه‌سره:**

وه‌ك (وهيئ، نبئ، السَّيئْ[1]، قرِئَ، استهزِئَ، شاطِئِ، امرئٍ، يستهزِئُ، يُبدِئُ، تُبرِئُ، أبرِئُ، تبوّئُ، البارِئُ، يُنشِئُ، السَّيئُ).

حوكمی
هه‌مزه‌ی زه‌ننه‌دار له‌باری وه‌ستان له‌دوای جووله‌دارێك به كسره

أ- گۆڕینی هه‌مزه به پیتی(ی)،[به‌پێی قیاسی].

ب- له‌هه‌مزه‌ی كه‌سره‌دارو ضمه‌دار ئاسان خوێندنه‌وه به ڕه‌ووم،[به‌پێی قیاسی].

ت- له‌هه‌مزه‌ی«كه‌سره‌دارو ضمه‌دار» گۆڕینی هه‌مزه به پیتی(ی)ی جووله‌دار له‌ڕه‌گه‌زی خۆی، دواتر زه‌ننه‌دار ده‌كرێت له باری وه‌ستان دا (ئه‌و شێوه خوێندنه‌وه یه‌كسانه به شێوه خوێندنه‌وه‌ی یه‌كه‌م له‌ڕوی كرداری، به‌لاَم له‌عه‌قلّدا له‌یه‌كتر جیاوازن)،[به‌پێی ڕه‌سمی موصحه‌ف].

ث- له‌هه‌مزه‌ی«كه‌سره‌دارو ضمه‌دار» گۆڕینی هه‌مزه به پیتی(ی)ی جووله‌دار له‌ڕه‌گه‌زی خۆی له‌گه‌ڵ ڕه‌ووم‌ی جووله‌كه‌یدا[2].[به‌پێی ڕه‌سمی موصحه‌ف].

ج- له‌هه‌مزه‌ی«ضمه‌دار» گۆڕینی هه‌مزه به پیتی(ی)ی ضمه‌دار له‌گه‌ڵ ئیشمام و جووله‌كه‌ی،[به‌پێی ڕه‌سمی موصحه‌ف].

---

[1] پێشه‌وا حه‌مزه ئه‌م وشه ده‌خوێنێته‌وه، ئه‌وه شوێنی یه‌كه‌مه له سوره‌تی فاطير، به زه‌ننه‌ی هه‌مزه.

[2] واته: گۆڕینی هه‌مزه‌ی كه‌سره‌دار به پیتی(ی)ی كه‌سره‌دار له‌گه‌ڵ ڕه‌ووم‌ی جووله‌كه‌ی، وگۆڕینی هه‌مزه‌ی ضمه‌دار به پیتی(ی)ی ضمه‌دار له‌گه‌ڵ ڕه‌ووم‌ی جووله‌كه‌ی.

دەربارەی وشەی(شاطِئِ)،[قەصەص:30]، یان وشەی(امرئٍ)، لە ئایەتی{ لِكُلِّ ٱمۡرِيٕٖ مِّنۡهُم مَّا ٱكۡتَسَبَ مِنَ ٱلۡإِثۡمِۚ }،[نور:11]، یان (السيئِ)، لەئایەتی{ٱسۡتِكۡبَارٗا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَمَكۡرَ ٱلسَّيِّيِٕۚ}،[فاطیر:43]، حەمزە دەربارەی ئەم وشانە چوار خوێندنەوەی عەقلی بۆ هەیە، سێ خوێندنەوەیان کرداریە بەم شێوەیە:

دوو خوێندنەوەیان بەپێی قیاسی ئەوانیش:

1- گۆڕینی هەمزە بە پیتی(ی) بەزەننەیەکی تەواو، بەم شێوەیە (شاطي، امري، السيی).

2- ئاسان خوێندنەوەی هەمزە لەنێوان هەمزەو پیتی(ی) لەگەڵ ڕەووم .

دوو خوێندنەوە هەیە بەگوێرەی ڕەسمی موصحەف.

3- گۆڕینی هەمزە بە پیتی(ی)ی کەسرەدار دەکرێت بە زەننە لە باری وەستاندا، ئەم خوێندنەوە یەکسانە لەگەڵ خوێندنەوەی یەکەم لە گواستنەوەداو جیاوازە لەعەقل دا.

4- گۆڕینی هەمزە بە پیتی(ی)ی کەسرەدار لەگەڵ ڕەوومی جوولەکەی، بەم شێوەیە (شاطي، امري، السيِّ).

کەواتا شێوە خوێندنەوەی کۆتایی عەقڵی دەبێتە سێ خوێندنەوەی گواستنەوە.

دەربارەی وشەی(البارئُ)، حەمزە پێنج خوێندنەوەی بۆ هەیە، چواریان گواستنەوەو پێنجەمیان عەقڵی، ئەویش چواریان خوێندنەوەکانی ڕابردوون لەگەڵ تێبینی گۆڕینی پیتی(ی)ی کەسرەدار لەخوێندنەوەی سێیەم و چوارەم بۆ پیتی(ی)ی ضەممەدار،

وەهەروها خوێندنەوەی پێنجەمیشی بۆ زیاد دەکرێت ئەویش گۆڕینی هەمزە بە پیتی(ی)ی ضـەممەدار لەگەڵ ئیشمامی جوولەکەی، واتە: دوو خوێندنەوەی هەیە بەپێی قیاسی ئەوانیش:

1- گۆڕینی هەمزە بە پیتی(ی)ی زەننەی تەواو بەم شێوەیە (البارِي).

2- ئاسان خوێندنەوەی هەمزە لەنێوان هەمزەو پیتی(و) لەگەڵ ڕەووم.

سێ خوێندنەوە هەیە بە وەستان لەسەر ڕەسمەکەی بەگوێرەی ڕەسمی موصحەف:

3- گۆڕینی هەمزە بە پیتی(ی)ی ضـەممەدار دەکرێت بە زەننە لە باری وەستان دا، ئەو خوێندنەوەش یەکسان دەبێت لەگەڵ خوێندنەوەی یەکەم لەگواستنەوەو جیاواز دەبێت لەعەقل ی دا.

4- گۆڕینی هەمزە بە پیتی(ی)ی ضـەممەدار لەگەڵ ڕەووم ی جوولەکەی، بەم شێوەیە(البارِي).

5- گۆڕینی هەمزە بە پیتی(ی)ی ضـەممەدار لەگەڵ ئیشمامی جوولەکەی.

کەواتا پێنج خوێندنەوە عەقلیەکان بووە چوار خوێندنەوەی گواستنەوە.

❖ ضه‌ممه‌ :

وەك (امرُؤ، اللؤلُؤِ، لؤلُؤٍ، اللؤلُؤُ).

لەگەڵ ئاگاداربون لەسەر ئەوەی كە مەبەستمان لێرەدا هەمزەی كۆتاییە، بەڵام هەمزەی ناوەڕاست خوێندنەوەی ترمان بۆ هەیە دواتر باسی دەكەین لە داهاتوودا ان شاء الله.

حوكمی
هەمزەی زەننەدار لەدوای جوولەدارێك بە ضەممە

أ- گۆڕینی هەمزە بە پیتی(و)،[بەگوێرەی قیاس].

ب- لەهەمزەی«كەسرەدارو ضـەممەدار» ئاسان خوێندنەوەی بە ڕەووم،[بەپێی قیاس].

ت- لەهەمزەی«كەسرەدارو ضـەممەدار» گۆڕینی هەمزە بە پیتی(و)ی جوولەدار لەڕەگەزی خۆی و زەننەداركردنی لە باری وەستان دا، لەو كاتەدا یەكسان دەبێت لەگەڵ خوێندنەوەی یەكەم بە گواستنەوە، وجیاوازیشی دەبێت لەعەقلی دا،[لەسەر ڕەسم].

ث- لەهەمزەی«كەسرەدارو ضـەممەدار» گۆڕینی هەمزە بە پیتی(و) لەڕەگەزی جوولەی هەمزە لەگەڵ ڕەووم ی جوولەی[لەسەر ڕەسم].

ج- لەهەمزەی«ضـەممەدار» گۆڕینی هەمزە بە پیتی(و)ی ضـەممەدار لەگەڵ ئیشمام ی جوولەی،[لەسەر ڕەسم].

دهربارهی وشهی(اللؤلؤِ) حهمزه لهم جۆره وشهدا چوار خوێندنهوهی عهقلی بۆ ههیه، سیٚ خوێندنهوهیان گواستنهوهیه، دووانیان قیاسیه بهم شێوهیه:

1- گۆڕینی ههمزه به پیتی(و)ی زهنندهیهكی تهواو بهم شێوهیه (اللؤلو).

2- ئاسان خوێندنهوهی ههمزه لهنێوان ههمزهو پیتی(ی) لهگهڵ ڕهووم .

دوو خوێندنهوهی ههیه بهوهستان لهسهر ڕهسمی موصحهف كه ئهوانهن:

3- گۆڕینی ههمزه به پیتی(و)ی كهسرهدارو زهنندهداردهكرێت له باری وهستان دا، لهو كاتهدا یهكسان دهبێت لهگهڵ خوێندنهوهی یهكهم به گواستنهوه، وجیاوازیشی دهبێت لهعهقڵ دا.

4- گۆڕینی ههمزه به پیتی(و)ی كهسرهدار لهگهڵ ڕهوومی جوولهكهی.

كهواتا ئهو چوار خوێندنهوهی عهقل ی دهبێته سیٚ خوێندنهوهی گواستنهوه.

دهربارهی وشهی (اللؤلؤُ) حهمزه بۆ كۆتاییهكان لهم بابهته پێنج خوێندنهوهی ههیه چواریان گواستنهوهو پێنجیان عهقڵی بهم شێوهیه:

دوو خوێندنهوهی ههیه به قیاس بهم شێوهیه:

1- گۆڕینی ههمزه به پیتی(و)ی زهنندهیهكی تهواو بهم شێوهیه (اللؤلو).

2- ئاسان خوێندنهوهی ههمزه لهنێوان ههمزهو پیتی(و) لهگهڵ ڕهووم .

سیٚ خوێندنهوه ههیه بهوهستان لهسهر ڕهسمهكهی:

3- گۆڕینی ههمزه به پیتی(و)ی ضـهممهدارو زهنندهداركردنی له باری وهستاندا.

له‌و كاته‌دا یه‌كسان ده‌بێت له‌گه‌ڵ خوێندنه‌وه‌ی یه‌كه‌م به گواستنه‌وه، وجیاوازیشی ده‌بێت له‌عه‌قڵدا.

4- گۆڕینی هه‌مزه به پیتی(و)ی ضـه‌ممه‌دار له‌گه‌ڵ ڕه‌ووم ی جووله‌ی.

5- گۆڕینی هه‌مزه به پیتی(و)ی ضـه‌ممه‌دار له‌گه‌ڵ ئیشمامی جووله‌ی.

ئه‌و پێنج خوێندنه‌وه‌ی عه‌قل ی ده‌بێته چوار خوێندنه‌وه‌ی گواستنه‌وه.

تێبینی:

هه‌مزه‌ی كۆتایی نه‌هاتووه به زه‌ننه‌یه‌كی پێویست(لازم) له‌دوای ضـه‌ممه له‌قورئانی پیرۆز ته‌نها له‌وشه‌ی(لم يسؤ) نه‌بێت.



✓ **دووه‌م: هه‌مزه‌ی جووله‌دار له‌دوای زه‌ننه:**

به شێوه‌یه‌ك زه‌ننه‌دار ده‌بێت له باری وه‌ستاندا. ئه‌و كاته‌ش ده‌بێته هه‌مزه‌یه‌كی زه‌ننه‌دار له‌دوای زه‌ننه وله‌دوای پیتیكی دروستی زه‌ننه‌دار دێت(الصحيح) یان له‌دوای ئه‌لیف ویان له‌دوای پیتی(و) یان پیتی(ی)ی زیاده ویان له‌دوای پیتی(و) یان پیتی(ی)ی بنچینه دێت.

❖ **هه‌مزه له‌دوای زه‌ننه‌ی دروست(صحيح).**

ته‌نها له‌پێنج وشه‌دا هاتووه شه‌شه‌می نیه به‌م شێوه‌یه (ملْءُ، الخبْءَ، دفْءُ، المرء، جزْءُ).

حوكمی
هه‌مزه ئه‌گه‌ر بكه‌وێته دوای زه‌ننه‌ی دروست

هه‌مزه ئه‌گه‌ر بكه‌وێته دوای زه‌ننه‌ی دروست ئه‌وه جووله‌ی هه‌مزه‌كه ده‌گوازرێته‌وه بۆ زه‌ننه‌ی پێش خۆی له‌گه‌ڵ لابردنی هه‌مزه به مه‌به‌ستی ئاسانكردن[ئه‌م خوێندنه‌وه‌ی به زه‌ننه‌ی ته‌واوه]، ڕه‌ووم و ئیشمام دروست ده‌بێت به مه‌رجه‌كانیان له‌جووله‌ی كۆتایی.

ده‌رباره‌ی وشه‌ی(الخبءَ) حه‌مزه له‌م وشه‌دا ته‌نها یه‌ك خوێندنه‌وه‌ی بۆ هه‌یه، ئه‌ویش بریتیه له‌گواستنه‌وه‌ی جووله‌ی هه‌مزه بۆ زه‌ننه‌ی پێش خۆی له‌گه‌ڵ لابردنی هه‌مزه‌و زه‌ننه‌داركردنی ئه‌و پیته به هۆی وه‌ستان، وه‌ك{الخبْ}، قه‌لقه‌له‌ش ده‌رده‌كه‌وێت.

ده‌رباره‌ی وشه‌ی(المرءِ) حه‌مزه له‌م بابه‌ته دوو خوێندنه‌وه‌ی بۆ هه‌یه به‌م شێویه:

1- گواستنه‌وه‌ی جووله‌ی هه‌مزه بۆ زه‌ننه‌ی پێش خۆی له‌گه‌ڵ لابردنی هه‌مزه‌و زه‌ننه‌داركردنی ئه‌و پیته به هۆی وه‌ستان وه‌ك{المرْ}.

2- گواستنه‌وه‌ی جووله‌ی هه‌مزه بۆ زه‌ننه‌ی پێش خۆی له‌گه‌ڵ لابردنی هه‌مزه‌و ڕه‌ووم ی كه‌سره،[واته: كه‌سره‌داركردنی پیتی(ر)]، ولاوازكردنی پیتی(ر) ده‌رده‌كه‌وێت.

ده‌رباره‌ی وشه‌ی(جزءُ) حه‌مزه له‌م بابه‌ته سیٚ خوێندنه‌وه‌ی بۆ هه‌یه به‌م شێویه:

1- گواستنه‌وه‌ی جووله‌ی هه‌مزه بۆ زه‌ننه‌ی پێش خۆی له‌گه‌ڵ لابردنی هه‌مزه‌و زه‌ننه‌داركردنی ئه‌و پیته له باری وه‌ستان دا به‌م شێوه‌یه:{جُزْ}.

2- گواستنه‌وه‌ی جووله‌ی هه‌مزه بۆ زه‌ننه‌ی پێش خۆی له‌گه‌ڵ لابردنی هه‌مزه‌و ڕه‌ووم ی ضه‌ممه،[واته: ضه‌ممه‌ی پیتی(ز)].

3- گواستنه‌وه‌ی جووله‌ی هه‌مزه بۆ زه‌ننه‌ی پێش خۆی له‌گه‌ڵ لابردنی هه‌مزه له‌گه‌ڵ ئیشمامی ضه‌ممه،[واته: ضه‌ممه‌ی پیتی(ز)].

❖ ههمزه لهدواى ئهليف:

ئهوهش وهك (أضاء، جاء، أولياءَ، السفهاء، الماء، سواءٌ).

حوكمى
ههمزه بكهوێته دواى ئهليف

ههر كاتێك ههمزه بكهوێته دواى ئهليف ئهوه ههمزهكه دهگۆڕدرێت به ئهليف.

كهواتا ههمزه زهنندار دهكرێت دواتر دهگۆڕدرێت به ئهليف[1]. لێرهدا دوو ئهليف كۆدهبێتهوهو دروستيشه بيان هێليتهوه بههۆى دروست بوونى دوو زهننهدار له بارى وهستان، ههروهك دروستيشه يهكێكيان لابيردرێت بههۆى گهيشتنه دوو زهننه، وههروها دروستيشه ههردوو ئهليف بمينێتهوه وئهليفێكيش بخرێته نێوانيان بهمهبهستى جياكردنهوه، لهسهر ئهوهش سىٚ گريمانه لهسهر ئهليف دروست دهبێت بهم شێوهيه: درێژكردنهوهى شهش جوولهو چوار جوولهو دوو جووله، بهلاّم شهش جووله پێش دهكهوێت[2].

كهواتا لهسهر لابردنى زهننهى يهكهم –كه ئهليف ى بنچينهيه– دهبێته درێژكردنهوهى دوو جووله، ولهسهر لابردنى زهننهى دووهم –ئهويش ههمزهى گۆردراوه بۆ ئهليف– دروسته درێژكردنهوهى شهش جوولهو دوو جووله، لهبهر ئهوهى پيتى درێژكردنهوهى دواى ههمزه گۆڕدراوه دواتر لابردراوه، ودروسته درێژكردنهوهى چوار

[1] دهگۆڕدرێت به ئهليف ئهوهش به پێى جوولهى پێش خۆى لهسهر ئهوهى كه ئهليفى پێش ههمزهكه نهبێته جياكار لهگهڵ ههمزهكه، پيتى پێش ههمزهكهى زهننهدار له پێناو وهستان لهسهرى ئهوه پيتێكى فهتحهداره ههر بۆيه دهگۆڕدرێت به ئهليف.

[2] ئيبنو لجهزهرى ئاماژهى بهوه داوه له پهرتووكهكهى بهناوى(النشر في القراءات العشر)(قاهيره، چاپخانهى التجارية الكبرى، ب1، 1427 ك)، لا467. به وتهى خۆى: هاوڕان لهسهر دروست بوونى درێژكردنهوهى شهش جوولهو چوار جووله وشهش جوولهش پێش دهكهوێت.

جوولە بەهۆی کۆبونەوەی دوو ئەلیف لە باری وەستاندا، بە واتای ئەوەی کە هەردوو ئەلیف دەمینێتەوە بە ئەندازەی دوو جوولە درێژدەکرێتەوە بۆ هەر ئەلیفێك.

دەرەنجامی ئەم بابەتەی پێشوو بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە دووباری هەیە

أ- گۆڕینی هەمزە بە ئەلیف:

لەسەر ئەوەش سێ گریمانە دادەمەزرێت بەم شێوەیە:

1- لابردنی زەنەی یەکەم دەبێتە هۆی درێژکردنەوەی تەنها دوو جوولە.

2- لابردنی زەنەی دووەم دەبێتە هۆی درێژکردنەوەی تەنها شەش یان چوار جوولە.

3- مانەوەی دوو ئەلیف بەهۆی دروست بوونی کۆبونەوەی دوو زەنە لە باری وەستان دا، دەبێتە هۆی درێژکردنەوەی تەنها چوار جوولە.

ب- گۆڕینی هەمزە بە ئەلیف:

دواتر ئەلیف خستنە نێوانیان تاوەکو سێ ئەلیف کۆببێتەوە **واتە:** درێژکردنەوەی شەش جوولە(ئیشباع).

پوختەی بابەتەکە: لەڕابردودا بۆمان دەرکەوت کە هەمزە دەگۆڕدریت بە ئەلیف لەگەڵ درێژکردنەوەی شەش جوولەو چوار جوولەو و دوو جوولە.

وەهروها دروستە بەئاسان خوێندنەوەی هەمزە لەباری ڕەفع و جەڕ بە ڕەووم لەگەڵ درێژکردنەوەی چوارجوولەو دوو جوولە، بەلاَم ئاسان خوێندنەوە نیە لەفەتحەی کۆتایی، چونکە ڕەووم ی تێدا نیە لای قاریئەکان ئاسان خوێندنەوەش نابێت تەنها لەگەڵ ئەو نەبێت –واتا لەگەڵ ڕەووم –.

دهربارهی وشهی(أضاءَ) حهمزه بۆ ئهم وشه لهم بابهته تهنها سیٚ خوێندنهوهی ههیه،(سیٚ قیاس) بهم شێوهیه:

1- گۆڕینی ههمزه به ئهلیف لهگهڵ درێژکردنهوهی شهش جووله بهم شێوهیه(أضااا).

2- گۆڕینی ههمزه به ئهلیف لهگهڵ درێژکردنهوهی چوار جووله بهم شێوهیه(أضاا).

3- گۆڕینی ههمزه به ئهلیف لهگهڵ درێژکردنهوهی دوو جووله بهم شێوهیه(أضا).

دهربارهی وشهی(السماءُ) حهمزه لهم جۆره وشهدا پێنج خوێندنهوهی ههیه،(پێنج قیاس) بهم شێوهیه:

1- گۆڕینی ههمزه به ئهلیف لهگهڵ درێژکردنهوهی شهش جووله بهم شێوهیه(السمااا).

2- گۆڕینی ههمزه به ئهلیف لهگهڵ درێژکردنهوهی چوار جووله بهم شێوهیه(السماا).

3- گۆڕینی ههمزه به ئهلیف لهگهڵ درێژکردنهوهی دوو جووله بهم شێوهیه(السما).

4- ئاسان خوێندنهوهی ههمزه به ڕهووم و درێژکردنهوهی شوش جووله.

5- ئاسان خوێندنهوهی ههمزه به ڕهووم و درێژکردنهوهی چوار جووله.

❖ هەمزە لەدوای پیتی(و) یان پیتی(ی)ی زیادە[1].

حوكمی
ئەو هەمزەی دەكەوێتە دوای پیتی(و) یان پیتی(ی)ی زیادە

هەمزە دەگۆڕدرێت بە پیتێك لەڕەگەزی ئەو پیتەی دەكەوێتە پێش خۆی دواتر تێكهەڵكێشان بۆ پیتی یەكەم دەكرێت لەگەڵ گۆڕدراوەكە تاوەكو ببێتە یەك پیتی شەددەدار.

نمونەی هەمزە بكەوێتە دوای پیتی(ی)ی زیادە تەنها لەدوو وشە ئەمە ڕویداوە سێهەمی نیە، ئەوانیش وشەكانی(النسيءُ، بريءٌ)[1]. لەم وشانەدا هەمزە دەگۆڕدرێت بە

---

[1] ئەگەر ویستت پیتی(و)و پیتی(ی)ی زیادە جیابكەیتەوە لە بنچینە: ئەوە كێشی وشەكە بكە بە فیعلەكەی ئەگەر پیتی(و)یان پیتی(ی)(عەینی فیعلەكە بوو یان فائی فیعلەكە بوو یان لامی فیعلەكە بوو) ئەوە بڕیار لەسەر بدە كە بنچینەی خۆیەتی و زیادە نیە، وئەگەر زیاد بوو لەسەر ئەوە، بڕیار بدە بەوەی كە پیتی زیادەن نەك بنچینەی خۆی، نمونەش بۆ ئەمە: پەروەردگار دەفەرموێت:(بالسوء) پیتی(ب)و هەمزەی وەصلْ و پیتی(ل) زیادەن، ووشەی –سوء– كێشی لەسەر –فعل–یە پیتی(ف) دەكەوێتە بەرانبەر پیتی(س) وپیتی(و) دەكەوێتە بەرانبەر پیتی(ع) وهەمزەش دەكەوێتە بەرانبەر پیتی(ل) وەك ئەم نمونەش وشەی(سوءاتهما) لە فەرمودەی پەروەردگار:(سوءاتهما) ئەلیف و تاء و هاء و میم و ئەلیفی كۆتایی زیادەن، ووشەی(سوء) كێشەكەی(فعل)یە پیتی(ف) دەكەوێتە بەرانبەر پیتی(س) وپیتی(و) دەكەوێتە بەرانبەر پیتی(ع) وهەمزەش دەكەوێتە بەرانبەر پیتی(ل)، وهەروها ئایەتی(كهيئة) پیتی(ب) بنچینەی خۆیەتی، چونكە وشەكە لەسەر كێشی(فعله)یە پیتی(هـ) دەكەوێتە بەرانبەر پیتی(ف) وپیتی(ی) دەكەوێتە بەرانبەر پیتی(ع) وهەمزەش دەكەوێتە بەرانبەر پیتی(ل)، دەربارەی پیتی(ك)و پیتی(ت)ی بەستراو زیادەن، بەهەمان شێوە وشەی(سيئت) لەسەر كێشی(فعلت) دەربارەی ئایەتی(بريئون) ئەوە پیتی(و) تێدا زیادە، چونكە(فعيلون) پیتی(ب) دەكەوێتە بەرانبەر پیتی(ف) وپیتی(ر) دەكەوێتە بەرانبەر پیتی(ع) وپیتی(ی) دەكەوێتە بەرانبەر پیتی(ی) وهەمزەش دەكەوێتە بەرانبەر پیتی(ل) وپیتی(و) دەكەوێتە بەرانبەر پیتی(و)، وهەروها ئایەتی(قروء) پیتی(و) پیتێكی زیادە، لەبەر ئەوەی(فعول) پیتی(ق) دەكەوێتە بەرانبەر پیتی(ف) وپیتی(ر) دەكەوێتە بەرانبەر پیتی(ع) وهەمزەش دەكەوێتە بەرانبەر پیتی(ل)، وئایەتی(خطيئة) لەسەر كێشی(فعيله) وئایەتی(هنيئا) لەسەر كێشی(فعيلاً).

پیتی(ی) لهگهڵ تێكههڵكێشانی پیتی(ی)ی یهكهم به پیتی(ی)ی دووهم، لهم بارهدا لهدهربڕین ههردوو پیتی(ی) دهبێته یهك پیتی(ی)ی شهددهدار وهك{إِنَّمَا ٱلنَّسِيٓءُ زِيَادَةٞ فِي ٱلۡكُفۡرِۖ}.

بهڵام له بارهی دوای پیتی(و)ی زیاده كه دهكهوێته پێش ههمزه ئهمه ڕوی نهداوه تهنها له وشهی(قروء) نهبێت، لهئایهتی{وَٱلۡمُطَلَّقَٰتُ يَتَرَبَّصۡنَ بِأَنفُسِهِنَّ ثَلَٰثَةَ قُرُوٓءٖۚ}،[بهقهره:228]، ههمزه دهگۆڕدرێت به پیتی(و) لهگهڵ تێكههڵكێشانی پیتی(و)ی یهكهم لهپیتی(و)ی دووهم، دهربڕینیان دهبێته یهك پیتی(و)ی شهددهدار.

تێبینی:

ڕهووم و ئیشمام –به مهرجهكانیانهوه– دروستن ڕوو بدهن لهگۆڕینی ههمزه، بهڵام به مهرجهكانیانهوه جیاوازیشی نیه ئایه ئهو گۆڕینه لهپیتی(و) بێت یان لهپیتی(ی) بێت چونكه جووله لهپیتی گۆڕدراو لهسهر ههمزه جوولهیهكی ئهندازهییه(واته: تهقدیری) ئهگهر تهقدیری نهبێت ئهوه تێكههڵكێشانی یهكهم به دووهم ناكرێت.

دهربارهی وشهی(قروءٍ) حهمزه دوو خوێندنهوهی بۆ ههیه:

1- گۆڕینی ههمزه به پیتی(و) لهگهڵ تێكههڵكێشانی پیتی(و)ی یهكهم لهپیتی(و)ی دووهم، دهربڕینیان دهبێته یهك پیتی(و)ی شهددهدار بهم شێوهیه(قروّ).

2- ڕهووم ی كهسرهی پیتی(و)ی گۆڕدراو كه تێكههڵكێشانی بۆ كراوه لهگهڵ پێش خۆی –واته: وهكو باری ڕابردوو بهڵام ئهمجارهیان لهگهڵ ڕهووم–.

---

(1) حهمزه دهیخوێنێتهوه به زیادكردنی پیتی(ی)ی زهننهدار لهدوای هاتووه ههمزهی ضـهممهدای بهتهنوین، لكاویش دهردهكهوێت، ئهوهش بزاندرێت كه ههمزه جێگیرهو دهخوێندرێتهوه تهنها لهباری نهوهستاندا.

دەربارەی وشەی(بریٓئٌ) حەمزە بۆ ئەم وشە سێ خوێندنەوەی هەیە بەم شێوەیە:

1- گۆڕینی هەمزە بە پیتی(ی) لەگەڵ تێکهەڵکێشانی پیتی(ی)ی یەکەم بە پیتی(ی)ی دووەم، لەم بارەدا لەدەربڕین هەردوو پیتی(ی) دەبێتە یەك پیتی(ی)ی شەددەدار وەك(بريّ).

2- ڕەووم ی ضـەممەی پیتی(ی)ی گۆڕدراو کە تێکهەڵکێشانی بۆ کراوە لەگەڵ پێش خۆی –واتە: وەکو باری ڕابردوو بەڵام ئەمجارەیان لەگەڵ ڕەووم–.

3- ئیشمام ی کەسرەی پیتی(ی)ی گۆڕدراو کە تێکهەڵکێشانی بۆ کراوە لەگەڵ پێش خۆی –واتە: وەکو باری ڕابردوو بەڵام ئەمجارەیان لەگەڵ ئیشمام–.



❖ هه‌مزه له‌دوای پیتی(و) یان پیتی(ی)ی بنچینه.

حوكمی
ئه‌و هه‌مزه‌ی ده‌كه‌وێته دوای پیتی(و) یان پیتی(ی)ی بنچینه

حوكمی گشتی بریتیه له: گواستنه‌وه‌و گۆڕین، واته: گواستنه‌وه‌ی جووله‌ی هه‌مزه بۆ ئه‌و زه‌نه‌ی ده‌كه‌وێته پێش خۆی دواتر هه‌مزه لاده‌چێت.

خوێندنه‌وه‌ی دووه‌م: گۆڕینی هه‌مزه له‌ڕه‌گه‌زی جووله‌ی ئه‌و پیته‌ی ده‌كه‌وێته پێش خۆی، دواتر تێكهه‌ڵكێشانی ئه‌و پیته‌ی ده‌كه‌وێته پێش خۆی، واته: گوتنی به پیتێكی شه‌دده‌داری زه‌نه له باری وه‌ستاندا، درێژه‌ی ئه‌م بابه‌ته‌ش به‌م شێوه‌یه:

أ- گواستنه‌وه‌ی جووله‌ی هه‌مزه بۆ زه‌نه‌ی پێش خۆی دواتر هه‌مزه لاده‌چێت تاوه‌كو وشه‌كه ئاسان بێت،[له‌گه‌ڵ زه‌نه‌ی ئه‌و پیته‌ی جووله‌ی هه‌مزه‌ی بۆ گواستراوته‌وه ئه‌وه‌ش به هۆی وه‌ستان له‌سه‌ر وشه‌كه].
له‌هه‌مزه‌ی«كه‌سره‌دارو ضه‌مه‌دار» ڕه‌ووم ده‌بێت بۆ جووله‌ی ئه‌و پیت بێت كه گواستنه‌وه‌ی بۆ كراوه، جیاوازیشی نیه كه‌سره بێت یان ضه‌مه‌، واته: وه‌كو خوێندنه‌وه‌ی یه‌كه‌م به‌ڵام ئه‌مجاره‌یان به ڕه‌ووم.

ب- له‌هه‌مزه‌ی«ضه‌مه‌دار» ئیشمام ی ضه‌مه‌ی پیتی(و) كه جووله‌ی بۆ گواستراوته‌وه له‌هه‌مزه‌ی خوێندنه‌وه‌ی یه‌كه‌م.

ت- گۆڕینی هه‌مزه له‌ڕه‌گه‌زی پیتی پێش خۆی، دواتر تێكهه‌ڵكێشانی ئه‌و پیته گۆڕدراوه‌ی ده‌كه‌وێته پێش خۆی، واته: گوتنی به پیتێكی شه‌دده‌داری زه‌نه له باری وه‌ستاندا.

ث- له‌هه‌مزه‌ی«كه‌سره‌دار و ضه‌ممه‌دار» ڕه‌ووم ی جووله‌ی پیته‌كه شه‌دده‌دار ده‌بێت، جیاوازیشی نیه كه‌سره بێت یان ضه‌ممه –واته: وه‌كو خوێندنه‌وه‌ی چواره‌م به‌ڵام به ڕه‌ووم –.

ج- له‌هه‌مزه‌ی«ضه‌ممه‌دار» ئیشمام ی ضه‌ممه‌ی پیتی(و)ی شه‌دده‌داره –واته: وه‌كو خوێندنه‌وه‌ی چواره‌م به‌ڵام به ئیشمام– .

نمونه‌ی هه‌مزه كه بكه‌وێته دوای پیته‌كانی(و، ی)ی درێژكردنه‌وه، وه‌ك (لِيَسُوأَ[1]، سيءَ، جيءَ، تفيءَ، تبوأَ، السُوءَ، سُوءٍ، سُوءٌ، المسيءُ، لتنوءُ، يضيءُ).

ده‌رباره‌ی هه‌مزه له‌دوای پیته‌كانی (و،ی)ی لیین، وه‌ك:(شيءٍ، شيءٌ، سَوءٍ، السَوءِ).

له وشه‌ی(شَيءٍ)ی كه‌سره‌دار حه‌مزه ئه‌م جۆره وشه به چوار شێوه ده‌خوێنێته‌وه به‌م شێوه‌یه:

1- گواستنه‌وه‌ی جووله‌ی هه‌مزه بۆ پیتی(ی) له‌گه‌ڵ زه‌ننه به‌م شێوه‌یه(شيْ).

2- گواستنه‌وه‌ی جووله‌ی هه‌مزه به ڕه‌ووم –واته: وه‌كو خوێندنه‌وه‌ی پێشوو به‌ڵام به ڕه‌ووم ی كه‌سره‌ی گواستراوه–.

3- گۆڕینی هه‌مزه به پیتی(ی) دواتر تێكهه‌ڵكێشانی پیتی(ی)ی پێش خۆی به پیتی(ی)، واته وه‌ستان به پیتی(ی)ی شه‌دده‌دار به زه‌ننه له باری وه‌ستاندا، به‌م شێوه‌یه(شيّْ).

---

[1]له ئایه‌تی(لیسئـــوا وجوهكم)،[ئیسراء:7]، ئیبنو عامر وشه‌ی(لیسئـــوا) به فه‌تحه‌ی هه‌مزه‌و لابردنی پیتی(و)ی دووه‌م ده‌خوێندرێته‌وه.

4- گۆڕینی هه‌مزه به پیتی(ی) دواتر تێكهه‌ڵكێشانی پیتی(ی)ی پێش خۆی به پیتی(ی)، له‌گه‌ڵ ڕه‌ووم، –واته: وه‌ستان به پیتی(ی)ی شه‌دده‌دار له‌گه‌ڵ ڕه‌ووم ی جووله وه‌ك خوێندنه‌وه‌ی پێشوو به‌ڵام به ڕه‌ووم ی كه‌سره–.

ده‌رباره‌ی وشه‌ی(شَيءٌ)ی ضـه‌ممه‌دار حه‌مزه ئه‌م جۆره به شه‌ش شێوه ده‌خوێنێته‌وه به‌م شێوه‌یه:

1- گواستنه‌وه‌ی جووله‌ی هه‌مزه بۆ پیتی(ی) له‌گه‌ڵ زه‌ننه به‌م شێوه‌یه(شيْ).

2- گواستنه‌وه‌ی جووله‌ی هه‌مزه به ڕه‌ووم –واته: وه‌كو خوێندنه‌وه‌ی پێشوو به‌ڵام به ڕه‌ووم ی ضـه‌ممه‌ی گواستراوه–.

3- گواستنه‌وه‌ی جووله‌ی هه‌مزه به ئیشمام –واته: وه‌كو خوێندنه‌وه‌ی پێشوو به‌ڵام به ئیشمام–.

4- گۆڕینی هه‌مزه به پیتی(ی) دواتر تێكهه‌ڵكێشانی پیتی(ی)ی پێش خۆی به پیتی(ی)، –واته: وه‌ستان به پیتی(ی)ی شه‌دده‌دار له‌گه‌ڵ زه‌ننه له باری وه‌ستاندا– به‌م شێوه‌یه(شيّْ).

5- گۆڕینی هه‌مزه به پیتی(ی) دواتر تێكهه‌ڵكێشانی پیتی(ی)ی پێش خۆی به پیتی(ی)، له‌گه‌ڵ ڕه‌ووم، –واته: وه‌ستان به پیتی(ی)ی شه‌دده‌داری ضـه‌ممه له‌گه‌ڵ ڕه‌ووم ی جووله وه‌كو خوێندنه‌وه‌ی پێشوو به‌ڵام به ڕه‌ووم ی ضـه‌ممه–.

6- گۆڕینی هه‌مزه به پیتی(ی) دواتر تێكهه‌ڵكێشانی پیتی(ی)ی پێش خۆی به پیتی(ی)، له‌گه‌ڵ ئیشمام، –واته: وه‌ستان به پیتی(ی)ی شه‌دده‌داری ضـه‌ممه له‌گه‌ڵ ئیشمام ی جووله وه‌ك خوێندنه‌وه‌ی چواره‌م به‌ڵام به ئیشمام–.

تێبینیەکی ورد:

هەندێك كەس دەپرسن پیتەكانی درێژكردنەوە جیاكراوتەوە لەتێكهەڵكێشان وەك (في يوم، الذي يدع، آمنوا وعملوا)، بەڵام دەربارەی بابەتی«پیتی(و)و پیتی(ی)ی زیادە یان بنچینە» گۆڕدراوە، -گۆڕینی پیتی درێژكردنەوە- دواتر تێكهەڵكێشانی بۆ كراوە، كەواتا چۆن بۆ ئێمە دروستە لێرەداو لەشوێنی تر قەدەغەیە؟ پێشەوا مالیقی[1]. وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە دەفەرموێت: وا پێویست دەكات جیاوازی بكرێت لەنێوان هەردوو بابەتدا، واتە: لەنێوان تێكهەڵكێشانی ئەم بابەتەو لەگەڵ تێكهەڵكێشانی بابەتی(آمنوا وعملوا)- ئەگەر قاریء تێكهەڵكێشان نەكات لە بابەتی(النسيء، قروء)، ئەوە یەك لەم كارانە ڕوودەدات:

- **یەكەم:** یان لابردنی هەمزە بە جوولەكەی خۆی -ئەوان، واتە: عەرەب هەمزە بە جوولەوە لانابەن تەنها لەكاتی گواستنەوەی جوولە نەبێت-.

- **دووەم:** یان درێژكردنەوەیەكی درێژ ئەنجام دەدەن بە ئەندازەی دوو پیتی(ی) یان بە ئەندازەی دوو پیتی(و) لەو كاتەدا دەربڕینی دەبێتە(النسيي، قروو)، گومان لەوە دانیە كە تێكهەڵكێشان ئاسان ترە لەم ئەزیەتە.

ئەمە ڕووی نەداوە لە بابەتی(في يوم، آمنوا وعملوا) بە تایبەت كە پیتی(ی)و پیتی(و) تێدا جیاكراونەتەوە لەگەڵ ئەوەی دوای خۆیان بە پێچەوانەی بابەتی(النسيء، قروء)، وتێكهەڵكێشان بۆی لەلكاودا نزیكترە لە نەلكاو، دواتر تێكهەڵكێشان لە بابەتی (النسيء، قروء) پەیداكراوە لە باری وەستاندا، ئەو پەیداكراوە دانی پێداناهێنن بە پێچەوانەی بابەتی(آمنوا وعملوا) چونكە ئەگەر تێكهەڵكێشانی بۆ بكرێت ئەو تێكهەڵكێشانە

---

[1] باوكی موحەممەد عەبدولواحیدی كوڕی ئەبی شەددادی باهیلی ئەندەلوسی بەناوبانگ بە مالیقی، وفاتی كردووە لەساڵی(705) وەڵامی ئەمەی دەداتەوە لە پەرتووكەكەی بەناوی(الدر النثير والعذاب النمير) شەرحی ناڕون و تێكچیراوەكان، پەرتووكی تەیسیری باوكی عەمر، عوسمانی كوڕی سەعیدی دانی(جەددە: داری فنون بۆ چاپەمەنی و بلاوكردنەوە1411ك)، لا398.

لەلکاندا بۆی پەیدا دەبێت، کە ئەوەش بنچینەی خۆیەتی، هەر بۆیە لایان پەسند نیە لە ڕاستی درێژکردنەوە لا بدەن بە هۆی تێکهەڵکێشان(کۆتایی).

کەواتا:

تێکهەڵکێشراو(النسيء، قروء) **لەوشەی خۆی یان**(آمنوا وعملوا) **لەوشەیەکی تردا، ئەگەر هاتوو لەوشەی خۆی بوو، ئەوە بەشێکی دەرەکی نیە، هەر وەك لەجوولەی گواستنەوەدا هەبوو -لای ئەو کەسانەی کە گواستنەوە دەکەن- وەك**(إذ أُنزلت) **ئەو کات گواستنەوەی جوولەی هەمزە دەکرێ بۆ پیتی**(ذْ) **ئایە بۆمان دروستە ڕەووم و ئیشمام لەپیتی**(ذْ) **ئەنجام بدرێت؟ بە دڵنیایەوە نەخێر، چونکە جوولەی پیتی**(ذْ) **لێرەدا لە بەشێکی ترە، واتە: لە وشەیەکی تر.**



✓ سێیەم: هەمزەی جوولەدار لەدوای جووله

ئەم جۆرەیان ڕوونادات تەنها لەناوەڕاستی وشەدا نەبێت، پێشەوا حەمزە درێژەی هەیە لەم بابەتە هەر وەك دواتر باسی دەکەین لە بابەتی هەمزەی ناوەڕاست.

ئەم وشانەی پێچەوانەی یاسای ڕەسمی موصحەفی عوسمانین

لێرەدا هەندێك وشەی قورئانی هەن پێچەوانەی ڕەسمی قیاسن لەشێوەی نوسینی دا، پێشەوا حەمزە لەسەری وەستاوە بەچەند ڕێگایەك جگە لەو ڕێگایەی کە بۆ مەزهەبی قیاسی گیراوتە بەر، هۆکارەکەشی ئەوەیە شوێن کەوتەی ڕەسمی موصحەفە بەپێی ئەو یاسایەی کە پێی نوسراوە، ئەوەشیان سێ جۆری هەیە:

- **یەکەم:** هەمزەی کۆتایی ضـەممەدار، ئەوەی لەسەر پیتی واوێك کە پێشی ئەلیفێکی لابردراو لەنوسیندا نەنوسراوە.
- **دووەم:** هەمزەی کۆتایی کەسرەدار ئەوەی لەسەر پیتی یائێك کە پێشی ئەلیفە نوسراوە.
- **سێیەم:** هەمزەی جوولەدار لەدوای جوولەدارێکی تر

❖ **یەكەم: هەمزەی كۆتایی چهمەداری نوسراوە لەسەر شێوەی پیتی(و) پێشی ئەلیفێكی لابردراو بێت لەنوسیندا.**

هەشت وشە لەیاسای قیاسی ڕەنوسی ڕەسم دەردەچێت لە سێزدە شوێن جیاوازی لەسەر ڕەنوسەكەی نیە لەنێوان زانایان، وچوار شێوەیان جیاوازی هەیە لەسەر ڕەنوسەكەی، لە بنچینەشدا پێویستە هەموویان بێ وێنە بنوسرێت[1]. ئەم وشانەش بریتین لەمانەی خوارەوە:

1- **وشەی**(شُرَكَـٰٓؤُا)،[**ئەنعام**:94]**و** [**شورا**:21]، **ئایەتی**{وَمَا نَرَىٰ مَعَكُمْ شُفَعَآءَكُمُ ٱلَّذِينَ زَعَمْتُمْ أَنَّهُمْ فِيكُمْ شُرَكَـٰٓؤُاْۚ}.

2- **وشەی**(نَشَـٰٓؤُا)، **ئایەتی**{أَوْ أَن نَّفْعَلَ فِىٓ أَمْوَٰلِنَا مَا نَشَـٰٓؤُاْۖ}،[**هود**:87].

3- **وشەی**(ٱلضُّعَفَـٰٓؤُاْ)، **ئایەتی**[**ئیبراهیم**:21]، **ئایەتی**{وَإِذْ يَتَحَآجُّونَ فِى ٱلنَّارِ فَيَقُولُ ٱلضُّعَفَـٰٓؤُاْ لِلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوٓاْ إِنَّا كُنَّا لَكُمْ تَبَعًا}،[**غافر**:47].

4- **وشەی**(شُفَعَـٰٓؤُا) **ئایەتی**{وَلَمْ يَكُن لَّهُم مِّن شُرَكَآئِهِمْ شُفَعَـٰٓؤُاْ وَكَانُواْ بِشُرَكَآئِهِمْ كَـٰفِرِينَ}،[**ڕووم**:130].

5- **وشەی**(دُعَـٰٓؤُا) **ئایەتی**{وَمَا دُعَـٰٓؤُاْ ٱلْكَـٰفِرِينَ إِلَّا فِى ضَلَـٰلٍ}،[**غافیر**:50].

---

[1] **لە دوای هەمو پیتی(و) ئەلیفێك زیاد كراوە، هەروەك ئەو ئەلیفەی پێش دەخرێت وێنە نەكراوە بەهۆی ئاسان خوێندنەوەی.**

6- **وشه‌ی**(بَلَـٰٓؤُا) **جیاوازیشی نیه ناسراو بێت یان نه‌ناسراوبێت، ئایه‌تی[صافات:**106]**و ئایه‌تی**{وَءَاتَيۡنَـٰهُم مِّنَ ٱلۡأٓيَـٰتِ مَا فِيهِ بَلَـٰٓؤٞاْ مُّبِينٌ}،[**دوخان:**33].

7- **وشه‌ی**(بُرَءَٰٓؤُا)، **ئایه‌تی**{إِذۡ قَالُواْ لِقَوۡمِهِمۡ إِنَّا بُرَءَٰٓؤُاْ مِنكُمۡ}،[**مومته‌حینه:**40].

8- **وشه‌ی**(جَزَٰٓؤُا)، **ئایه‌تی[مائیده:**29+33]**و ئایه‌تی[شوری:**40]**و ئایه‌تی**{وَذَٰلِكَ جَزَٰٓؤُاْ ٱلظَّـٰلِمِينَ}،[**حه‌شر:**17].

ئه‌م هه‌مزه‌یه‌ی له‌ ڕه‌نوسه‌كه‌ی جیاوازی هه‌یه‌:

ئه‌وه‌ی له‌و موصحه‌فه‌ی له‌ژێر ده‌ستمان دایه‌ له‌سه‌ر پیتی(و) حوكمێك بۆی ده‌بێته‌ پاشكۆ له‌و بابه‌ته‌ی له‌ڕابردوو باسكران، ئه‌ویش دوازده‌ خوێندنه‌وه‌ی بۆ هه‌یه‌، وئه‌وه‌ی له‌سه‌ر شێوه‌ی پیتی(و) نه‌نوسراوه‌ ئه‌وه‌ ته‌نها پێنج خوێندنه‌وه‌ی بۆ هه‌یه‌، ئه‌ویش خوێندنه‌وه‌ی قیاسی، ئه‌م وشانه‌ش بریتین له‌:

9- **وشه‌ی**() (جَزَآءُ)،[**كه‌هف:**88]**و** [**طه‌:**76]**و** [**زومه‌ڕ:**34] **وه‌ك**{وَذَٰلِكَ جَزَآءُ مَن تَزَكَّىٰ}.

-10 وشهی(أَنۢبَـٰٓؤُا)،[ئهنعام:5]و [شوعهڕا:6] وهك{فَسَوۡفَ يَأۡتِيهِمۡ أَنۢبَـٰٓؤُاْ مَا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ}.

-11 وشهی(أَبۡنَـٰٓؤُاْ)، ئایهتی{وَقَالَتِ ٱلۡيَهُودُ وَٱلنَّصَٰرَىٰ نَحۡنُ أَبۡنَـٰٓؤُاْ ٱللَّهِ وَأَحِبَّـٰٓؤُهُۥۚ}،[مائیده:18].

-12 وشهی(عُلَمَـٰٓؤُا)،[شوعهڕا:197] جیاوازیش نیه ناسراو بێت یان نهناسراو.
وهك{إِنَّمَا يَخۡشَى ٱللَّهَ مِنۡ عِبَادِهِ ٱلۡعُلَمَـٰٓؤُاْۗ}.

حوكمی
ئەم وشانەی ڕابردوو بەم شێوەیە

حەمزە لەسەر ئەم وشانە بە دوازدە شێوە دەوەستێت، ئەم دوازدەش دابەش دەبێت بەسەر دوو بۆچوون ئەویش قیاسی و ڕەسمی، ئەوەش بە گریمانەی ئەوەی كە ئەو وشانەی چوار خوێندنەوەیان بۆ هەیە لەسەر شێوەی پیتی(و) نوسراوە، خوێندنەوەكانیش بەم شێوە دابەش بووە:

➢ **یەكەم:** مەزهەبی قیاسی، ئەوەش پێنج خوێندنەوەی هەیە بەم شێوەیە:

1- گۆڕینی هەمزە بە ئەلیف و درێژكردنەوەی شەش جوولە.

2- گۆڕینی هەمزە بە ئەلیف و درێژكردنەوەی چوار جوولە.

3- گۆڕینی هەمزە بە ئەلیف و درێژكردنەوەی دوو جوولە.

4- ئاسان خوێندنەوەی هەمزە لەنێوان هەمزەو پیتی(و) لەگەڵ درێژكردنەوەی چوار جوولە(بە ڕەووم).

5- ئاسان خوێندنەوەی هەمزە لەنێوان هەمزەو پیتی(و) لەگەڵ درێژكردنەوەی دوو جوولە(بە ڕەووم).

➢ **دووەم:** مەزهەبی ڕەسم، ئەویش حەوت خوێندنەوەی هەیە بەم شێوەیە[1].:

1- گۆڕینی هەمزە بە پیتی(و) لەگەڵ درێژکردنەوەی شەش جوولە.

2- گۆڕینی هەمزە بە پیتی(و) لەگەڵ درێژکردنەوەی چوار جوولە.

3- گۆڕینی هەمزە بە پیتی(و) لەگەڵ درێژکردنەوەی دوو جوولە.

4- گۆڕینی هەمزە بە پیتی(و) بە ڕەووم و درێژکردنەوەی دوو جوولە.

5- گۆڕینی هەمزە بە پیتی(و) بە ئیشمام و درێژکردنەوەی شەش جوولە.

6- گۆڕینی هەمزە بە پیتی(و) لەگەڵ ئیشمام و درێژکردنەوەی چوار جوولە.

7- گۆڕینی هەمزە بە پیتی(و) لەگەڵ ئیشمام و درێژکردنەوەی دوو جوولە.

---

[1] پێشەوا حەمزە موعامەلە لەگەڵ ئەم وشانە دەکات وەکو ئەوەی هەمزەکە بەڕەسمی پیتی(و) نوسرابێت، وەك:(الضعفاؤ، شركاؤ)، ئەگەر پێمان گوتی لەسەر گریمانەی ئەوەی کە ئەم وشانە بوونییان هەیە لە قورئانی پیرۆزدا، ئەی چوون بە خوێندنەوەی پێشەوا حەفص؟ یان هەر ڕاویەکی تر دەخوێندرێتەوە؟ ئەوە دەڵێی: دەیخوێنمەوە بە وەستان لەسەری بە حەوت شێوە: خوێندنەوەی پیتی(و) بە زەننەیەکی تەواو لەگەڵ سێ درێژکردنەوەی دروست بوو(العارض)، خوێندنەوەی پیتی(و) بە ڕەووم و درێژکردنەوەی دوو جوولە، وخوێندنەوەی پیتی(و) بە ئیشمام و سێ دروست بوو(العارض)، منیش پێت دەڵێم: ئەوەش پێشەوا هیشام ئەنجامی داوە لەسەر نوسینی ڕەسمەکەی، لەسەر ئەوەی کە بەم شێوە نوسراوە(شركاؤ) ئەوەش حەوت خوێندنەوەی تێدایە، وپێنج خوێندنەوەی قیاسیشی بۆ زیاد دەکرێت.

❖ **دووه‌م: هه‌مزه‌ی كۆتایی كه‌سره‌داری نوسراو له‌سه‌ر پیتی(ی) له‌دوای ئه‌لیف به پێچه‌وانه‌ی یاسا.**

چوار وشه له‌یاسای قیاس ده‌رچوون و بۆچونی جیاوازیش نیه له‌سه‌ر ڕه‌سمه‌كه‌ی[(1)] به‌هه‌مان شێوه دوو وشه ڕای جیاواز هه‌یه له‌سه‌ر ڕه‌سمیان، له‌هه‌ر هه‌موویان هه‌مزه نوسراوه له‌سه‌ر پیتی(ی)ی كۆتایی له‌م موصحه‌فانه‌ی له ژێر ده‌ستماندایه، بنچینه‌كه‌شی وایه كه بێ ڕه‌سم بنوسرێت ئه‌وه‌ش له‌چه‌ند شوێنێك هاتووه به‌م شێوه‌یه:

1- **وشه‌ی**(تِـلْقَآيِ) **له‌ئایه‌تی**{قُلْ مَا يَكُونُ لِيٓ أَنْ أُبَدِّلَهُۥ مِن تِلْقَآيِ نَفْسِيٓ} (**یونس**:15).

2- **وشه‌ی**(وَإِيتَآيِ) **له‌ئایه‌تی**{إِنَّ ٱللَّهَ يَأْمُرُ بِٱلْعَدْلِ وَٱلْإِحْسَٰنِ وَإِيتَآيِ ذِى ٱلْقُرْبَىٰ}(**نه‌حل**:90).

3- **وشه‌ی**(ءَانَآيِ) **له‌ئایه‌تی**{وَمِنْ ءَانَآيِ ٱلَّيْلِ فَسَبِّحْ وَأَطْرَافَ ٱلنَّهَارِ}(طه:13).

4- **وشه‌ی**(وَرَآيِ) **له‌ئایه‌تی**{وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ ٱللَّهُ إِلَّا وَحْيًا أَوْ مِن وَرَآيِ حِجَابٍ}(**شورا**:51).

به‌ڵام ئه‌م وشانه‌ی ناكۆكی له نوسینی ڕه‌سمه‌كه‌دا هه‌یه، به‌هه‌مان حوكمی ئه‌م وشانه‌ی سه‌ره‌وه ده‌یان گرێته‌وه كه بریتین له:

[(1)] **ئه‌و ئه‌لیفه‌ی ده‌كه‌وێته پێش پیتی(ی) له هه‌ندێ موصحه‌ف لابردراوه، له هه‌ردوو وشه‌ی**(تلقا) **سوره‌تی یونس و**(إيتاء) **سوره‌تی نه‌حل.**

5- وشه‌ی(بِلِقَآيِ) له‌ئایه‌تی{وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلنَّاسِ بِلِقَآيِ رَبِّهِمۡ لَكَٰفِرُونَ}
(ڕوم:8).

6- وشه‌ی(وَلِقَآيِ) له‌ئایه‌تی{وَأَمَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا وَلِقَآيِ
ٱلۡأٓخِرَةِ فَأُوْلَٰٓئِكَ}(ڕوم:16).

چۆنیه‌تی خوێندنه‌وه‌ی ئه‌م وشانه‌ی سه‌ره‌وه

حه‌مزه له‌سه‌ر ئه‌م وشانه به نۆ شێوه ده‌وه‌ستێت، به‌پێی هه‌ردوو مه‌زهه‌بی قیاسی و ڕه‌سمی به‌م شێوه دابه‌ش بووه:

- **یه‌كه‌م:** مه‌زهه‌بی قیاسی پێنج خوێندنه‌وه‌ی هه‌یه:

1- گۆڕینی هه‌مزه به ئه‌لیف و درێژكردنه‌وه‌ی شه‌ش جووله.

2- گۆڕینی هه‌مزه به ئه‌لیف و درێژكردنه‌وه‌ی چوار جووله.

3- گۆڕینی هه‌مزه به ئه‌لیف و درێژكردنه‌وه‌ی دوو جووله.

4- ئاسان خوێندنه‌وه‌ی هه‌مزه له‌نێوان هه‌مزه‌و پیتی(ی) له‌گه‌ڵ درێژكردنه‌وه‌ی شه‌ش جووله(به ڕه‌ووم).

5- ئاسان خوێندنه‌وه‌ی هه‌مزه له‌نێوان هه‌مزه‌و پیتی(ی) له‌گه‌ڵ درێژكردنه‌وه‌ی دوو جووله(به ڕه‌ووم).

➢ **دووەم:** مەزهەبی ڕەسمی، ئەویش چوار خوێندنەوەی هەیە بەم شێوەیە[1]:

1- گۆڕینی هەمزە بە پیتی(ی) لەگەڵ درێژکردنەوەی شەش جووله.

2- گۆڕینی هەمزە بە پیتی(ی) لەگەڵ درێژکردنەوەی چوار جووله.

3- گۆڕینی هەمزە بە پیتی(ی) لەگەڵ درێژکردنەوەی دوو جووله.

4- گۆڕینی هەمزە بە پیتی(ی)ی کەسرەدار بە ڕەووم و درێژکردنەوەی دوو جووله.

---

(1) پێشەوا حەمزە موعامەلە لەگەڵ ئەم وشانە دەکات وەکو ئەوەی هەمزەکە بەڕەسمی پیتی(ی) نوسرابێت، وەك(تلقاي، وإيتاي)، ئەگەر پێمان گوتی لەسەر گریمانەی ئەوەی کە ئەم وشانە بوونییان هەیە لە قورئانی پیرۆزدا، ئەی چوون بە خوێندنەوەی پێشەوا حەفص؟ یان هەر ڕاویەکی تر دەخوێندرێتەوە؟ ئەوە دەڵێی: دەیخوێنمەوە بە وەستان لەسەری بە چوار شێوە: خوێندنەوەی پیتی(ی) بە زەننەیەکی تەواو لەگەڵ سێ درێژکردنەوەی دروست بوو(العارض)،خوێندنەوەی پیتی(ی) بە ڕەووم و درێژکردنەوەی دوو جووله، منیش پێت دەڵێم: ئەوەش پێشەوا حەمزە ئەنجامی داوە لەسەر نوسینی ڕەسمەکەی، لەسەر ئەوەی کە بەم شێوە نوسراوە:(تلقاي) ئەوەش چوار خوێندنەوەی تێدایە، وپێنج خوێندنەوەی قیاسیشی بۆ زیاد دەکرێت.

❖ **سێیەم: هەمزەی جوولەدار لەدوای جووله**

هەمزەی جوولەدار لەدوای جووله دوو جۆری هەیە:

✓ **یەکەم: هەمزەی ضەممەداری نوسراو لەسەر پیتی(و) لەدوای فەتحە:**

ئەم جۆرە یازدە وشەن دەرچوون لە قیاس لە(23) شوێندا، لەهەموویان هەمزە لەسەر(و) نوسراوە ئەلیفی بەدوادا هاتووە، ئەوەش لەم شوێنانەی خوارەوەیە:

1- وشەی(يَبۡدَؤُاْ) **بەهەر شێوەیەك هاتبێت ولەشەش شوێن هاتووە، سیّ شوێن لە، (یونس**:4) **ودوو شوێن لە(یونس**:34) **و(نەمل**:64) **ودوو شوێن لە(ڕوم**:11+27) **وەك**{إِنَّهُۥ يَبۡدَؤُاْ ٱلۡخَلۡقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ}.

2- وشەی(تَفۡتَؤُاْ) **ئایەتی**{قَالُواْ تَٱللَّهِ تَفۡتَؤُاْ تَذۡكُرُ يُوسُفَ}(**یوسف**:85).

3- وشەی(يَتَفَيَّؤُاْ) **ئایەتی**{أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ إِلَىٰ مَا خَلَقَ ٱللَّهُ مِن شَيۡءٖ يَتَفَيَّؤُاْ ظِلَٰلُهُۥ عَنِ ٱلۡيَمِينِ وَٱلشَّمَآئِلِ}(**نەحل**:48).

4- وشەی(أَتَوَكَّؤُاْ) **ئایەتی**{قَالَ هِيَ عَصَايَ أَتَوَكَّؤُاْ عَلَيۡهَا وَأَهُشُّ بِهَا} (طه:18).

5- وشەی(تَظۡمَؤُاْ) **ئایەتی**{وَأَنَّكَ لَا تَظۡمَؤُاْ فِيهَا وَلَا تَضۡحَىٰ}(طه:119).

6- **وشه‌ی**(وَيَدۡرَؤُاْ) **ئایه‌تی**{وَيَدۡرَؤُاْ عَنۡهَا ٱلۡعَذَابَ أَن تَشۡهَدَ أَرۡبَعَ شَهَٰدَٰتِۭ}(**نور**:8).

7- **وشه‌ی**(يَعۡبَؤُاْ) **ئایه‌تی**{قُلۡ مَا يَعۡبَؤُاْ بِكُمۡ رَبِّي لَوۡلَا دُعَآؤُكُمۡۖ} (**فورقان**:16).

8- **وشه‌ی**(ٱلۡمَلَؤُاْ) (**موئمینون**:24) **وسیٚ شوێن له‌سوره‌تی نه‌مل ئایه‌ته‌كانی** 29، 32، 38، **وه‌ك**{فَقَالَ ٱلۡمَلَؤُاْ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَوۡمِهِۦ}.

9- **وشه‌ی**(يَنۡشَؤُاْ) **ئایه‌تی**{أَوَمَن يَنشَؤُاْ فِي ٱلۡحِلۡيَةِ وَهُوَ فِي ٱلۡخِصَامِ غَيۡرُ مُبِينٍ}(**زوخروف**:18).

10- **وشه‌ی**(نَبَؤُاْ) **به‌هه‌ر شێوه‌یه‌ك هاتبێت**[1] **ئه‌وه‌ش هاتووه‌ له‌ سوره‌تی** (**ئیبراهیم**:9). **و**(**ته‌غابون**:5) **و**(**ص**:67) **و**(**ص**:21)[2] **ئه‌وانه‌ش وه‌ك ئایه‌تی**{أَلَمۡ يَأۡتِكُمۡ نَبَؤُاْ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَبۡلُ فَذَاقُواْ وَبَالَ}.

11- **وشه‌ی**(يُنَبَّؤُاْ) **ئایه‌تی**{يُنَبَّؤُاْ ٱلۡإِنسَٰنُ يَوۡمَئِذِۭ بِمَا قَدَّمَ وَأَخَّرَ}(**قیامه**:13).

---

[1] **جگه‌ له‌ سوره‌تی به‌رائه‌ ئایه‌تی**70 **چونكه‌ هه‌مزه‌ به‌ ئه‌لیف نوسراوه‌.**

[2] **ئه‌م بابه‌ته‌ له‌ هه‌ندێك شوێن له‌ قورئاندا به‌بیٚ پیتی**(و) **نوسراوه‌.**

حوكمی
ئهو وشانهی لهڕابردوو باس كران بهم شێوهیه

حهمزه لهسهر وشهكانی ڕابردوو دهوهستێت به پێنج خوێندنهوه بهپێی ههردوو مهزههبی قیاسی و ڕهسمی بهم شێوهیه:

- **یهكهم:** مهزههبی قیاسی ئهویش دوو خوێندنهوهی ههیه:

1- گۆڕینی ههمزه به ئهلیف.

2- ئاسان خوێندنهوهی ههمزه لهنێوان ههمزهو پیتی(و) لهگهڵ ڕهووم.

- **دووهم:** مهزههبی ڕهسمی: ئهویش سێ خوێندنهوهی ههیه بهم شێوهیه[1]:

1- گۆڕینی ههمزه به پیتی(و) لهگهڵ زهنهداركردنی.

2- گۆڕینی ههمزه به پیتی(و) لهگهڵ ڕهووم.

3- گۆڕینی ههمزه به پیتی(و) لهگهڵ ئیشمام.

---

[1] پێشهوا حهمزه موعامهله لهگهڵ ئهم وشانه دهكات وهكو ئهوهی ههمزهكه بهڕهسمی پیتی(و) نوسرابێت، وهك:(يعبؤ ، نَبَؤ)، ئهگهر پێمان گوتی لهسهر گریمانهی ئهوهی كه ئهم وشانه بوونییان ههیه له قورئانی پیرۆزدا، ئهی چوون به خوێندنهوهی پێشهوا حهفص؟ یان ههر ڕاویهكی تر دهخوێندرێتهوه؟ ئهوه دهڵێی: دهیخوێنمهوه به وهستان لهسهری به سێ شێوه: خوێندنهوهی پیتی(و) به زهننهیهكی تهواو، وخوێندنهوهی پیتی(و) به ڕهووم، وخوێندنهوهی پیتی(و) به ئیشمام، منیش پێت دهڵێم: ئهوهش پێشهوا هیشام ئهنجامی داوه لهسهر نوسینی ڕهسمهكهی، لهسهر ئهوهی كه بهم شێوه نوسراوه:(يعبؤ) ئهوهش سێ خوێندنهوهی تێدایه، ودوو خوێندنهوهی قیاسیشی بۆ زیاد دهكرێت.

✓ دووهم : ههمزهی كهسرهداری نوسراو لهسهر پیتی(ی) لهدوای فه تحه :

تهنها یهك وشه لهیاسای قیاس دهرچووه ئهوهیش لهیهك شوێن وهك(نَّبَإِیْ) له ئایهتی{وَلَقَدۡ جَآءَكَ مِن نَّبَإِيْ ٱلۡمُرۡسَلِينَ}(ئهنعام:34)، ئهم وشه لهسهر پیتی(ی) لهدوای فهتحه نوسراوه ، ئهویش تهنها ئهم شوێنهیه لهقورئانی پیرۆز.

حوكمی
ههمزهی كهسرهدار نوسراو لهسهر پیتی(ی) لهدوای فهتحه

پێشهوا حهمزه به چوار خوێندنهوه لهسهر ئهم وشه دهوهستێت:

➢ یهكهم: قیاسی ئهویش دوو خوێندنهوهی ههیه بهم شێوهیه:

1- گۆڕینی ههمزه به ئهلیف.
2- ئاسان خوێندنهوهی ههمزه لهنێوان ههمزهو پیتی(ی) لهگهڵ ڕهووم.

➢ دووهم: ڕهسمی، ئهویش دوو خوێندنهوهی ههیه بهم شێوهیه[1]:

1- گۆڕینی ههمزه به پیتی(ی) لهگهڵ زهنهدارکردنی تهواو.
2- گۆڕینی ههمزه به پیتی(ی)ی كهسرهدار لهگهڵ ڕهووم(ڕهووم ی كهسره).

---

[1] پێشهوا حهمزه ههڵسوكهوت لهگهڵ ئهم وشه دهكات به شێوهیهك كه ڕهسم كێشراوه لهسهر پیتی(ی) وهك(نبي)، ئهگهر دامانئا ئهم وشه له قورئانی پیرۆزدا ههیه، ئایه به چ شێوهیهك دهیخوێنینهوه؟ وپێشهوا حهفص یان ههر ڕاویهكی تر چۆن دهیخوێنێتهوه؟ ئهوه دهڵێین: دهیخوێنینهوه به وهستان لهسهری به دوو شێوه: شێوهی پیتی(ی) به زهننهیهكی تهواو، لهگهڵ خوێندنهوه به ڕهووم، منیش دهڵێم: ئهوهش پێشهوا حهمزه ئهنجامی داوه لهسهر ڕهسم، لهسهر ئهوهی كه بهم شێوه نوسراوه(نبي) ئهوهش دوو خوێندنهوهی تێدایه، خوێندنهوهی قیاسیشی بۆ زیاد دهكرێت.

له‌م بابه‌ته‌دا ڕای جیاواز هه‌یه له‌نێوان زانایان ڕه‌سم له‌سه‌ر نوسینی هه‌مزه وئه‌وه‌ی كه كاری پێده‌كرێت به پیتی(ی) ئه‌ژمار ده‌كرێت هه‌ر وه‌ك ئیبنو جه‌زه‌ری به به‌هێزتری داناوه[1] له‌گه‌ڵ بوونی تێبینی له‌سه‌ر ئه‌و ئه‌لیفه‌ی ده‌كه‌وێته پێش پیتی(ی)ی زیاده به ڕه‌سم درێژناكرێته‌وه كاتێك هه‌مزه ده‌گۆڕدرێت به پیتی(ی) به‌ڵكو لاده‌بردرێت له‌خوێندنه‌وه‌دا پشتیشی پێ نابه‌سترێت.

تێبینی:

هه‌مزه له‌م وشه‌دا نوسراوه له‌و موصحه‌فانه‌ی له‌به‌ر ده‌ستمانن له‌ژێر ئه‌لیف نوسراوه.



[1]موحه‌ممه‌دی ئیبن جه‌زه‌ری له په‌رتووكی(النشر في القراءات العشر)(قاهیره، التجارية الكبرى، ب1، 1427ك)لا350.

پوخته‌ی بابه‌تی وه‌ستان
له‌سه‌ر هه‌مزه به ڕه‌ووم و ئیشمام و ئاسان خوێندنه‌وه(تسهيل)

دروسته ڕه‌ووم و ئیشمام و ئاسان خوێندنه‌وه له‌مانه‌وه‌ی خواره‌وه:

❖ **یه‌كه‌م: ئه‌وه‌ی دروسته ڕه‌ووم و ئیشمام ی تێدا بكرێت**

لێره‌دا سێ بار هه‌یه كه دروسته ڕه‌ووم و ئیشمام ی تێدا بكرێت له‌هه‌مزه‌ی كۆتایی، به شێوه‌یه‌ك ئه‌گه‌ر جووله‌ی هه‌مزه‌كه ضـه‌ممه بوو ئه‌وه دروسته ڕه‌ووم و ئیشمام ی بۆ بكرێت، به‌ڵام ئه‌گه‌ر هاتوو جووله‌ی هه‌مزه‌كه كه‌سره بوو ئه‌وه ته‌نها ڕه‌ووم ی تێدا دروسته، ئه‌وه‌ش ئاشكرایه كه ئه‌گه‌ر جووله‌ی هه‌مزه‌كه فه‌تحه بوو ئه‌وه ڕه‌ووم و ئیشمام ی تێدا نیه به‌كۆ ده‌نگی گشت قاریئه‌كان، ئه‌م سێ باره‌ش ئه‌مانه‌ن:

أ- **باری یه‌كه‌م:** ئه‌و پیته‌ی جووله‌ی هه‌مزه‌ی بۆ گواستراوته‌وه له باری وه‌ستاندا، وه‌ك(دفءٌ، ملءُ، سوء، شيء).

ب- **باری دووه‌م:** ئه‌و هه‌مزه‌ی گۆڕدراوه به پیتی(ی) یان پیتی(و) دواتر تێكهه‌ڵكێشان بۆ ئه‌و پیته‌ی ده‌كه‌وێته پێش خۆی كراوه وه‌ك وشه‌كانی(بريءٌ، النسيءُ، المسيءُ، قروءٍ، سوء).

ت- **باری سێیه‌م:** هه‌مزه‌ی جووله‌دار ئه‌وه‌ی گۆڕدراوه له‌سه‌ر مه‌زهه‌بی ڕه‌سم، جیاوازیشی نیه ئایه گۆڕدراوه به پیتی(ی) یان پیتی(و) وه‌ك وشه‌كانی(الملؤُا، الضعفؤُا، نبأِئ، وما يبدئُ، اللؤلؤ).

❖ دووەم: ئەوەی ئاسان خوێندنەوەو ڕەووم ی تێدا دروستە، ئەوەش تەنها دوو باری هەیە:

أ- باری یەكەم: هەمزەی جووڵەداری كۆتایی پێش جووله وەك(شاطِئِ، امرِئٍ، لؤلؤٍ).

ب- باری دووەم: هەمزەی جووڵەداری كۆتایی وپێشی ئەلیف بێت وەك(الماءُ، الماءِ).

پێشەوا شاطبی لەهۆنراوەیەكی دا دەفەرموێت:

وَأشْمِمْ وَرُمْ فِيمَا سِوى مُتَبَدِّلٍ بِهَا　　حَرْفَ مَدّ وَاعْرِفِ الْبَابَ مَحْفِلاً
وَمَا وَاوٌ أَصْلِيٌّ تَسَكَّنَ قَبْلَهُ　　أوِ الْيَا فَعَنْ بَعْضٍ بِالإِدْغَامِ حُمِّلَا
وَمَا قَبْلَهُ التَحْرِيكُ أَوْ أَلِفٌ مُحَرَّكاً　　طَرَفاً فَالْبَعْضُ بالرَّوْمِ سَهَّلَا
وَمَنْ لَمْ يَرُمْ وَاعْتَدَّ مَحْضاً سُكُونَهُ　　وَألْحق مَفْتُوحاً فَقَدْ شَذَّ مُوغِلَا
وَفِي الْهَمْزِ أَنْحَاءٌ وَعِنْدَ نُحَاتِهِ　　يُضِيءُ سَنَاهُ كُلَّمَا اسْوَدَّ أَلْيَلَا

ئاگادارکردنەوەیەك:

1- حەمزە دەوەستێت لەسەر هەمزەی کۆتایی کە جوولەدارێك لەپێشی هاتبێت، بە شێوەی بنچینەی سەرەکی، کە ئەویش گۆڕینی هەمزەیە بە پیتی درێژکردنەوە لەڕەگەزی جوولەی پێش خۆی.

2- ئەگەر جوولەی هەمزەی ضمەدار گواسترایەوە بۆ پیتی پێش پێش خۆی ئەوە دروستە ئیشمام بکرێت، بەڵام ڕەووم لەضمەو کەسرە ڕوو دەدات، -هەروها ڕەفع و کەسرەش- وهەروها ڕەفع و جەڕیش- وەك(يضيءُ).

3- ئەگەر هەمزەکە گۆڕدرا بە پیتی پێش خۆی و تێکهەڵکێش کرا ئەوکات دروستە - واتە: پیتی شەددەدار- زەنەدارو ڕەووم و ئیشمام بکرێت- بەپێی مەرجەکانی- وەك(بريءُ).

4- گۆڕین و ئیشمام بەیەکەوە کۆنابێتەوە لەسەر شێوەی قیاس وەك(السماءُ، بناءُ).

5- ئەگەر هەمزە ئەلیف ی لەپێش هات، ئەوە بە ئاسان دەخوێندرێتەوە ئەوکات بە ڕەووم و درێژکردنەوەی شەش و دوو جوولە، وەك(السماءِ، يشاءُ).

6- درێژکردنەوەی شەش جوولە پێش دەکەوێت لەسەر دوو جوولە لەکاتی ئاسان خوێندنەوەی ودرێژکردنەوەی شەش جوولە پێش دەکەوێت لەسەر دوو جوولە لەکاتی گۆڕین.

الهمز

زەننەی کۆتایی (واتە : زەننە لە باری وەستان جیاوازی نیە جوولە ی لکاوبێت یان زەننە)

زەننەی بنچینە پێشی جوولە بە

- فە تحە دەگۆردرێ بە ئەلیف (اقرأ)←(اقرا)
- ضە ممە نمونەی نیە لە قورئان
- کەسرە دەگۆردرێ بە (ی) (نبیء)←(نبي)

جوولە دار (واتە : جوولە لە ناوەراستی وشە ،باسی دەکەین لە هێلکاریەکی تر)

جوولە لە باری نەوەستان زەننەلە باری وەستان سێ جوولە لە پێش یان پێشی زەننەبێت

جوولە بەفەتح لە باری نەوەستان وزەننەلە باری وەستان پێشی (6 باری هەیە)

- مەفتوح (بدأ) گۆران بەئەلیف (بدا)
- مەکسور (قرئ) گۆران بە (ی) (قري)
- زەننەی تەواو (الخبء) گواستنەوە بەزەننە (الخبْ)
- (و) ی زەننەی بنچینە (أن تبوأ) 1/ گواستنەوە بەزەننە(تبُو) 2/ تێکهەڵکێشان و زەننە (تبُوّ)
- (ی) ی زەننەی بنچینە (جيء) 1/ گواستنەوە بەزەننە (جيْ) 2/ تێکهەڵکێشان و زەننە (جيّ)
- ئەلیف ی بنچینە یان زیادە گۆرینی بە ئەلیف و درێژکردنەوەی 6 یان 4 یان 2 جوولە (شاء ، أولياء)

جوولە بەکەسر لە باری نەوەستان وزەننەلە باری وەستان پێشی (8 باری

- مەفتوح (النبأ)1/ گۆرین بەئەلیف 2/ ئاسانکردن بەرووم
- مەکسور (شاطئ)1/ گۆرین بە (ی) 2/ ئاسانکردن بەرووم 3/ گۆرین بە (ی) و رووم
- مەضموم (اللؤلؤ)1/ گۆرین بە (و) 2/ ئاسانکردن بەرووم 3/ گۆرین بە (و) و رووم
- (و) ی زەننەداری بنچینە (سوء ،السوء) 1/ گواستنەوەبەزننە 2/ گواستنەوە بە رووم 3/ گۆرین و تێکهەڵکێشان بە زەننە 4/ گۆرین و تێکهەڵکێشان بە رووم
- (ی) ی زەننەداری بنچینە (شيء) 1/ گواستنەوەبەزننە 2/ گواستنەوە بە رووم 3/ گۆرین و تێکهەڵکێشان بە زەننە 4/ گۆرین و تێکهەڵکێشان بە رووم
- (و) ی زەنەی زیادە (قروء) 1/ تێکهەڵکێشان و زەننە 2/ تێکهەڵکێشان و رووم
- زەننەی دروست (المرء) 1/ گولستنەوە 2/ گولستنەوە و رووم
- ئەلیف ی بنچینەی زیادە (السماء ،استحياء)1+ 2 + 3/ گۆرین بە ئەلیف و 6 و 4 و2جوولە 4+5/ ئاسانکردن و 4 یان 2 جوولە

جوولە بەضەمم لە باری نەوەستان زەننە لە باری وەستان پێش ئەو (8 باری هەیە)

- مەفتوح (الملأ)1/ گۆران بەئەلیف 2/ ئاسان و رووم
- مەکسور (يستهزئ)1/ گۆران بەئەلیف بە (ی) 2/ ئاسان و رووم 3/ گۆرین بەروم 4/ گۆرین بە ئیشمام
- مەضموم (اللؤلؤ ،امرؤ)1/ گۆران بەئەلیف (و) 2/ گۆرین بە (و) و رووم 3/ ئاسان بەرووم 4/ گۆرین بە (و) وئیشمام
- زەننەی دروست (ملء)1/ گواستنەوە 2/ گواستنەوەو رووم 3/ گواستنەوەو ئیشمام
- (و) ی زەننەداری بنچینە (لتنوء) السوء) 1+2+3/ گواستنەوەو رووم و ئیشمام 4/تێکهەڵکێشان بەزەننە 5/ تێکهەڵکێشان بەرووم 6/ تێکهەڵکێشان بەئیشمام
- (ی) ی زەننەداری بنچینە (يضيء ،شيء) 1+2+3/ گواستنەوەو رووم و ئیشمام 4/تێکهەڵکێشان بەزەننە 5/ تێکهەڵکێشان بەرووم 6/ تێکهەڵکێشان بەئیشمام
- (ی) ی زەننەداری زیادە (النسيء ،بريء) 1/تێکهەڵکێشان بەزەننە 2/ تێکهەڵکێشان بەرووم 3/ تێکهەڵکێشان بەئیشمام
- (ی) ی زەننەداری زیادە (السماء ،أبناء) 1+2+3/ گۆرینی ئەلیف بە6و4و2جوولە 4/ئاسان بە رووم و4جوولە 5/ ئاسان بە رووم و2جوولە

الوقف على الهمز المتطرف للإمام حمزة الزيات

إذا كان ساكناً سكوناً أصلياً، ويأتي قبله متحرك بـ		
الفتح	الكسر	الضم
نحو: اقرأ ، يبدل ألفاً هكذا: اقرا	نحو: نبئ ، يبدل ياءً هكذا: نبي	لم يأت له مثال في القرآن

يكون / ما قبله	مفتوح	مكسور	مضموم	ساكن صحيح	واو ساكنة أصلية	ياء ساكنة أصلية	ألف أصلية أو زائدة	
متحرك بالفتح وصلاً ويسكن للوقف، وما قبله يكون له (6 حالات)	نحو: (بدأَ) إبداله ألفاً ↓ بدا	نحو: (قرئَ) إبداله ياءً ساكنة ↓ قري	X	نحو: (الخبءَ) نقل مع السكون ↓ الخبْ	نحو: (تبوأَ) 1/ نقل مع السكون 2/ إدغام مع السكون	نحو: (وجيءَ) 1/ نقل مع السكون 2/ إدغام مع السكون	نحو: (أولياءَ) إبداله ألفاً مع الإشباع والتوسط والقصر	
متحرك بالكسر وصلاً ويسكن للوقف، وما قبله يكون له (8 حالات)	نحو: (النبأِ) 1/ إبداله ألفاً 2/ تسهيل مع الروم	نحو: (شاطئِ) 1/ إبداله ياءً 2/ تسهيل مع الروم 3/ إبداله ياءً مع الروم	نحو: (اللؤلؤِ) 1/ إبداله واواً 2/ تسهيل مع الروم 3/ إبداله واواً مع الروم	نحو: (المرءِ) 1/ نقل مع السكون 2/ نقل مع الروم	نحو: (سوءٍ) 1/ نقل مع السكون 2/ نقل مع الروم 3/ إدغام مع سكون 4/كالسابق لكن بالروم	نحو: (شيءٍ) 1/ نقل مع السكون 2/ نقل مع الروم 3/ إدغام مع سكون 4/كالسابق لكن بالروم	نحو: (السماءِ) 1+2+3/ إبداله ألفاً بإشباع وتوسط وقصر 4/ تسهيل مع إشباع 5/ تسهيل مع قصر	**ما قبله واو ساكنة زائدة** فقط في: قروءٍ 1/ إدغام مع سكون 2/ إدغام مع روم
متحرك بالضم وصلاً ويسكن للوقف، وما قبله يكون له (8 حالات)	نحو: (الملأُ) 1/ إبداله ألفاً 2/ تسهيل بالروم	نحو: (يَستهزئُ) 1/ إبداله ياءً 2/ تسهيل مع الروم 3/ إبداله ياءً مع الروم 4/ إبداله ياءً مع الإشمام	نحو: (امرؤُ) 1/ إبداله واواً 2/ تسهيل مع الروم 3/ إبداله واواً مع الروم 4/ إبداله واواً مع الإشمام	نحو: (ملءُ) 1/ نقل مع السكون 2/ نقل مع الروم 3/ نقل مع الإشمام	نحو: (لتنوءُ، السوءُ) 1+2+3/ نقل مع سكون وروم وإشمام 4/ إدغام مع سكون 5/ إدغام مع روم 6/ إدغام مع إشمام	نحو: (يضيءُ، شيءٌ) 1+2+3/ نقل مع سكون وروم وإشمام 4/ إدغام مع سكون 5/ إدغام مع روم 6/ إدغام مع إشمام	نحو: (السماءِ) 1+2+3/ إبداله ألفاً مع الإشباع والتوسط والقصر 4/ تسهيل مع إشباع 5/ تسهيل مع قصر	**ما قبله ياء ساكنة زائدة** فقط في : (النسيءُ، بريءُ، دريءٌ) 1/ إدغام مع سكون 2/ إدغام مع روم 3/ إدغام مع إشمام

وەستانی حەمزە
لەسەر ئەم وشانەی كە
خودی وشەكە هەمزەی ناوەڕاستیان تێدایە

وەكو لە ڕابردو باسمان كرد هەمزە لەڕووی جوولەوە لەسەر سێ شێوە خوێندنەوەیە:-

✓ **یەكەم:** هەمزەی زەنەدار لەدوای جوولەدارێك.

✓ **دووەم:** هەمزەی جوولەدار لەدوای زەنەدارێك.

✓ **سێیەم:** هەمزەی جوولەدار لەدوای جوولەدارێك.

بۆ كار ئاسانی و سود بینین دەتوانین ئەم بابەتە بكەینە سێ بەش:

- هەمزەی ناوەڕاست بەخودی هەمزەكە.
- هەمزەی ناوەڕاست جگە لەهەمزەكە.
- هەندێ وشەی تایبەت بە پێشەوا حەمزە لەكاتی وەستان لەسەری

❖ بەشی یەكەم: هەمزەی ناوەڕاست خودی.

➢ یەكەم: هەمزەی زەنەدار لە ناوەڕاست لەدوای جوولەدارێك

حوكمی ئەم هەمزە لای حەمزە بریتیە لە گۆڕینی هەمزە زەنەدارەكە بە پیتی درێژكردنەوە لە ڕەگەزی جوولەی پێش خۆی، ئەم جۆرە هەمزەش زەنەكەی نایەت تەنها ڕەسەن نەبێت ئەوەش لەدوای سێ جوولەدێت:

✓ **فه تحه :-**

ئەوەش وەك(بوَّأنا، يأكلون، تألمون، يأتون، تأثيماً، البأس، كأساً، فادَّارءتم، تأخذونه، مأمنه، امتلأت، استأجره، استأجرت، يستأخرون، تستأخرون، يستأذن، فليستأذنوا، اطمأننتم)

- **حوكمی هەمزە لەباری وەستاندا**

گۆڕينی هەمزە بە ئەليف مەم شێوەيە (بوَّانا، ياكلون، تالمون، ياتون، تاثيما، الباس، كاسا، فادَّاراتم، تاخذونه، مامنه، امتلات، استاجره، استاجرت، يستاخرون، تستاخرون، يستاذن، فليستاذنوا).

✓ **كەسره :-**

ئەوەش وەك(بِئس، الذئب، بئر، جئنا، نبئنا، شئتما، ولـمُلِئْت، أنبئهم، ورئيا).

- **حوكمی هەمزە لەباری وەستاندا**

گۆڕينی هەمزە بە ياو بەم شێوەيە(بيس، الذيب، بير، جينا، شيتما، ولـمليت، أنبيهم[1] ورييا)[2]

✓ **ضه ممه :-**

ئەوەش وەك(يؤخذ، يؤمنون، أنؤمن، سُؤلَك، تسُؤهم، يؤفك، المؤتفكة، تؤويه، رؤياك).

- **حوكمەكەی لەباری وەستاندا**

گۆڕينی هەمزە بە واو بەم شێوەيە(يوخذ، يومنون، أنومن، سُولَك، تسوهم، يوفك، تُووِيه، روياك)[3]

---

[1] **حەمزە لەبری وەستاندا لەسەر ئەم وشە: پيتی(هـ) ضەممەدار يان كەسرەدار دەكات هەروەك دواتر باسی دەكەين لە داهاتودا ان شاء الله.**

[2] **لەيەك لە خوێندنەوەكانی لەباری وەستاندا هەروەك دواتر باسی دەكەين ان شاء الله.**

[3] **لەيەك لە خوێندنەوەكانی لەباری وەستاندا هەروەك دواتر باسی دەكەين ان شاء الله.**

➢ دووەم : هەمزەی جوولەدار لەناوەڕاستدا لەدوای زەنە

ئەوەش لەدوای زەنەدارێکی دروست دێت ولەدوای ئەلیف و پیتی واو یان یائی زیادە دێت، ولەگەڵ پیتی واو یان یائی ڕەسەن:–

✓ هەمزە لەدوای زەنەدارێکی دروست

ئەوەش وەك(القرءان، تسـئل، شطـــئـه، الظمـئـان، يسـئمون، جزْءاً، يجـئـرون، أفـئدة، مسـئولاً، مذءوماً، المشـئمة، وطـئـاً، خطـئـاً، يسـئلون، هزْؤاً، كفْؤاً، النشأةَ).

- **حوكمی هەمزەی دوای زەنەی دروست لەباری وەستاندا**

گواستنەوەی جوولەی هەمزە بۆ زەنەی پێش خۆی لەگەڵ لابردنی هەمزە بۆ ئاسانکردن، دواتر پیتە زەنەدارەکە بە جوولەدار دەکەوێت، جوولەکەش هی هەمزەکەیە کە وەردەگرێت، دەبێتە فەتحەدار ئەگەر هەمزەکە فەتحەدار بوو، دەبێتە ضـەممەدار ئەگەر هەمزەکە ضـەممەداربوو، دەبێتە کەسرەدار ئەگەر هەمزەکە کەسرەداربوو بەم شێوەیە(القرَان، تسَل، شطَه، الظَمَان، يسَمون، جزَا، يجَرون، أفِده، مسُولا، مذُوما، المشَمه، وطَا، خطَا، (يسَلون، هزَا، كُفَا، النشَه)[1]

✓ هەمزە لەدوای ئەلیف:

ئەوەش وەك(غثاءً، دعاءً، نداءً، تراءت، أبنائنا، نسائنا، خائفين، القائمين، والقلائد، ءابائهم، الملائكة، بأسمائهم، إسرائيل، ءاباؤكم، أبناؤكم، نساؤكم، هاؤم، جاءوكم، اللائي، يراءون، السائلين).

[1] **لەیەك لە خوێندنەوەکانی لەباری وەستاندا هەروەك دواتر باسی دەکەین** ان شاء الله.

- **حوكمی هه‌مزه له‌دوای ئه‌لیف له‌باری وه‌ستاندا**

پێشه‌وا حه‌مزه هه‌مزه ئاسان ده‌كات و دوو خوێندنه‌وه هه‌یه، درێژكردنه‌وه‌ی شه‌ش جووله ئه‌وه‌یان پێش ده‌كه‌وێت[1] ودرێژكردنه‌وه‌ی دوو جووله.

سودی ژماره(1):

بۆچی دروسته ئاسانكردنی هه‌مزه‌ی فه‌تحه‌داری ناوه‌ڕاست له وشه‌ی(أبناءَكم) به‌ڵام له هه‌مزه‌ی كۆتایی فه‌تحه‌دار دروست نیه له وشه‌ی(أبناءَ) ؟

وه‌ڵام: ئاسانكردنی هه‌مزه‌ی ناوه‌ڕاست له وشه‌دا به جووله ته‌واو ده‌كرێت، واته: فه‌تحه‌ی ته‌واو، به‌ڵام له كۆتایی وشه به ڕه‌ووم و به‌شێك له جووله ده‌بێت، هه‌ر بۆیه زانایان ڕونیان كردۆته‌وه كه ئاسانكردن به ڕه‌ووم نابێت له فه‌تحه‌داری كۆتایی وشه، چونكه فه‌تحه به‌ش به‌ش ناكرێت.

سودی ژماره(2):

ئاشكرایه كه هه‌مزه ئه‌گه‌ر زه‌نه‌ی له‌پێش هات -جیاوازیشی نیه زه‌نه‌كه دروست بێت(صحیح) یان واوی و یائی بنچینه‌یی بێت- ئه‌وه حوكمی ئه‌م جۆره هه‌مزه له‌باری وه‌ستاندا گواستنه‌وه‌یه، به‌ڵام ئه‌م حوكمه جێبه‌جێ ناكرێت له‌سه‌ر ئه‌و هه‌مزه‌ی كه ئه‌لیفی له‌پێشدا هاتووه، هه‌رچه‌نده ئه‌لیف زه‌نه‌داره، هۆكاره‌كه‌شی ئه‌وه‌یه ئه‌لیف جووله وه‌رناگرێت، به‌ڵكو به‌رده‌وام زه‌نه‌داره.

✓ **هه‌مزه له‌دوای پیتی(و) یان(ی)ی زیاده[2]**

نمونه‌ی هه‌مزه له‌دوای پیتی یائی زیاده -نابێت ته‌نها پیتی یائی درێژكراو نه‌بێت- وه‌ك(خطیئته، خطیئاته، هنیئاً، مریئاً، بریئاً، بریئون).

---

[1] له‌سه‌ر وته‌ی موحه‌ممه‌دی كوڕی جه‌زه‌ری له په‌رتووكه‌كه‌یدا به‌ناوی(النشر في القراءات العشر)(قاهیره، چاپه‌مه‌نی تیجاریه‌ی گه‌وره، ب1، 1427ك) یه‌ك ده‌نگبون له‌سه‌ر دروست بونی درێژكردنه‌وه‌ی شه‌ش جووله‌و دوو جووله ودرێژكردنه‌وه به‌هێزتره.

[2] بۆ زانینی پیتی واوو یائی زیاده‌ی ڕه‌سه‌ن، سه‌یری په‌راوێزی لاپه‌ڕه 54 بكه.

- **حوکمی هەمزەی دوای پیتی (و) یان(ی)ی زیادە لەباری وەستاندا**

گۆڕینی هەمزەو تێکهەڵکێشانی پیتی یائی یەکەم لە پیتی یائی دووەم، دەربڕینی دەبێتە یائێکی شەددەدار، بەم شێوەیە دەخوێدرێتەوە(خطيَّته، خطيَّاته، هنيَّا، مريَّا، بريَّا، بريُّون).

دەربارەی هەمزە لەدوای پیتی واوی زیادە وهەمزەکە بکەوێتە ناوەڕاستی وشە ئەوەیان نەهاتووە لە قورئانی پیرۆز.

✓ **هەمزە لەدوای پیتی (و) یان(ی)ی ڕەسەن**

نمونەی هەمزە لەدوای پیتی(و) یان(ی)ی ڕەسەن تەنها لە وشەکانی(السُّوأى، سُوءاً، سيئت) **نەبێت، بەڵام لەدوای پیتی واوی لیین نەهاتووە تەنها لە وشەکانی(**سَوءة، سوءاتكم، سوءاتهما، موئلاً، الموءودة) **نەبێت.**

دەربارەی نمونەی هاتنی هەمزە لە دوای پیتی یائی لیین، وەك(شيئاً، استيأس، تيأسوا، ييأس، كهيئة).

- **حوکمی هەمزە لەدوای پیتی (و) یان(ی)ی ڕەسەن، دوو خوێندنەوە هەیە**

✓ **خوێندنەوەی یەکەم:**

گواستنەوەی جولەی هەمزە بۆ زەنەی پێش خۆی لەگەڵ لابردنی هەمزە بەمەبەستی ئاسانکردن، دواتر پیتە زەنەدارەکە بە جوولە دێخرێت، جوولەکەش دەبێتە فەتحە ئەگەر هەمزەکە فەتحەدار بوو، دەبێتە ضـەممە **ئەگەر هەمزەکە** ضـەممەداربوو، **دەبێتە کەسرە ئەگەر هەمزەکە کەسرەداربوو، بەم شێوەیە(**السُّوِى، سُوَا، سِيَت، سَوَه، سوَاتكم، موِلا، الـمَوُوْدة، شَيَا، استيَس، تيَسوا، ييَس، كهيَه).

✓ **خوێندنه‌وه‌ی دووه‌م:**

گۆڕینی هه‌مزه له ڕه‌گه‌زی پێش خۆی دواتر تێكهه‌ڵكێشانی بۆ ده‌كرێت له‌گه‌ڵ پێش خۆی، به‌م شێوه‌یه(السُّوِّى، سُوَّا، سِيَّت، سَوَّه، سوَّاتكم، موِّلا، الـمَـوُّوْدة، شَيًّا، استيَّس، تـيَّسـوا، ييَّس،كهيَّه).

➢ سێیه‌م: هه‌مزه‌ی جووڵه‌دار له‌دوای جووڵه

له‌كاتی بونی هه‌مزه‌ی جووڵه‌دار له‌ناوه‌ڕاستی وشه، ئه‌وه هه‌مزه‌كه یان ده‌بێته فه‌تحه‌دار یان كه‌سره‌دار یان ضه‌مه‌دار، هه‌روها پیتی پێش خۆشی به‌هه‌مان شێوه، كۆی گشتی ئه‌م خوێندنه‌وانه‌ش ده‌بێته نۆ خوێندنه‌وه دابه‌ش ده‌بێت به‌سه‌ر دوو كۆمه‌ڵه، كۆمه‌ڵه‌ی یه‌كه‌م دوو خوێندنه‌وه‌و كۆمه‌ڵه‌ی دووه‌میش حه‌وت خوێندنه‌وه.

ده‌رباره‌ی كۆمه‌ڵه‌ی یه‌كه‌م هه‌ردوو خوێندنه‌وه‌ی به‌م شێوه‌یه: هه‌مزه‌ی فه‌تحه‌دار پێشی كه‌سره یان ضه‌مه‌یه، ده‌رباره‌ی كۆمه‌ڵه‌ی دووه‌م ئه‌وه ده‌بێته حه‌وت خوێندنه‌وه كه ده‌مینێته‌وه.

❖ **كۆمه‌ڵه‌ی یه‌كه‌م: دوو خوێندنه‌وه ده‌گرێته‌وه**[1]:

حوكمی ئه‌م كۆمه‌ڵه گۆڕینی هه‌مزه‌یه به پیتی درێژكراو له ڕه‌گه‌زی جووله‌ی پێش خۆی[2].

---

[1] **ئه‌م كۆمه‌ڵه هاووێنه‌ی پێشه‌وا نافع یان ئیبن كه‌ثیر یان ده‌توانین بڵێین هاووێنه‌ی به‌صریه له بابه‌تی(دوو هه‌مزه له دوو وشه‌ی جیاواز له جووله‌دا) ئه‌وه‌ش ئه‌گه‌ر هه‌مزه‌ی دووه‌م فه‌تحه‌داربو ئه‌و كات هه‌مزه‌ی دووه‌م ده‌گۆڕدرێت به پیتی ڕه‌گه‌زی جووله‌ی یه‌كه‌م.**

[2] **ئه‌بو جه‌عفه‌ری ئه‌نصاری باسی كردوه له په‌رتوكه‌كه‌ی خۆی به‌ناوی(الاقناع في** القراءات **السبع) لا**267**، كه واتاكه‌ی به‌م شێوه‌یه(ئاسانكردنی نیه له‌م كۆمه‌ڵه، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئه‌گه‌ر ئاسان بكرێت وببێته له‌نێوان بون ئه‌وه ده‌بێته نزیك له ئه‌لیف وئاشكرایه كه ئه‌لیف و نزیكه‌كانی له ئه‌لیف له پێشیاندا نایه‌ت ته‌نها فه‌تحه نه‌بێت، سه‌یری وشه‌ی** (يؤيد، خاطئة) **بكه ئه‌گه‌ر ئاسانی بكه‌ین، ئه‌وكات هه‌مزه له‌وتندا ده‌بێته نێوان هه‌مزه‌بون و ئه‌لیف، به‌و واتایه كه نزیك ده‌كه‌وێته‌وه له ئه‌لیف،**

1- هه‌مزه‌ی فه‌تحه‌دار له‌دوای پیتی ضه‌ممه‌دار

ئه‌وه‌ش وه‌ك(يؤيد، فؤادك، مؤذن، يؤلف، المؤلفة، فليؤَدِّ، يؤخر، يؤاخذ، مؤجلاً، لؤلؤاً، سؤال).

- **حوكمی هه‌مزه‌ی فه‌تحه‌دار له‌دوای پیتی چهممه‌دار له‌باری وه‌ستاندا**

گۆڕینی هه‌مزه‌كه‌یه به پیتی(و) ئه‌وه‌ش ده‌بێت فه‌تحه‌دار بێت.

2- هه‌مزه‌ی فه‌تحه‌دار له دوای پیتی كه‌سره‌دار

ئه‌وه‌ش وه‌ك(خاطئة، ناشئة، فئة، فئتين، مائة، مائتين، بأيكم، ننشئكم، لأنعامكم، السيئة، سيئاتهم، خاسئاً، ملئت، رئاء، لئلا، لأهب، لنُبوِّئَنَّهم، لتُنَبِّـئَـنهم، شانئك، ليبطئن، موطئاً، المنشِئات)[1]

- **حوكمی هه‌مزه‌ی فه‌تحه‌دار له دوای پیتی كه‌سره‌دار**

گۆڕینی هه‌مزه‌كه‌یه به پیتی یاء ئه‌وه‌ش ده‌بێت فه‌تحه‌دار بێت، له‌گه‌ڵ ئاگاداربون له‌وه‌ی كه هه‌مزه له وشه‌كانی(لئلا، لأهب، بأيكم، لأنعامكم) **ئه‌وانه‌ی ده‌چێته بابه‌تی هه‌مزه‌ی ناوه‌ڕاستی وشه به زیاده**(المتوسط بزائد)**، دواتریش باسی ده‌كه‌ین ان شاء الله.**

لێره‌شدا جووله‌ی ضه‌ممه‌ی له پێشدا هاتووه له وشه‌ی(يؤيد) **وكه‌سره‌دارده‌كرێت له وشه‌ی**(خاطئة) **ئایه دروسته پێش ئه‌لیف فه‌تحه نه‌بێت؟ به دڵنیایه‌وه نه‌خێر.**

[1] **وشه‌ی**(المنشِئات) **ئایه‌تی**(24)**ی سوره‌تی ڕه‌حمانه، حه‌مزه ئه‌م شوێنه به كه‌سره ده‌خوێنێته‌وه.**

❖ کۆمەڵەی دووەم: حەوت خوێندنەوە لە خۆ دەگرێت

حوکمی ئەم کۆمەڵەش ئاسان خوێندنەوەی هەمزەیە لەنێوان، واتە: خوێندنەوە لەنێوان هەمزەو پیتێکی هاوڕەگەز لە جوولەی هەمزەکە، خوێندنەوەیەکی تریش زیاد دەبێت لە هەمزەی ضـەممەدار کە دەکەوێتە دوای کەسرە، وبەپێچەوانەوە لە هەمزەی کەسرەدار لەدوای ضـەممە، خوێندنەوەی تر گۆڕینی هەمزەیە بە پیتی هاوڕەگەزی جوولەی پێش خۆی، خوێندنەوەیەکی تر هەیە ئەویش لابردنی ئەو هەمزەی کە هیچ خوێندنەوەی بۆ نیە لە هەندێك باری تایبەت دا.

1- هەمزەی فە تحەدار لەدوای فە تحە

ئەوەش وەك(سأل، مـــآب، مـــآرب، شنـــآن، تأذن، اطمأنوا، اشمأزت، أرأيت، أرأيتكم، بدأكم، ذرأكم، رِأى، نأى، فأحيا، امرأت، ملجـــأً، ويكأنّه، متكئاً).

(لأملأنَّ، واتە: هەمزەی دووەم) لەگەڵ ئاگاداربون لە سەر ئەوەی کە هەمزەی یەکەم لە وشەی(لأملأن) دەچێتە باری ناوەڕاستدا بە زیادە، ئەمەش دواتر باسی دەکەین ان شاء الله.

- **حوکمی هەمزەی فە تحەدار لەدوای فە تحە**

ئاسانکردنی هەمزەیە لەنێوان(بين بين)، واتە: خوێندنەوەی هەمزە لە نێوان هەمزەو ئەلیف

2- هەمزەی کەسرەدار لە دوای فە تحە

ئەوەش وەك(تبتَئِس، يَئِس، يومَئِذٍ، حينئِذٍ، جَبْرَئِـيل[1]، لَئِن، أئنك، أئن، أئذا، أئفكاً، أئمة، مطمئنين، تطمئن، المطمئنة، مَلَئِهم، مَلَئِه، بَئِيس).

---

[1] حەمزە ئەم وشە بە فەتحەی پیتی(ج)و پیتی(ر) دەخوێنێتەوە، وهەمزەی کەسرەداریش زیاد دەکات لەگەڵ بونی پیتی(ی) درێژکراو(بەدەل).

- **حوكمی هه‌مزه‌ی كه‌سره‌دار له‌ دوای فه‌ تحه**

ئاسانكردنی هه‌مزه‌یه‌ له‌نێوان واته‌: خوێندنه‌وه‌ی هه‌مزه‌ له‌ نێوان هه‌مزه‌و یاء له‌گه‌ڵ ئاگاداربون له‌ سه‌ر ئه‌وه‌ی كه‌ هه‌مزه‌ له‌ وشه‌كانی(لَئِن، أئنك، أئن، أئذا، أئفكاً) **ده‌چێته‌ باری ناوه‌ڕاستدا به‌ زیادبون، ئه‌مه‌ش دواتر باسی ده‌كه‌ین ان شاء الله.**

3- هه‌مزه‌ی كه‌سره‌دار له‌ دوای ضه‌مه‌

ئه‌وه‌ش هاتووه‌ له‌(سُئِل، سُئلت، سُئلوا)

- **حوكمی هه‌مزه‌ی كه‌سره‌دار له‌ دوای ضه‌مه‌**

بۆ ئه‌م جۆره‌یان حه‌مزه‌ دوو خوێندنه‌وه‌ی هه‌یه‌:

أ- ئاسانكردنی هه‌مزه‌ له‌ نێوان، واته‌: خوێندنه‌وه‌ی هه‌مزه‌ له‌ نێوان هه‌مزه‌و پیتی یاء، ئه‌وه‌ش به‌پێی یاسای گشتی له‌م به‌شه‌دا.

ب- گۆڕینی هه‌مزه‌ به‌ پیتی واو ، ئه‌وه‌ش ده‌رده‌كه‌وێت كه‌ هه‌مزه‌كه‌ كه‌سره‌داره‌ ئه‌وه‌ش به‌پێی یاسای ڕه‌سمی(خوێندنه‌وه‌ی ئه‌خفه‌ش[1]) به‌م شێوه‌یه‌(سُوِل).

4- هه‌مزه‌ی كه‌سره‌دار له‌دوای كه‌سره‌

ئه‌وه‌ش وه‌ك(خاطئين، خاسئين، متكئين، صابئين، المستهزءين، لإيلاف، بارئكم، يومِئذ).

- **حوكمی هه‌مزه‌ی كه‌سره‌دار له‌دوای كه‌سره‌:**

ئاسان كردنی هه‌مزه‌یه‌ له‌نێوان، واته‌: خوێندنه‌وه‌ی هه‌مزه‌ له‌ نێوان هه‌مزه‌و پیتی(ی)

---

(1)**ئیبن جه‌زه‌ری له‌ په‌رتوكه‌كه‌ی خۆی به‌ناوی**(طيبة) **ئاماژه‌ی به‌وه‌ داوه‌ كه‌ ئه‌خفه‌ش پێچه‌وانه‌ی سێبه‌وه‌یهی كردووه‌ له‌ دوو جۆردا: یه‌كه‌میان: هه‌مزه‌ی كه‌سره‌دار له‌ دوای ضه‌مه‌، دووه‌میان: ضه‌مه‌ له‌دوای كه‌سره‌، سێبه‌وه‌یهی ئاسانی ده‌كات له‌ ڕه‌گه‌زی جووله‌ی پێش خۆی، به‌ڵام ئه‌خفه‌ش ده‌یگۆڕێت به‌ پیتی(ی) له‌دوای كه‌سره‌و پیتی(و)یش له‌دوای ضه‌مه‌، (دانی) له‌ په‌رتوكی(الجامع) ده‌فه‌رموێت: ئه‌وه‌یان مه‌زهه‌بی ئه‌خفه‌شه‌ كه‌ له‌ لای ئه‌و جگه‌ له‌وه‌ هیچی تر دروست نیه‌.**

خوێندنەوەی دووەمیشی بۆ زیادکراوە کە وێنەی ڕەسمی نیە، بەڵکو لەدوای هەمزە پیتی (ی)ی درێژکراوە، ئەویش لابردنە، ئەوەش بەپێی مەزهەبی ڕەسم، وەك وشەکانی(خاطـئـين، خاسـئـين، متكـئـين، صابـئـين، المستهزءين) **بەم شێوەیە**(خاطين، خاسين، متكين، صابين، المستهزين) **لەگەڵ ئاگاداربون لەسەر ئەوەی کە هەمزە لە وشەی(**لإيلاف**) لەباری ناوەڕاستی زیادەیە، دواتر باسی دەکەین ان شاء الله.**

5- هەمزەی ضەممەدار لەدوای فەتحە

ئەوەش وەك(رؤف[1]، يكلؤكم، سأُلقي، يَـئُوساً، تؤزهم، مبرءُون، يطـئُون، أؤُنبئكم، لتنبَّؤُن، يدرءون، نقرؤه، يـئُوده، اخسـئُوا، تبرءوا، بدءوكم، يبنؤم، تبوَّءُو، اقرءوا، يقرءُون، يذرؤكم).

• حوکمی هەمزەی ضەممەدار لەدوای فەتحە

ئاسان کردنی هەمزە لەنێوان، واتە: خوێندنەوەی هەمزە لە نێوان هەمزەو پیتی(و)

خوێندنەوەی دووەمیشی بۆ زیادکراوە کە وێنەی ڕەسمی نیە، بەڵکو لەدوای هەمزە پیتی (و) دێت، ئەویش لادەبردرێت، ئەوەش بەپێی مەنهجی ڕەسم، وەك وشەکانی(يَـئُوساً، مبرءُون، يطـئُون، يدرءون، يـئُوده، اخسـئُوا، تبرءوا، بدءوكم، تبوَّءُو، اقرءوا، يقرءُون) **بەم شێوەیە**(يَوسا، يَطَون، يدرَون، يَودُه، اخسَوا، تبرَوا، بدَوكم، تبوَّو، اقرَوا).

لەگەڵ ئاگاداربون لەسەر ئەوەی کە هەمزە لە وشەکانی(سألقي، أَؤُنبئكم) **لەباری ناوەڕاستی زیادەیە، دواتر باسی دەکەین ان شاء الله.**

6- هەمزەی ضەممەدار لە دوای ضەممە

ئەوەش لە وشەکای(برءُوسكم، رءوسهم، رءُوس).

[1] **حەمزە ئەم وشە بە لابردنی پیتی(و) واتە بە(رَءُف) دەخوێنێتەوە بێ درێژکردنەوە.**

- **حوکمی هەمزەی ضەممەدار لە دوای ضەممە لەباری وەستاندا**

بۆ ئەم جۆرەیان حەمزە دوو خوێندنەوەی هەیە:

أ- ئاسانکردنی هەمزە لە نێوان، واتە: خوێندنەوەی هەمزە لە نێوان هەمزەو پیتی(و)

ب- لابردن، ئەوەش بەپێی یاساى ڕەسم، چونکە لەسەر ڕەسمی خۆی نەنوسراوە، بەم شێوەیە(بِرُوسِكم).

7- هەمزەی ضەممەدار لەدوای کەسرە:

ئەوەش وەك(مستهزِءُون، متكِـــُون، أنبِـُوني، فمالِـــُون، ليواطِـــُوا، ليطفِـــُوا، ويستنبِـــُونك، سنقرِئُك، الخاطِـــُون، صابِـــُون، المنشِـــُون، استهزِءوا، أؤنبِّئُكم، تنبِّئُهم، سيِّئُهُ، لِأُخراكم، لِأُولي).

- **حوکمی هەمزەی ضەممەدار لەدوای کەسرە**

حەمزە بۆ ئەم جۆرەیان دوو خوێندنەوەی هەیە:

أ- ئاسانکردنی هەمزە لە نێوان، واتە: خوێندنەوەی هەمزە لە نێوان هەمزەو پیتی(و) ئەوەش بەپێی یاسای گشتی لەم بەشەدا.

ب- گۆڕینی هەمزە بە پیتی(ی) ئەوەش دەردەکەوێت کە دەبێت ضەممەدار بێت، ئەوەش بەپێی یاسای ڕەسمی(خوێندنەوەی ئەخفەش) بەم شێوەیە(مستهزِيُون، متكِيُون، أنبِيُوني، فمالِيُون، ليواطِيُوا، ليطفِيُوا، ويستنبِيُونك، سنقرِيُك، الخاطِيُون، صابِيون، المنشِيُون، استهزِيوا، أؤنبِّيُكم، تنبِّيُهم، سيِّيُه، لِيُخراكم، لِيُولي).

خوێندنەوەی سێیەمیشی بۆ زیادکراوە کە وێنەی ڕەسمی نیە، بەڵکو لەدوای هەمزە پیتی(و)ی زەنەداری درێژکراوە دێت[1]**، ئەوەش وەك**(مستهزءُون، متكـــُون، أنبـُوني، فمالـــُون، ليواطـــُوا، ليطفـــُوا، ويستنبـــُونك، الخاطـــُون، صابـــُون، المنشـــُون،

---

[1] **تێبینی دەکرێت لە هەمزەی ضەممەدار لەدوای کەسرە، گشت وشەکان وێناکراوە، بەلأم لەسەر ڕەسمەکەی خۆی نا بەڵکو پیتی(و)ی لەدوا هاتووە، تەنها لە بنچینەی نەبێت لەگەڵ سێ وشەی تایبەت: دەربارەی ڕەسەن دەرکراو ئەوە هەمزەیەکە لە پێشی هاتووە پیتێکی زیادە، وەك**(لإخراهم) **بەلأم سێ وشە تایبەتەکە بریتین لە**(سنقرئك، سيئه)**، ووشەی**(تنبئهم) **بەهەرشێوەیەك هاتبێت.**

استهزءُوا) لەگەڵ ئاگاداربون له وشەی(لِأُخراكم، لِأُولي) هەمزه له هەردوكیاندا دەچێته ژێر باری هەمزەی ناوەڕاست به پیتی زیاده، دواتر باسی دەكەین له داهاتودا ان شاء الله.

چەند هۆنراوەیەك[1] له شیعری مەنهەجی پێشەوا حەمزه كه تێیدا كورت كراوتەوه لەسەر هەمزەی جووڵەدار له دوای جووڵه:

إن ضمٌّ آو كسرٌ سبق   فـتـحَ الـهـمز أبـدلِ
وغـيـرَهـا فـسـهلـن   وذاك مـعــه أبـدلِ
إن بعدَ ضمّ كسـرُهـا   أو عـكـسُـه فلتفعلِ
وزد لغيـرصـورة الـ   همز بحذفـه اعملِ
لـلكـسـرِقبلَ كسرِها   أو ضمِّ همزٍ مسجلِ

یان ئەو دوو بەیتەی خوارەوه كه دەبێته تەواوكەری بابەتەكه[2]:

وأبـدلِ المفتـوح لا فتحـاً يلي[3]   وغيرَ ذا سهله، والحذف آقبلِ[4]
إن ضُمَّ همزٌ أو بكسرة[5]سُبق   وإن تـجـمَّعا[6] فـإبـدال يـحـق

---

(1)ئەم هۆنراوه له نوسینی شێخی بەتوانا: موحەممەدی كوڕی ئەحمەدی نەحجاله، كه لەسەر(بەحری رەجەزه).

(2)ئەم هۆنراوه له نوسینی شێخی بەتوانا: ئوسامەی شاعیره، لەسەر(بەحری ڕەجەز).

(3)واته: ئەو هەمزەی كه فەتحەداره ولەپێشی پیتێكی فەتحەدارهاتووه.

(4)لابردنی وەرگرتووه به مەرج: ئەویش بێ بوونی وێنای هەمزەیه.

(5)ئەوه ڕونادات تەنها له هەمزەی كەسرەدار نەبێت وپێشیشی هەر كەسرەبێت، چونكه ضـەممەدار ئەگەر پێشی كەسرەدار بو: ئەوه لەسەرەتای دێرەكه باس كراوه، بەڵام دەربارەی هەمزەی فەتحەدار پێشی كەسرەبێت، ئەوه قسەی لەسەر كراوه له هۆنراوەی یەكەم.

(6)واته: كۆبونەوەی ضـەممەدارێك كه پێشی كەسرەبێت، یان هەمزەی كەسرەدارێت پێشی ضـەممەبێت.

خشتەی کورتکراوەی هەمزەی ناوەڕاست لەباری وەستاندا هەمزەی(جوولەدار لەدوای پیتێکی جوولەدار)

هەمزەی جوولەدار لە دواى جوولە

ژ	گۆڕین(ابدال)	ژ	ئاسانکردن(تسهیل)	
1	فەتحەدار لەدوای ضـەمە	1	فەتحەدار لەدوای فەتحە	
2	فەتحەدار لەدوای کەسرە	2	کەسرەدار لەدوای فەتحە	
		3	کەسرەدار لەدوای ضـەمە	+ گۆڕین
	لەژمارەچوارەوە تا حەوت لابردنی بۆ زیاد دەکرێت بۆ ئەوانەی ڕەسمیان نیە	4	کەسرەدار لەدوای کەسرە	
		5	ضـەمەدار لەدوای فەتحە	
		6	ضـەمەدار لەدوای ضـەمە	
		7	ضـەمەدار لەدوای کەسرە	+ گۆڕین

خشتەی کورتکراوەی هەمزەی ناوەڕاست لەباری وەستاندا(جوولەدار لەدوای جوولە)

هەمزەی جوولەدار لە دواى جوولە

تەنها گۆڕین	تەنها ئاسانکردن	ئاسانکردن و لابردن[تر]	ئاسان و گۆڕین و لابردن[یر]
فەتحەدارلەدوای ضـەمە	فەتحەدارلەدوای فەتحە	کەسرەدارلەدوای کەسرە	کەسرەدار لەدوای ضـەمە
فەتحەدارلەدوای کەسرە	کەسرەدارلەدوای فەتحە	ضـەمەدار لەدوای فەتحە	ضـەمەدارلەدوای کەسرە
		ضـەمەدار لەدوای ضـەمە	

---

(1) جیاکراوتەوە ئەگەر لەدوای هەمزە پیتی(و) نێت، یان هەمزەی پیتی زیادەی لەپێش هاتبێت، وەك(بارئكم، يذرؤكم، وأوتيت)، لابردن لە هەمزە نیە.

(2) تەنها چوار وشە جیاکراوتەوە لەگەڵ ڕەسەنی دەرچوو، چوار وشەکە ئەمانەن: (سُئل، سنقرئك، تنبئهم، سيِّئُه) بنچینەی دەرچوو ئەوەیە کە لە پێش هەمزە پیتی زیادەهەبێت، وەك(لِأُخراكم) لێرەدا هەمزە لاناچێت، وکەسرەدار لەدوای ضـەمە لابردنی تێدانیە.

❖ بەشی دووەم: هەمزەی ناوەڕاست بە زیادە(المتوسط بزائد)

هەمزە لە ناوەڕاستی وشە تەنها دوو شێوەی هەیە:

✓ **یەكەم: خودی هەمزەكە خۆی لەناوەڕاست هاتبێت، لێرەدا مەبەست لە تەواوی، واتە: پێش هەمزەكە پیتێك هەبێت لە بنیادی وشەكە بێت و لێی جیانەبوبێتەوە**[1]**، وەك**(سأل، رءوف) **ئاسانكردنی ئەم بەشەش بەپێی یاسای پێشووە لە بەشی یەكەم.**

✓ **دووەم: خودی هەمزەكە خۆی لەناوەڕاست نەهاتبێت، بەلكو بەهۆی پیتێكی زیادە كەوتبێتە ناوەڕاست، بەواتای ئەوەی كە پیتە زیادەكەمان لابرد واتای وشەكە تێك نەچێت، نمونەش لەسەر ئەمە زۆرە، وەك**(بأنهم، وَأَمَرُّ، لئلا).

لای حەمزە دوو خوێندنەوە دروست دەبێت لەسەر ئەم بەشەی پێشوو كە باسمان كرد:

➢ **خوێندنەوەی یەكەم:**

خوێندنەوەی هەمزە، واتە: تەحقیق كردنی هەمزە، ئەوەش بەپێی بنچینە، بەشێوەیەك سەیری هەمزەكە دەكرێت كە یەكەمی وشەكەیە لە پیتە زیادەكان.

---

[1] **دەچێتە ژێر ئەم بەشە**(وأْمُر، فأْووا، فأتوا) **ئەمانە هاوێنەن لەگەڵ**(يأتي، تؤمن) **ئەم وشانە هیچیان ناچێتە بابەتی هەمزەی ناوەڕاست بە زیادە، چونكە زەنندارن و پێشیان فەتحەیە، كەواتا پیتەكانی ناوەڕاست بە زیادە پیتی فیعلی** مضارعيان **ناچێتە سەر، وەك**(يؤمن، يأكل) **وهەروها پیتەكانی**(و)**و** (ف) **ناچنە سەر زەنندار، وەك**(وأمر، فأووا) **هەروەك چۆن پیتی**(م)**ی اسمی فاعلی ناچێتە سەر ، وەك**(مأتيا، مؤمن) **لەگەڵ ئەمانەشی ناچێتە سەر**(حينئذ، يومئذ، يبنؤم).

➢ **خوێندنەوەی دووەم:**

تەسهیلکردنی هەمزەیە بە ئاسانکردن یان گۆڕین یان هەردووکیان[(ش)]، ئەوەش بەپێی یاسای گشتی لەبەشی یەکەم بەشێوەیەك کە هەمزەکە ناوەڕاستی وشەکەیە ئەوەش بەپێی ڕەسمەکەی.

ئەو پیتە زیادەی دەچنە سەر هەمزە لە قورئانی پیرۆزدا دە(10) پیتن[(هـ)]، کۆبویتەوە لە(فَـوَيا بِئْسَ الـهالِك) یان(سَأَلَـها يا بالكُوفِـ[(هـ)]) بەم شێوەی خوارەوە:

1- پیتی(ف) وەك(فآمنوا، فإذا، فإنا، أفأنتم، فأبوا، فأذن، أفأمن، فإنهم، فأُوَارِي).

2- پیتی(و) وەك(وأبقى، وأَمَرّ، وَأَكدى، وأوحي، وأوتينا).

3- پیتی(ی)ی بانگکردن، وەك(يأيها، يآدم، يإبراهيم، يأخت).

4- پیتی(ب) وەك(بأنهم، بأنه، لَبِإمام، بآياتنا، فبأيِّ، بأمره، بإبراهيم، بآخرين، بأسمائهم، بإذن، بإحسان، بإحدى).

5- (هەمزە) وەك(ءأنذرتهم، ءَأسلمتم، أؤنبئكم، أئنا، أئفكاً، أئنكم، أؤُلقي، أؤنزل، ءأعجمي).

---

(1)(أل)ی ناسروا زیاددکرێت بۆ ئەو هەمزەی پیتی زیادەی لەپێشدا هاتووە، ئاسانکردن تەنها بە گواستنەوە، چونکە هەمزەکە پێشی زەنندارە.

(2)هۆی ناونانی بە زیادە، ئەوەیە کە لەزمانی عەرەبەکادا پیتی زیادە نەهاتووە لە ئیسم یان فیعلدا تەنها لەم دە پیتە نەبێت، ئەم پیتانەش بە بنچینە هاتووە لەشوێنی تر نەك بە زیادە، تەنها ئەلیف نەبێت نابێتە بنچینە تەنها بە گۆڕین نەبێت، هەروها ئەم پیتانە دەگۆڕدرێن بە پیتەکانی(المذَبذَبةِ) **هۆکاری ناونانی بەم ناوە چونکە جێگیرنابێت لەیەك باردا، بەلکو لەهەندێ کاتدا زیادەو لە هەندێ کاتی تر بنچینەیە، گشت پیتەکان تەنها دەبنە بنچینە مەگەر ئەلیف نەبێت،(مەککی کوڕی ئەبو** طالیب، **پەرتووکی**(الرعاية لتجويد القراءة وتحقيق لفظ التلاوة)، **ئوردن- دەزگای عەممار،** 1417**ك،** **لا**121.

(3)بەواتای ئەوە کەسێك پرسیاری لە ئافرەتێك کردلە واتای(یا) بە زمانی خەڵکی کوفە.

6- پیتی(س) **وەك**(سآوي، سأصرف، فسأكتبها، سأُريكم).

7- پیتی(ه)**ی تەنبیه، وەك**(هأنتم، هؤلاء).

8- پیتی(ل) **وەك**(لأنتم، لأنهم، لِئلا، لأهب، لأُبيّن، ولأبويه، لآدم، لأُقطعنَّ، فلأنفسهم، لإيلاف، لأُخراهم، لأُصلبنكم، لأُولاهم).

9- پیتی(ك) **وەك**(كأنهم، فكأنها، كألف، كأي،كأمثال، كأنه).

حوكمی
ئەو هەمزەیەی کە یەك پیتی بۆ زیاد دەکرێت

حەمزە دەوەستێت لەسەر ئەو هەمزەیەی کە یەك پیتی لەپێشدا بۆ زیادکراوە، وەك نمونەی پێشو باسکران، بە دوو شێوە:

1- خوێندنەوە(تەحقیق).

2- ئاسانکردن.

مەبەستمان لە ئاسانکردن یان گۆڕین یان ئاسانکردن و گۆڕین بەیەکەوە، ئەوەش بەپێی یاسای گشتی ئەوەی پێشتر باسکراوە، واتە: حوکمی خوێندنەوەی دووەم وەك هەمزەی ناوەڕاست، وەك(لأُخراهم، لأُولاهم، لأُبين، ولأُتم، لأُخته، لأُنذركم، لأُلي) **بەسێ شێوە لەسەری دەوستێن: خوێندنەوە، ئاسانکردن، گۆڕین بە پیتی**(ی)[1].

(پیتەکانی لامی ناساندن) وەك(الأرض، الآخرة) **حەمزە لەباری وەستاندا: گواستنەوەو سەکت لەسەر هەمزەکە دەکات.**

---

[1]لێرەدا ئاسانکردن و گۆڕینی بۆ هەیە، چونکە هەمزە ضـەممەدارەو پێشی کەسرەیە، هەر بۆیە ئەم دوو خوێندنەوەی بۆ هەیە.

ئاگاداركردنه‌وه‌یه‌ك:

هه‌ندێك كه‌س پرسیار ده‌كه‌ن كاتێك (أل)ی ناسراو یه‌كێكه له زیاده‌كان ئه‌ی بۆچی له‌سه‌ری ناوه‌ستین له‌كاتی خوێنه‌وه‌دا وه‌ك یه‌كسانیه‌ك له‌گه‌ڵ هاوشێوه‌كانی له نۆ پیته زیاده‌كانی كه ماون؟ به تایبه‌ت كه پێشه‌وا شاطبی **باسی كردووه له‌گه‌ڵ پیته زیاده‌كان وحوكمی خوێندنه‌وه‌و ئاسان كردنی له‌سه‌ر هه‌موویان جێبه‌جێكردووه.**

له‌وه‌ڵامدا ده‌ڵێین ئه‌م بابه‌ته به‌م شێوه‌یه:
كاتیَ شاطبی له هۆنراوه‌ی خۆیدا باسی كردووه‌به‌م شێوه‌یه:

وَمَا فِيهِ يُلْفى وَاسِطاً بِزَوَائِدٍ   دَخَلْنَ عَلَيْهِ فِيهِ وَجْهَانِ أُعْمِلاَ

كاتێك ده‌ڵێین دوو خوێندنه‌وه‌ی بۆ هه‌یه مه‌به‌ستمان ته‌حقیق و ئاسانكردنی ئه‌و هه‌مزه‌ی كه یه‌كێك له ده پیته زیاده‌كه‌ی له پێشدا هاتووه، (أل) ناسراوی به تایبه‌ت، ئه‌وه له‌بابه‌تی ته‌واوكردنی پیته زیاده‌كانه ئه‌وانه‌ی كه به‌ناوبانگن له‌زمانی عه‌ره‌بیدا، ئه‌گه‌رنا حوكمی(أل)ی ناسراو له پێشتر ئه‌و باسی كردووه له‌بابه‌تی لكاودا
سه‌كه‌ت له شوێنی(ته‌حقیق) خوێندنه‌وه‌یه، به‌لكو زیاتریش ڕوون و ئاشكرابوونه له خوێندنه‌وه‌دا.

تێبینی1:
حه‌مزه شه‌ش وشه‌ی جیاكردۆته‌وه له هه‌مزه‌ی زیاده له‌ناوه‌ڕاست، پێشه‌وا حه‌مزه له‌باری وه‌ستاندا ته‌نها یه‌ك خوێندنه‌وه‌ی هه‌یه ئه‌ویش گۆڕینه، شه‌ش(6) **وشه‌كه‌ش ئه‌مانه‌ن:**
({الذي ٱؤتمن}{يـصــلح ٱئتنا}{إلى الهدى ٱئتنا}{لقاءنا ٱئت}{يقول ٱئذن}{قال ٱئتوني[1]}) **له‌باری وه‌ستاندا حه‌مزه ته‌نها یه‌ك خوێندنه‌وه‌ی هه‌یه بۆ ئه‌م وشه، ئه‌ویش بریتیه له گۆڕینی هه‌مزه به پیتی درێژكردنه‌وه له ڕه‌گه‌زی پێش خۆی.**

---

(1) **پێشه‌وا حه‌مزه ئه‌م بابه‌ته به هه‌مزه‌ی لكاوو زه‌ننه‌ی هه‌مزه‌ی پچراو ده‌خوێنێته‌وه بیَ ئه‌لیف، له سوره‌تی كه‌هف، ئایه‌تی**96، **ئه‌مه وشه‌ی فه‌رشه.**

پێشه‌وا ئیبن جه‌زه‌ری ده‌فه‌رموێت: ئه‌م هه‌مزانه‌ هه‌ر چه‌نده‌ له‌سه‌ره‌تای وشه‌دان به‌لاَم ده‌ست به‌ئه‌وان ناكرێت له‌كاتی خوێندنه‌وه‌دا، چونكه‌ ناكرێت جێگیربكرێن له‌كاتی زه‌نه‌داریدا ته‌نها به‌ لكاوی نه‌بێت له‌گه‌لْ پێش خۆیان، هه‌ر بۆیه‌ حوكمی ئه‌وه‌یان بۆ ده‌درێت كه‌ ئه‌وان ده‌كه‌ونه‌ ناوه‌ڕاست، ئایه‌ نابینی هه‌مزه‌ له‌ وشه‌كانی(فأووا، وأمر، قال ائتونی) وكو پیتی(د) له‌ وشه‌ی(فادع) وپیتی(س) له‌ وشه‌ی(فاستقم) وپیتی(ر) له‌(قال ارجع) هه‌روه‌ك چۆن ناگوترێت پیته‌كانی(د، س، ر) نابنه‌ ده‌ستپێكراو ونابنه‌ شوێنگره‌وه‌ی ده‌ستپێكراو، به‌هه‌مان شێوه‌ش ئه‌م هه‌مزانه‌ هه‌رچه‌نده‌ ببنه‌ فائی فیعلی وشه‌، به‌لاَم هه‌مو پیتی فائێك نابێته‌ ده‌ستپێكراو یان جێگری ده‌ستپێكراو.

تێبینی2:

له‌ وشه‌ی{هاؤم} له‌{هاؤم ٱقرؤوا}(حاقه:19) پیتی(ه) بۆ ته‌نبیه(ئاگادارکردنه‌وه) نیه‌، واته‌: بۆ به‌ئاگایی و ئاگادراركردنه‌وه‌ نه‌هاتووه‌و به‌ پیتێكی زیاد ئه‌ژمار ناكرێت، به‌لْكو به‌شێكه‌ له‌ وشه‌كه‌ نه‌ك زیاده‌، حه‌مزه‌ ئه‌م وشه‌ ته‌نها به‌ ئاسان ده‌خوێندرێته‌وه‌ به‌ درێژكردنه‌وه‌ی شه‌ش جوله‌و دوو جووله‌.

تێبینی3:

وشه‌ی{وكأين} له‌{وكأين من نبيٍ}(ئالی عیمران: 146) وهاووێنه‌كانی بۆچونی باشتر ئه‌وه‌یه‌ كه‌ ته‌نها به‌ ئاسانكردن بخوێندرێته‌وه‌، چونكه‌ بنچینه‌ی وشه‌كه(كأىّ) ئه‌وه‌ لێكدراوه‌ له‌ پیتی(ك)ی پێچواندن "كاف التشبيه" ئه‌وه‌ی ده‌چێته‌ سه‌ر"أی" نوندار، هه‌روه‌ك ده‌چێته‌ سه‌ر(ذا) له‌(كذا) و(أنَّ) له‌(كأنَّ) خه‌لیل و سیبویه ده‌فه‌رموون(ﷺ): له‌ وشه‌ی(أی) پیتی كاف پێچواندنی چۆته‌ سه‌ر له‌گه‌ڵیدا جێگیربووه‌ له‌دوای لێكدان به‌ واتای(كم) دێت، له‌ موصحه‌فدا ڕه‌سمی پیتی(ن) وه‌رگرتووه‌، چونكه‌ وشه‌یه‌كه‌ گوستراوته‌وه‌ له‌ بنچینه‌ی خۆی، هه‌ر بۆیه‌ ده‌ربڕینی گۆردراوه‌ له‌به‌ر گۆڕینی واتاكه‌ی، دواتر زۆر به‌كار هاتووه‌ عه‌ره‌به‌كان ده‌سكارییان كردووه‌ به‌ گواستنه‌وه‌و لابردن بۆیه‌ چوار خوێندنه‌وه‌ی تێدا دروست بووه‌:


---

(1) موحه‌ممه‌دی كوڕی عه‌لی شه‌وكانی، په‌رتووكی(فه‌تح القه‌دیر)(دیمه‌شق–چاپخانه‌ی ئیبن كثیر، ب1414،1ك) لا505.

یه‌كێك له‌م خوێندنه‌وانه‌ وشه‌ی(كائن) وه‌كو(كاعن) به‌م جۆره‌ ئیبن كثير ده‌خوێنێته‌وه‌(كأيِّن) به‌ شه‌دده‌ وه‌ك(كعين) به‌م شێوه‌ ئه‌وانی تر ده‌یخوێننه‌وه‌ ئه‌وه‌ش بنچینه‌یه‌، سێیه‌م(كأين) وه‌ك(كعين) به‌ ئاسانكردن.
چواره‌م(كيئن) به‌ پیتی(ی) له‌دوای هاتووه‌ هه‌مزه‌ی كه‌سره‌دار.



الوقف على الهمز المتوسط بنفسه وبزائد للإمام حمزة الزيات



ملاحظة: المخطط عام لمنهج الإمام حمزة في الوقف على الهمز المتوسط؛ ولم أتطرق فيه إلى الألفاظ التي خالفت قاعدة الرسم العثماني، أو الألفاظ الخاصة بالإمام حمزة.

❖ به‌شی سێیه‌م: وه‌ستان له‌سه‌ر ئه‌م وشانه‌ی كه‌ تایبه‌تن به‌ حه‌مزه

ئه‌م وشانه‌ ده‌چێته‌ ژێر بابه‌تی هه‌مزه‌ی زه‌نه‌داری ئه‌صڵی كه‌ به‌خۆی ده‌كه‌وێته‌ ناوه‌ڕاست، ئه‌وه‌ی كه‌ پێشتر باسمان كرد.

حوكمی وه‌ستان له‌سه‌ر ئه‌م جۆره‌ هه‌مزه‌ وه‌كو هاووێنه‌كانی خۆیه‌تی، كه‌ بریتیه‌ له‌ گۆڕین له‌ ڕه‌گه‌زی جووڵه‌ی پێش خۆی، له‌دوای گۆڕینیش دیارخستن(الاظهار) یان تێكهه‌ڵكێشان(الادغام) دروسته‌، به‌م شێوه‌یه‌:

1- ورِءْیا:

ئه‌م وشه‌ هاتووه‌ له‌{هُمْ أَحْسَنُ أَثَـثَا وَرِءْيَـا}،(مه‌ریه‌م:74)، حه‌مزه‌ له‌باری وه‌ستاندا: هه‌مزه‌ی زه‌نه‌دار له‌ وشه‌ی(ورئیا) ده‌گۆڕیت به‌ پیتی(ی)، چونكه‌ پێش ئه‌م هه‌مزه‌ جووڵه‌ی كه‌سره‌یه‌، له‌و كاته‌ش دوو پیتی(ی) كۆده‌بێته‌وه‌ دروسته‌ ده‌ریان بخه‌ی ودروستیشه‌ تێكهه‌ڵكێشانیان بۆ بكه‌ی، تێكهه‌ڵكێشان بۆیه‌ دروسته‌ له‌به‌ر شوێن كه‌وتنی نوسینه‌كه‌ی، چونكه‌ هه‌ردووكیان به‌یه‌ك پیتی(ی) نوسراوه‌، وچونكه‌ له‌یه‌ك وشه‌ دوو هاووێنه‌ كۆبویته‌وه‌، یه‌كه‌میان زه‌نه‌دارو دووه‌میان جووڵه‌دار، زه‌نه‌داره‌كه‌ له‌جووڵه‌داره‌كه‌ هه‌ڵكێش ده‌كرێت(واته‌: ئیدغام دروست ده‌بێت)، ئه‌وه‌ش به‌پێی یاسای گشتی زانستی ته‌جویده‌.

ودیارخستنیش بۆیه‌ دروسته‌ چونكه‌ گۆڕینه‌كه‌ ئه‌ژمارناكرێت، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی گۆڕینه‌كه‌ دروستكراوه‌، واداده‌ندرێت كه‌ هه‌مزه‌كه‌ ماوه‌ته‌وه‌.

(دانی) به‌م شێوه‌ باسی كردووه‌(ڕه‌حمه‌تی خوای لێبێت)[1]: هه‌ردوو مه‌زهه‌ب له‌م باره‌وه‌ دروسته‌، به‌ڵام تێكهه‌ڵكێشان له‌پێشتره‌، چونكه‌ له‌لای حه‌مزه‌ ده‌قی له‌سه‌ره‌ له‌ وشه‌ی(ورئیا) وهاوڕایه‌ له‌گه‌ڵ وێنه‌ی موصحه‌فدا، ئه‌وه‌ی له‌لایه‌ن شوێنكه‌وتوانیه‌وه‌ هاتووه‌ له‌باری وه‌ستان له‌سه‌ر هه‌مزه‌.

---

[1] ئه‌بو عه‌مری دانی، په‌رتووكی جامع البیان فی القراءات السبع المشهور(به‌یروت، دار الكتب العلمیه، 1426ك)، لا374.

جهزهری دڵنیایی داوه له پهرتووكی(تحبير التيسير)[1] ئهوه دهقی قسهكهیهتی: "ههندێ كهس تێكههڵكێشان دهكات بههۆی شوێنكهوتنی نوسینكهیهتی ئهوهشیان ئهبو حهسن به باشتری داناوه، وههندێكیان دهریدهخهن چونكه گۆڕینهكه دروستكراوه، ههردوو خوێندنهوهكهش دروستهو باشه".

بهههردوو شێوه دهخوێندرێتهوه(وريَّا) واته: گۆڕین لهگهڵ تێكههڵكێشان ئهوهیان پێش دهكهوێت، وبهدیاررخستنی پیتی(ی)(ورِيْــيَا).

2- وتئــوي ، تئــويه:

ئهم وشه هاتووه له{تُرۡجِي مَن تَشَآءُ مِنۡهُنَّ وَتُـٔۡوِيٓ إِلَيۡكَ مَن تَشَآءُۖ}(ئهحزاب:51)، ووشهی(تؤويه) هاتووه له{وَفَصِيلَتِهِ ٱلَّتِي تُـٔۡوِيهِ}(مهعارج:13)، بهههمان دوو خوێندنهوهكهی وشهی(رءيا) دهخوێندرێتهوه.

پێشهوا حهمزه لهباری وهستاندا: ههمزهی زهنهدار دهگۆڕێت به پیتی(و) چونكه پێش ههمزهكه جوولهداره، لهوكاتهدا دوو پیتی(و) بهیهكهوه كۆدهبێتهوه، ههر بۆیه دروسته دیارخستنی ههروهك تێكههڵكێشانیشی بۆ ههیه.

ئهبو حهسنی كوڕی غهلبون[2] خوێندنهوهی گۆڕین و تێكههڵكێشانی لا پهسندتره، ههروهك خۆی دهفهرموێت: بههۆی ئاسان دهربڕینی بهتێكههڵكێشان ئهمهم لا باشتره، وبههۆی شوێن كهوتنی بهدوای مهزههبی حهمزه ئهمهی ههڵبژاردووه.

بهههردوو شێوه دهیخوێنێتهوه(وتوِّی، تُوِّيه)، واته: به گۆڕین و تێكههڵكێشان بهڵام تێكههڵكێشان پێش دهكهوێت، لهگهڵ دیارخستنی پیتی(و)(وتُوْوی، تُوْويه).

---

(1)موحهممهدی كوڕی جهزری، پهرتووكی تحبير التيسير في القراءات العشر،(عهممان، دار الفرقان، 1421ك)، لا226.

(2)تاهیری كوڕی غهلبون، پهرتووكی: التذكرة في القراءات الثمان،(بهیروت، دار الكتب العلمية، ب،1422ك) لا149.

3- وەستان لەسەر(رُءياك، الرُّءيا، رُءياي):

أ- **وشەی**(رؤياك) **هاتووە لە**{لَا تَقۡصُصۡ رُءۡيَاكَ عَلَىٰٓ إِخۡوَتِكَ}،(**يوسف**:5).

ب- **وشەی**(الرؤيا) **هاتووە لە**{إِن كُنتُمۡ لِلرُّءۡيَا تَعۡبُرُونَ}،(**يوسف**:43) **ولە ئايەتی**{وَمَا جَعَلۡنَا ٱلرُّءۡيَا ٱلَّتِيٓ أَرَيۡنَٰكَ إِلَّا فِتۡنَةٗ لِّلنَّاسِ}،(**ئيسراء**:60)، **وئايەتی**{قَدۡ صَدَّقۡتَ ٱلرُّءۡيَآۚ}،(**صافات**:105)، **وئايەتی**{لَّقَدۡ صَدَقَ ٱللَّهُ رَسُولَهُ ٱلرُّءۡيَا بِٱلۡحَقِّۖ}،(**فەتح**:27).

ت- **ووشەی**(رؤياي) **هاتووە لە ئايەتی**{أَفۡتُونِي فِي رُءۡيَٰيَ}،(**يوسف**:43)، **وئايەتی**{ هَٰذَا تَأۡوِيلُ رُءۡيَٰيَ}،(**يوسف**:100).

لەکاتی وەستاندا ئەم وشانەش هاوشێوەی وشەکانی(رعيا، تؤى، تُؤيه) **دەخوێندرێتەوە، بەشێوەیەك هەمزەی زەنەدار دەگۆڕدرێت بە پیتی(و)، ودروستە لەپاش ئەوە پیتی(و) بەدەربکەوێت چونکە گۆڕدراوە، هەروەك دروستیشە پیتە واوەکە بگۆڕدرێت بە پیتی(ی)و تێکهەڵکێشانی پیتی(ی) بکرێت بەپیتی(ی)ی دوای ئەو، ئەمەش بەپێی کارکردن بە یاسای بڕیاردراو بۆ ئەم بابەتە کە بریتیە لە: "ئەگەر پیتی(و)و پیتی(ی) لە یەك وشەدا کۆببێتەوەو پیتی(و) پێش پیتی(ی) هاتبێت و زەنەدار بێت ئەوە لەم بارەدا پیتی(و) دەگۆڕدرێت بە پیتی(ی)و پیتی(ی) لە پیتی(ی) هەڵدەکێشرێت.**

ئیبنو جەزەری(ڕ)[1] بەدیارخستنی لا باشترە لە تێكهەڵكێشان، لە وشەی(الرؤيا)و (رؤياك)، دەفەرموێت: ئەگەر تێكهەڵكێشان هاووێنە بێت لەگەڵ ڕەسم ئەوە دەرخستن لەپێشترو ڕاسترە.

ئەمانەش بەهەردوو شێوە دەخوێنێتەوە(رُوياك، الرويا، رُوياى) واتە: بەدیارخستنی پیتی(و) ئەوەیان پێش دەكەوێت، وبە تێكهەڵكێشان(رُيَّاك، الرُيَّا، رُيَّاى).

4- أنبئهم، نبئهم:

وشەی(أنبئهم) هاتووە لە ئایەتی{قَالَ يَـٰٓـَٔادَمُ أَنۢبِئۡهُم بِأَسۡمَآئِهِمۡۖ}(بەقەرە:33)، ووشەی(نبئهم) لە ئایەتی{وَنَبِّئۡهُمۡ عَن ضَيۡفِ إِبۡرَٰهِيمَ}(حیجر:51)، وئایەتی{وَنَبِّئۡهُمۡ أَنَّ ٱلۡمَآءَ قِسۡمَةُۢ بَيۡنَهُمۡۖ}(قەمەر:28)، پێشەوا حەمزە لەباری وەستاندا: هەمزە دەگۆڕێت بە پیتی(ی) هەروەك پێشتر باسمان كرد لە وشەی(رئيا) هۆكارەكەشی بەهۆی زەنەو كەسرەی پێش خۆیەتی، دواتر پاش گۆڕین دوو خوێندنەوەی بۆ هەیە:

- ✓ **یەكەم:** ضـەممەداركردنی پیتی(ه) -ئەوەیان پێش دەكەویت- هۆكارەكەشی ئەصڵی ضـەممەكەیە، چونكە حەمزە پیتی(ه) ضـەمەداردەكات لە[عليهُم، إليهُم، لديهُم] لەباری وەستان و نەوەستاندا، وهەروها پیتی(ه) لەگەڵ پیتی(م) ضـەممەداردەكات لە[بِهُمُ الأسباب، وعليهُمُ الجلاء].

- ✓ **دووەم:** كەسرەداركردنی پیتی(ه) بەهۆی ئەژماركردنی ئەو پیتە یائەی گۆڕدراوە لە هەمزەی(أنبِيهِم ونبِيهِم) هەروەك چۆن كەسرەداردەكرێت لە(فِيهِم، يزكيهِم).

---

[1] موحەممەدی كوڕی جەزری، پەرتووكی النشر في القراءات العشر،(قاهیرە، چاپەمەنی تیجاریە الكبرى، ب1، 1427ك)، لا472.

ئیبنو جه‌زه‌ری ده‌فه‌رموێت: زاناكانمان ڕای جیاوازیان هه‌یه له‌سه‌ر گۆڕینی جووله‌ی پیتی(هـ) له‌گه‌ڵ گۆڕینی ئه‌و هه‌مزه‌ی كه پێشی پیتی یائه له وشه‌ی(أنبئهم) له سوره‌تی به‌قه‌ره، ووشه‌ی(نبئهم) له سوره‌تی حیجر[1].

له‌هه‌رسێ شوێندا به دوو شێوه ده‌خوێندرێته‌وه: ضه‌مه‌داركردنی پیتی(هـ) ئه‌وه‌یان پێش ده‌كه‌وێت، له‌گه‌ڵ كه‌سره‌داركردنی، به‌م شێوه‌یه: {أنبيهُم، أنبيهِم}.



[1] باسی شوێنی سوره‌تی قه‌مه‌ر نه‌كراوه.

خشتهى وهستان لهسهر ئهو وشانهى تايبهتن به پێشهوا حهمزه

وشه	حوكمى وهستان لهسهرى	پێشخستنى لهجێبهجێكردندا
ورءيا	گۆڕينى ههمزهى زهنهدار بهى(ى) لێرهدا دوو(ى) كۆدهبێتهوه، دروسته دهرخستن وتێكههڵكێشانيان (وريْيَا)(وريَّا).	گۆڕين به تێكههڵكێشان پێش دهكهوێت
وتـئـوي ، تـئـويه	گۆڕينى ههمزهى زهنهدار به (و)، لێرهدا دوو(و) كۆدهبێتهوه، دروسته بهديارخستن و تێكههڵكێشانيان(وتُوْوِى، توويه)(وتوِّى، تُوِّيه).	گۆڕين به تێكههڵكێشان پێش دهكهوێت
رُءياك، الرُّءيا، رُءياي	گۆڕينى ههمزهى زهنهدار به (و)، دواى ئهو دروسته بهديارخستنى(و) له(رُوياك، الرويا، رُوياى)، ودروسته (و) بگۆڕدرێت بهى(ى)و تێكههڵكێشانى(هـ) لهى(ى)ى دواى ئهو(رُيَّاك، الرُيَّا، رُيَّاى).	بهديارخستنى(و) پێش دهكهوێت
أنبئهم، نبئهم	گۆڕينى ههمزه بهى(ى) دواتر دوو خوێندنهوهى ههيه: ضهممهى(هـ)(أنبيهُم)،يان كهسرهى(هـ)(أنبيهِم).	ضهممهى(هـ) پێش دهكهوێت

ئه‌و وشانه‌ی پێچه‌وانه‌ی قیاس هاتوون

چه‌ند وشه‌یه‌كی قورئانی هه‌ن پێچه‌وانه‌ی قیاس هاتوون له ڕووی وه‌ستان له‌سه‌ری، پێشه‌وا حه‌مزه له‌سه‌ریان وه‌ستاوه به‌شێوه‌یه‌ك پێچه‌وانه‌ی قیاسیه كه له ڕابردودا باسمان كرد.

➢ **یه‌كه‌م: هه‌مزه‌ی ناوه‌ڕاست جووله‌دار له‌دوای زه‌نه‌ی ته‌واو**

أ- {النشأة}

ئه‌م وشه هاتووه له{ثُمَّ ٱللَّهُ يُنشِئُ ٱلنَّشۡأَةَ ٱلۡأٓخِرَةَۚ} (**عه‌نكه‌بوت**:20)، **وهاتووه له**{وَأَنَّ عَلَيۡهِ ٱلنَّشۡأَةَ ٱلۡأُخۡرَىٰ} (**نه‌جم**:47)، **وئایه‌تی**{وَلَقَدۡ عَلِمۡتُمُ ٱلنَّشۡأَةَ ٱلۡأُولَىٰ} (**واقیعه**:62)، **وشه‌ی**(النشأة) **ڕه‌سم كراوه به ئه‌لیف له‌دوای پیتی(ش) تاوه‌كو هه‌ردوو خوێندنه‌وه بگرێته‌وه، خوێندنه‌وه‌ی ئیبن كه‌ثیرو ئه‌بی عه‌مرو**[النشآءة]، **پێشتر باسمان كرد كه حه‌مزه گواستنه‌وه ده‌كات و هه‌مزه لاده‌بات**(النشه) **له‌سه‌ر خوێندنه‌وه‌ی قیاس، ئه‌وه‌یان پێش ده‌كه‌وێ به قیاس، وهه‌روها بۆی هه‌یه هه‌روه‌ك ئیبنو جه‌زه‌ری باسی كردووه له په‌رتووكی نه‌شر گواستنه‌وه‌و مانه‌وه‌ی ئه‌لیف له‌سه‌ر ڕه‌سمی**(النَشاة)، **و سێ په‌یداكراوی بۆ زه‌نه ئه‌وه‌ش ده‌رده‌كه‌وێت.**

ب- {یسئلون}:

ئه‌م وشه هاتووه له{يَسۡـَٔلُونَ عَنۡ أَنۢبَآئِكُمۡۖ}،(**ئه‌حزاب**:20)

له‌هه‌ندێ موصحه‌فدا به ئه‌لیف نوسراوه ئه‌وه‌ش هاوڕایه له‌گه‌ڵ ڕیوایه‌تی ڕوویس(یسَّاءَلون)، **له‌ڕابردو باس كرا، وگواستنه‌وه‌ی تێدایه له‌گه‌ڵ لابردنی هه‌مزه‌ی**(یسَلُون)، **ئه‌وه‌یان پێش ده‌كه‌ویت له خوێدنه‌وه‌دا، وبۆی هه‌یه هه‌روه‌ك ئیبنو جه‌زه‌ری باسی كردووه له په‌رتوكی نه‌شر گواستنه‌وه‌و مانه‌وه‌ی ئه‌لیف**(یَسَالُون) **ئه‌وه وه‌كو وشه‌ی**(النشأة) **له‌و موصحه‌فانه‌ی كه به ئه‌لیف نوسراوه.**

تێبینی:

جگه له‌و شوێنه ته‌نها یه‌ك خوێندنه‌وه‌ی هه‌یه له‌باری وه‌ستاندا، ئه‌وه‌یش گواستنه‌وه‌، وه‌ك{لَا يَسْـَٔلُونَ ٱلنَّاسَ إِلْحَافًا}(**به‌قه‌ره‌:**273)، **ده‌بێته**(لا يَسَلون).

ث- {هُزْواً، كفواً}:

پێشه‌وا حه‌مزه ئه‌م دوو شوێنه ده‌خوێنێته‌وه به زه‌نه‌ی پیتی پێش هه‌مزه، وشه‌ی(هُزْؤاً) **له‌چه‌ند شوێنێكدا هاتووه وه‌ك**{أَتَتَّخِذُنَا هُزُوًا}(**به‌قه‌ره‌:**67)، **ووشه‌ی**(كفْؤاً) **ئایه‌تی**(وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُوًا أَحَدٌ)(**ئیخلاص:**4)، **له‌ڕابردو باسمان كرد كه له‌باری وه‌ستاندا گواستنه‌وه‌و لابردنی هه‌مزه‌ی هه‌یه**(هُزَا، كُفَا)، **ولای حه‌مزه‌ش وه‌ك ئیبنو جه‌زه‌ری له په‌رتووكی نه‌شر باسی كردووه به‌پیتی**(و) **ده‌گۆڕێت**(هُزْوَا، كُفْوَا).

➢ **دووه‌م: هه‌مزه‌ی ناوه‌ڕاستی جووله‌داری دوای جووله**

أ- هه‌مزه‌ی ناوه‌ڕاستی جووله‌دار له دوای پیتی(و) یان(ی) هاتبێت:

نوسینی هه‌مزه لاده‌چێت له‌و وشانه‌ی هه‌مزه له پێش پیتی(و) یان(ی) هاتووه‌، وره‌نگه ته‌حقیق یان لابردنی بۆ بكرێت، هۆكاره‌كه‌شی ئه‌وه‌یه كه تاوه‌كو دوو هاووێنه به‌یه‌كه‌وه كۆنه‌بێته‌وه‌، وه‌ك(مستهزءون، متكئون، الخاطئون، ليواطئوا، ليطفئوا، أنبئوني، ويستنبئونك، صابئون، خاطئين، خاسئين، متكئين، صابئين).

لێره‌دا به‌شێوه‌ی ئاسانكردن ده‌خوێندرێته‌وه له‌سه‌ر ڕێگه‌ی قیاس و گۆڕین، و لابردنیشی بۆ زیاد ده‌كرێت واته سێ خوێندنه‌وه‌ی بۆ هه‌یه به‌پێی مه‌نهه‌جی ڕه‌سم، قسه له‌سه‌ر ئه‌م بابه‌ت كرا به درێژی.

ب- هەمزەی ناوەڕاست ی جوولەدار ئەلیفی لەدوا هاتبێت:
ئەوەش لە وشەی{رِءِا} لەهەرشوێنێك هات لە قورئانی پیرۆز، وتەنها بە شێوەی پیتی(ر) ئەلیف نوسراوە، ئەلیفەكە وێنەی هەمزەیە تەنها لە دوو شوێن نەبێت[1] بە زیادەی پیتی(ی) لەدوای ئەلیف نوسراون، وەك{رِأى}، پێشتر باسمان كرد كە ئەم وشە ئاسان خوێندنەوەی بۆ هەیە لەسەر قیاس.

ت- هەمزەی ناوەڕاستی كەسرەدار لە دوای فەتحە:
ئەوەش لە دوو وشەدا هاتووە(ملئهم، ملئه)، وشەی(ملئه) هاتووە لە ئایەتی{إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ وَمَلَإِيْهِۦ}(ئەعراف:103)، و(یونس:75) و(هود:97) و(موئمینون:46) و(قەصەص:32) و(زوخروف:46).
وشەی(ملئهم) هاتووە لە ئایەتی{عَلَىٰ خَوۡفٍ مِّن فِرۡعَوۡنَ وَمَلَإِيْهِمۡ أَن يَفۡتِنَهُمۡۚ } (یونس:83)، پێشتر باسمان كرد كە پێشەوا حەمزە لەباری وەستاندا ئاسان خوێندنەوەی بۆ دەكات لەسەر قیاس.

➢ سێیەم: ئەوەی لە قیاس دەرچووە لە ڕەسمی ئەو هەمزەی دەكەوێتە سەرەتای وشە

أ- یبنؤم:
ئەم وشە هاتووە لە ئایەتی{قَالَ يَبۡنَؤُمَّ لَا تَأۡخُذۡ بِلِحۡيَتِي وَلَا بِرَأۡسِيٓۖ}،(طه:94) هەمزە نوسراوە لەسەر شێوەی پیتی(و)و لكاوە بە پیتی(ن)ی وشەی(ابن) هەروەك چۆن هەمزە لكاوە بە وشەی(ابن) بە پیتی(ی)ی بانگكردن(النداء) ئەوەی كە ئەلیفی لابردراوە، پێشتریش باسمان كرد لای پێشەوا حەمزە لەباری وەستاندا: ئاسان خوێندنەوە دەكات لەسەر قیاس.

---
[1] لە سورەتی نەجم، ئایەتی(11و18) هاتوون.

ب- هٰـؤلاء:

ئهم وشه هاتووه له چهند شوێنێكى جیاجیا ، ئهوهش وهك ئایهتى{بِأَسۡمَآءِ هَٰٓؤُلَآءِ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ}(بهقهره:31)، ههمزه به پیتى(و)ى لكاو به پیتى(هـ)ى ئاگاداركردنهوه(التنبیه) نوسراوه، ئهوهى كه ئهلیفى لابردراوه پێشتریش باسمان كرد لاى پێشهوا حهمزه لهبارى وهستاندا: ئاسان خوێندنهوه ههیه، دهربارهى ههمزهى كۆتایى قسهمان لهسهر كرد له ڕابردودا لهبابهتى ههمزهى كۆتایى.

تێبینى1:

لهبارى وهستان لهسهر ههر وشهیهك ههمزهى تێدابێت، ئهو ههمزهش زهنهدارێكى لهپێش هاتبێت ئهوه حوكمى ههمزهكه لهبارى وهستاندا لاى پێشهوا حهمزه تهنها گواستنهوهیه لهگهڵ لابردنى ههمزهكه، تهنها لهم وشانهى خوارهوه نهبێت:

1- وشهى(هزؤاً، كفؤاً)، لهبارى وهستاندا گواستنهوهى بۆ ههیه، وخوێندنهوهى دووهمیش گۆڕینى ههمزهیه به پیتى(و).

2- وشهى(النشأة)،(عهنكهبوت:20) لهبارى وهستاندا گواستنهوهى بۆ ههیه، خوێندنهوهى دووهمیش گواستنهوهو مانهوهى ئهلیفه.

3- وشهى(يَسْأَلون) تهنها له(ئهحزاب:20) لهبارى وهستاندا گواستنهوهى بۆ ههیه، خوێندنهوهى دووهمیش گواستنهوهو مانهوهى ئهلیفه.

ئهگهر له پێش ههمزه پیتى(و) یان پیتى(ى)ى ئهصڵى هاتبوو، ئهوه گواستنهوهى تێدایه لهگهڵ لابردنى ههمزه، خوێندنهوهى دووهم گۆڕینى ههمزهیه دواتر تێكههڵكێشان بۆ پێش خۆى دهكرێت.

ئهگهر ههمزه به(أل)ى ناسراو هات، ئهوه گواستنهوهى تێدایه، وبۆى ههیه سهكتیش بكات.

ئاگاداركردنه‌وه:

ئه‌گه‌ر له پێش هه‌مزه پیتی(و) یان پیتی(ی)ی زیاده یان ئه‌لیفی له‌پێش هات، ئه‌وه گواستنه‌وه‌ی تێدا نیه.

تێبینی2:

ئاسان خوێندنه‌وه ده‌گونجێت له‌گه‌ڵ قیاس و ڕه‌سمی دا، نمونه‌ش له‌سه‌ر ئه‌مه وشه‌ی(مؤجلاً) **وه‌هه‌روها وشه‌كانی**(رئيا وتؤوى)**، له‌باری وه‌ستان له‌سه‌ریان گۆڕین و تێكهه‌ڵكێشانیان تێدایه، وه‌هه‌روها نمونه‌ی گۆڕینی هه‌مزه له وشه‌ی**(يبدئُ) **پیتی(ی)ی زه‌نه‌دار به قیاس و پیتی(ی)ی جووله‌دار به ڕه‌سم، دواتر زه‌نه‌دارده‌كرێت هه‌ردو خوێندنه‌وه ده‌بێته یه‌ك، وه‌هه‌روها نمونه‌ی وه‌ستان له‌سه‌ر وشه‌ی**(القرآن) **به ئه‌لیف.**

تێبینی3:

هه‌ندێك جار وه‌ستانی قیاسی و ڕه‌سمی له‌یه‌كتر جیاوازن، له‌وكاته‌دا ناگونجێت ئاسان خوێندنه‌وه بۆ ڕه‌سم بكرێت، نمونه‌ش له‌سه‌ر ئه‌م بابه‌ته، وه‌ستانی ڕه‌سم ناكرێت له نمونه‌ی(رأيت)،(سألت) **چونكه گۆڕینی هه‌مزه به ئه‌لیفی زه‌نه‌دار كۆبونه‌وه‌ی دوو زه‌نه‌دار به‌یه‌كه‌وه دروست ده‌بێت، وله‌كاتی كۆبونه‌ی زه‌نه‌داركردنی پیتی كۆتایی له‌باری وه‌ستاندا له‌یه‌ك وشه‌دا سیٚ زه‌نه له‌دوای یه‌ك كۆده‌بێته‌وه، ئه‌وه‌ش قورسایی دروست ده‌كات.**

تێبینی:

وه‌ستان له‌سه‌ر ڕه‌سم دروست نابێت ئه‌گه‌ر زیان به وشه‌كه بگات به‌هۆی لابردنی زۆر، وه‌ك وه‌ستان له‌سه‌ر وشه‌ی(الموءُودة) **به‌لابردنی هه‌مزه‌و پیتی(و)ی دووه‌م، ئه‌م وشه به**(المؤدَة) **ده‌خوێندرێته‌وه، له‌سه‌ر كێشی** (الموزة)**، ئه‌وه‌ش له‌پێناو شوێن كه‌وتنی ڕه‌سم ئه‌وه‌ش دروست نیه، لێره‌دا هه‌مو جیاكردنه‌وه‌كان به‌پێی ڕیوایه‌ته‌و وه‌ستانی ڕه‌سم وه‌رناگیرێت ته‌نها به ڕیوایه‌تی دروست نه‌بێت وه‌ك بیستراوو گوتراو.**

ڕاهێنانی گشتی
له‌سه‌ر كۆبونه‌وه‌ی هه‌مزه له‌گه‌ڵ هه‌مزه‌یه‌كی تر

➢ **وه‌ستان له‌سه‌ر وشه‌ی{هؤلاءِ}**

له‌م وشه‌دا دوو هه‌مزه به‌یه‌كه‌وه كۆبویته‌وه، یه‌كه‌میان له‌ناوه‌ڕاست و ئه‌وی تر له كۆتاییه‌كه‌ی، لێره‌دا 15 خوێندنه‌وه‌ی عه‌قلی تێدا دروست ده‌بێت، به‌ڵام بۆمان دروسته له‌م 15خوێندنه‌وه ته‌نها 13خوێندنه‌وه به‌م شێوه‌ی خواره‌وه:

لای حه‌مزه دروست نیه:(دوو خوێندنه‌وه له‌سه‌ر یاسای: (وشه‌ی هاووێنه وه‌ك خۆی وایه"واللفظ في نظيره كمثله").

أ- **(ئاسان خوێندنه‌وه‌ی هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م به درێژكردنی شه‌ش جووله له‌و ئه‌لیفه‌ی ده‌كه‌وێته پێش خۆی)، له‌گه‌ڵ (ئاسان خوێندنه‌وه‌ی دووه‌م بریتیه له درێژكردنه‌وه‌ی دوو جووله له‌و ئه‌لیفه‌ی ده‌كه‌وێته پێش خۆی).**

ب- **(ئاسان خوێندنه‌وه‌ی هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م به درێژكردنه‌وه‌ی دوو جووله له‌و ئه‌لیفه‌ی ده‌كه‌وێته پێش خۆی)، له‌گه‌ڵ(ئاسان خوێندنه‌وه‌ی دووه‌م به درێژكردنه‌وه‌ی شه‌ش جووله له‌و ئه‌لیفه‌ی ده‌كه‌وێته پێش خۆی).**

وهستان
لهسهر وشهی(هؤلاء) لای حهمزه

خوێندنهوه دروستهكان	هؤلاءِ	
	ههمزهی یهكهم	ههمزهی دووهم
1	تهحقیقی ههمزه ودرێژكردنی 6جووله له ئهلیف	گۆڕینی ههمزه بهئهلیف و درێژكردنهوهی 6جووله
2	تهحقیقی ههمزه ودرێژكردنی 6جووله له ئهلیف	گۆڕینی ههمزه بهئهلیف و درێژكردنهوهی 4جووله
3	تهحقیقی ههمزه ودرێژكردنی 6جووله له ئهلیف	گۆڕینی ههمزه بهئهلیف و درێژكردنهوهی 2جووله
4	تهحقیقی ههمزه ودرێژكردنی 6جووله له ئهلیف	ئاسانكردنی ههمزه و درێژكردنهوهی 6جووله
5	تهحقیقی ههمزه ودرێژكردنی 6جووله له ئهلیف	ئاسان خوێندنهوهی ههمزه بهئهلیف و درێژكردنهوهی 4جووله
6	ئاسانكردنی ههمزه ودرێژكردنی 6جووله له ئهلیف	ئاسانكردنی ههمزه و درێژكردنهوهی6 جووله
7	ئاسانكردنی ههمزه ودرێژكردنی 6جووله له ئهلیف	گۆڕینی ههمزه بهئهلیف و درێژكردنهوهی 4جووله
8	ئاسانكردنی ههمزه ودرێژكردنی 6جووله له ئهلیف	گۆڕینی ههمزهبهئهلیف و درێژكردنهوهی2جووله
9	ئاسانكردنی ههمزه ودرێژكردنی6 جووله له ئهلیف	ئاسانكردنی ههمزهو درێژكردنهوهی 6جووله له ئهلیف
10	ئاسانكردنی ههمزه ودرێژكردنی 2جووله له ئهلیف	گۆڕینی ههمزه ودرێژكردنی 6جووله له ئهلیف

11	ئاسانكردنی هه‌مزه ودرێژكردنی 2جووله له ئه‌لیف	گۆڕینی هه‌مزه ودرێژكردنی 4جووله له ئه‌لیف
12	ئاسانكردنی هه‌مزه ودرێژكردنی 2جووله له ئه‌لیف	گۆڕینی هه‌مزه ودرێژكردنی 4جووله له ئه‌لیف
13	ئاسانكردنی هه‌مزه ودرێژكردنی 2جووله له ئه‌لیف	ئاسانكردنی هه‌مزه و درێژكردنی 2جووله له ئه‌لیف

تێبینی:

ده‌كرێت ئه‌گه‌ر هه‌ردوو هه‌مزه‌كان به ئاسان خوێندراوه پێویسه درێژكردنه‌وه‌كان یه‌كسانبێت له ئه‌لیفی پێش هه‌مزه‌كان، ئه‌گه‌ر هه‌مزه‌ی یه‌كه‌مان ئاسانكردو ئه‌لیفی پێش هه‌مزه‌كه‌شمان درێژكرده‌وه، ئه‌وكات پێویسته له‌كاتی ئاسان خوێندنه‌وه‌ی دووه‌م ئه‌وه ئه‌لیف بكه‌وێته پێش هه‌مزه‌و شه‌ش جووله‌ش درێژ بكرێته‌وه، به‌هه‌مان شێوه ئه‌گه‌ر درێژكردنه‌وه‌كه چوار جووله‌ش بێت.

➢ **وه‌ستان له‌سه‌ر وشه‌یه‌ك كه هه‌مزه‌ی ناوه‌ڕاستی زیاده‌ی تێدایه، وهه‌مزه‌یه‌كی تر له پێشی هاتووه به پیتی درێژكردنه‌وه**

✓ **یه‌كه‌م وشه‌ی**: –بأسمائهم–

خوێندنه‌وه دروسته‌كان	بـــــــــأسمـــــــــائهم	
	هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م	هه‌مزه‌ی دووه‌م
1	ته‌حقیقی هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م	ئاسانكردنی هه‌مزه‌و درێژكردنی 6جووله له ئه‌لیف
2	ته‌حقیقی هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م	ئاسانكردنی هه‌مزه‌و درێژكردنی 2جووله له ئه‌لیف
3	گۆڕینی هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م به پیتی(ی)	ئاسانكردنی هه‌مزه‌و درێژكردنی 6جووله له ئه‌لیف
4	گۆڕینی هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م به پیتی(ی)	ئاسانكردنی هه‌مزه‌و درێژكردنی 2جووله له ئه‌لیف

پێشەوا حەمزە لەم وشەو هاووێنەكانی هەمزەی یەكەم بە تەحقیق دەخوێنێتەوەو گۆڕین دەخوێنێتەوە بە پیتی(ی) ئەوەش كە فەتحەداربێت، وهەمزەی دووەم بە ئاسانكردن و درێژكردنەوەی شەش جوولەو دوو جوولە دەخوێنێتەوە، لەسەر ئەوەش خوێندنەوەكان دەبنە چوار خوێندنەوە.

✓ **دووەم وشەی**: –بأسماءِ:–

خوێندنەوە دروستەكان	بـــــأسمـــــــاءِ	
	هەمزەی یەكەم	**هەمزەی دووەم**
1	تەحقیق	گۆڕینی هەمزە بە ئەلیف و درێژكردنی6جوولە
2	تەحقیق	گۆڕینی بە ئەلیف و درێژكردنی4جوولە
3	تەحقیق	گۆڕینی بە ئەلیف و درێژكردنی2جوولە
4	تەحقیق	ئاسانكردن و درێژكردنی6جوولە لە ئەلیف
5	تەحقیق	ئاسانكردن و درێژكردنی4جوولە لە ئەلیف
6	گۆڕینی هەمزەی یەكەم بەپیتی(ی)	گۆڕینی بە ئەلیف و درێژكردنی6جوولە
7	گۆڕینی گۆڕین بەپیتی(ی)	گۆڕینی بە ئەلیف و درێژكردنی4جوولە
8	گۆڕینی گۆڕین بەپیتی(ی)	گۆڕینی بە ئەلیف و درێژكردنی2جوولە
9	گۆڕینی گۆڕین بەپیتی(ی)	ئاسانكردن و درێژكردنی6جوولە لە ئەلیف
10	گۆڕینی گۆڕین بەپیتی(ی)	ئاسانكردن و درێژكردنی2جوولە لە ئەلیف

پێشەوا حەمزە ئەم وشەو هاووێنەكانی بە هەمزەی یەكەم تەحقیق و گۆڕین بە پیتی(ی) ئەوەش كە كە فەتحەداربێت، وهەمزەی دووەم دەگۆڕێت بە ئەلیف و درێژكردنی شەش جوولەو چوار جوولەو دوو جوولە ئەنجام دەدات، لەسەر ئەوەش

ئاسانكردن و درێژكردنی شه‌ش جووله‌و دوو جووله ده‌بێت، به‌مه‌ش خوێندنه‌وه‌كان ده‌بنه ده‌(10) خوێندنه‌وه.

✓ **سێیه‌م وشه‌ی**: –وأبنائنا:–

خوێندنه‌وه دروسته‌كان	وأبـــنــــائنا	
	هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م	هه‌مزه‌ی دووه‌م
1	ته‌حقیق	ئاسانكردن و درێژكردنی6جووله له ئه‌لیف
2	ته‌حقیق	ئاسانكردن و درێژكردنی2جووله له ئه‌لیف
3	ئاسانكردن	ئاسانكردن و درێژكردنی6جووله له ئه‌لیف
4	ئاسانكردن	ئاسانكردن و درێژكردنی2جووله له ئه‌لیف

پێشه‌وا حه‌مزه ئه‌م وشه‌و هاووێنه‌كانی هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م به ته‌حقیق و به ئاسانكردن ده‌خوێنێته‌وه، وهه‌مزه‌ی دووه‌م ئاسانكردن و درێژكردنی6جووله‌و4 جووله‌ی بۆ ده‌كات، له‌سه‌ر ئه‌وه‌ش خوێندنه‌وه‌كان ده‌بنه چوار(4) خوێندنه‌وه.

➢ **وه‌ستان له‌سه‌ر ئه‌و وشه‌ی هه‌مزه‌ی تێدایه‌و پیتی(ی)ی بانگكردن یان پیتی(ی)ی ئاگاداركردنه‌وه‌ی له‌ پێشدا هاتووه**، ئه‌وه‌ش وه‌ك{یـــــٰـــأیها، یــــٰـــءادم، یــــٰـــأیتها، یـــــٰـــإبراهیم، هـــــٰـــأنتم}.

(یــــٰـــأیها)

خوێندنه‌وه‌دروسته‌كان

1- ته‌حقیق و درێژكردنی6جووله.

2- ئاسانكردن و درێژكردنی6جووله.

3- ئاسانكردن و درێژكردنی2جووله.

پێشه‌وا حه‌مزه ئه‌م وشه‌و هاووێنه‌كانی به ته‌حقیقی هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م و ئاسانكردنی هه‌مزه‌ی دووه‌م و درێژكردنی به6جووله یاخود 2جووله ده‌خوێنێته‌وه.

- ➢ وه‌ستان له‌سه‌ر ئه‌م وشه‌ی كه دوو هه‌مزه‌ی تێدایه، هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م (أل)ی ناسراوی له پێشه، هه‌مزه‌ی دووه‌م له‌ناوه‌ڕاسته‌و ئه‌لیفی له پێش نه‌هاتووه
  ئه‌وه‌ش وه‌ك{والأفئدة}.

خوێندنه‌وه‌دروسته‌كان (والأفئدة)

1-گواستنه‌وه گواستنه‌وه‌ی جووله‌ی هه‌مزه بۆ زه‌نه‌ی پێش خۆی و لابردنی هه‌مزه‌كه.

2-سه‌كت گواستنه‌وه‌ی جووله‌ی هه‌مزه بۆ زه‌نه‌ی پێش خۆی و لابردنی هه‌مزه‌كه.

له زه‌نه‌داری لكاو، له‌باری وه‌ستاندا: حه‌مزه به گواستنه‌وه‌و سه‌كت ده‌خوێنێته‌وه، وله‌هه‌مزه‌ی دووه‌م له‌م وشه‌و هاووێنه‌كانی كه زه‌نه‌یان له‌پێشدا هاتووه له‌باری وه‌ستاندا: به لابردنی هه‌مزه‌و گواستنه‌وه‌ی جووله‌ی بۆ پێش خۆی ده‌خوێنێته‌وه، له‌سه‌ر ئه‌وه‌ش خوێندنه‌وه‌كان ده‌بێته دوو خوێندنه‌وه.

➢ وه‌ستان له‌سه‌ر ئه‌م وشه‌ی كه‌ دوو هه‌مزه‌ی تێدایه‌، هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م(أل)ی ناسراوی له‌ پێشه‌، هه‌مزه‌ی دووه‌م له‌ناوه‌ڕاسته‌و ئه‌لیفی له‌ پێش هاتووه‌

ئه‌وه‌ش وه‌ك{الأرائك}

خوێندنه‌وه‌ دروسته‌كان	﴿ الأرائكِ ﴾	
1	گواستنه‌وه‌	ئاسان كردنی هه‌مزه‌ی دووه‌م و درێژكردنی6جووله‌ له‌ ئه‌لیف
2	گواستنه‌وه‌	ئاسان كردنی هه‌مزه‌ی دووه‌م و درێژكردنی2جووله‌ له‌ ئه‌لیف
3	سه‌كت	ئاسان كردنی هه‌مزه‌ی دووه‌م و درێژكردنی6جووله‌ له‌ ئه‌لیف.
4	سه‌كت	ئاسان كردنی هه‌مزه‌ی دووه‌م و درێژكردنی2جووله‌ له‌ ئه‌لیف.

حه‌مزه‌ له‌ زه‌نه‌داری لكاو، له‌باری وه‌ستاندا: به‌ گواستنه‌وه‌و سه‌كت ده‌خوێنێته‌وه‌، وله‌هه‌مزه‌ی دووه‌م له‌م وشه‌و هاووێنه‌كانی كه‌ ئه‌لیفیان له‌پێشدا هاتووه‌ له‌باری وه‌ستاندا به‌ ئاسانكردن و درێژكردنه‌وه‌ی6جووله‌و 4جووله‌ ده‌خوێنێته‌وه‌، كۆی خوێندنه‌وه‌كان ده‌بێته‌ چوار خوێندنه‌وه‌.

- **وەستان لەسەر ئایەتێك كە تێیدا كۆبویتەوە نەلكاوو وشەیەك دوو هەمزەی لێك نزیك كە لەسەریان دەوستێت**

ئەوەش وەك ئایەتی{قل ءأنتم}،(**بەقەرِە**:140) **وئایەتی**{ورفاتاً أءنا}،(**ئیسرِاء**:49و98) **وئایەتی**{قل أئنكم}،(**فوصیلّەت**:9) **وئایەتی**{وعظاماً أءنا}،(**واقیعە**:47).

خوێندنەو ەدروستەكان	﴿ قل ءأنتم ﴾		
1	گواستنەوە	ئاسانكردنی هەمزەی دووەم	حەمزە
2	تەحقیق(بیٚ سەكت)	تەحقیقی هەمزەی دووەم	حەمزە
3	تەحقیق(بیٚ سەكت)	گواستنەوە	حەمزە
4	سەكت	ئاسانكردنی هەمزەی دووەم	خەلەف
5	سەكت	تەحقیقی هەمزەی دووەم	خەلەف

ئاشكرایە ئەگەر نەلكاوی وەستاولەسەر كۆبویەوە، وەك(قل وأنتم) ئەوە حەمزە لەو نەلكاوەدا گواستنەوەو تەحقیق و سەكت دەكات، وئەگەر نەلكاوی وەستاو لەسەر هەمزەی دووەمی تێدابو وەك(وأنتم) ئەوە حەمزە بۆ هەمزەی دووەم لەم وشەو هاووێنەكانی دوو خوێندنەوەی هەیە: تەحقیق و ئاسانكردن، لەسەر ئەمەش خوێندنەوەكان دەبێتە شەش خوێندنەوە، بەلاٌم تەنها پێنجیان دەخوێندرێتەوە.

لێرەدا تێبینی ئەوە دەكرێت لە گواستنەوەدا هەمزەی دووەم تەحقیق ناكرێت، هۆكارەكەشی ئەوەیە هەمزەی یەكەم ئەگەر ئاسانكرا بەهۆی گواستنەوە ئەوە زیاد دەبێت لەسەر بنچینەی وشەكە، هەربۆیە دووەمیان لە پێشترە بۆ ئەم ئاسانكردنە، ئەوەش بە ئاسانكردنەوە دەبێت نەك گواستنەوە.

➢ **وه‌ستان له‌سه‌ر{قل أرءيتم}**

وه‌ك{قل أرءيتكم}،(**ئه‌نعام**:40و47) **وئایه‌تی**{سبيلاً أرءيت}،(**فورقان**:42) **وئایه‌تی**{خوفٍ أرءيت} **له‌كاتی لكاندنی كۆتایی سوره‌تی قوره‌یش به‌ سوره‌تی ماعون.**

خوێندنه‌و ه‌دروسته‌كان	﴿ قل أرءيتم ﴾		
1	گواستنه‌وه	ئاسانكردنی هه‌مزه‌ی دووه‌م	حه‌مزه
2	خوێندنه‌وه(بێ سه‌كت)	ئاسانكردنی هه‌مزه‌ی دووه‌م	حه‌مزه
3	سه‌كت	ئاسانكردنی هه‌مزه‌ی دووه‌م	خه‌له‌ف

حه‌مزه‌ گواستنه‌وه‌و ته‌حقیق و سه‌كت ده‌كات له‌ نه‌لكاوو وستاو له‌سه‌ر وه‌ك(قل أرءيتم)، **وتێبینی ئه‌وه‌ده‌كرێت كه‌ نه‌لكاوی وه‌ستاو له‌سه‌ر هه‌مزه‌ی له‌ ناوه‌ڕاست هه‌یه‌ لای حه‌مزه‌ به‌ ئاسان ده‌خوێندرێته‌وه‌.**

تێبینی:

له‌ ئایه‌تی{جميعاً أفأنت}(**یونس**:99) **وئایه‌تی**{مدحوراً أفأصفِاكم} (**ئیسراء**:39) **وئایه‌تی**{كَفوراً أفأمنتم}،(**ئیسراء**:67) **وئایه‌تی**{قل أفأنبئكم}(**حه‌ج**:72) **هیچ خوێندنه‌وه‌یه‌كی قه‌ده‌غه‌ی تێدا نیه‌، به‌هۆی ئه‌و پیته‌ی كه‌وتۆته‌ نێوان هه‌مزه‌ی پرسیاری و هه‌مزه‌ی دووه‌م كه‌ پیتی فائه‌ چونكه‌ ئه‌و پیته‌ به‌ ناوبڕ ئه‌ژمارده‌كرێت، ده‌بێته‌ جیاكه‌ره‌وه‌ له‌نێوان هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م و هه‌مزه‌ی دووه‌م.**

➢ وه‌ستان له‌سه‌ر نه‌لكاوێك كه‌ تێیدا كۆبویته‌وه‌ وشه‌یه‌كی وه‌ستاو له‌سه‌ر به‌ سێ هه‌مزه‌ وه‌ك ئایه‌تی {قل أؤنبئكم} (ئالی عیمران:15).

خوێندنه‌وه‌ دروسته‌كان	قل أؤنبئكم			
1	گواستنه‌وه‌	ئاسانكردنی هه‌مزه‌ی دووه‌م	ئاسانكردنی هه‌مزه‌ی سێیه‌م	حه‌مزه‌
2	گواستنه‌وه‌	ئاسانكردنی هه‌مزه‌ی دووه‌م	گۆڕینی هه‌مزه‌ی سێیه‌م به‌(ی)	حه‌مزه‌
3	ته‌حقیق(بیٚ سه‌كت)	ته‌حقیقی هه‌مزه‌ی دووه‌م	ئاسانكردنی هه‌مزه‌ی سێیه‌م	حه‌مزه‌
4	ته‌حقیق(بیٚ سه‌كت)	ته‌حقیقی هه‌مزه‌ی دووه‌م	گۆڕینی هه‌مزه‌ی سێیه‌م به‌(ی)	حه‌مزه‌
5	ته‌حقیق(بیٚ سه‌كت)	ئاسانكردنی هه‌مزه‌ی دووه‌م	ئاسانكردنی هه‌مزه‌ی سێیه‌م	حه‌مزه‌
6	ته‌حقیق(بیٚ سه‌كت)	ئاسانكردنی هه‌مزه‌ی دووه‌م	گۆڕینی هه‌مزه‌ی سێیه‌م به‌(ی)	حه‌مزه‌
7	سه‌كت	ته‌حقیقی هه‌مزه‌ی دووه‌م	ئاسانكردنی هه‌مزه‌ی سێیه‌م	(خه‌له‌ف)
8	سه‌كت	ته‌حقیقی هه‌مزه‌ی دووه‌م	گۆڕینی هه‌مزه‌ی سێیه‌م به‌(ی)	(خه‌له‌ف)
9	سه‌كت	ئاسانكردنی هه‌مزه‌ی دووه‌م	ئاسانكردنی هه‌مزه‌ی سێیه‌م	(خه‌له‌ف)
10	سه‌كت	ئاسانكردنی هه‌مزه‌ی دووه‌م	گۆڕینی هه‌مزه‌ی سێیه‌م به‌(ی)	(خه‌له‌ف)

ئاشکرایە حەمزە لە نەلکاوی وەستاو لەسەر وەك(قل أؤنبئكم) گواستنەوەو تەحقیق و سەکت دەکات، وئەگەر نەلکاوی وەستاو لەسەر هەمزەیەك زیاتری تێدا هەبو وەك(أؤنبئكم) ئەوە حەمزە لە هەمزەی دووەمدا لەم وشەو هاووێنەکانی دوو خوێندنەوەی هەیە: تەحقیق و ئاسانکردن، وهەروها بۆ هەمزەی سێیەمیش دوو خوێندنەوەی هەیە: ئاسانکردن و گۆڕینیان بە پیتی(ی) ئەوەش دەردەکەوێت کە ضەممەدارن، لێرەدا خوێندنەوەکان دەبێتە دوازدە(12) خوێندنەوەی عەقلی، بەڵام بۆمان دروستە لەو دوازدە خوێندنەوە تەنها دە خوێندنەوەی عەمەلی ودوانیان قەدەغەن ئەوانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

❖ لای حەمزە قەدەغەیە:

أ- گواستنەوەی جوولەی هەمزەی یەکەم بۆ پیتی(ل) لەگەڵ تەحقیقی هەمزەی دووەم و ئاسانکردنی هەمزەی سێیەم، چونکە هەمزەی یەکەم ئاسانکراوە بەهۆی گواستنەوە وئەوەشیان لەپێش ترە لەهەمزەی ناوەڕاست، وهەروها گواستنەوە لەبابەتی ئاسانکردنە هەربۆیە ئاسان کردن گونجاوە نەك تەحقیق.

ب- گواستنەوەی جوولەی هەمزەی یەکەم بۆ پیتی(ل) لەگەڵ تەحقیقی هەمزەی دووەم و گۆڕینی هەمزەی سێیەم بە پیتی(ی).

واتە: گواستنەوەی جوولەی هەمزەی یەکەم لەگەڵ تەحقیقی سێیەم قەدەغەیە، لەسەر ئەوەش ئاسانکردن و گۆڕینی هەمزەی سێیەم دروست دەبێت.

کەواتا لێرەدا[زەنەی نەلکاو] لەگەڵ وشەی[أؤنبئكم] لای ئێمە دوازدە خوێندنەوەی تێدا دروست دەبێت(ئەنجامی لێکدان لە3 کە بریتیە لە گواستنەوەو تەحقیق و سەکت جارانی2 تەحقیق و ئاسانکردنی هەمزەی دووەم وجارانی2 ئاسانکردن و گۆڕینی هەمزەی سێیەم) بەڵام بۆ ئێمە دروستە تەنها دە خوێندنەوە، دوو خوێندنەوەی تر دروست نیە.

خوێندنەوە دەروستەکان	﴿ قل أؤنبئكم ﴾			
1	گواستنەوە	تەحقیقی هەمزەی دووەم	ئاسکردنی هەمزەی سێیەم	حەمزە
2	گواستنەوە	تەحقیقی هەمزەی دووەم	دووەم گۆڕینی هەمزەی سێیەم بە(ی)	حەمزە

پێشەوا موتەوەلی دەفەرموێت(رح)[1]:

وبالـعـشـر في قل أؤنــبـكم فـقـف ... لـثـالـثـه سـهـل و بالـيــا فــأبـدلا
و هـــــذين قل إن كنت حققت ثانيا ... كذا إن تسـهــلــه بسـكـت كذا بلا
وتــحـقـيـق ثان دع بوجـهـي أخيرة ... بنقل و في ذي الحج لا منع يا فلا
فوجهان مع عـــشر به وهشـامـهم ... يـوافـقـه فـيـما تــطـرف مـسـهلا

(1) موحەممەدی کوڕی ئەحمەدی موتولی، لە پەرتووکی: نظم توضيح المقام في الوقف على الهمز لحمزة وهشام(طنطا، دار الصحابة للتراث، 1430ك)، هونراوە لە ژمارە77 إلى 80.

➢ **وەستان لەسەر ئایەتێك کە هەمزەی لکاوو نەلکاوی تێدا کۆبویتەوە، ووستان لەسەر وشەیەك کە دوو هەمزەی تێدابێت**

وەك ئایەتی{أَمۡ تَقُولُونَ إِنَّ إِبۡرَٰهِـۧمَ وَإِسۡمَـٰعِيلَ وَإِسۡحَـٰقَ وَيَعۡقُوبَ وَٱلۡأَسۡبَاطَ كَانُواْ هُودًا أَوۡ نَصَـٰرَىٰۗ قُلۡ ءَأَنتُمۡ......}(بەقەرە:140).

خوێندنەوە دروستەکان	والأسباط	هوداً أو	قل ءأنتم	ءأنتم	
	لکاوو (لێکدان)	نەلکاوو (لێکدان)	نەلکاوو (وستان)	دووهەمزەی لێك نزیك	
1	سەکت	تەحقیق	گواستنەوە	ئاسانکردنی هەمزەی دووەم	حەمزە
2	سەکت	تەحقیق	تەحقیق	تەحقیقی هەمزەی دووەم	حەمزە
3	سەکت	تەحقیق	تەحقیق	ئاسانکردنی هەمزەی دووەم	حەمزە
4	سەکت	سەکت	گواستنەوە	ئاسانکردنی هەمزەی دووەم	خەلەف
5	سەکت	سەکت	سەکت	تەحقیقی هەمزەی دووەم	خەلەف
6	سەکت	سەکت	سەکت	ئاسانکردنی هەمزەی دووەم	خەلەف
7	تەحقیق (بێ سەکت)	تەحقیق	گواستنەوە	ئاسانکردنی هەمزەی دووەم	خەللاد
8	تەحقیق (بێ سەکت)	تەحقیق	تەحقیق	تەحقیقی هەمزەی دووەم	خەللاد
9	تەحقیق (بێ سەکت)	تەحقیق	تەحقیق	ئاسانکردنی هەمزەی دووەم	خەللاد

➢ وەستان لەسەر وشەی{وإيتائِ}

خوێندنەوە دروستەکان	وإيـــــــتـــــــائِ		
	هەمزەی یەکەم	هەمزەی دووەم	
1	تەحقیقی هەمزەی یەکەم	گۆڕینی هەمزە بە ئەلیف و درێژکردنەوەی6 جووڵە لەئەلیف	قیاسی
2	تەحقیقی هەمزەی یەکەم	گۆڕینی هەمزە بە ئەلیف و درێژکردنەوەی4 جووڵە لەئەلیف	قیاسی
3	تەحقیقی هەمزەی یەکەم	گۆڕینی هەمزە بە ئەلیف و درێژکردنەوەی2 جووڵە لەئەلیف	قیاسی
4	تەحقیقی هەمزەی یەکەم	ئاسانکردنی هەمزەو درێژکردنەوەی6 جووڵە لە ئەلیف	قیاسی
5	تەحقیقی هەمزەی یەکەم	ئاسانکردنی هەمزەو درێژکردنەوەی2 جووڵە لە ئەلیف	قیاسی
6	تەحقیقی هەمزەی یەکەم	گۆڕینی هەمزە بە(ی)و درێژکردنەوەی6 جووڵە لە ئەلیف	رسمی
7	تەحقیقی هەمزەی یەکەم	گۆڕینی هەمزە بە(ی)و درێژکردنەوەی4 جووڵە لە ئەلیف	ڕەسمی
8	تەحقیقی هەمزەی یەکەم	گۆڕینی هەمزە بە(ی)و درێژکردنەوەی2 جووڵە لە ئەلیف	ڕەسمی
9	تەحقیقی هەمزەی یەکەم	گۆڕینی هەمزە بە(ی)ی کەسرەدارو ڕەوومی جووڵەکەی	ڕەسمی
10	ئاسانکردنی هەمزەی یەکەم	گۆڕینی هەمزە بە ئەلیف و درێژکردنەوەی 6 جووڵە لە ئەلیف	قیاسی
11	ئاسانکردنی هەمزەی یەکەم	گۆڕینی هەمزە بە ئەلیف و درێژکردنەوەی 4 جووڵە لە ئەلیف	قیاسی
12	ئاسانکردنی	گۆڕینی هەمزە بە ئەلیف و	قیاسی

	هەمزەی یەكەم	درێژكردنەوەی 2 جووڵە لە ئەلیف	
13	ئاسانكردنی هەمزەی یەكەم	ئاسان كردنی هەمزەو درێژكردنەوەی6 جووڵە لە ئەلیف	قیاسی
14	ئاسانكردنی هەمزەی یەكەم	ئاسان كردنی هەمزەو درێژكردنەوەی2 جووڵە لە ئەلیف	قیاسی
15	ئاسانكردنی هەمزەی یەكەم	گۆڕینی هەمزە بە(ی)و درێژكردنەوەی6 جووڵە لە ئەلیف	ڕەسمی
16	ئاسانكردنی هەمزەی یەكەم	گۆڕینی هەمزە بە (ی)و درێژكردنەوەی4 جووڵە لە ئەلیف	ڕەسمی
17	ئاسانكردنی هەمزەی یەكەم	گۆڕینی هەمزە بە (ی)و درێژكردنەوەی2 جووڵە لە ئەلیف	ڕەسمی
18	ئاسانكردنی هەمزەی یەكەم	گۆڕینی هەمزە بە(ی)ی كەسرەدارو ڕەوومی جووڵەكەی	ڕەسمی

پێشەوا حەمزە لە هەمزەی یەكەم تەحقیق و ئاسنكردن ئەنجام دەدات، چونكە پیتی(و) یەكێكە لە پیتە زیادكراوەكان، وحەمزە دەربارەی هەمزەی كۆتایی وەستاو لەسەر نۆ خوێندنەوەی هەیە، پێنجیان بەپێی مەزهەبی قیاسیە، ئەو چوارەی ماوتەوە بەپێی مەزهەبی ڕەسمە، كەواتە خوێندنەوەكان بە عەمەلی دەبێتە هەژدە خوێندنەوە، بەم شێوەیە($2 \times 9 = 18$).

➢ وەستان لەسەر وشەی{ءالــٰـــئـٰــن}

خوێندنەوە دروستەکان	ءالــٰـــئـٰــن		
	هەمزەی یەکەم	هەمزەی دووەم	درێژکردنەوەی دروست بوو (عارض السکون)
1	گۆڕینی هەمزەی لکاوو درێژکردنی6جووله	گواستنەوەی جوولەی هەمزە بۆ(ل)	درێژکردنی2 جووله لەزەننەی پەیداکراو
2	گۆڕینی هەمزەی لکاوو درێژکردنی6جووله	گواستنەوەی جوولەی هەمزە بۆ(ل)	درێژکردنی 4 جووله لەزەننەی پەیداکراو
3	گۆڕینی هەمزەی لکاوو درێژکردنی6جووله	گواستنەوەی جوولەی هەمزە بۆ(ل)	درێژکردنی6جووله لەزەننەی پەیداکراو
4	گۆڕینی هەمزەی لکاوو درێژکردنی6جووله	سەکەت لەسەر(ل)	درێژکردنی 2 جووله لەزەننەی پەیداکراو
5	گۆڕینی هەمزەی لکاوو درێژکردنی6جووله	سەکەت لەسەر(ل)	درێژکردنی 4 جووله لەزەننەی پەیداکراو
6	گۆڕینی هەمزەی لکاوو درێژکردنی6جووله	سەکەت لەسەر(ل)	درێژکردنی 6 جووله لەزەننەی پەیداکراو
7	گۆڕینی هەمزەی لکاوو درێژکردنی2جووله	گواستنەوەی جوولەی هەمزە بۆ(ل)	درێژکردنی 2 جووله لەزەننەی پەیداکراو
8	گۆڕینی هەمزەی لکاوو درێژکردنی2جووله	گواستنەوەی جوولەی هەمزە بۆ(ل)	درێژکردنی 4 جووله لەزەننەی پەیداکراو
9	گۆڕینی هەمزەی لکاوو درێژکردنی2جووله	گواستنەوەی جوولەی هەمزە بۆ(ل)	درێژکردنی 6 جووله لەزەننەی پەیداکراو
10	ئاسانکردنی هەمزەی لکاو	گواستنەوەی جوولەی هەمزە بۆ(ل)	درێژکردنی 2 جووله لەزەننەی پەیداکراو
11	ئاسانکردنی هەمزەی لکاو	گواستنەوەی جوولەی هەمزە بۆ(ل)	درێژکردنی 4 جووله لەزەننەی پەیداکراو

12	ئاسانکردنی هەمزەی لکاو	گواستنەوەی جوولەی هەمزە بۆ(ل)	درێژکردنی6 جوولە لەزەننەی پەیداکراو
13	ئاسانکردنی هەمزەی لکاو	سەکەت لەسەر(ل)	درێژکردنی2 جوولە لەزەننەی پەیداکراو
14	ئاسانکردنی هەمزەی لکاو	سەکەت لەسەر(ل)	درێژکردنی4 جوولە لەزەننەی پەیداکراو
15	ئاسانکردنی هەمزەی لکاو	سەکەت لەسەر(ل)	درێژکردنی6 جوولە لەزەننەی پەیداکراو

پێشەوا حەمزە لەم وشەدا گۆڕین و ئاسانکردنی هەمزەی لکاو دەکات، گۆڕینەکەش شەش جوولە درێژدەکرێتەوە یان دوو جوولە لەباری گواستنەوەدا، چونکە جوولەی پیتی(ل) جوولەیەکی دروستکراوبو، وئێمە لە(أل) گواستنەوەو سەکتمان بۆ هەیە لەباری وەستاندا، لەگەڵ سێ زەننەی دروست بو، کەواتا لەم وشەدا لەباری وەستان هەژدە خوێندنەوەمان بۆ دروست دەبێت بەم شێوەیە($3 \times 2 \times 3$).

لای پێشەوا حەمزە لەم وشەدا لەباری وەستان پێنج خوێندنەوە دروستە بەم شێوەی خوراەوە:

أ- گۆڕینی هەمزەی لکاو بە ئەلیف و درێژکردنەوەی شەش جوولە، لەگەڵ گواستنەوەی جوولەی هەمزە بۆ پیتی(ل)ی پێش خۆی.

ب- گۆڕینی هەمزەی لکاو بە ئەلیف و درێژکردنەوەی چوار جوولە، لەگەڵ گواستنەوەی جوولەی هەمزە بۆ پیتی(ل)ی پێش خۆی.

ت- گۆڕینی هەمزەی لکاو بە ئەلیف و درێژکردنەوەی شەش جوولە، لەگەڵ سەکت لەسەر پیتی(ل).

ث- ئاسانكردنی هه‌مزه‌ی لكاوو گواستنه‌وه‌ی جووله‌ی هه‌مزه بۆ پیتی(ل)ی پێش خۆی.

ج- ئاسانكردنی هه‌مزه‌ی لكاوو سه‌كت له‌سه‌ر پیتی(ل).

له‌سه‌ر ئه‌م پێنج خوێندنه‌وه‌دا سێیان زه‌ننه‌ی په‌یداكراوه، به‌مه‌ش خوێندنه‌وه عه‌قلیه‌كان ده‌بێته هه‌ژده خوێندنه‌وه، به‌ڵام له‌م هه‌ژده خوێندنه‌وه ته‌نها پازده‌یان خوێندنه‌وه‌ی عه‌مه‌لی بۆ ئێمه دروسته به گواستنه‌وه، وسێ خوێندنه‌وه‌یان دروست نیه، خوێندنه‌وه قه‌ده‌غه‌كراوه‌كان ئه‌مانه‌ی خواره‌وه‌ن:

❖ قه‌ده‌غه‌كراوه‌كان لای حه‌مزه

لای حه‌مزه خوێندنه‌وه‌یه‌كی سه‌ره‌كی قه‌ده‌غه‌یه ئه‌ویش بریتیه له گۆڕینی هه‌مزه‌ی لكاو به ئه‌لیف و درێژكردنه‌وه‌ی چوار جووله، له‌گه‌ڵ سه‌كت له‌سه‌ر پیتی(ل)و دروستكردنی سێ زه‌ننه به‌م شێوه‌ی خواره‌وه:

أ- گۆڕینی هه‌مزه‌ی لكاو به ئه‌لیف و درێژكردنه‌وه‌ی دوو جووله، له‌گه‌ڵ سه‌كت له‌سه‌ر پیتی(ل)و درێژكردنه‌وه‌ی دروست بو به دوو جووله.

ب- گۆڕینی هه‌مزه‌ی لكاو به ئه‌لیف و درێژكردنه‌وه‌ی دوو جووله، له‌گه‌ڵ سه‌كت له‌سه‌ر پیتی(ل)و درێژكردنه‌وه‌ی دروست بو به چوار جووله.

ت- گۆڕینی هه‌مزه‌ی لكاو به ئه‌لیف و درێژكردنه‌وه‌ی دوو جووله، له‌گه‌ڵ سه‌كت له‌سه‌ر پیتی(ل)و درێژكردنه‌وه‌ی دروست بو به شه‌ش جووله.

تێبینی:

حه‌مزه له‌م وشه‌دا(ءالـــٰـــئـــن) له‌باری نه‌وه‌ستاندا: سه‌كت ده‌كات، له‌گه‌ڵ گۆڕینی هه‌مزه‌ی لكاو به‌ ئه‌لیف و درێژكردنه‌وه‌ی شه‌ش جووله‌و ئاسانكردن، وخه‌له‌ف له‌م وشه‌دا دوو خوێندنه‌وه‌ی هه‌یه‌و خه‌للادیش چوار خوێندنه‌وه‌.

باس كردنی
چه‌ند سودێك له‌سه‌ر خوێندنه‌وه‌كانی وشه‌ی(ءالـــٰـــئـــن)

- هۆكاری گۆڕین به‌ درێژكردنه‌وه‌ی شه‌ش جووله‌ به‌ گواستنه‌وه‌ بریتیه‌ له‌: ئه‌ژمار نه‌كردنی جووله‌ی پیتی(ل)ی دروست بو كه‌ جووله‌ی هه‌مزه‌ی بۆ گواستراوته‌وه‌.

- هۆكاری گۆڕین به‌ درێژكردنه‌وه‌ی دوو جووله‌ به‌ گواستنه‌وه‌ بریتیه‌ له‌: ئه‌ژماركردنی جووله‌ی پیتی(ل)ی دروست بو كه‌ جووله‌ی هه‌مزه‌ی بۆ گواستراوته‌وه‌.

- هۆكاری قه‌ده‌غه‌بوونی سه‌كت و گۆڕین به‌ درێژكردنه‌وه‌ی دوو جووله‌ ئه‌وه‌یه‌ كه‌ پیتی (ل) جووله‌داركراوه‌ به‌هۆی گواستنه‌وه‌، سه‌كتیش دروست نابێ ته‌نها له‌زه‌ننه نه‌بێت.

بەگشتی پوختەیەك
لەسەر وەستان لای حەمزە لەسەر هەمزەی ناوەڕاست و کۆتایی

پێشەوا حەمزە ناوەستێت لەسەر هیچ هەمزەیەك تەنها بە ئاسانکردن نەبێت[1]، مەبەستمان لە ئاسانکردن بریتیە لە گۆڕانکاری بە ڕەها جیاوازیسی نیە گۆڕین بێت یان ئاسانکردن بێت یان لابردن یان گواستنەوە ببێت.

بابەتی هەمزە بەشێوەیەکی گشتی کورت دەکەینەوە، لەگەڵ ئاگاداربوون لەوەی هەندێك وشە هەن بەشێوەیەکی تایبەت نوسراون بە ڕەسمی عوسمانی ئەوەیان خوێندنەوەی زیادەی تێدایە، وەهروها هەندێ وشەی تر هەن بە شێوەیەکی تایبەت دەردەبڕدرێت پێویستە بگەڕێیتەوە سەری لە بتبەتەکانی ڕابردو.

دابەشکردنی هەمزە

هەمزە بەسەر سێ بەش دابەش دەبێت:

- ✓ **یەکەم:** هەمزەی زەنندار(بە زەننەیەکی ئەصڵی یان دروست بو) لەدوای جوولەدارێك.
- ✓ **دووەم:** هەمزەی جوولەدار لەدوای زەنندارێك.
- ✓ **سێیەم:** هەمزەی جوولەدار لەدوای جووڵە.

[1] جیاکراوتەوە ئەگەر هەمزەکە پیتی زیادەی لەپێشدا هاتبێت، لەوەیاندا حەمزە تەحقیق دەکات وخوێندنەوەیەکی تریشی هەیە کە بریتیە لە گۆڕانکاری بەپێی ئەو حوکمانەی بەسەری دێت.

❖ **یه‌كه‌م: هه‌مزه‌ی زه‌ننه‌دار(زه‌ننه‌ی ئه‌صڵی یان دروست بو) له‌دوای جووله‌دار:**

حوكمه‌كه‌ی: گۆڕینی هه‌مز به‌ پیتی درێژكردنه‌وه‌ له‌ ڕه‌گه‌زی جووله‌ی پێش خۆی، ئه‌م به‌شه‌ له‌ ڕووی پێشه‌كه‌یه‌وه‌ ده‌بێته‌ سێ به‌ش:

1- هه‌مزه‌ پێشی فه‌تحه‌ بێت، وه‌ك(يأكلون، يشأ، ظمأٌ، بوأنا)، ده‌گۆڕدرێت به‌ ئه‌لیف وئاسانكردن زیادده‌كرێت له‌ هه‌مزه‌ی كۆتایی ضه‌مه‌دارو كه‌سره‌دار .

2- هه‌مزه‌ی پێشی ضه‌مه‌ بێت، وه‌ك(يؤمنون، امرؤٌ)، به‌ پیتی(و) ده‌گۆڕدرێت، وله‌هه‌مزه‌ی كۆتایی ئاسانكردن زیاد ده‌كرێت، له‌گه‌ڵ ڕه‌ووم یان ئیشمام به‌پێی جووله‌كه‌ی.

3- هه‌مزه‌ پێشه‌كه‌ی كه‌سره‌ بێت، وه‌ك(الذئب، وهيئ، شاطئِ، تبرئُ)، به‌ پیتی(ی) ده‌گۆڕدرێت، وله‌هه‌مزه‌ی كۆتایی ئاسانكردن زیاد ده‌كرێت، له‌گه‌ڵ ڕه‌ووم یان ئیشمام به‌پێی جووله‌كه‌ی.

❖ **دووه‌م: هه‌مزه‌ی جووله‌دار له‌دوای زه‌ننه :**

حوكمه‌كه‌ی: درێژه‌دانی تێدایه‌، به‌پێی به‌شه‌كه‌ی، چونكه‌ پێشه‌كه‌ی ده‌بێته‌ چوار به‌ش:

1- پێش هه‌مزه‌كه‌ زه‌ننه‌ی دروسته‌، وه‌ك(القرآن، الخبءَ، ملءُ)، حوكمه‌كه‌ی: گواستنه‌وه‌یه‌، وله‌هه‌مزه‌ی كۆتایی خوێندنه‌وه‌ به‌ ڕه‌ووم یان ئیشمام به‌پێی جووله‌كه‌ی زیاد ده‌كرێت.

2- پێش هه‌مزه‌كه‌ ئه‌لیفه‌، وه‌ك(الملائكة، غثاءً، أضاءَ، السماءُ)، حوكمه‌كه‌ی: ئاسانكردنی هه‌مزه‌یه‌ له‌گه‌ڵ درێژكردنه‌وه‌و كورتكردنه‌وه‌، وله‌هه‌مزه‌ی كۆتایی فه‌تحه‌ یان ضه‌مه‌ یان كه‌سره‌ زیاد ده‌كرێت له‌گه‌ڵ سێ گۆڕین.

3- پێش هەمزەكە پیتی(و) یان پیتی(ی)ی ئەصڵیە، وەك(سوءاً، شيئاً، شيءٍ، شيءٌ، جيءَ)، حوكمەكەی: گواستنەوە یان گۆڕینە لەگەڵ تێكهەڵكێشان، ولەهەمزەی كۆتایی خوێندنەوە بە ڕەووم یان ئیشمام زیاد دەكرێت بە پێی جوولەی.

4- پێش هەمزەكە پیتی(و) یان پیتی(ی)ی زیادەبێت، وەك(قروء، بريء، بريئون، بريئاً، هنيئاً)، حوكمەكەی: گۆڕین و تێكهەڵكێشانە، ولەهەمزەی كۆتایی خوێندنەوە بە ڕەووم یان ئیشمام زیاد دەكرێت بە پێی جوولەی.

❖ **سێیەم: هەمزەی جوولەدار لەدوای جوولە**

حوكمەكەی: درێژەدانی تێدایە، بەپێی بەشەكەی، چونكە بەپێی جوولەكەی و جوولەی پێش خۆی دەبێتە چوار بەش:

1- هەمزەی فەتحەدار پێشەكەی ضـەممە یان كەسرەیە، وەك(فؤادك، فئة)، حوكمەكەی: گۆڕینی هەمزە بەپیتێك لە ڕەگەزی جوولەی پێش خۆی، واتە: هەمزە دەگۆڕدرێت بە پیتی(و) ئەگەر پێش هەمزەكە ضـەممەبوو، وهەمزە دەگۆڕدرێت بە پیتی(ی) ئەگەر پێشی كەسرەبوو.


2- هەمزەی فەتحەدار پێشەكەی فەتحە بێت یان هەمزەی كەسرەدار پێشەكەی فەتحەبێت، وەك(سأل، أئمة)، حوكمەكەی: تەنها ئاسانكردنی هەمزەكەیە.

3- هەمزەی كەسرەدار پێشەكەی كەسرەبێت یان هەمزەی ضـەممەدار پێشەكەی ضـەممەبێت یان هەمزەی ضـەممەدار پێشەكەی فەتحەبێت، وەك(بارئكم، رءوس، يئـودە)، حوكمەكەی: ئاسانكردنی هەمزەیە، ئەگەر هەمزەكە وێنەی نەبو ئەوە بۆمان هەیە لایبەرین.

4- هەمزەی ضـە**مەدار پێشەکەی کەسرەبێت یان هەمزەی کەسرەدار پێشەکەی** ضـە**مەبێت، وەك**(سنقرئك، صابـئـون، سُـئـل)، **حوکمەکەی: ئاسانکردنی هەمزەیە، یان گۆڕینی بە پیتێك لە ڕەگەزی جوولەی پێش خۆی، ئەگەر هەمزەکە وێنەی نەبو ئەوە بۆمان هەیە لایبەرین.**



الوقف على الهمز المتوسط والمتطرف للإمام حمزة الزيات



ملاحظة1: في الهمز المتوسط بزائد، يكون فيه وجه التحقيق إضافة إلى تغيير الهمز حسب المخطط السابق.

ملاحظة2: المخطط عام لمنهج الإمام حمزة في الوقف على الهمز المتوسط والمتطرف؛ ولم أتطرق فيه إلى الألفاظ التي خالفت قاعدة الرسم العثماني، أو الألفاظ الخاصة بالإمام حمزة.

باسی
ئیشمام لە خودی چەند وشەیەك

ئەم بابەتە پەیوەندی بە چەند وشەیەك هەیە كە پێشەوا حەمزە بە ئیشمام دخوێنێتەوە، -بەپێچەوانەی خوێندنەوەی هەردوو ڕاویەكەی خۆی-.

ئیشمام: لای جمهوری زانایانی نەحوی و قوڕرائەكان: بریتیە لە داپۆشینی دەنگی زمانەوە بە لابردنی دەنگێكی تر وەك ئاخاوتنی زۆرێك لە هۆزەكان، وەك قەیس و بەنی ئەسەد بۆ نمونە وەك: وشەكانی (قیل)و (بیع) ئیمالەدەكەن -واتە: لاركردنەوە- لەپیتی(و)ی درێژكردنەوە، وەهروها وەك: ئیشمام ی پیتی(ص) بە دەنگی پیتی(ز) لەخوێندنەوەی كەسائی دا، وەهروها ئاماژە بە هەردوو لێوەكان بۆ ضـەممەی لابردراو لەكۆتایی وشە لە باری وەستاندا بە زەننە بەبێ ئەوەی دەنگی ضـەممەكە دەربكەوێت، یان تێكەڵ كردنی دەنگێك بە دەنگێكی تر.

مەبەست لەئیشمام لەم بابەتەدا: بریتیە لە تێكەل كردنی پیتی(ص) بە پیتی(ز) لەهەردوو پێتدا پیتێكی نوێ دروست دەبێت لە نێوان پیتەكانی(ص)و (ز)، (واتە: نە پیتی(ص) تەواوە نە پیتی(ز)ی تەواوە)، [ئەم پیتە نوێیەش بە قەڵەوی دەردەبڕدرێت، شێوازی گوتنەكەشی قەڵەوكردنی پیتی(ز) یان ئاشكراكردنی پیتی(ص) دەبێت]، ئەم پیتە نوێیەی كە دروست دەبێت لە نێوان (ص)و (ز)دا لێكچوونی هەیە لەگەڵ پیتی(ظ) للای زۆربەی خەڵكی ئاسایی لە وڵاتی میسڕ، وەك وشەی(أظلم).

هۆكاری خوێندنەوەی بە ئیشمام جەختكردنە لەسەر بوونی پەیوەندی لەنێوان پیتی(ص)و پیتی(ز) لەشوێنی دەرچوونیان.

ئیشمام فێردەبین بە وەرگرتن و بینین لەدەمی شارەزاكان، وڕوونكردنەوەی فیعلەكانیش بەم شێوەیە:

1- حەمزەی پیتی(ص)ی زەنندار بە ئیشمام دەخوێنێتەوە ئەگەر پیتی(د) لەدوای پیتی(ص) هاتبو[1] ئەوەش لە حەوت وشەدا هاتووە بەم شێوەی خورەوە:

أ- وشەی{قصد}، **لەئایەتی**{وَعَلَى ٱللَّهِ قَصۡدُ ٱلسَّبِيلِ وَمِنۡهَا جَآئِرٞۚ}، (**نەحل**:9).

ب- وشەی{أصدق}، **لە دوو شوێندا هاتووە ئایەتی**87**ی سورەتی نیساء، وئایەتی**{وَمَنۡ أَصۡدَقُ مِنَ ٱللَّهِ قِيلٗا}،(**نیساء** :122).

ت- وشەی{یصدفون}، **لە سێ شوێندا هاتووە ئایەتی**46**ی سورەتی ئەنعام، ودوو شوێن لە ئایەتی**{سَنَجۡزِي ٱلَّذِينَ يَصۡدِفُونَ عَنۡ ءَايَٰتِنَا سُوٓءَ ٱلۡعَذَابِ بِمَا كَانُواْ يَصۡدِفُونَ}،(**ئەنعام**:157).

ث- وشەی{فاصدع}، **لە سێ شوێندا هاتووە ئایەتی**{فَٱصۡدَعۡ بِمَا تُؤۡمَرُ وَأَعۡرِضۡ عَنِ ٱلۡمُشۡرِكِينَ}،(**حیجر**:94).

---

[1] **بەم دوو مەرجە پیتی(ص)ص زەنندار دەردەچێت، وەك**(صَدَقة، صَدقوا) **یان ئەگەر پیتی(ص) زەنەاربوو وپیتی(د) لەدوای نەهاتبوو وەك**(فاصْفح، واصْنع).

ج- وشەی{وتصدية}، ئایەتی{وَمَا كَانَ صَلَاتُهُمْ عِندَ ٱلْبَيْتِ إِلَّا مُكَآءً وَتَصْدِيَةً}،(ئەنفال:35).

ح- وشەی{يصدر}، لە دوو شوێندا هاتووە، ئایەتی{قَالَتَا لَا نَسْقِى حَتَّىٰ يُصْدِرَ ٱلرِّعَآءُ}،(قەصەص:23)، ئایەتی{يَوْمَئِذٍ يَصْدُرُ ٱلنَّاسُ أَشْتَاتًا لِّيُرَوْاْ أَعْمَٰلَهُمْ}،(زەلزەلە:6).

خ- وشەی{تصديق}، لە دوو شوێندا هاتووە، سورەتی یونس ئایەتی37، ئایەتی{وَلَٰكِن تَصْدِيقَ ٱلَّذِى بَيْنَ يَدَيْهِ}،(یوسف:111).

د- حەمزە بە یەك لە خوێندنەوەكانی لە خەلەف پیتی(ص) بە ئیشمام دەخوێنێتەوە لەم دوو وشەدا{المصيطرون}،(طور:37). ووشەی{بمصيطر}،(غاشیە:22). خوێندنەوەی تری خەللاد پیتی(ص).

تێبینی:

لەباری خوێندنەوەی ویردی قورئانی پیرۆز: لەكاتی كۆبونەوەی وشەی(بمصيطر) یان وشەی(المصيطرون) لەگەڵ(أل، شيئاً) لای خەللاد قەدەغەیە دەربڕینی پیتی(ص)ی تەواو لەگەڵ سەكت، جیاوازیشی نیە لەباری وەستان و نەوەستاندا، كەواتا لای خەلەف تەنها یەك خوێندنەوە هەیە ئەوەیش لەباری نەوەستاندا، كە بریتیە لە ئیشمام لەگەڵ سەكت، ولەباری وەستاندا: ئیشمام و گواستنەوەو سەكتە جیاوازیشی نیە ئایە لەگەڵ(أل) بێت یان وشەی(شيئاً).

دەربارەی خەللاد لە باری نەوەستاندا سەكت و خوێندنەوە بە ئیشمام دەكات، وپیتی(ص)ی تەواو تەنها لە خوێندنەوەدا دەبێت، لەباری وەستاندا: خەللاد ئیشمام و

خوێندنه‌وه به سه‌كت ده‌كات، له‌گه‌ڵ(أل) بێت یان وشه‌ی(شیئاً)، وپیتی(ص)ی ته‌واو ته‌نها له گواستنه‌وه ده‌بێت.

كه‌واتا

له‌كاتی خوێندنه‌وه به ئیشمامی پیتی(ص) له‌باری نه‌وه‌ستاندا: حه‌مزه به سه‌كت ده‌خوێنێته‌وه‌و خه‌للاد ته‌حقیق زیاد ده‌كات، وله‌باری وه‌ستاندا: حه‌مزه به گواستنه‌وه‌و سه‌كت ده‌خوێنێته‌وه.
وله‌كاتی خوێندنه‌وه به پیتی(ص)ی ته‌واو له‌باری نه‌وه‌ستاندا: خه‌للاد ته‌حقیق ده‌كات و له‌باری وه‌ستاندا: كواستنه‌وه ده‌كات.

ڕوونكردنه‌وه

جیاوازی نیه لای خه‌له‌ف ئه‌و ته‌نها به ئیشمام ده‌خوێنێته‌وه.
به‌ڵام خه‌للاد ئه‌گه‌ر به پیتی(ص) بخوێنێته‌وه ئه‌وه له باری نه‌وه‌ستاندا ته‌حقیق ده‌كات، وله‌باری نه‌وه‌ستاندا ته‌نها گواستنه‌وه ده‌كات.

كه‌واتا

لای حه‌مزه قه‌ده‌غه‌یه به‌ڕه‌ها: سه‌كتكردن له لكاوو پیتی(ص)ی ته‌واو به‌یه‌كه‌وه.

2- پێشه‌وا خه‌له‌ف پیتی(ص) به ئیشمام ده‌خوێنێته‌وه له وشه‌ی(صراط) جیاوازیشی نیه ئایه ناسروبێت یان نه‌ناسراو، به‌هه‌رشێوه‌یه‌ك هاتبێت له قورئانی پیرۆز[1]، **خه‌للاد هاوڕایه** له‌گه‌ڵ خه‌له‌ف ته‌نها له شوێنی یه‌كه‌م له سوره‌تی فاتیحه، ئایه‌تی{اهدنا الصراط المستقیم}.

[1] ئه‌م وشه له45 شوێندا هاتووه له قورئانی پیرۆز.

جێبەجێكردنێكی گشتی
لەسەر لكاوو نەلكاو لەگەڵ وشەكانی(المصیطرون)و (بمصیطر)

➢ وەستان لەسەر ئەو ئایەتانەی لكاوی تێدا كۆبویتەوە، لەگەڵ وشەی(المصیطرون)و نەلكاوو وەستاو لەسەر

ئەگەر ئەم ئایەتەمان خوێندەوە{أَمْ خَلَقُوا۟ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ ۚ بَل لَّا يُوقِنُونَ ﴿٣٦﴾ أَمْ عِندَهُمْ خَزَآئِنُ رَبِّكَ أَمْ هُمُ ٱلْمُصَيْطِرُونَ ﴿٣٧﴾ أَمْ لَهُمْ سُلَّمٌ يَسْتَمِعُونَ فِيهِ ۖ فَلْيَأْتِ مُسْتَمِعُهُم بِسُلْطَـٰنٍ مُّبِينٍ ﴿٣٨﴾ أَمْ}،(36 + 37 + 38 + 39) له سورەتی طور، لەسەر یەك نەفەس، پاشان وەستاین لەسەر وشەی(أم) لەسەرەتای ئایەتی39 ئەوە خوێندنەوەكان بەم شێوەی خشتەی خوارەوە دەبێت:

خوێندنەوە دروستەكان	لێكدان و لكاو والأرض	المصیگرون المصیطرون	تێكهەڵكێشان سلمٌ یستمعون	وەستان و نەلكاو مبینٍ أم	
1	سەكت	ئیشمام	بێ مینگە	گواستنەوە	خەلەف
2	سەكت	ئیشمام	بێ مینگە	تەحقیق	خەلەف
3	سەكت	ئیشمام	بێ مینگە	سەكت	خەلەف
4	سەكت	ئیشمام	بەمینگە	گواستنەوە	خەللاد
5	سەكت	ئیشمام	بەمینگە	تەحقیق	خەللاد
6	تەحقیق	ئیشمام	بەمینگە	گواستنەوە	خەللاد
7	تەحقیق	ئیشمام	بەمینگە	تەحقیق	خەللاد
8	تەحقیق	بە(ص)	بەمینگە	گواستنەوە	خەللاد
9	تەحقیق	بە(ص)	بەمینگە	تەحقیق	خەللاد

تێبینی ئه‌وه ده‌كرێت له زه‌ننه‌داری لكاو له‌باری نه‌وه‌ستاندا: سه‌كت بكرێت، وخه‌للاد ته‌حقیقیش زیاد ده‌كات، به‌ڵام له زه‌ننه‌داری نه‌لكاو له‌باری وه‌ستاندا: حه‌مزه گواستنه‌وه‌و ته‌حقیق ده‌كات و خه‌له‌فیش سه‌كت زیاد ده‌كات، وحه‌مزه له وشه‌ی(المصيطرون) ویه‌ك له خوێندنه‌وه‌كانی له خه‌للاد ئیشمامی پیتی(ص) ده‌كات. لای حه‌مزه قه‌ده‌غه‌یه به‌ڕه‌ها: سه‌كتكردن له لكاوو پیتی(ص)ی ته‌واو.



➢ وهستان لهسهر ئهو ئایهتانهی كۆبویتهوه تێیدا نهلكاوو وشهی(بمصیطر) لهگهڵ لكاوو وهستاو لهسهر

لهكاتی خوێندنهوهی ئایهتی{فَذَكِّرْ إِنَّمَآ أَنتَ مُذَكِّرٌ ﴿٢١﴾ لَّسْتَ عَلَيْهِم بِمُصَيْطِرٍ ﴿٢٢﴾ إِلَّا مَن تَوَلَّىٰ وَكَفَرَ ﴿٢٣﴾ فَيُعَذِّبُهُ ٱللَّهُ ٱلْعَذَابَ ٱلْأَكْبَرَ}،(21 + 22 + 23 + 24) له سورهتی غاشیه، لهسهر یهك نهفهسو وهستاین لهسهر وشهی(الأكبر) له كۆتایی ئایهتی24 ئهوه بهم شێوهیه دهبێت:

	وهستان و لكاو	لێكدان و نهلكاو	بمصیگر	نهلكاو	خوێندنهوه دروستهكان
	الأكبر	بمصيطر إلا	بمصيطر	فذكر إنما	
حهمزه	گواستنهوه	تهحقیق	ئیشمام	تهحقیق	1
حهمزه	سهكت	تهحقیق	ئیشمام	تهحقیق	2
خهللاد	گواستنهوه	تهحقیق	به(ص)	تهحقیق	3
خهلهف	گواستنهوه	سهكت	ئیشمام	سهكت	4
خهلهف	سهكت	سهكت	ئیشمام	سهكت	5

تێبینی ئهوه دهكرێت له زهنندهاری نهلكاو لهباری نهوهستاندا: حهمزه تهحقیق دهكات و خهلهف سهكت زیاد دهكات، بهڵام له زهنندهاری لكاو لهباری وهستاندا: حهمزه گواستنهوهو سهكت دهكات، وحهمزه له وشهی(المصيطرون) بهیهك له خوێندنهوهكانی له خهللاد ئیشمامی پیتی(ص) دهكات.

لای حهمزه قهدهغهیه بهرِهها: سهكتكردن له لكاوو پیتی(ص)ی تهواو.

بابه‌تی تێكهه‌لكێشان

ئیدغام له‌زمانی عه‌ڕه‌بیدا: به‌كاردێت بۆ تێكهه‌ڵكێش كردنی شتێك له‌شتێكی تر.

ئیدغام له‌زاراوه‌دا: واتا تێكهه‌ڵكێش كردنی پیتێك له‌پیتێكی تر به شێوه‌یه‌ك هه‌ردوو پیت به پیتێكی توندی شه‌دده‌دار ده‌خوێندرێته‌وه له‌ڕه‌گه‌زی پیتی دووه‌م، ئه‌وه‌ش ده‌كرێت به دوو به‌ش: بچوك و گه‌وره.

مه‌به‌ست له‌خوێندنی ئه‌م بابه‌ته، شاره‌زابوونه له‌وه‌ی تێكهه‌لكێش ده‌كرێت و ئه‌وه‌ی تێكهه‌ڵكێش ناكرێت، گه‌یشتنه دوو پیت به‌یه‌ك و كۆبونه‌وه‌یان ده‌كرێت به سێ به‌ش:

- ✓ **یه‌كه‌م:** پێك گه‌یشتنیان له وشه‌و نوسیندا، به شێوه‌یه‌ك پچڕان نه‌كه‌وێته نێوانیان وه‌ك پێك گه‌یشتنی دوو پیتی(ب) له﴿ ولا يغتب بعضكم ﴾.
- ✓ **دووه‌م:** پێك گه‌یشتنیان ته‌نها له‌نوسیندا، وه‌ك:﴿ إِنَّهُۥ هُوَ ﴾، لێره‌دا پچڕان له‌نێوانیاندا ڕویداوه.
- ✓ **سێیه‌م:** پێك گه‌یشتنیان ته‌نها له‌گوتن دا، وه‌ك:﴿ أَنَاْ نَذِيرٌ ﴾،﴿ طسٓمٓ ﴾.

یاسایەكی گشتی گرنگ

هەر كاتێك دوو پیت بەیەكتر بگەن، ئەو دوو پیتە یان شوێنی دەرچوونیان یەكسانە یان جیاوازە[1].

❖ ئەگەر شوێنی دەرچوونیان لەیەكتر جیاوازبوو (مەخرەجیان یەكسان نەبوو) ئەوكات بە لەیەكتر دوور ئەژماردەكرێن، تەنها پیتی(غ)و (خ) نەبێت كاتێك دەگەن بە پیتی(ق)و (ك)
.

هەركاتێك پیتی(خ) لەگەڵ پیتی(ق) یان (ك) بە یەك گەیشتن ئەو دوو پیتانە دەبنە لەیەكتر نزیك، چونكە هەرچەندە شوێنی دەرچوونیان لەیەكتر جیایە بەڵام دەرچوونیان لەیەكتر نزیكە.

پیتی(غ)و (خ) دەرچوونیان دەكەوێتە نزیكترین شوێنی گەرو، ئەو شوێنەی كە لەدوای ئەو زمان دەست پێ دەكات.

هەروها پیتی(ق)و (ك) شوێنی دەرچوونیان دەكەوێتە دوورترین شوێنی زمان كە لەدوای ئەو نزیكترین شوێنی گەرو دێت، نێوان هەردوو دەرچوون لێك نزیك بوون هەیە.

لە بەر ئەم هۆكارانە دەركەوت كە پیتی(غ) لەگەڵ (ق) یان (ك) لەیەكتر نزیكن، وبەهەمان شێوە پیتی(خ) لەگەڵ (ق) یان (ك) لەیەكتر نزیكن.

❖ ئەگەر پیتەكان لەیەك ئەندام بوون (واتە:لەیەك ئاست و شێوە دابوون و هەمان دەربڕینیان هەبوو)، لەو كاتەدا دەبن بە دوو بەش:

---

[1] مەحمود خەلیل حوصەری، پەرتووكی ئەحكامی قورئانی پیرۆز،(مەككەی پیرۆز، نوسینگەی مەككیە– دار بەشائری ئیسلامی، چاپی4، ساڵی1999ی زاینی، بەدەست كارییەوە.

يان شوێنى دەرچوونيان لەيەكتر نزيكە.
يان شوێنى دەرچوونيان لەيەكتر دووره.

ئەگەر شوێنى دەرچوونيان لەيەكتر نزيك بوو بە شێوەيەك هەر يەك لەوان لەيەكتر نزيك بوون، وهيچ دابڕان و پچڕان ڕوونەدات لەنێوان هەردوو پيتەكە، ئەوە لەيەكتر نزيكن،(واتە:ئەم دوو پيتە بە لەيەكتر نزيك سەير دەكرێن).

لەم قسانەى ڕابردوو وا دەردەكەوێت ئەگەر دوو پيت شوێنى دەرچوونيان لەيەكتر جيابوو، بە شێوەيەك هەر يەكێكيان لەشوێنێك دەردەچوو، (پچڕان و دابڕان لەنێوانياندا هەبوو) بە دوو پيتى دوور لەيەكتر سەيردەكرێن.

بۆمان ڕوون بويەوە لە بابەتى ڕابردوو ئەگەر دەرچەى پيتەكان لەيەكتر نزيك نەبوون بەلكو دوريەك هەبوو لەنێوانياندا، يان پچڕان هەبوو لەنێوان دەرچەى پيتەكان لەو كاتە ئەو دوو پيتە بە لێك دوور ئەژمار دەكرێت.

لەسەر ئەوە نێوان شەش پيتەكانى گەرو وەهەژدە پيتەكانى زمان دوريەك هەيە، چونكە پيتەكانى گەرو لەشوێنێك دەردەچێت و پيتەكانى زمانيش لەشوێنێكى تر، تەنها پيتەكانى (غ) لەگەڵ (ق)و (ك)و پيتى(خ) لەگەڵ پيتى(ك) نەبێت هەروەك لەڕابردوو باس كرا.

- لەنێوان پيتەكانى گەروو پيتەكانى لێو دورييەك هەيە، چونكە هەر يەك لەوان شوێنى دەرچوونيان لەيەكتر جياوازە، وەلەكاتى دەربريندا جياكاريەك دەكەوێتە نێوانەكانيان.
- لەنێوان پيتەكانى زمان و پيتەكانى لێو دوورى هەيە، چونكە شوێنى دەرچوونيان لەيەكتر جيايە، تەنها پيتى(ن) لەگەڵ (م) نەبێت يەك ڕەگەزن لەدەربڕينداو لێكچوونێكيان هەيە لەنزيك بونەوە.

پیتی(ن) لەگەڵ (و) نزیكبوونەوەیەكیان هەیە لەیەكتر لەشێوەی دەربڕیندا.
پیتی(ی)ی لیین لەگەڵ(و) یەك ڕەگەزن و نزیك بونەوەیەك هەیە لەنێوانیاندا لەدەربڕیندا.

❖ لەنێوان پیتەكانی گەرو پیتێك لەگەڵ پیتێكی تر نزیك بوون و دوركەوتنەوە هەیە.
ئەم دوو پیتەی كە شوێنی دەرچوونیان دەكەوێتە دوورترین بەشی گەرو –كە ئەوانیش پیتی(ء)و (ه)– لەگەڵ ئەو پیتانەی شوێنی دەرچوونیان دەكەوێتە ناوەڕاستی گەرو ئەوانیش پیتی(ع)و (ح) لێك نزیك بوونەوەیەك هەیە لەنێوانیاندا.

ئەم دوو پیتەش لەگەڵ ئەو پیتانەی كە دەرچوونیان دەكەویتە نزیكترن شوێنی گەروو وەك:پیتی(غ)و (خ) دوریەك هەیە.

پیتەكانی ناوەڕاست وەك پیتی(ع)و (ح) نێوان ئەو دوو پیتەو پیتەكانی دەكەوێتە دوری گەرو وەپیتی نزیكترین شوێنی گەروو نزیكایەتیەك هەیە.

❖ لەنێوان پیتەكانی زمان هەندێكیان لەگەڵ هەندێكی تر نزیك و دووری هەیە.
ئەو دوو پیتەی دەكەونە دورترین شوێنی زمان، وەك پیتەكانی (ق)و (ك) لەنێوان ئەودوو پیتەو پیتەكانی ناوەڕاستی زمان وەك پیتی(ج)و (ش)و (ی)و پیتی سەرە زمان وەك پیتی(ض)و (ل) نزیكایەتیەك هەیە، ئەو پیتانە لەگەڵ پیتەكانی لێواری زمان كە بریتین لە:(ن، ر، ط، د، ت، ص، س، ز، ظ، ذ، ث) ئەم پیتانەی باس كران پێیان دەگوترێت پیتەكانی پێشەوەی زمان(الذلقية) پیتەكانی سەرەوەی زمان(النطعية) وەپیتەكانی سەرەتای پێشەوەی زمان(الأسلية) وەپیتەكانی لێو(الشفوية) وە(پیتەكانی نزیك لەپودو) دوریەك هەیە.

❖ لەنێوان پیتەكانی ناوەڕاست و سەر زمان و لێوارەكان، نزیكایەتیەك هەیە.

لەنێوان پیتەكانی سەرە زمان و لێوارەكاندا نزیكایەتیەك هەیە، وەلەنێوان پیتی(ف) لەگەڵ پیتەكانی لێو وەك:(و)و (ب)و (م) نزیكایەتیەك هەیە.

وه‌له‌نێوان پیته‌كانی لێو هه‌ندێكیان له‌گه‌ڵ هه‌ندێكی تریان هاوڕه‌گه‌زیه‌ك هه‌یه له‌شوێنی ده‌رچونیان.

ڕوونكردنه‌وه:

❖ ڕوون و ئاشكرایه كه هه‌ر یه‌ك له‌پیته‌كانی (ء)و (هـ) هه‌ردووكیان یه‌ك ڕه‌گه‌زن له به‌ر ئه‌وه‌ی ده‌رچوونیان یه‌كه به‌ڵام ده‌ربڕینان له‌یه‌كتر جیایه.

پیته‌كانی (ع)و (ح) له‌ناوه‌ڕاستی گه‌رو ده‌رده‌چن، ئه‌م دوو پیته‌ش یه‌ك ڕه‌گه‌زن.
پیتی(غ)و (خ) له‌نزیكترین شوێنی گه‌رو ده‌رده‌چن ئه‌وانه‌ش به‌هه‌مان شێوه‌ی ئه‌و پیتانه‌ی باس كران یه‌ك ڕه‌گه‌زن.

❖ پیته‌كانی دوور هه‌ر یه‌ك له‌پیتی(ء)و (هـ) به‌رامبه‌ر پیته‌كانی ناوه‌ڕاست واته:(ع)و (ح) له‌یه‌كتر نزیكن، وبه‌رامبه‌ر پیته‌كانی نزیكترینی گه‌رو(غ)و (خ) له‌یه‌كتر دوورن، چونكه پیته ناوه‌ڕاسته‌كان له‌یه‌كتریان جیاده‌كاته‌وه.

❖ پیته‌كانی ناوه‌ڕاستی گه‌رو(ع، ح) له‌گه‌ڵ پیته‌كانی دوورترین و نزیكترین نزیكایه‌تیه‌كیان هه‌یه.

❖ پیتی(غ) له‌گه‌ڵ پیتی(ق)و (ك) له‌یه‌كتر نزیكن.

❖ پیتی(خ) له‌گه‌ڵ(ق)و (ك) به‌هه‌مان شێوه له‌یه‌كتر نزیكن، چونكه پیتی(غ)و (خ) هه‌ر چه‌نده له‌نزیكترین شوێنی گه‌رو ده‌رده‌چن، به‌ڵام كاتێك نزیكیێكی به‌هێز هه‌یه له‌نێوان ئه‌وان و پیته‌كانی (ق)و (ك) كه ده‌رچوونیان ده‌كه‌وێته دورترین شوێنی زمان، ئه‌مه وای كردووه كه ئه‌م پیتانه به نزیك له‌یه‌كتر بخوێندرێنه‌وه‌و سه‌یر بكرێن، هه‌رچه‌نده له‌یه‌كتر جیان هه‌روه‌ك له‌ڕابردوو باس كران.

❖ پیته‌كانی (ق)و (ك) له‌یه‌كتر نزیكن، به هۆی بوونی جیاكاریه‌ك له‌شوێنی ده‌رچوونیان، وه‌گوتراوه پیتی(ق)و (ك)یه‌ك ڕه‌گه‌زن به هۆی شوێنی ده‌رچوونیان كه دورترینی زمانه.

❖ پیتی(ق)و هاوشێوەی ئەو پیتی(ك) لەگەڵ پیتێك لەپیتەكانی ناوەڕاستی زمان(ج، ش، ی) یان لەگەڵ پیتێك لەپیتەكانی سەرە زمان وەك:(ض)و (ل) لەیەكتر نزیكن، وەلەگەڵ هەر پیتێك لەو پیتانەی بە لایەكی زمان دەردەبردرێن لەیەكتر دوورن.

❖ پیتەكانی (ج)و (ش)و (ی) كە درێژناكرێنەوە(مەدیان تێدا نیە) لەناوەڕاستی زمان دەردەچن، هەر یەك لەم سێ پیتانە لەگەڵ یەكتر یەك ڕەگەزن، ئەم پیتانە لەگەڵ پیتەكانی (ق)و (ك)و (ض)و (ل)و (ن)و (ر)و (ط)و (د)و (ت)و (س)و (ص)و (ز)و (ظ)و (ذ)و (ث) هەموویان لەیەكتر نزیكن، وهەر یەك لەم پیتانە لەگەڵ پیتی لێوەكان بە دوور ئەژمار دەكرێن.

❖ پیتی(ض) لەیەك لەدوو لێواری زمان (لای چەپ یان ڕاست) لەگەڵ ئەوەی لەدوای دێت لەددانەكان خرێنە(اضراس) دەردەچێت لەناوەڕاستی لایێكی زمان ئەوەی لەدوای ئەودێت، ئەوە لەگەڵ پیتی(ق) یان (ك) یان هەر پیتێكی تری دەرچوو لەناوەڕاستی زمان یان سەری زمان یان پیتی(ل) ئەوە بە نزیك لەیەكتر ئەژمار دەكرێن.

❖ پیتی(ل) دەردەبڕدرێت بە تەنیشتی زمان تا كۆتایەكەی.
پیتی(ل) لەگەڵ پیتی(ق) یان پیتی(ك) یان هەر پیتێكی تر لەو پیتانەی كە لەناوەڕاستی زمان یان لایێكی زمان، یان پیتی(ض) ئەمانە هەمووی بە نزیك ئەژمار دەكرێن لەگەڵ پیتی(ل).
پیتی(ل) لەگەڵ پیتەكانی لێو بە پیتی لێك دوور ئەژمار دەكرێن.
پیتی(ل) لەگەڵ پیتی(م) بە نزیك ئەژمار دەكرێت لەسیفەت.

❖ پیتی(ن) لە بەشێكی لای زمان دەردەچێت، شوێنی دەرچوونی پیتی(ن) كەمێك دەكەوێتە ژێر شوێنی دەرچوونی پیتی(ل) .
پیتی(ن) لەگەڵ پیتی(ق)یان پیتی(ك) بە لەیەكتر دوور سەیر دەكرێن.

پیتی(ن) له‌گه‌ڵ ئه‌و پیتانه‌ی كه‌ شوێنی ده‌رچوونیان ده‌كه‌وێته‌ ناوه‌ڕاستی زمان و پیتی(ض)و (ل) له‌گه‌ڵ ئه‌و پیتانه‌ی كه‌ له‌لێواری زمان ده‌رده‌چن، به‌ نزیك ئه‌ژمار ده‌كرێت.

❖ پیتی(ر) له‌پێشه‌وه‌ی زمان(طرف اللسان) ده‌رده‌چێت، شوێنی ده‌رچوونی پیتی(ر) نزیكه‌ له‌شوێنی ده‌رچوونی پیتی(ن) له‌كاتی ده‌ربڕینی پیتی(ر) شێوه‌ی ده‌ربڕینه‌كه‌ زیاتر به‌ره‌و لای سه‌رووی زمان ده‌چێت.

پیتی(ن) له‌گه‌ڵ پیتی(ق)و پیتی(ك) له‌یه‌كتر دوورن، به‌ڵام به‌رامبه‌ر به‌ پیته‌كانی ده‌رچوو له‌ناوه‌ڕاستی زمان وهه‌روها پیتی(ض)و (ل)و (ن)و پیته‌كانی تری ده‌رچوو له‌ به‌شێكی زمان(طرف اللسان) به‌ نزیك ئه‌ژمارده‌كرێت.

❖ هه‌ر یه‌ك له‌پیته‌كانی (ط)و (د)و (ت) ده‌رچوونیان ده‌كه‌وێته‌ پێشه‌وه‌ی زمان(طرف اللسان) به‌ شێویه‌ك شوێنی ده‌رچوونه‌كه‌یان زیاتر بۆ به‌شی لای سه‌ره‌وه‌ی ددانه‌كان نزیك ده‌بێته‌وه‌، هه‌ر یه‌ك له‌م سێ پیته‌(ط)و (د)و (ت) له‌گه‌ڵ یه‌كتر به‌ یه‌ك ڕه‌گه‌ز سه‌یر ده‌كرێن.

پیته‌كانی(ط، د، ت) له‌گه‌ڵ (ق) یان (ك) له‌یه‌كتر دوورن.
پیتی(ط، د، ت) له‌گه‌ڵ پیته‌كانی ناوه‌ڕاستی زمان و ئه‌م پیتانه‌ی به‌ لایه‌كی زمان ده‌رده‌بڕدرێن پیتی(ض، ل، ن، ر)و پیته‌كانی ده‌رچووی پێشه‌وه‌ی زمان به‌ نزیك له‌یه‌كتر ئه‌ژمار ده‌كرێن.

❖ پیته‌كانی(ص، ز، س) ده‌رچوونیان ده‌كه‌وێته‌ به‌شێكی زمان(طرف اللسان)و سه‌روی ددانه‌كانی خواروو.

هه‌ر یه‌ك له‌پیتی(ص، ز، س)و له‌گه‌ڵ یه‌كتردا یه‌ك ڕه‌گه‌زن.
ئه‌م سێ پیته‌(ص، ز، س) دورن له‌پیته‌كانی (ق)و (ك).

ئەم سێ پیتە(ص، ز، س) نزیکیان هەیە لەگەڵ پیتەکانی ناوەڕاستی زمان و پیتی(ض، ل، ن، ر، ط، د، ت)و ئەو پیتانەی تری دەکەوێتە لای بەشێکی زمان.

❖ پیتەکانی(ظ، ذ، ث) دەرچوونیان بە پێشەوەی زمانە (طرف اللسان) کە دەکەوێتە لای ددانەکانی سەروو.

ئەم سێ پیتە(ظ، ذ، ث) لەگەڵ یەکتر یەك ڕەگەزن.

هەر یەك لەم پیتانە(ظ، ذ، ث) لەگەڵ پیتی(ق) یان (ك) دورن.

ئەم سێ پیتە(ظ، ذ، ث) لەگەڵ پیتەکانی ناوەڕاستی زمان و پیتی(ض، ل، ن، ر، ط، د، ت، ص، ز، س) نزیکی هەیە.

❖ پیتی(ف) لەنێوان بەشی ناوەوەی لێوی خوارەوەو بڕبڕەکانی سەرەوە دەردەچێت، پیتی(ف) لەگەڵ هەر پیتێك لەپیتەکانی گەرو یان هەر پیتێك لەپیتەکانی زمان بە ڕەها لەیەکتر دوورن، جگە لەپیتی(ن) نەبێت لێك نزیکن لەگەڵ پیتی(ف)، پیتی(ف) لەگەڵ (و، ب، م) لەیەکتر نزیکن.

پیتی(و، ب، م) بە لێوەکان دەردەبردرێت، هەر یەك لەم سێ پیتانە لەگەڵ یەکتر یەك ڕەگەزن.

ئەم سێ پیتە(و، ب، م) بەرامبەر بە پیتەکانی گەرو(حلق)و پیتەکانی زمان لەیەکتر دوورن.

پیتی(و، ب، م)و پیتی(ف) بە نزیك لەیەکتر سەیر دەکرێن.

پیتی(م) لەگەڵ (ن)یەك ڕەگەزن لەسیفەتدا.

پیتی(و) لەگەڵ(ن) بەهەمان شێوە لەیەکتر نزیکن لەسیفەتدا.

پیتی(و)و (ی)ی لیین یەك ڕەگەزن و لەیەك چوونیان هەیە لەدەربریندا.

زاناكان دەفەرموون:

ئەوانەی لەڕابردوو باس كران بۆ ئەو پیتانە بوون كە شوێنی دەرچوونیان دیار بوو، وشێوەی دەربڕینان زاندراوبوو.
ئەو پیتانەی كە شوێنی دەرچوونیان بە تەخمین دیاری كراوە، بریتین لەسێ پیتی مەد (درێژكردنەوە) ئەم سێ پیتە مەدە شێوەی گەیشتنیان بە پیتەكان نادیارەو باس ناكرێت.

ئەگەر پیتی مەد گەیشتن بە پیتێك لەپیتەكانی زمانی عەرەبی نزیك بوونەوەیان بۆ نیە، یەك ڕەگزنین لەگەڵ یەكتر، لێك دوركەوتنەوەشیان بەیەكەوە نیە، چونكە پیتەكانی مەد شوێنی دەربڕین و دەرچونیان نیە وەك پیتەكانی تر، بەڵكو ئەم پیتە مەدانە تەنها بە هەوای دەم و گەرو دروست دەبێت.

بەڵێ پیتە مەدەكان باس دەكرێن لەگەڵ هەندێك لەپیتە عەرەبیەكان كە ڕەگەزایەتییێك و هاوشێوەییێك هەیە لەسیفەتدا، بەڵام نەك لەشوێنی دەرچوون.

ئەو پیتانەی هاوشێوەییان هەیە لەگەڵ پیتە مەدەكان، وەك:پیتی(و) ی جووڵەدار، لەگەڵ ئەلیف هەروەك لەووشەی (والٍ).

پیتی(و) لەگەڵ ئەلیف یەك ڕەگەزن لەسیفەتدا.
پیتی(ى)ی جووڵەدار لەگەڵ ئەلیف وەكو پیتی(و) وایە، وەك:(الصِّيَامُ)، كەواتا هەردو پیتی(ى)و ئەلیف یەك ڕەگەزن لەسیفەت و دەربڕیندا.
پیتی(و)ی جووڵەدار لەگەڵ(و)ی زەنندار بە هاوشێوە دادەندرێن، وەك:(وُورِىَ) هەردوو پیتی(و) لەیەك ڕەگەزدان چوونكە هاوسیفەتی یەكترن.
پیتی(ى)ی جووڵەدار لەگەڵ پیتی(و)ی زەنندار یەك ڕەگەزن لەسیفەتدا. وەك:(يُوقِنُونَ).

تێبینی:

پیتەکانی(ت)و (ك) یەکسانن لەهەموو سیفەتێکدا.

پیتەکانی(ح)و (ث)و (ه)یەکسانن لەهەموو سیفەتێکدا.(حثه)

پیتەکانی(ج)و (د) یەکسانن لەهەموو سیفەتێکدا.

پیتەکانی(م)و (ن)یەکسانن لەهەموو سیفەتێکدا.

پیتەکانی(و)و (ی)ی جووڵەدار لەگەڵ هەرسێ پیتی درێژکراوەکان (پیتە مەدەکان) یەکسانن لەهەموو سیفەتێکدا.

ئەو پێنج پیتە یەکسانن لە هەمو سیفەتێکدا، وەپیتە نەرمەکان(لیین) وەك:(و)و (ی) یەکسانن لەهەموو سیفەتێکدا.

بەپێی قسەکانی ڕابردو دەتوانین بڵێین ئەو پیتانەی یەکسانن لەهەموو سیفەتێکدا یەك ڕەگەزیشن.



پەیوەندی نێوان پیتەكان

(العلاقة بتن الاحرف)

✓ پیتە هاووێنەكان(متماثلین)

بریتین لەو پیتانەی شوێنی دەرچوون و سیفەتیان و ناوو ڕێنووسیان یەكسانە، وەك:(ن) لەگەڵ(ن).

✓ پیتە لێك نزیكەكان(متقاربین)

بریتین لەو پیتانەی شوێنی دەرچوون و سیفەتیان لە یەكتر نزیكە، وەك:(ن) لەگەڵ(ل) یان تەنها شوێنی دەرچوونیان لەیەكتر نزیكەو سیفەتیان جیاوازە، وەك:(ج) لەگەڵ(ض) یان تەنها سیفەتیان لەیەكتر نزیكەو شوێنی دەرچوونیان جیاوازە، وەك:(غ) لەگەڵ(ظ).

✓ پیتە یەك ڕەگەزەكان(متجانسین)

بریتین لەو پیتانەی شوێنی دەرچوونیان یەكسانەو سیفەتیان لەیەكتر جیاوازە، وەك:(ذ) لەگەڵ(ظ) یان شوێنی دەرچوونیان لە یەكتر جیاوازەو سیفەتیان یەكسانە، وەك:(ت) لەگەڵ(ك).

چۆنیەتی
دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان دوو پیت لەگەڵ یەكتر

هەركاتێك ویستمان پەیوەندی نێوان دوو پیت لەگەڵ یەكتر بزانین، پێویستە سەرەتا سەیری شوێنی دەرچوون و سیفەتیان بكەین، ئەگەر هاتوو هاووێنە بوون(متماثل) وەك پیتەكانی(ق) لەگەڵ(ق)،(ٱلۡغَرَقُ قَالَ)، بڕیار لەسەر ئەو جۆرە پیتانە دەدەین بە هاووێنە بوون، بەڵام ئەگەر هاووێنەی یەكتر نەبوون لە شوێنی دەرچوون و سیفەتیاندا، لەو كاتەدا سەیری شوێنی دەرچوونی پیتەكان دەكەین لە ڕووی هاوشێوەییان، ئەگەر هەردوو پیتەكە هاوشێوە بوون لە شوێنی دەرچوونیان، ئەوە بڕیار دەدەین لەسەر ئەم دوو پیتە كە یەك ڕەگەزن لە ڕووی دەرچوونیان، وەك پیتەكانی(ع) لەگەڵ(ح)،(ٱلدَّمۡعِ حَزَنًا)،

ئەگەر شوێنی دەرچوونی پیتەكان یەكسان نەبوون، سەیری سیفەتیان دەكرێت، ئەگەر هاوشێوەی یەكتر بوون، بە شێوەیەك كە نە لەیەكتر كەمتربوون نە لەیەكتر زیاتر بوون لە سیفەتیان، بڕیاری یەك ڕەگەز بوونیان لەسەر دەدرێت لە سیفەت دا.

هەر وەك پیتەكانی(ح، ث، ه) كۆدبێتەوە لە ووشەی (حثه) ئەم پیتانە بە هاوشێوەی یەكتر ناودەبردرێن و نمونەكانیان بەم شێوەیە:(يَبۡحَثُ، يُبۡعَثُ حَيًّا، فَأَصۡبَحَ هَشِيمًا، ٱللَّهَ حَقَّ، بَعَثَهُۥ، ٱللَّهِ ثُمَّ).

لە نێوان پیتی(م)و (ن) یەك ڕگەزن(يحكم بينهم).

لە نێوان پیتی(ت)و (ك) یەك ڕگەزن(وتمت كلمة).

لە نێوان پیتی(ج)و (د) یەك ڕگەزن(ولقد جاءكم).

لە نێوان پیتی(و)و (ی)ی لیین یەك ڕگەزن(أو يعفوا).

له نێوان پیتی نەرم(لیین) له لایەك لەگەڵ پیته درێژكراوەكان(حروف المد) له لایەكی تر هاوشێوەیی هەیە(وال).
جگه لەم پیتانەی باس كران یەك ڕگەزی نیه نه له شوێنی دەرچوون و نه له سیفەت دا، له ڕابردوش باسمان كرد.

ئەگەر یەكسان نەبوون له سیفەتدا ئەوا سەیری له یەكتر نزیك بوونیان دەكرێت له ڕووی شوێنی دەرچوونیان و سیفەتیان، ئەگەر یەكسانی هەبوو له نێوان پیتەكان له ڕووی شوێنی دەرچوون و سیفەتیان هەر وەك له نێوان پیتەكانی(ل)و (ر)، (قل رب).
نێوان پیتەكانی(ذ)**و (ز)**، (وإذ زين).
نێوان پیتەكانی(ق)**و (ك)**، (نخلقكم).

بڕیار دەدرێت لەسەر ئەم پیتانەی باس كران، به نزێك بوون له شوێنی دەرچوون و سیفەت دا.

ئەگەر بەم شێوەیه نەبوون له نێوان پیتەكان له ڕووی شوێنی دەرچوون و سیفەت دا، تەنها سەیری شوێنی دەرچوونیان دەكرێت، ئەگەر نزیكایەتیەك هەبوو له نێوان شوێنی دەرچوونیان، بڕیار لەسەر نزیكبوونیان دەدرێت تەنها له ڕووی دەرچوونیان، وەك: پیتی(د)**و (ص)**،(ولقد صدقكم).

ئەگەر له یەكتر نزیك نەبوون له ڕووی شوێنی دەرچوون، تەنها سەیری سیفەتیان دەكرێت.

ئەگەر نزیكایەتیەك هەبوو له نێوان سیفەتیان، -به شێوەیەك جیاوازیان تەنها له یەك یان دوو سیفەت هەبێت و زیاتر نەبێت- بڕیار لەسەر نزیكبوونیان دەدرێت تەنها له ڕووی سیفەت، هەروەك: پیتی(و)**و (ن)**،(أو نصارى).

وەهەروها له نێوان پیتی(س)**و (ح)**،(للناس حسابهم). **وەهەمزەو پیتی**(د)(أدنى). **پەیوەندی نزیكایەتی له نێوان پیتەكاندا زۆره.**

هەر دوو پیتێك تێكهەڵكێشیان هەبێت لەگەڵ یەكتر لە هەر خوێندنەوەو گێڕانەوەیەك بێت و هاوڕەسمی یان یەك ڕەگەزی لە نێوانیان نەبێت، بە لە یەكتر نزیك هەژمار دەكرێن، بەڵام ئەگەر هیچ شتێك لەوانەی ڕابردو باس كران لە نێوان پیتەكاندا نەبێت، ئەوە بە لە یەكتر دوورو جیاواز ئەژمار دەكرێن.

واتا كامەی لەپێشترە ئەو باس دەكرێت ئەوانی تر لەدوای ئەوەوە دێن، بەم شێوەی خوارەوە(ﺖ):

1- هاووێنە لە شوێنی دەرچوون و سیفەتدا.
2- یەك ڕەگەز لە شوێنی دەرچوون.
3- یەك ڕەگەز لە سیفەت.
4- لەیەكتر نزیك لە شوێنی دەرچوون وسیفەت.
5- نزیكی لە شوێنی دەرچوون.
6- نزیكی لە سیفەت.
7- لەیەكتر دوور.

---

(1) زانای خەلیجی پیتەكانی زمانی عەرەبی دابەش گردووە بۆ سەر پێنج بەشی سەرەكی سەبارەت بە تێكهەڵكێش كردن و تێكهەڵنەكێشكردن: **یەكەم:** نە تێكهەڵكێش دەكرێت و نە تێكهەڵكێشانی بۆ دەكرێت، ئەوانەش سێ پیتن(ء، ا، خ). **دووەم**: تێكهەڵكێش ناكرێت، بەڵام تێكهەڵكێشانی بۆ دەكرێت، ئەوانەش چوار پیتن(ط، ظ، ص، ن). ناگوترێت پیتی(ط) تێكهەڵكێش دەكرێت لەگەڵ پیتی(ت) لە(أَحَطتُ، بَسَطتَ) بە تێكهەڵكێشێكی ناتەواو، بەهۆی مانەوەی سیفەتی ئیطباق، چونكە مەبەست بە تێكهەڵكێشێكی تەواو(الادغام الكامل) بە لابردنی پیت و سیفەتی، وەك(الْمَلَائِكَةُ طَيِّبِينَ) لەلای سوسی، **سێیەم**: تێكهەڵكێش دەكرێت تەنها بەهاووێنەی خۆی، ئەوەش شەش پیتە(ع، غ، ف، ه، و، ی)، **چوارەم**: تێكهەڵكێش دەكرێت تەنها لەڕەگەزی خۆی و پیتی نزیك لە خۆی، ئەوەش پێنج پیتە(ج، د، ذ، س، ض)، **پێنجەم**: تێكهەڵكێش دەكرێت بە هاووێنەو هاوڕەگەزی خۆی و یەك ڕەگەزی خۆی و پیتی نزیك لە خۆی، ئەوەش یازدە پیتە(ب، ت، ث، ح، ر، س، ق ، ك، ل، م، ن)، **بڕوانە**: موحەممەدی خەلیجی، لە پەرتووكی(حل المشكلات وتوضيح التحريرات في القراءات)، لێكۆڵینەوەی عومەری كوڕی عەبدوالقادر،(ریاض، دار أضواء السلف، د.ت) لاپەڕە23.(بەدەست كارییەوە) خەلیجی هونراوەیەكی هەیە لەم بەشەوە، باسمان نەكردووە لەبەر درێژبوونەوە.

تێكهەڵكێشانی بچووك

❖ **یەكەم:: تێكهەڵكێشانی بچووك:**

بریتیە لە تێكهەڵكێشانی پیتێكی زەنندار بە پیتێكی جووڵەدار، بە شێوەیەك بە هۆی ئەو تێكهەڵێشانە هەردوو پیت دەكرێن بە یەك پیتی شەدەدار لە یەك ڕەگەز لەگەڵ پیتی دووەم.

هۆی ناونانی بە بچووك:

ناوی نراوە بە تێكهەڵكێشانی بچووك، چونكە لە كاتیَ تێكهەڵكێشاندا تەنها پێویستی بە یەك هەنگاوی بچوكە، ئەویش بریتیە لە تێكهەڵكێشانی پیتی یەكەم بە پیتی دووەم، ئەمەش دەبێت بە دوو بەش:

➢ **بەشی یەكەم: هاووێنەی بچووك**

بریتیە لە یەكسانی شوێنی دەرچوون و شێوەی دوو پیت، ئەوەش لە یەك وشە یان دوو وشە ڕودەدات، ئەم بابەتەش یەكسانە لەگەڵ پێشەوا حەفص، تەنها یەك شوێن نەبێت، ئەویش ئایەتی {مَالِيَهۡ ۝٢٨ هَلَكَ}،(حاقە:28)، پێشەوا حەمزە پیتی(ه) لادەبات لە باری نەوەستاندا، بەم شێوەیە دەیخوێنێتەوە{مَالِيَ ۝٢٨ هَلَكَ}، لەسەر ئەمەش پەیوەندی دروست نابێت لە نێوان دوو وشەدا بەشێوەی هاووێنە، بەڵكو دەچێتە بابەتی لێكدوور بوون.

➢ **بەشی دووەم: لەیەكتر نزیك و یەك ڕەگەزی بچووك**

لەم بابەتە پێشەوا حەمزە هەندیَ شتی زیاترە لە پێشەوا حەفص لەم شوێنانەی خوارەوە:

1- حهمزه پیتی(د) تێكهڵكێش دهكات له وشهی(قد) له ههر ههشت پیتهكاندا، كه بریتین له(س، ص، ز، ذ، ظ، ج، ش، ض)، ئهم ههشت پیته كۆدهبێتهوه له سهرهتای هونراوهی شاطبی:

وَقَدْ سَحَبَتْ ذَيْلاً ضَفَا ظَلَّ زَرْنَبٌ		جَلَتْهُ صَبَاهُ شَائِقاً وَمُعَلِّلَا

بهم شێوهیه{لَّقَد سَّمِعَ، لَقَد صَّدَقَ ٱللَّهُ، وَلَقَد زَّيَّنَّا، وَلَقَد ذَّرَأْنَا، فَقَد ظَّلَمَ، قَد جَّآءَكُم، قَد شَّغَفَهَا، قَد ضَّلُّواْ}.

2- حهمزه تێكهڵكێشان دهكات له پیتی(ت)ی بهكارهاتوو بۆ مێینه له شهش پیت كه بریتین له(س، ص، ز، ث، ظ، ج)، ئهم شهش پیته كۆدهبێتهوه له سهرهتای هونراوهی شاطبی:

وأَبْدَتْ سَنَا ثَغْرٍ صَفَتْ زُرْقُ ظَلمِهِ		جَمَعْنَ وُرُودًا بَارِدًا عَطِرَ الطِّلَا

ئهوهش وهك{وَجَآءَت سَّيَّارَةٌ ، حَصِرَت صُّدُورُهُمۡ ، خَبَت زِّدۡنَٰهُمۡ ، كَذَّبَت ثَّمُودُ، كَانَت ظَّالِمَةً ، نَضِجَت جُّلُودُهُم}.

1- حهمزه تێكهڵكێشانی پیتی(ذ) له پیتی(ت) دهكات له{ٱتَّخَذتُّ، أَخَذتُّمۡ، عُذتُّ، فَنَبَذتُّهَا} له ههر شوێنێك هات.

2- حهمزه تێكهڵكێشانی پیتی(ث) له پیتی(ت) دهكات له{أُورِثتُّمُوهَا، لَبِثتُّ} له ههر شوێنێك هات.

3- **حه‌مزه پیتی(د) تێكهه‌ڵكێش ده‌كات له پیتی(ث) له**{وَمَن يُرِد ثَّوَابَ}،(**عيمران**:145)، **به‌یه‌كه‌وه**.

4- **حه‌مزه پیته‌كانی(د)و (ص) تێكهه‌ڵكێش ده‌كات له پیتی(ذ) له سه‌ره‌تای سوره‌تی مه‌ریه‌م**{كٓهيعٓصٓ ۝ ذِّكْرُ}[1].

5- **حه‌مزه پیتی(ب) تێكهه‌ڵكێش ده‌كات له پیتی(م) له**{وَيُعَذِّب مَّن}،(**به‌قه‌ره**:284)[2].

6- **حه‌مزه پیتی(ل) له وشه‌ی(هل) تێكهه‌ڵكێش ده‌كات ته‌نها له دوو پیت ئه‌وانیش پیتی(ت)و پیتی(ث) وه‌ك**{هَل تَّرَ ، هَل تَّستَوِى ، هَل تَّنقِمُونَ ، هَل ثُّوِّبَ }.

7- **حه‌مزه پیتی(ل) له وشه‌ی(بل) تێكهه‌ڵكێش ده‌كات ته‌نها له دوو پیت، ئه‌وانیش پیتی(ت)و پیتی(س) وه‌ك**{بَل تَّأْتِيهِم ، بَل سَّوَّلَتْ}.

خه‌للاد دوو خوێندنه‌وه‌ی هه‌یه: ئاشكراكردن و تێكهه‌ڵكێشان له {بَلْ طَّبَعَ }، (**نیساء**:155).

---

[1] **پێشه‌وا حه‌مزه ئه‌م شوێنه به ئیماله‌ی پیتی(ی) ده‌خوێنێته‌وه.**

[2] **له‌گه‌ڵ تێبینی ئه‌وه‌ی كه پێشه‌وا حه‌مزه پیتی(ب) زه‌نه‌دار ده‌كات.**

خەللاد تێکهەلکێشان دەکات لە پیتی(ذ) لە وشەی(إذ) لە پێنج پیتدا بەم شێوەیە(ت، د، ز، س، ص) ئەم پێنج پیتە کۆبویتەوە لە سەرەتای هونراوەی شاطبی:

نَعَمْ إِذْ تَــمَشَّتْ زَيْنَبٌ صَالَ دَلُّهَا   سَمِيَّ جَمَالٍ وَاصِلًا مَنْ تَوَصَّلَا

ئەوەش وەك{تَّبَرَّأَ إِذ، دَّخَلُواْ إِذ، زَّيَّنَ وَإِذ، سَّمِعۡتُمُوهُ إِذ، صَّرَفۡنَآ وَإِذ}.

خەلەف هاوڕایە لەگەڵ خەللاد تەنها لە تێکهەڵکێشانی پیتی(ذ) لەگەڵ پیتەکانی(ت)و (د) وەك{إِذ تَّبَرَّأَ ، إِذ دَّخَلُواْ }.

8- خەللاد پیتی(ب)ی زەنندار تێکهەڵکێش دەکات لە پیتی(ف)، وەك{ يَغۡلِب فَسَوۡفَ، ٱذۡهَبۡ فَمَن، تَعۡجَبۡ فَعَجَبٌ}.

وهەروها دوو خوێندنەوەشی هەیە: تێکهەڵکێشان و ئاشکراکردن لە{يَتُبۡ فَأُوْلَـٰٓئِكَ }،(**حوجرات**:11).

9- حەمزە پیتی(ن)و پیتی(س) بە ئاشکراکردن دەخوێنێتەوە لەکاتی گەیشتنیان بە پیتی(م) لە{طسٓمٓ}**، لە ئایەتی**1**ی سورەتی شوعەڕاو سورەتی قەصەص، لەڕابردو قسەمان لەسەر ئەم بابەتە کرد لە باسی ئەحکامی نونی ساکین و تەنوین.**

10- حەمزە بە یەك لە خوێندنەوەکانی لە خەللاد ئایەتی{ٱرۡكَب مَّعَنَا}،(هود:42) بە ئاشکرا دەخوێنێتەوە، وخوێندنەوەی دووەمی خەللاد تێکهەڵکێشانە.

تێبینیەکان:

پێشەوا حەمزە پیتی(ل) تێکهەڵکێش دەکات لە پیتی(ر) لە ئایەتی(بَل رَّانَ)،(موطەففین:14)، وهەروها پیتی(ن) لە پیتی(ن) تێکهەڵکێش دەکات لەگەڵ پیتی(ر) لە(مَن رَّاقٍ)،(قیامە:27)، ئەوەش بەهۆی بوونی مەرجەکانی تێکهەڵکێشان لەهەردووکیان، چونکە پێشەوا حەمزە سەکتە واجبەکانی واز لێهێناوە، پێشتر قسەمان لەسەر ئەم بابەتە کرد لەباسی سەکت و بابەتی نونی ساکینەو تەنوین.

ئەگەر لە دوای پیتی (نونی ساکینەو تەنوین) پیتی(و) یان پیتی(ی) هات، ئەوە پێشەوا خەلەف تێکهەڵکێشانی بێ مینگە دەکات، پێشتر قسەمان لەسەر ئەم بابەتە کرد لەباسی ئەحکامی نونی ساکینەو تەنوین.

❖ دووه‌م: تێكهه‌ڵكێشانی گه‌وره

بریتیه له تێكهه‌ڵكێشكردنی پیتێكی جووڵه‌دار به پیتێكی جووڵه‌داری تر كه له دوای ئه‌و دێت، به شێوه‌یه‌ك هه‌ردوو پیت ده‌بێته یه‌ك پیتی شه‌ده‌دار له ڕه‌گه‌زی پیتی دووه‌م.

ناونانی به تێكهه‌ڵكێشی گه‌وره

هۆی ناونانی به تێكهه‌ڵكێشی گه‌وره: چونكه له كاتی تێكهه‌ڵكێشاندا پێویستی به دوو هه‌نگاو هه‌یه، یه‌كه‌میان زه‌نننه‌داركردنی پیتی یه‌كه‌م، دووه‌میان تێكهه‌ڵكێشكردنی پیتی یه‌كه‌م له دووه‌م.

تێبینی:

باسی ئه‌وه‌م نه‌كردووه كه تێكهه‌ڵكێشه‌كه‌ی له‌سه‌ر بنچینه‌ی خۆیه‌تی، چونكه حه‌مزه‌ی زه‌یات تێكهه‌ڵكێشی بۆ ده‌كات وه‌ك حه‌فص، له وشه‌كانی {تأمنا، أتحاجونِّي، تأمرونِّي، مكنِّي}، چونكه بنچینه‌ی ئه‌م وشانه بریتیه له[تأمننا، أتحاجونني، تأمرونني، مكنني].

مه‌رجی تێكهه‌ڵكێشی گه‌وره

به مه‌رج دانراوه له تێكهه‌ڵكێشی گه‌وره كه تێكهه‌ڵكێشی یه‌كه‌م له دووه‌م به نوسین و شێوه بێت، كه ئه‌مه‌یان ده‌گرێته‌وه{إِنَّهُۥ هُوَ}، وئه‌مه‌یان ده‌رده‌چێت{أَنَا۠ نَذِيرٌ}.

ئه‌وه‌شیان سێ به‌شه(هاووێنه – یه‌ك ڕه‌گه‌ز – لێك نزێك).

له بابه‌تی تێكهه‌ڵكێشانی گه‌وره، پێشه‌وا حه‌مزه زیاد ده‌كات له‌سه‌ر پێشه‌وا حه‌فص ئه‌مانه‌ی خواره‌وه:

1- حه‌مزه تێكهه‌ڵكێشان ده‌كات له پیتی(ت) به پیتی(ط) له{بَيَّتَ طَّآئِفَةٌ}،(نیساء:81) ئه‌م بڕگه له بابه‌تی هاوڕه‌گه‌زییه.

2- حه‌مزه ته‌نها له سێ پیت تێكهه‌ڵكێشان ده‌كات، كه ئه‌مانه‌ن(ص، ز، ذ) ئه‌وه‌ش له ئایه‌ته‌كانی{وَٱلصَّٰٓفَّٰتِ صَفًّا ۝١ فَٱلزَّٰجِرَٰتِ زَجۡرًا ۝٢ فَٱلتَّٰلِيَٰتِ ذِكۡرًا ۝٣} له سوره‌تی صافات، وله ئایه‌تی{وَٱلذَّٰرِيَٰتِ ذَرۡوًا ۝١} سوره‌تی ذاریات، له‌گه‌ڵ بوونی تێبینی له‌سه‌ر درێژكردنه‌وه‌ی پێویست له‌باری تێكهه‌ڵكێشاندا له نمونه‌كانی ڕابردوو، ئه‌م بڕگه‌ش ده‌چێته بابه‌تی لێك نزیك بوون.

3- خه‌للاد دوو خوێندنه‌وه‌ی هه‌یه: تێكهه‌ڵكێشان و ئاشكراكردن له{ذِكۡرًا ۝٥}،(مورسه‌لات:5)، و{فَٱلۡمُغِيرَٰتِ صُبۡحًا ۝٣}،(عادیات:3)، له‌گه‌ڵ بوونی

تێبینی له‌سه‌ر درێژكردنه‌وه‌ی پێویست له‌باری تێكهه‌ڵكێشان، به‌ڵام خه‌له‌ف له‌م دوو شوێنه‌دا ته‌نها ئاشكراكردن ده‌كات.

4- حه‌مزه پیتی(ن) تێكهه‌ڵكێش ده‌كات له پیتی(ن) له وشه‌ی(أَتُمِدُّونَنِ)،(نه‌مل:36)، تاوه‌كو ببێته هاووێنه، به‌م شێوه‌یه ده‌خوێندرێته‌وه{أَتُمِدُّوٓنِّ ے}، درێژكردنه‌وه‌ی شه‌ش جووله له پیتی(و) دروست ده‌بێت، چونكه درێژكردنه‌وه‌یه‌كی پێویسته(اللازم)، له‌گه‌ڵ بوونی تێبینی له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی كه پیتی(ی) زیاده‌یه له هه‌ردوو باردا.

تێبینی:

پێشه‌وا حه‌مزه وه‌كو قورائه‌كانی تر تێكهه‌ڵكێشانی پیتی(ت) به پیتی(ط) ده‌كات له(ٱسطَٰاعوا)،(كه‌هف:97). به‌هۆی نزیكبوونی ده‌رچوونی پیتی(ت) له پیتی(ط)، دواتر حه‌مزه هه‌ستاوه به شه‌دده‌داركردنی پیتی(ط)، به‌مه‌ش دوو زه‌ننه‌دار به‌یه‌كه‌وه كۆ ده‌بێته‌وه، ئه‌وه‌ش دروسته، به‌م شێوه‌یه(ٱسطَّٰاعوا)[1].

---

[1] به‌ڵگه‌ی كۆمه‌ڵه‌ی زانایان له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی كه شه‌دده‌دار ناكرێت و به‌بێ شه‌دده ده‌خوێندرێته‌وه ئه‌وه‌یه كه لێره‌دا تێكهه‌ڵكێشان دروست ده‌بێت له‌كاتێكدا كه دروستیش نیه، ته‌نها له نامۆی هونراوه‌دا نه‌بێت دروسته دوو زه‌نه به‌یه‌كه‌وه كۆببێته‌وه، یه‌كه‌میان پیتی لین نه‌بێت و نه‌گونجێت پیتی(ی)یش بخوێندرێته‌وه، كه‌واتا له‌نوسیندا نیه، وناكرێت جووله‌كه‌ی بدرێته پیتی(س) چونكه زیاده‌یه‌و جووله‌دار نیه، كه‌واتا هیچ شتێك نامینێته‌وه ته‌نها لابردن نه‌بێت، ولابردنه‌كه‌ش بۆ ئاسانكردن و زیاده‌بوون و هاوتایی نوسینه، چونكه كۆمه‌ڵه‌ی زانایان له‌سه‌ر ئه‌م شێوازه‌ن، په‌رتووكی(شه‌رحی ته‌یبه‌ت و نه‌شر له قیرائاتی عه‌شر، ب5، لا2، وته‌یبه‌ی نه‌شر له قیرائاتی عه‌شر، ب2، لا316.

باسی حهوت ئهلیفهكان

✓ **یهكهم:** **حهمزه لهباری وهستان و نهوهستاندا ئهلیف لادهبات، له پێنج وشه بهم شێوهیه:**

1- وشهی{ٱلظُّنُونَا۠} **له**{وَتَظُنُّونَ بِٱللَّهِ ٱلظُّنُونَا۠ ۝١٠ هُنَالِكَ ٱبۡتُلِيَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ}،**(ئهحزاب:**10**)، بهم شێوهیه**(ٱلظُّنُونَ).

2- وشهی(ٱلرَّسُول) **له**{وَأَطَعۡنَا ٱلرَّسُولَا۠ ۝٦٦ وَقَالُواْ رَبَّنَآ إِنَّآ أَطَعۡنَا}، **(ئهحزاب:**66**)، بهم شێوهیه**(ٱلرَّسُول).

3- وشهی(ٱلسَّبِيلا) **له**{فَأَضَلُّونَا ٱلسَّبِيلَا۠ ۝٦٧ رَبَّنَآ ءَاتِهِمۡ ضِعۡفَيۡنِ}،**(ئهحزاب:**67**)، بهم شێوهیه**(ٱلسَّبِيلَ).

4- وشهی(سَلَٰسِلَا۠) **له**{إِنَّآ أَعۡتَدۡنَا لِلۡكَٰفِرِينَ سَلَٰسِلَا۠ وَأَغۡلَٰلًا وَسَعِيرًا}،**(ئینسان:**4**)، حهمزه لهسهر پیتی(ل) دهوهستێت بهم شێوهیه**(سَلَٰسِل) **به پێچهوانهی حهفص، چونكه ئهو دهوهستێت لهسهری به خوێندنهوهو نهخوێندنهوهی ئهلیف.**

5- وشەی(قَـوَارِيرَاْ) شوێنی یەکەم لە ئایەتی {وَأَكْوَابٍ كَانَتْ قَـوَارِيرَاْ}،(ئینسان:15). لەسەر پیتی(ر) دەوەستێت بەم شێوەیە{قَـوَارِيرَ}، شوێنی

✓**دووەم: وشەی(قَـوَارِيرَاْ) لە{قَـوَارِيرَاْ مِن فِـضَّـةٍ}،(ئینسان:16). حەمزە وەك حەفص دەخوێنێتەوە، واتە: بەلابردنی ئەلیف لەباری وەستان و نەوەستاندا.**



بابه‌تی فه‌تح و ئیماله

مه‌به‌ست له لاركردنه‌وه(ئیماله) خوێندنه‌وه له نێوان دوو جووڵه یان خوێندنه‌وه له نێوان دوو پیت دا، بۆ نمونه خوێندنه‌وه‌ی فه‌تحه به‌لای كه‌سره یان خوێندنه‌وه‌ی ئه‌لیف به‌لای پیتی(ی) به شێوه‌یه‌ك له بنچینه‌دا فه‌تحه‌داره به‌ڵام به لایه‌نی كه‌سره‌دا ده‌خوێندرێته‌وه.

به‌شێكی زۆر له هۆزه‌كانی عه‌ره‌ب، لاركردنه‌وه‌یان هه‌یه له خوێندنه‌وه‌دا، وه‌ك به‌شێكی زۆر له خه‌ڵكی نه‌جد، وه‌ك هۆزه‌كانی(به‌نی ته‌میم، به‌نی ئه‌سه‌د، قه‌یس و ئه‌وانی تر).

هه‌ندێك له هۆزه‌كانی عه‌ره‌ب ئاخاوتنیان ده‌كه‌وێته سه‌ر فه‌تحه‌داركردنی وشه، وه‌ك خه‌ڵكی حیجاز له قوره‌یشیه‌كان و هه‌وازن و ثه‌قیف و كینانه.

فه‌تح: (كردنه‌وه) مه‌به‌ست له وشه‌ی كردنه‌وه(فه‌تح) ئه‌وه‌یه كه خوێنه‌ر ده‌می خۆی بكاته‌وه له‌كاتی ده‌ربڕینی پیته‌كه.

لاركردنه‌وه له زمانی عه‌ره‌بی: واته لاركردن و خواركردنه‌وه، یان لادان له شتێك و ڕووكردنه شتێكی تر.

لاركردنه‌وه لای زانایان: بریتیه له لادان له فه‌تحه‌وه به‌ره‌و كه‌سره، وله ئه‌لیفه‌وه بۆ پیتی (ی).

لاركردنه‌وه: ده‌كرێت به‌ دوو به‌ش[1]:.

➢ **لاركردنه‌وه‌ی گه‌وره (إماله كبرى):**

بریتیه‌ له‌ خوێندنه‌وه‌ی ئه‌لیف له‌ نێوان ئه‌لیف و یاء دا، نه‌ گواستنه‌وه‌و نه‌ مانه‌وه‌ی ته‌واوه، وپێشی ده‌گوترێت ئیضجاع(الاضجاع).

➢ **ئیضجاع:**

واته‌: زێده‌ڕه‌وی له‌ لاركردنه‌وه‌ به‌ خوێندنه‌وه‌یه‌ك نیوه‌ به‌نیوه، هه‌ر ئه‌وه‌ش مه‌به‌سته‌ ئه‌گه‌ر ته‌نها وشه‌ی(ئیماله) به‌كارهات.

---

(1)هۆكاری ئیماله هه‌شتن:

1/**بوونی كه‌سره‌ له‌ پێش وشه‌ یان له‌ دوای وشه، وه‌ك هه‌ر یه‌ك له‌ وشه‌كانی(الناس، النار، الربا، كلاهما**، مشكاة).

2/**كه‌سره‌یه‌كی په‌یداكراو له‌ هه‌ندێك كاتدا وه‌ك**(طاب، جاء، شاء، زاد) **چونكه‌ له‌م وشانه‌دا پیتی(ف) كه‌سره‌دار ده‌كرێت له‌ كاتی لكاندن به‌ راناوی ره‌فعه‌دار(مه‌رفوع).**

3/**بوونی پیتی(ی) له‌ وشه‌دا، وه‌ك(لا** ضير) **سوك خوێندنه‌وه‌ له‌م وشه‌دا به‌ ئیماله‌ داده‌ندریت(لاركردنه‌وه).**

4/**یان وه‌رگێڕان و قه‌لب كردن، وه‌ك(رمى).**

5/**یان لێكچوون به‌ وه‌رگه‌ڕان، وه‌ك: ئه‌و پیته‌ ئه‌لیفه‌ی بۆ میٚ به‌ كاردێت.**

6/**یان پێچونێك به‌ پێچواندنی گۆرینی پیتی(ی) بێت، وه‌ك(موسى، عیسى).**

7/**یان ئه‌وه‌ی ده‌بێته‌ نزیك له‌ ئیماله(لاركردنه‌وه) ناوده‌بردرێت(ئیماله) له‌ پێناو(ئیماله)،(لاركردنه‌وه) وه‌ك وشه‌ی**(تراءى) **مه‌به‌ست پێی پیتی ئه‌لیفی یه‌كه‌مه، وبه‌هه‌مان شێوه‌ پیتی(ن) له‌ وشه‌كانی**(نأى، وراء، رأى).

8/**یان پیتی ئه‌لیف له‌سه‌ر شێوه‌ی(ی) نوسرابێت، هه‌رچه‌نده‌ له‌ بنچینه‌دا پیتی(و) وه‌ك**(ضحى).

ئه‌وانه‌ی باس كران هه‌موویان ده‌گه‌ڕێنه‌وه‌ سه‌ر دوو شت كه‌سره‌و (ی). سه‌یركه: عه‌لی كوڕی موحه‌مه‌د ضه‌**باع،** الاضاءة **في بیان أصول** القراءة،**(قاهیره، نوسینگه‌ی ئه‌زهه‌ریه‌ بۆ كه‌لتور، سالی**1420**ی كۆچی، لاپه‌ره**29.

➢ لاركردنەوەی بچووك(إماله صغرى):

بریتیه له دەربڕینی پیت له نێوان كردنەوەی سروشتی و ئیمالەی تەواو، واته لاركردنەوەی فەتحه بەرەو كەسرەی تەواو، وپێشی دەگوترێت كەم بوون(التقليل)، یان خوێندنەوه له نێوان، واته نێوان ئەلیف و ئیمالەی گەورە.

زمان بەرزدەبێتەوه به كردنەوەی دەم، لار دەبێت به (ئیماله)[1]. وهەروها خوێندنەوه به لاركردنەوه سووكتره لەسەر زمان له بەرزكردنەوه، هەر بۆیه لاركردنەوه دەكەن، ئەوەی كردنەوه دەكات بۆچوونی وایه كه كردنەوه پەسندەو ئەو بنچینەیه.


ئەو فەرموودەی[2]. پێشەوا ئیبن جەزەری(رەزای خودای لێبێت) باسی دەكات له پەرتووكەكەی خۆی بەناوی نەشر(النشر) پالپشتیەكەی دەگەڕێتەوه بۆ عەبدوالله‌ی كوڕی مەسعود(رەزای خودای لێبێت) كاتێك پیاوێك سورەتی(طه)ی لەلا دەخوێندو كەسرەداری نەكرد(واته: لاركردنەوەی نەكرد) بۆ پیته پچراوەكانی سەرەتای سورەتەكە، ئیبن مەسعود (رەزای خودای لێبێت) خوێندیەوه ﴿طه﴾، واته: لاركردنەوەی ئەنجام دا سێ كەرەت، پاشان سوێندی خواردو فەرمووی بەم شێوه پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئێمەی فێركردووه.

زانایانی زمانەوانی ڕاوبۆچونی جیاوازیان هەیه لەسەر(فتح)كردنەوه، (ئیماله)و لاركردنەوه، ئایه كامەیان بنچینەیه؟ بۆچوونی به هێز ئەوەیه كه(فتح) كردنەوه ڕاستره له (ئیماله) چونكه ئیماله پێویستی به هۆكارێكه به پێچەوانەی كردنەوه پێویستی به هۆكار نیه، (ئیماله)لاركردنەوه لقێكه له كردنەوه، ئیبن القاصح له شەرحەكەی لەسەر كتێبی (حرز الامانی) دەفەرموێت: ئەوەی لاركردنەوەی بۆ دەكرێت، كردنەوەشی بۆ دەكرێت، بەڵام ئەوەی كردنەوەی بۆ دەكرێت مەرج نیه لاركردنەوەی بۆ بكرێت.

---

[1] له كاتی ئیماله كردن به ئەلیفی(طغى) زمان بەرز دەبێتەوه، بەلام كەمێك لاردەبێت كه به فەتح بخوێندرێتەوه له لای حەفص و هاوڕاكانی.

[2] فەرموودەیەكی غەریبه.



مەبەست لە لاركردنەوە یان كەم كردنەوە: ڕاگەیاندنە تا بزاندرێت بنچینەی ئەلیف پیتی یائە، یان ئاگاداركردنەوەیە لەسەر وەرگەڕانی بۆ پیتی(ی) لە شوێنێكی دیاریكراودا، یان دیاری كردنی هاوشێوەیە لەگەڵ ئەو كەسرەی كە نزیكیەتی.

مه‌زهه‌بی
حه‌مزه له‌سه‌ر ئیماله

حه‌مزه ئیماله‌ی هه‌مو ئه‌لیفێكی بنچینه‌و كۆتایی و گواستراوه له پیتی(ی) یان له‌سه‌ر شێوه‌ی پیتی(ی) ده‌كات، ئه‌وه‌ش ڕونادات ته‌نها له ناو(الاسم)و فیعل(الفعل)دا نه‌بێت.

كه گوتمان ئه‌لیفی بنچینه‌یی، ئه‌لیفی زیاده ده‌رده‌چێت وه‌ك(قائم) وكه ده‌ڵێین ئه‌لیفی كۆتایی، ئه‌لیفی ناوه‌ڕاست ده‌رده‌چێت وه‌ك(نمارق) كه ده‌لێین ئه‌لیفی گۆڕدراو له بری پیتی(ی)و هاوشێوه‌ی، ئه‌وه ئه‌لیفی گۆڕدراو له بری پیتی(و) ده‌رده‌چێت، وه‌ك(نجا)، یان ئه‌لیفی گۆڕدراو به ته‌نوین به هه‌مان شێوه ده‌رده‌چێت وه‌ك(عوجاً) وئه‌لیفی به‌كارهاتوو بۆ دووان ده‌رده‌چێت، وه‌ك(یخافا).

ناسینه‌وه‌ی ئه‌لیف له ئیسمدا

لێره‌دا پرسیارێك دروست ده‌بێت، ئایه ئێمه چۆن بزانین ئه‌و ئه‌لیفه له بنچینه‌دا پیتی یائه له ئیسمه‌كه‌دا؟ وڵامه‌كه‌ش ئه‌وه‌یه ئه‌و ئیسمه‌ی پیتی(ی)ی گۆردراوه به ئه‌لیف ده‌بێت ئیسمێكی به‌كار هاتوو بێت بۆ دووان، بۆ نمونه وشه‌ی(الهدی)، ده‌بێته(الهدیان)، لێره‌دا ئه‌لیف گۆڕدراوه به‌(ی) له كاتی ته‌سنیه‌و بۆته گواستراوه له‌بری پیتی(ی).

ناسینەوەی ئەلیف لە فیعلدا

دەربارەی فیعل ئایە ئێمە چۆن بزانین لە بنچینەدا ئەو ئەلیفە پیتی یائە لەم فیعلە؟ گونجاوترین فیعل لای من وشەی(أنا) -کە ڕاناوی ئاخاوتنە- بۆ نمونە لە فیعلی(اشترى) دەلێم (اشتريتُ)، کەواتا ئەلیف لە فیعلی(اشترى) گۆڕدراوە لە کاتی پاڵنانی بۆ لای ڕاناوی ئاخاوتن بۆ پیتی(ی).

تێبینی:

گشت قوڕائەکان لە سێزدە وشەدا لە قورئانی پیرۆز ئیمالەو کەمکردنەوە ناکەن، ئەوانیش ئەو شوێنانەن کە بنچینەی ئەلیف تێیدا پیتی واوە، پێشەوا موتەولی کۆیکردۆتەوە لەم وتەی خۆی[1].

عصا شفا إن الصفــا أبــا أحد   سنا ما زكى منكم خلا وعلا ورد

عفا ونجا قل مع بدا ودنا دعا   جميــعاً بواوٍ لا تمــالُ لـدى أحـد

---

[1] ئەگەر یاسامان جێبەجێ کرد لەسەر پێنج ناوی یەکەم لە هونراوەی یەکەم دەلێین:[عصا] دەبێتە[عصوان]،[شفا]، وەك لە قورئاندا هاتووە{شفا جرف هار} دەبێتە[شفوان]،[صفا] دەبێتە[صفوان]،[أبا] دەبێتە[أبوان]،[سنا] وەك لە قورئاندا هاتووە{سنا برقه} دەبێتە[سنوان]. دەربارەی هەشت وشەکەی ماوە لە فیعلەکان بەم شێوەی لێدێت[زكى] دەبێتە[زكوت]،[خلا] وەك لە قورئاندا هاتووە{خلا بعضهم} دەبێتە[خلوت]،[علا] وەك لە قورئاندا هاتووە{ولعلا بعضهم، علا في الأرض} دەبێتە[علوت]،[عفا] دەبێتە[عفوت]،[نجا] وەك لە قورئاندا هاتووە{نجا منهم} دەبێتە[نجوت]،[بدا] وەك لە قورئاندا هاتووە{بدا لهم} دەبێتە[بدوت]،[دنا] دەبێتە[دنوت]،[دعا] وەك لە قورئاندا هاتووە{دعا ربه} دەبێتە[دعوت].

مەبەست لە دێری یەکەم لە هونراوەکە لە وشەی(أبا) ئەوە لە وشەی(الأبوة) وەرگیراوە، وەك(مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٍ) ئیمالەو کەمکردنەوەی تێدا نیە، بەلاّم(أبى) لە(أبيتُ) هاتووە، ئیمالەی تێدا دروستە وەك(إِلَّآ إِبۡلِيسَ أَبَىٰٓ أَن يَكُونَ مَعَ ٱلسَّٰجِدِينَ).

دەربارەی ئەوەی لەسەر شێوەی پیتی(ی) نوسراوە وەك(بلى) ئەوە لای حەمزە ئیمالە دەکرێت.



مه‌زهه‌بی
حه‌مزه له ئیماله‌ی گه‌وره

1- حه‌مزه ئیماله‌ی گه‌وره ده‌كات له هه‌مو ئه‌لیفێكی گواستراوه له‌بری پیتی(ی) یان ئه‌وه‌ی له‌سه‌ر شێوه‌ی پیتی(ی) نوسراوه، له‌سه‌ر هه‌ر كێشكێك(وزن) هاتبێت، وه‌ك وشه‌كانی(الهدى، استوى، الدنيا، بلى، أنى، متى، حسرتى، أسفى، ضِيزى، مَرضى، يَحيى، مُزْجاة، طُوبى، مَثوى، الموتى، أدنى، تزكّى).

تێبینی1:

ئه‌و ئه‌لیفانه‌ی گواسترابێته‌وه له‌بری پیتی(ی) به ره‌سمی عوسمانی، به ئه‌لیفی درێژ نوسراوه به‌یه‌ك ده‌نگی زانایانی ره‌سمی موصحه‌ف، ئه‌وه‌ش پێچه‌وانه‌ی نوسینی ئه‌و ره‌نوسه ناسراوه‌یه[1]، هه‌موشیان دوانزه وشه‌یه[2].

1- (عصاني)،(ئیبراهیم:36).

2- (الأقصا)،(ئیسراء:1).

3- (ونـئـا)،(ئیسراء:83)و(فوصیله‌ت:51).

4- (كلتا)،(كه‌هف:33).

5- (تولاه)،(حه‌ج:4).

6- (تترا)،(مؤمنون:44).

---

[1] بۆ زانینی گشت به‌شه‌كانی تر، سه‌یری پاشكۆی ژماره3 بكه له كۆتایی په‌رتووكی ئوصولّ.

[2] وشه‌ی(العلیا) ده‌رده‌چێت له ئایه‌تی(وكلمة الله هي العليا)،(ته‌وبه:40) چونكه مه‌رجه‌كه‌ی وایه ده‌بێت پێچه‌وانه‌ی ره‌سمی ره‌نوس بێت.

-7 (ترآءا)،(شوعه‌ڕا:61).

-8 (أقصا) له‌ دوو شوێندا هاتووه‌ یه‌كێكیان سوڕه‌تی قه‌صه‌ص ئایه‌تی20، دووه‌میان سوڕه‌تی یاسین ئایه‌تی20.

-9 (سيماهم)،(فه‌تح:29).

-10 (طغا)،(حاقه:11).

-11 (رءا)، له‌ چه‌ند شوێنێكی جیا هاتووه‌(ه):

-12 (مرضات) له‌ پێنج شوێندا هاتووه‌.

هه‌ر دوانزه‌ وشه‌ی پێشوتر باسمانكرد كه‌ ئیماله‌یان تێدا دروسته‌ لای پێشه‌وا حه‌مزه‌(ﷺ) ته‌نها وشه‌ی(عصاني) نه‌بێت له‌ سوڕه‌تی ئیبڕاهیم، وشه‌ی(مرضات) هه‌ردوكیان به‌(فتح) ده‌خوێندرێته‌وه‌.

ئامازه‌مان به‌م دوانزه‌ وشه‌یه‌كرد تاوه‌كو قاریء ئاگاداربێت، چونكه‌ پێچه‌وانه‌ی ئه‌و ڕه‌سمه‌ی ئێمه‌ له‌سه‌ری ڕاهاتوین، چونه‌ ئه‌و له‌سه‌ر شێوه‌ی پیتی(ی) نوسراوه‌، ده‌رباره‌ی وشه‌ی(أحيا الناس) ئاگاداری نه‌دراوه‌ كه‌ له‌بابه‌تی پێشوبێت، چونكه‌ ئێمه‌ له‌سه‌ر شێوه‌ی ڕه‌سمی عوسمانیمان نوسیوه‌، له‌سه‌ر ئه‌وه‌ش هاتوینه‌ته‌وه‌ سه‌ر یاسا بۆمان ده‌ركه‌وتووه‌ كه‌ گواستراوته‌وه‌ له‌بری پیتی(ی)، به‌ڵام پێشه‌وا حه‌مزه‌ ئیماله‌ی تێدا ناكات چونكه‌ جیاكراوته‌وه‌ هه‌ر وه‌ك دواتر باسی ده‌كه‌ین ان شاء الله.

---

(1) له‌م بابه‌ته‌ سوڕه‌تی نه‌جم جیاكراوته‌وه‌ ئایه‌ته‌كانی(11)و (18) وه‌ك ڕه‌می ڕه‌نوسی نوسراوه‌، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا ئه‌م وشه‌ ئیماله‌ ده‌كرێت به‌پێی مه‌رجی خۆی هه‌روه‌ك دواتر باسی ده‌كه‌ین.

(2) وشه‌كان(ونــــا، ترآءا، كلتا) له‌ ئیماله‌كردنیان درێژه‌ هه‌یه‌ دواتر باسی ده‌كه‌ین ان شاء الله.

تێبینی2:

لێرهدا یانزه سورهت ههیه حهمزه ئیماله له كۆتایی وشهكانیدا دهكات به یهك دهنگ-ههرچهنده ئیمالهشی تێدا ناكرێت(1)- بهڵام حهمزه ئیمالهی دهكات، جیاوازیشی نیه وشهكه واوی بێت یان یائی، بهڵام چوار وشه جیاكراوتهوه، ئهم چوار وشهیه به كردنهوه (فهتح) دهخوێنێتهوه، چوار وشهكهش ئهمانهن(دحاها، تلاها، طحاها، سجى**) لهبابهتی جیاكراوهكان باسی دهكهین ان شاء الله.**

یازده سورهتهكه ئهمانهن: (طه**، نهجم، مهعارج، قیامه، نازیعات، عهبهسه، ئهعلا، شهمس، لهیل،** ضوحا**، عهلهق).**

2- حهمزه لهباری وهستاندا ئیمالهی یهك وشهی واوی دهكات و ناكهوێته كۆتایی یازده سورهتهكه، ئهویش وشهی(ضحى**)یه له ئایهتی**{أَوَأَمِنَ أَهْلُ الْقُرَى أَنْ يَأْتِيَهُمْ بَأْسُنَا ضُحًى وَهُمْ يَلْعَبُونَ}،**(ئهعراف:**98**).**

3- حهمزه ئیمالهی فیعلی ڕابردوی سێ پیتی(ماضي ثلاثي**) كه پیتی ناوهڕاست پیتی عیله بێت(معتل العین)، واته: ئهجوهف(2) واته: ههر كاتێك ئهلیف ببێته عهین فیعلی**

وشه، ئهوهش بۆمان گواستراوتهوه(3) له ده فیعل له قورئانی پیرۆز بهم شێوهیه(حاق، خاب، خاف، شاء، جاء، ضاق، ران، زاد، زاغ، طاب**)، جیاوازیشی نیه بهتهنها بێت یان لهگهڵ ڕاناو بێت.**

(1) وهك ئهوئهلیفانهی گۆڕدراون به تهنوین ئیمالهی تێدا نیه.

(2) ناوی نراوه به ئهجوهف چونكه ناوهڕۆكهكهی واتا ناوهڕاستهكهی پیتی صهحیحی تێدانیهو بهتاڵه، ههندێك ناوی دهنێن به(خاوهن سێ پیت) چونكه لهكاتی لكاندنی به پیتی(ت)ی فاعیل دهبێته سێ پیت وهكو وشهی(جئت) بنچینهكهی(جاء)یه (بۆ زیاتر زانیاری سهیری پاشكۆی ژماره4 بكه له كۆتایی بهشی ئوصول).

(3) كه گوتمان به گواستنهوه ئهم وشانه دهردهچێت(سار، قال) ئهوانه فیعلی سێ پیتین، بهڵام به ئیماله ناخوێندرێتهوه.

دوو شوێن جیاكراوتەوە[(1)] ئەوانەن{وَإِذْ زَاغَتِ الْأَبْصَارُ}،(ئەحزاب:10)و {أَمْ زَاغَتْ عَنْهُمُ الْأَبْصَارُ}،(ص:63)، ئیمالەیان تێدا نیە.

تێبینی:

ئەم وشانە ئیمالە ناكرێت وەك(وضائق، خافون، خائفین، خائبین، یخافون، یخافا، تشاءون، یشاء، أزاغ، فأجاءها) **بۆ نمونە وشەی(خافون) ئەوە فیعلی ئەمرە، بەمەرجیش داندراوە كە دەبێت فیعلی** ماضی **بێت، وەهەروها وشەی**(یشاء) **فیعلی** موضاریعە، **وەهەروها وشەی**(ضائق) **ئەوە ئیسمە نەك فیعل، بەلاَم دەربارەی وشەی**(فأجاءها) **ئەوە فیعلی سێ پیتی نیە.**

4- حەمزە هەمو ئەلیفێكی یائی ئیمالە دەكات ئەگەر بكەوێتە دوای پیتی(ر)، **وەك**(أخرى، النصارى، اشترى، ترى، القرى، مجراها، سكارى، أسرى).

5- حەمزە پیتی(ر)**و هەمزە لەباری وەستاندا[(2)] ئیمالە دەكات لە وشەی**(تراءا) **لە ئایەتی**{فَلَمَّا تَرَاءَى الْجَمْعَانِ}،(**شوعەڕا**:61)، **بەلاَم لەباری نەوەستاندا تەنها پیتی**(ر) **ئیمالە دەكات.**

6- حەمزە ئیمالەی پیتی(ر)**و هەمزە دەكات لە فیعلی**(رأى) **ئەگەر جوولەدارێك لەدوای هات و بەوەوە نەلكابو وەك**(رأى كوكباً، رأى أيديهم، رأى برهان، رأى قميصه) **یان ئەم فیعلە بە ڕاناوێك ولكابێت وەك**(أن رآه استغنى، رآه مستقراً، رآه بالأفق، رآها تهتز، رآك الذين، فرآه حسناً).

بەلاَم ئەگەر زەنندارێك لەدوای هات لێرەدا دوو باری بۆ دروست دەبێت:

- **یەكەم:**


[(1)] **وشەی(زاغ) لە چوار شوێن هاتووە، دوانیان ئەوەی لە ڕابردو باسمان كرد، شوێنی سوڕەتی نەجم و سوڕەتی صەف ی بۆ زیاد دەكرێت.**

[(2)] **لەباری نەوەستاندا: هەمزە ئاسان دەكرێت.**

دەبێت زەنندارەکە بەئەوەوە لکاوبێت وەك(رأتهم، رأوك، رأوهم، رأتْه) **بەڵام حەمزە فەتحەداری دەکات لەباری وەستان و نەوەستاندا.**

- **دووەم:**

زەنندارەکە بەئەوەوە نەلکابێت، وەك(رأى الشمس، رأى القمر، رأى الذين كفروا) **لێرەدا پیتی(ر)و هەمزە ئیمالە دەکرێت لەباری وەستاندا، وتەنها پیتی(ر) ئیمالە دەکرێت لەباری نەوەستاندا بەهۆی نەمانی ئەلیف بۆ ڕزگاربوون لە گەیشتنە دوو زەنندار بەیەکەوە.**



7- حەمزە ئیمالەی پیتەکانی(حي طهر) **لە پیتەکانی دەسپێکی سورەتەکان دەکات وەك**(الر)، (كهيعص)**ی سەرەتای سورەتی مەریەم، تەنها پیتی(ه) نەبێت لە دەسپێکی سورەتی مەریەم ئەوە پیتە هائەکە فەتحەداردەکرێت.**

8- **حەمزە ئیمالەی وشەی(كلاهما) دەكات لە ئایەتی**{إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِنْدَكَ الْكِبَرَ أَحَدُهُمَا أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُلْ لَهُمَا أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُلْ لَهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا}،(**ئیسراء**:23).

9- **حەمزە ئیمالەی وشەی(الربـا) دەكات لەهەرشوێنێك هاتبێت لە قورئانی پیرۆز**[1]. **وەك**{وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا}.

10- **حەمزە ئیمالەی ئەلیف دەكات لە وشەی**(إناه)، **لە ئایەتی**{إِلَىٰ طَعَامٍ غَيْرَ نَاظِرِينَ إِنَاهُ وَلَٰكِنْ إِذَا دُعِيتُمْ فَادْخُلُوا}،(**ئەحزاب**:53).

11- **حەمزە ئیمالەی وشەی(فنادته)**[2] **دەكات لە ئایەتی**{فَنَادَاهُ الْمَلَائِكَةُ وَهُوَ قَائِمٌ يُصَلِّي فِي الْمِحْرَابِ}،(**ئالی عیمران**:39). **ووشەی(توفته) لە ئایەتی**{إِذَا جَاءَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ تَوَفَّاهُ رُسُلُنَا وَهُمْ لَا يُفَرِّطُونَ}،(**ئەنعام**:61). **ووشەی(استهوته) لە ئایەتی**{كَالَّذِي اسْتَهْوَاهُ الشَّيَاطِينُ فِي الْأَرْضِ حَيْرَانَ}،(**ئەنعام**:53). **ئەم سێ وشە بە موذەكەری خوێندراوتەوە.**

12- **حەمزە بە یەك لە خوێندنەوەكانی ئیمالەی وشەی(كلتا) دەكات لەباری وەستاندا، لە ئایەتی**{كِلْتَا الْجَنَّتَيْنِ آتَتْ أُكُلَهَا}،(**كەهف**:33). **چونكە ڕای جیاواز هەیە لەسەر ئەلیفەكەی، گوتراوە ئەوە بۆ مێینە بەكارهاتووە، وەك وشەی(إحدى)و**

---

[1] **ئەم وشە لە هەشت شوێندا هاتووە، پێنجیان لە سورەتی بەقەرە كە ئەمانەن**(275، 276، 278) **ولە سورەتی ئالی عیمران ئایەتی**(130) **ولە نیساء ئایەتی**(161) **ولەسورەتی ڕووم ئایەتی**(39).

[2] **حەمزە پیتی(ت) دەگۆڕێت بە ئەلیف لە وشەی(فناداه)و (توفاه)و (استهواه).**

(سیما) وگوتراوە ئەم ئەلیفە ئەلیفی بەکارهاتوو بۆ دوانەیە نەك مێینە، ئەگەر بڵێین ئەلیفی دووانەیە ئەوە ئیمالە دەکرێت وئەگەر بلێین ئەلیفەکە بۆ دووانەیە ئەوە ئیمالەی تێدا نیە، خاوەنی پەرتووکی(النشر) دەفەرموێت هەردوو خوێندنەوە زۆر باشە بەڵام من کردنەوە(فەتح)م لا باشترە.

13- حەمزە بە یەك لە خوێندنەوەکانی لە خەللاد ئیمالەی ئەو ئەلیفەی دەکات کە دەکەوێتە دوای پیتی(ع) لە وشەی(ضعافاً) لە ئایەتی{وَلۡيَخۡشَ ٱلَّذِينَ لَوۡ تَرَكُواْ مِنۡ خَلۡفِهِمۡ ذُرِّيَّةٗ ضِعَٰفًا خَافُواْ عَلَيۡهِمۡ }،(نیساء:9) وخەللاد خوێندنەوەیەکی تری هەیە ئەویش کردنەوەیە(فەتح).

14- حەمزە بە یەك لە خوێندنەوەکانی خەللاد ئیمالەی هەمزەو ئەلیف دەکات لە وشەی(ءاتِيك) لە ئایەتی{قَالَ عِفۡرِيتٞ مِّنَ ٱلۡجِنِّ أَنَا۠ ءَاتِيكَ بِهِۦ}،{قَالَ ٱلَّذِي عِندَهُۥ عِلۡمٞ مِّنَ ٱلۡكِتَٰبِ أَنَا۠ ءَاتِيكَ بِهِۦ قَبۡلَ أَن يَرۡتَدَّ إِلَيۡكَ طَرۡفُكَۚ}،(نەمل:39+40). وخەللاد خوێندنەوەیەکی تری هەیە ئەویش فەتحە.

